# عەزیز گەردی

## پاشای زمان و وەرگێڕان

١٩٤٨ - ٢٠٢٢

ئامادەکردنی: حەمید بەدرخان

کوردستان - 2022

# عەزیز گەردی

## پاشای زمان و وەرگێڕان

**لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان**
**بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانیو کەلتوور**
**بەڕێوەبەری بەرپرس: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

ناوی کتێب: عەزیز گەردی، پاشای زمان و وەرگێڕان
بابەت: کۆمەڵە وتار
ئامادەکردنی: حەمید بەدرخان
دیزاینی بەرگ: باسم ڕەسام
دیزاین: جلیل حسێن
چاپ: چاپخانەی پاندا
شوێنی چاپ: سلێمانی
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٢
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٧٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردن ( ٦٨٢ )ی ساڵی ٢٠٢٢ی دراوەتێ.

دامەزراوەی کەریمی عەلەکە
دەستێکی بەخشندە بۆ باشکردنی ژیان

**{ لەسەر ئەرکی د.تەها ڕەسوڵ چاپکراوە }**



**عەزیز گەردی – ١٩٥٥**



# پێشەکی
# عەزیز گەردی، پاشای زمان و وەرگێڕان

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان***

*** عەزیز گەردییم چۆن ناسی؟**

لە هەرەتی لاوێتیمەوە، بەنووسینەکانی د.عەزیز گەردی و خوێندنەوەی ئەو نووسین و بڵاوکراوانەی چاپی دەکردن و ئەو کتێبانەشی کە وەریدەگێڕانە سەر زمانیی کوردی بە تایبەتی داغستانی منی رەسوڵ حەمزاتۆڤ ئاشنا بووم...تا ساڵی ٢٠٠٥، کە یەکەمین دیدەنیم لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بوو، ئەویش پرۆژەی کتێبێکم هەبوو سەبارەت بە شاری هەولێر، پاش چاک و چۆنی و ئەحواڵ پرسین، گوتم: دکتۆر لە هەفتەنامەی بەدرخان لە هەر ژمارەیەک گەرەکێکی شاری هەولێر بەسەردەکەینەوە، ئایا تۆ بینیوتەو خوێندووتەوە، دەخوازم ڕای بەڕێزتان بزانم؟

لەوەڵامدا گوتی: هەولێر شارێکی کۆنەو پێویستی بەگەڕان و پشکنین هەیە، وەکو کاری شوێنەوار، چونکە سەرچاوەی پێویستیشی دەوێت بۆ پشت ڕاسکردنەوەی نووسینەکانتان..هەروەها پێیگوتم: پێویستە زۆر بخوێنیتەوەو باشتر وایە خۆت فێری زمانی ئینگلیزی بکەیت.

دیدەنی دووەمم لە پیشانگای کتێب لە هەولێر بوو ساڵی ٢٠١٥، من بەتامەزرۆوە بەرەو ڕووی چووم و چاک و چۆنیەکی گەرمم لەگەڵی کرد، دەشترسام نەوەکو پەرچەکرداری خراپی هەبێ، چونکە وەڵامی زۆرێک لە نووسەرانی نەدەدایەوە، ویستم خۆمی پێ بناسێنمەوە، یەکسەر گوتی: حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد، بێ ئەوەی بڵێ حەمید بەدرخان و هەڵیدایێ و گوتی: باش دەتناسم تۆ کێی و کوڕی کێی!

تۆ بەهەژاری و ماندووبوونێکی زۆر خۆت..خۆت پێگەیاندووە و ئاگاداریشم زانکۆشت تەواوکردوە و سڵیشت لە هیچ نەکردۆتەوە، باوکیشت شوان جەلەب بووە، بەغەریبی و فەقیری و هەژاری ئێوەی بەخێوکردووە، باش دەزانم باوکتان مەڕی مەڕدارەکانی بە پێ بۆ شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و موسڵ و بەغدا بردووە، دوو مانگ یا سێ مانگ جارێک بە ماڵ کەوتۆتەوە...لەسەری ڕۆیشت و گوتی: ئەوەشیان دەزانم باوکت کوڕی خوشکی لە بەغدایێ وەزیر بووە، بەڵام نانی شوانەتی زۆر لای گەورەتربووە، بۆیە لای من ژیانی باوکت شەریفانەتر و ڕێزلێگیراو بووە.

منیش چاوەکانم پڕ لە ئاو ببوون و خەریکبوو بگرییێم... دانم بەخۆدا گرت و هەڵمدایێ و گوتم:هەمووومان شانازی بە باوکی رەوانشادمان دەکەین کە بۆ رۆژێ لە رۆژان ملکەچی کەس نەبووە و لە کەسیشی قبوڵنەکردوە، هەر لەبەر ئەو دەمارە پیاوەتیەی هەیبووە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی مەلاکاغەی کەندێناوە لە خدری پاشای دزەیی تورەدەبێ و بەشەو بارگەو بنەی تێکدەنێ و ماڵی دێنێتە گوندی رەشکینی هەولێرێ.



بەهەرحاڵ بە مامۆستام گوت: سەربەرزین و شادومان دەبین ئەگەر بتوانیت گرێبەستێکمان لەگەڵ بکەیت وەکو ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتوور بۆ چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشووت و ئەوانەی چاپنەکراوە لە دوو توێی چەند بۆکسێک بە چاپێکی جوان و بەشێوەی بەرگتێگیراو چاپ و بڵاویبکەینەوە.
بە نابەدڵی سەیرێکی کردم و گوتی: سەرچاوەی داراییتان چییە؟ لە کوێ دابینیدەکەن؟
منیش زۆر دڵخۆشبووم بەو پرسیارە و یەکسەر وەڵاممدایەوە و پێمگوت: دکتۆر گیان سەرچاوەی داراییمان لە فرۆشتنی هەفتەنامەی بەدرخان و ریکلام و بڵاوکراوەکانمان و ئەو فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەین، کە بە میوانەکانمان گوتووە برێک پارە دەبێ بدرێت بە ئەکادیمیای بەدرخان، ئەوانیش رەزامەندبوونە...
ئەویش گوتی: واتە خۆت و دەستەی نووسەران کەستان مووچەتان نییە! منیش گوتم: نەخێر نیمانە و دەتوانی پرسیاربکەی...
ئەویش گوتی: نازانم چۆن قەناعەت بکەم، ئەو هەموو کارە جوان و ڕاکە ڕاکەتان لە سەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا، لەگەڵ ئەوەش هێشتا ناتوانم بڕوابەخۆم بکەم کە بەو داهاتە کەمە هەتانە، ئەو هەموو کارانە ئەنجام بدەن!
منیش گوتم: دکتۆر، قەناعەت بکە! فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی ئەنجامدرا وەکو هاوکاریەک مام جەلال پێشکەشی کردوین، فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان لە دهۆک لە ساڵی ٢٠٠٥ د.کەمال





فوئادو نێچیرڤان بارزانی یارمەتی داین، فێستیڤاڵی سێیەمینی بەدرخان لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٦ حکومەتی هەرێم یارمەتی داین، فێستیڤاڵی چوارەمی بەدرخان لە ئەڵمانیا لە بەرلین ٢٠٠٧ ئەنجام دراوە، تاکو ئێستا ٤٦٠٠٠ هەزار دۆلاری تکتی فڕۆکەی میوانەکانم هێشتا وەر نەگرتۆتەوە، فێستیڤاڵی پێنجەم لە قاهیرە ٢٠٠٨ شێخ بایز تاڵەبانی،ئەوکات وەزیری دارایی و ئابووری بوو یارمەتی داین، فێستیڤاڵی شەشەمینی بەدرخان لە ساڵی ٢٠٠٨ لە یۆنان سازدرا زۆربەی میوانەکان لەسەر کیسەی خۆیان هاتبوون، جگە لە یارمەتیەکی سنوردار ئەو کات،د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، لە فێستیڤاڵی حەوتەمینی بەدرخان لە پاریس لە ٢٠٠٩ ئەنجامدرا، لە دیدەنییەکی بەڕێز عەدنان موفتی ئەوکات سەرۆکی پارلەمانی کوردستان بوو بەمنی گوت ئەرێ کاک حەمید ماندوو نەبووی ئەوەندە لە دەرگاکان دەدەیت بۆ کۆمەکی دارایی سازدانی فێستیڤاڵی بەدرخان لە دەرەوە، دووبارە موفتی گوتی بەباشی دەزانم میوانەکان لەسەر کیسەی خۆیان سەفەر بکەن و تۆش کارئاسانی ڤیزا وەرگرتنیان بۆ بکەی، واتە پارەی تکت و نانخواردن و ئوتێل باخۆیان بیدەن..لە پاش ٢٠٠٩ تاکو ئەمڕۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەدرخان لەسەر ئەستۆی میوانەکان بووە.

عەزیز گەردی لەپڕ دەستی خستە سەر شانم و گوتی: ئەو زانیاریانە بۆ من نوێ بوون، ئەویش ئەگەر وابێ!؟ بەڵام گومان دەکەم، پێدەچی تۆ پیاوی دەستەلات بیت!! مومکینی نیە کەسێک ئەو هەموو کارە بکات و کۆیلەی کەس نەبێ..لە دوا قسەشی گوتی: من بەرهەمەکانم یەک جار

چاپ دەکەم و فریای ئەوانی دیکە ناکەوم..ئەوە دوا دیداری من لەگەڵ ئەو زاناو دانایە بوو.

*** گەردی کەی لەدایک بووە؟**

هاوڕێم عەبدولڕەحمان مەعروف لە ئینسایکلۆپیدیای نوسەرانی هەولێر ساڵی لەدایک بوونی ١٩٤٦ هەولێر، شارۆچکەی بەحرکەی نووسیوە، کەچی بەدەسخەتی خۆی لە نامەیەکدا بۆ پرۆفیسۆر شوکریە ڕەسوڵ، مامۆستای زانکۆی نووسیوە ساڵی ١٩٤٨ لە دایکبوومە، هەر لەو نامەیەدا دەنوسێ من لەدایکبووی ١٩٥٠، بەڵام بەهۆی دامەزراندن کردویانەتە ١٩٤٨.هەر وەکو لە ١١ لاپەڕە ژیاننامەکەی خۆی و بەدەستوخەتی خۆی بۆ د.شوکریە ڕەسوڵی نووسیوە و لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە.

*** ئایا گەردی قەڵەمێکی یاخی بوو؟**

لەزۆر لەو نووسینانەی لەسەری دەنوسرێت و قسەی لەسەر دەکرێت، پێش کۆچی دوایی و دوای کۆچی دوایی (١٩٤٨-٢٠٢٢).
گەردی هەرگیز قەڵەمێکی یاخی نەبووە دژ بە کۆمەڵگای کوردەواری، لەهەمان کاتیشدا هەرچی پێویست بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی هۆشیار بێ وخاوەنی بیر و هزری خۆی بێت و سودی لێوەربگیرێت ئەو درێخی نەکردووە، بۆیە لەو بەرهەم و ڕۆمانانەی کەلە بوارە جیاجیاکاندا وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، ڕەنگیداوەتەوە.گەردی زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فەرەنسی) وەکو کوردیی



زانیووە، بۆیە دەکرێت بگوترێت عەزیز گەردی یاخی بوو لەو کەسانەی کە بێویژدانانە و وەکو قەلەمێکی قورمساخ کاریان دەکرد بۆ بەرژەوەندی کەسی و دڵی رووناکبیران و زاناو داناکانیان پێ دەشکاندو دەڕەنجاند، بۆیە بێ هیوا ببو تاوای لێهاتبوو گومانی لە هەموو کەسێک دەکرد، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدولقەهار گەردی برای پێم گوت: هۆکاری ئەوە چی بوو، زۆربەی زۆری خەڵکی رەتدەکردەوە؟

لەوەڵامدا گوتی: ئەو لە دڵەوە قین و ڕق و بوغزی لەگەڵ کەس نەبوو! زۆر جار بەمنی دەگوت بۆیە وادەکەم، بۆ ئەوەی رووناکبیران و خوێندەواران بەخۆیاندا بچنەوەو تووشی کاری خراپ نەبن و نەبنە ماڵوێرانی بۆ یەکتر، هەروەها گوتیشی لە دواساتی نەخۆشخانە ئەوەی لێ بەدی دەکرا کە بەبێ جیاوازی بەخێرهاتنی میوانانی دەکردو وەلامی دەدانەوە.

*** ئایا عەزیز گەردی فەراهیدی کوردە؟**

سەبارەت بە کێش و سەروا لە شیعری کوردیدا، گەردی ماستەرو دکتۆراکەی تایبەت بوو بەو باسە، بەلام تەنیا نووسینی تێزو نامە نەبوو،واتە هەر لە بۆ ماستەر و دکتۆرا نەبوو، بەڵکو ئەو دەیخواست زۆر سەرکەوتوانە هەندێک کاری نوێی تێدابکات و لەئەنجامدا بە کۆمەڵێ راسپاردە و ئاشکراکردنی ئەوانەی ئاشکرانەکراون، ئاشکرایان بکات...گەردی توانی هەرچی کون و کەلەبەری کێش و عەرووزی کوردی هەیە لە دووتوێی حەوت بەرگدا کۆبکاتەوە، مخابن ئەو شاکارە



گەورەیەی نەبینیی، کە نووسەرو چیرۆکنوس سابیر رەشید ئاشکرایکرد وا لە دەزگـای فـامە لە هەولێـر و ئامـادەی چـاپە.بـۆیە سـەبارەت بە فەراهیــدی عەرەب کە پــێش ١٤٠٠ ســاڵ یەکــێکە لە بیرمەنــدان و داهێنەرانی کێشی عەرووزی عەرەبی، هەرسەبارەت بەو بابەتە د.وریا عومەر ئەمین لە نووسینێکدا دەڵێت: د.عەزیز گەردی فەراهیدی کوردەو هیچی لە فەراهیەی عەرەب کەمتر نەبووە.

*** [ ئەمن هەر پە یێ خۆ کەم ].**

لەکاتی ئامـادەکردنی کتێبی عەزیز گەردی پادشـای زمـان و وەرگێڕان لەوانەیە پەیوەندیم بە ٢٠٠ کەسەوە کردبێت، هەر لە بنەماڵەی خۆی تا هــاوڕێ نزیکەکــانی..یەکێــک لەوانە چیرۆکنــووس کــاک ســالار عەبـدولڕەحمانی هـاوڕێی تەمەنـی ڕەوانشـاد عەزیـز گەردی بـووە، کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ بوو دەیناسی و چەندین ساڵیش هاموشۆی کردوەو گەلێک سەفەرو گەشتی لەگەڵ ئەنجامداوە.

چەنـدین پرسـیارم لەکـاک سـالار کـردووە دەربـارەی عەزیـز گەردی بەحـوکمی ئەوەی زۆر لێـی نزیـک بـووە، بەداخ و حەسـرەتەوە گـوتی: گەردی پیـاوێکی گەورەو دووربینبـوو، زانـایەکی هەرچەنـدە بلێـی پـڕ زانیــاری و لێکۆڵیــارێکی وردو قســەکانی هەمــووی لە جێــی خۆیــدا بـوو..چەنـد خـۆش بـاوەڕ بـوو، دوو هێنـدە بەگومـان بـوو، زۆر قسـەی خـۆش لەنێوانمـان هەبـوو، لەبـۆییم گێـڕایەوە، کـاتی خـۆی خزمێکـی بەتەمەنمان هەبوو، لەسـەر عینـادی و هەر بە قسـەی خۆکردن، ئەویش ناوی خار مەد بوو ( خاڵە مەد)، دەتدیت سەعاتێک قسەیان لەبۆ دەکرد

و ئەویش گوێی دەگرت، لە دواییدا و بەبنزار و گفتی خەیلانییان وەڵامی دەدانەوە و دەیگۆت: ( ئمممم، ئەمن تێ گەم تێ گەم، بەرێ هەر پە یێ خۆ کەم )، واتە هەر بەقسەی خۆم دەکەم،کاک سالار دەڵێ: مامۆستا عەزیزگەردی زۆر جار عینادی و لاملی لە هەندێک شت دەکرد، دەمدیت بە سوودی خۆی نەبوو وبگرە زیانیشی بەخۆی دەگەیاند، منیش دەمگوت: ئاخر وەها نابی نا، بەخوای مامۆستا ئەو شتە سوودی نییە، یان زیانی لەبۆ خۆت هەیە.کەچی ئەو پێی دەگوتم: کاک سالار (ئەمن هەر پە یێ خۆ کەم) واتە من هەر بەقسەی خۆم دەکەم هەرچی سەبارەت بەکارەکانی بوو،ئەو خۆی لە هەمووان باشتر دەیزانی چی دەکات و هەنگاوەکانی داهاتووی چییە؟...پیاوێکی زۆر بەوەفاش بوو.

*** لە چەندین دەزگا کتێبی چاپکراوە.**

لە سالانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکەمین بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٧٢ لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری چاپکراوە، لەپاش راپەڕینیش بەرهەمەکانی لە شاری سلێمانی و هەولێر چاپکرووە، هەرچەندە پێشتر کتێبەکانی لە چاپخانەی (حوادث و علاء لە بەغدا ) و لە لە چەندین دەزگای چاپ لە کوردستان بەتایبەتی شاری هەولێر وەکو دەزگای، ئاراس، ئاویەر، تەفسیر، فام و رۆژهەڵات، لەشاری سلێمانیش لە دەزگای سەردەم....کتێبەکانی چاپکردوون ) کە سەرجەم ئەو کتێبانەی چاپیکردووە بە نووسین و وەرگێڕان (١٦٠ ) بەرهەمە، هەرگیز پاداشتی بۆ نوسینەکانی وەرنەگرتوەو یەکجاریش کتێبەکانی چاپدەکرد.



### * عەزیز گەردی ئەو قەڵەمەی بەتەنیا ژیا

خـــۆ ئەگەر گەردی تـــێکەلاوی پەیوەنـــدییە روونـــاکبیریی و بـــوارە کۆمەڵایەتییەکـان بـوایە، هەرگیـز نەیـدەتوانی ئەو هەمـوو بەرهەمـانە بنووسێت و بڵاویان بکاتەوە، بۆیە تەنیایی و ژیان لەنێو کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی وەکو کتێبخانە کەسییەکەی خۆی لە شارۆچکەی بەحرکە، گەورەترین میدالیاو سەروەری بەخشیە پرۆفیسۆر عەزیز گەردی، بۆیە تەنیایی ژیان بۆ ئەو لەپێناو گەلی کوردو هاوڵاتیانیدا بووە.

### * یەکەمین دیداری لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکراوەتەوە.

لە ژیانی تایبەتی خۆی هیچ دیدار و لێدوانی نەبووە تەنیا یەک دیداریم دیووە، ئەویش وەکو دیـداری رۆژنـامەوانیی نەبـووە، بەڵکو نوسـەرو وەرگێـر، بەرێـز حەیـدەر عەبـدوڵڵا لەسـەردانێکی بـۆ لای گەردی لەمـاڵەکەی خـۆی لە شـارۆچکەی بەحـرکە پـاش یەکتـر ناسـین دەمەتەقێـیەک دروسـت دەبـێ لەنێـوان هەردووکیـان دەبێـتە زادەی بـابەتێکی رۆژنـامەوانیی وەکـو دیـدار، ئەویـش لە سـاڵی ٢٠١٥ لە هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکرایەوەو لە دوو توێی ئەم کتێبەشدا بڵاوی دەکەینەوە.

### * خولی بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی

پیری موغـانی رۆژنامەنوسـانی کورد مومتـاز حەیدەری سـەبارەت بەو خـولەی کە بـۆ مامۆسـتایان ئامـادەکرابوو لە هەولێـر گـوتی: بـۆ بەهێزکردنی زمـانی ئینگلیزی لە هەولێر لە سـاڵی ١٩٧٤ عەزیز گەردی

یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی سەرەتایی کە وەکو بەشدار ئامادەیی هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆی خولەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەوە زیرەکی و لێهاتوویی ئەو دیاری دەکات کە چەندە زیرەک و لێهاتوو و زمانزان وزماننناس بووە.

*** ئایا گەردی شایانی پێداهەڵدانە؟**

وەکو کارەکانی پێشتری ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی رۆژنامەوانی و کەلتوور، دەربارەی ئەو قەڵەمانەی رۆژێک لە ڕۆژان خزمەتیان بەکوردو مێژووی کوردستان و نەوەی کورد کردوەو ئەوانەشی رۆژانێک لە دنیای رۆژنامەوانی توانیویانە خزمەتێک بکەن، لە چلەی یا لە یادی یەک ساڵەیدا ژمارەیەکی تایبەت لە هەفتەنامەی بەدرخان و کتێبێک لەسەر ژیانی و بەرهەمەکانی چاپ و بڵاوکرۆدتەوە، لە ئەرشیفی بەدرخان پارێزراوەو لەوانەیە زۆرێک لە خوێنەرانیش شایەدی ئەوەمان بۆبدەن، وەکو کتێب لەسەر ژیانی ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف، سەلاح سەعدوڵلا، خالید جوتیار، مەحمود زامدار، د.ئەبوبەکر خۆشناو، د.ئیحسان فوئاد، د.مارف خەزنەدار، فازیل پیرداود، د.کەمال فوئاد، عەریف سلێمان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و چەندانی دیکە )ئەنجامداوە، بۆیە بەپێویستمان زانی لە بەرامبەر ئەو کەڵە نوسەرو دانایەدا کتێبێک بەقەد کتێبی شەرەفنامەی بەدلیسی بۆ بنوسرێت، هەروەکو لەیەکەمین رۆژی کۆچی دوایی رەوانشاد عەزیز گەردی راگەیاندراوێکمان بڵاوکردەوە،کە هاوپێچ لێرەش بڵاویدەکەینەوە.



د.عەزیز گەردی پاشای زمان و وەرگێڕان
1948-2022

ڕاگەیاندراوێک لە ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتوور

سەبارەت بە کتێبێک بۆ چلەی ڕەوانشاد د.عەزیز گەردی ئامادەدەکرێت کە ڕۆژی ٢٠٢٢/٠٧/١٦ لە هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا ئەنجام دەدرێت... ئەو کتێبە بریتییە لەهەموو ئەو نووسینانەی لەکاتی نەخۆشکەوتن و پرسەکەیدا بڵاوکراونەتەوە لەگەڵ ئەو نووسینانەی تا ٢٠٢٢/٠٦/٢٥ بەدەستماندەگات، جگە لەو نامە و ژیاننامەو ئەو بەرهەمانەی پێشکەشیکردوون، لەگەڵ ئەو وێنانەی بڵاوکراونەتەوە و بڵاودەکرێنەوە...بەهیواین بتواندرێت کتێبێکی شایستە بە پاشای زمان و وەرگێڕان و ڕوناکبیرێکی یاخی و قەڵەمێکی بە برشت و فەراهیدی کورد بێ...لەو بوارەدا ئەکادیمیای بەدرخان دەستپێشخەربووە،هەروەکو پێشتر بۆ ( سەڵاح سەعدوڵڵا، د.مارف خەزنەندار،د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، د.ئەبوبەکر خۆشناو، د.کەمال فوئاد، د.ئیحسان فوئاد، مەحمود زامدار، فازیل پیرداود، هێمنی شاعیر، خالید جوتیار، عەریف سلێمان...هتد ) لەکاتی پێویست و چلەی ڕەوانشادان چاپ و بڵاویکردۆتەوە...

پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ بەڕێز عەبدولقەهار گەردی کە برای زانا و دانای کورد د.عەزیز گەردییە ئەو کارە کە شایانی کار و بەرهەمەکانی میری ڕوناکبیرانیی کورد گەردی بێت..بەهیواین لەو ماوەیەدا بتواندرێت

ئەو بەرهەمە رۆشنایی ببینێت و لە چلەی رەوانشاد پرۆفیسۆر عەزیز گەردی بڵاوبکرێتەوە...

هەر بابەتێک کە بە گونجاو دەزانن بنووسرێت یا نووسراوە دەربارەی گەردی دەکرێت لەرێگای واتساپ یا ئیمێل بەدەستم بگات...

٠٠٤٩١٧٧٥٩٨٢٢٣٤

( bedirxanhameed@gmail.com

چـــونکە گەردی لە بوارەکـــانی ژیـــانی زانســـتیی روناکبیرییـــدا سەرکەوتوبووە.

سـەرەتا پەیوەندیم بەچەندین نوسـەرو هاورێیانی سـەردەمی منداڵی و زانکۆی موسڵ و زانکۆکانی سەڵاحەدین و سلێمانی کرد.لەپاشان لەگەڵ خـانەوادەکەی بەتـایبەتی عەبـدولقەهار گەردی بـرای..پـاش وەرگرتنـی رەزامەنـدی بنەمـاڵەی کەوتـمە پەیوەنـدی وەکـو کـاری پێشـووی کە سـەردەمانێک هەفتەنـامەی بەدرخانمـان دەردەکـرد..بـۆیە لە تێکـڕا ئەو کەسـانەی پەیوەنـدییان پێـوە کـرا، ڕەزامەنـدییان نیشـاندا، پەیتـا پەیتـا بابەتەکـان گەیشـتن و نێردرا بـۆ کـاری دیـزاین و ئەوانەشـی بەدەسـت نوسیبوویان پەڕە پەڕە تایپ کران و لە دەرگای زۆر کەسیشمان دا بۆ نووســین و دەســتنوس و بەرگــی کتێبەکــانی، سوپاســی هەریەک لە (د.وریـا عـومەر ئەمـین، قەهـار گەردی، سـالار عەبـدولڕەحمان، سـابیر ڕشـید، د.نـامیق عوسـمان، د.علـی جوکـل، ئەحـمەد بەحـری، د.جاسـم خۆشـناو، د.حوسـێن عەلـی وەلـی، د.عەبـدولخالق مسـتەفا، د.هۆشـەنگ فـاروق...هتد) دەکەم، کە ژیاننامەی د.عەزیز گەردییان بۆ سـەر زمـانی عەرەبیی، ئیتاڵیی،فەڕەنسیی و فارسیی و ئینگلیزیی وەرگێڕا، هەروەها



وێنە و ئەرشیفەکانیان خستە بەردەستم بەتایبەتی د.شوکریە رەسوڵ کە ژیاننامەی گەردی بەدەست و خەتی خۆی پێشکەش کردوین بۆ بڵاوکردنەوە.

*** سوپاس بۆ د.تەها رەسوڵ**

لە بەرامبەر ئەوەی چۆن بتواندرێت لە ٢٠٢٢/٠٧/١٦ ئەو کتێبە لە چلەکەی د.عەزیز گەردی چاپ بکرێت، کە بڕیارە لە هەولێر و ئەڵمانیا لە سازبدرێت و لەچلەکەش ئەو کتێبە بڵاوبکرێتەوە، سەرەتا بەڕێز جەلیل حوسێن لەخۆبووردووانە کاری تایپ و نەخشەسازی و ڕێکخستنی بابەتەکان و پاککردنەوەی وێنەو بەرگی کتێبەکان و دەستنوسەکانی گرتە ئەستۆو بەڕێز باسم ڕەسامی نەخشەساز بەدەست و پەنجە جوانەکانی بەرگی کتێبەکەی ئەنجامدا کە جێگای سوپاس و پێزانینە، هەروەها لێرەدا دەبێ سوپاسی بەڕێز د.تەها ڕەسوڵ سەرۆکی دەزگای جاپ و بڵاوکردنەوەی جەمال عیرفان، ڕێکخراوی کەریمی عەلەکە بکەم کە بێ خەمی کردین لە بەرامبەر تێچووی چاپ و هەموو خەرجی کتێبەکەی گرتە ئەستۆی خۆی..لە هەمان کاتیشدا د.تەها رەسوڵ لەلایەن خۆیەوە، بەڕێز شاخەوان سدیقی راسپارد کە پەیوەندی بە منەوە بکات و کارەکان جێبەجێ بکات.

*** ماڵی عەزیز گەردی**

زۆر دڵشادو دڵخۆش بوین کە هەواڵی ئەوەمان زانی، لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوودا بنەماڵەی گەردی چونەتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و



لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی کردنەوەی (ماڵی عەزیز گەردی)یان وەرگرتووە.
بۆ ئەوەی بتواندرێت لەو ڕێگایەوە کتێبخانەکەی بپارێزرێت و لەلایەن کارمەندی کتێبخانەکەوە کتێبەکان پۆلێنبکرێن و ڕێکبخرێنەوە، هەموو ئەو میوان و خوێندکارانەی ماستەر و دکتۆرا کە پێویستیان بەسەرچاوە و کتێبە دەتوانن وەریبگرن و لەدواییدا بیگێڕنەوەو سوودی لێوەربگرن.
بەهیواشین هەرچی زووە ئەو کتێبخانەیە،واتە ماڵی عەزیز گەردی بەرەو ڕووی میوانەکان بکرێتەوە و دووبارە ماڵی عەزیز گەردی ئاوەدانبکرێتەوە و سەرجەم بەرهەمەکانیشیی دووبارە چاپبکرێتەوە.

### * وەسیەتنامەکەی عەزیز گەردی

پاش ئەوەی دەستم بە خۆ ئامادەکردن کرد بۆ ئەوەی بتواندرێت لەکاتی دیاریکراو کتێبەکە چاپبکرێت، هەمیشە لەپەیوەندییدابووم لەگەڵ کاک قەهاری برای، شەوێکیان گوتی: کاک حەمید، برا گەورەکەمان کە ناوی کاک کوردۆیە دەڵێت: گەردی وەسیەتیکردوە، ئەگەر مردم لە نێو ماڵەکەی خۆم بمنێژن، منیش حەپەسام!! لەلایەک بۆچی زووتر ئەو قسەیەیان نەکردوە، لەلایەکیدیکەش دڵخۆشبووم کە ماڵی گەردی هەمیشە وەکو مەزارێکی پیرۆزی روناکبیریی سەیردەکرێت... بۆیە من بەباشیی دەزانم بنەماڵەکەیان بە جددی بیر لە گواستنەوەی تەرمی پیرۆزی گەردی بکەن بۆ نێو ماڵەکەی خۆی...



***لەبارەی دووبارە چاپکردنەوەی کتێبەکانی عەزیز گەردی**

لەوەڵامی پرسیارێکدا، بۆچی یەکجار کتێبەکانی چاپدەکرد، بەڕێز قەهار گەردی برای بەمجۆرە وەڵامی دامەوە:

لە بارەی دووبارە چاپکردنەوە کتێبەکانیی دەیگوت زمان و وشە، لە دنیادا لە پێشکەوتن و گۆڕان کاریدایە، ئەو دەیگوت ئەگەر بمەوێت کتێبێک چاپ بکەمەوە دەبێ جارێکیدیکە وەر بگێرمەوە ئەوسا دەبێ دووبارە بەچاپی بگەیەنم.

***زۆر پرسیار دەکرێت، سەبارەت بە ژن نەهێنانی عەزیز گەردی؟**

دیسان کاک قەهاری برای دەربارەی ژن نەهێنانی گوتی: لەبارەی ژن نەهێنانیشی خزم و ناسیاو زۆر جاران پێیان دەگوت، بۆچی ژنێک ناهێنیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت ئەوەی من دەیکەم هیچ ژنێک ئەوەم لێ قبووڵ ناکاو و کچی خەڵکیش لەگەڵ خۆم بە هیلاک نادەم...! بۆیە ئاوا بۆ من باشترە و هەر فریای خوێندنەوە و زانکۆ و کارەکانی خۆم دەکەوم...

*** ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و نیکۆس کازانتزاکیس.**

لە سەفەرێکی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ وڵاتی یۆنان و لەوێشەوە بۆ دورگەی (کریت) شوێنی لەدایک بوونی نیکۆس کازانتزاکیس ئەو نوسەرو ڕۆماننوسەی کە گەلی یۆنان شانازی پێوە دەکەن، پاش ئەوەی کۆنفرانسەکەمان لە دوورگەی کریتا لەگەڵ رەوا حەمە کەریم و کاک حەمەدەمین بەڕێوەبرد، سەبارەت بەوەی ئایا نیکۆس کازانتزاکیس

بۆچی لە ڕۆمانی زۆربا کە چیرۆکنوس ڕەئوف بێگەرد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە دەڵێ: (تۆپخانەی کوردەکان ئێمەیان دەشێلا، یاکوردەکان لەپێش چاوی ئێمە قەشەکانیان ناڵ دەکرد). مەبەستمان بوو بزانین گەلی یۆنانیش ئەو بروایەیان هەیە سەبارەت بە گەلی کورد هەروەکو نیکۆس لەو رۆمانە بانگەشەی بۆ دەکات!

پاش پێشکەشکردنی وتارەکان لەو کۆنفراسە کە بەڕێزان شێرزاد حەسەن، د.ئازاد حەمە شەریف، شیلان یاسین، د.ئیسماعیل قەرەداغی و ئازاد سادق و دلزار حەسەن و دارا محەمەد عەلی و فەیسەڵ عوسمان و سمکۆ عەبدولکەریم...هتد میوانی ئەکادیمیای بەدرخانبوون، لەپاشان یۆنانییەکان گوتیان ئەوە خەیاڵی نیکۆسە، چونکە ئەو کاتە کە ئەو باسی دەکات، سەردەمی حوکمی عوسمانییەکان بووە و بەدرێژایی ٥٠٠ ساڵ ئێرەیان داگیرکردوەو حوکمیان تێدا کردوە، نەخێر کورد میلەتێکی ئاوا بێ بەزەیی نەبووە، بەڵکو تورکەکانبوون، یا عوسمانییەکان بوون،لە پەرلەمانی یۆنان پێشوازیکراین بەناوی گەلی یۆنان داوای لێبوردنیان لە گەلی کورد کرد.

لەکاتی چوونیشمان بۆماڵەکەی و مۆزەخانەکەی نیکۆس لە گوندەکەی خۆی لە هەمان شوێنیی لەدایکبوونیی نیکۆس، دە کتێبی وەرگێڕدراو بە کوردی کە بەرهەمی نیکۆس بوو، لەلایەن نووسەران و وەرگێڕانی کورد کراوەتە کوردی تەسلیم بە مۆزەخانەکە کرد، لەوێ نوسەرو چیرۆکنوس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل گوتی: ئێمە لە ولاتێکی دوورە دەستەوە هاتوین بۆ ئێرە بۆ سەردانی ماڵی ئەو گەورە نووسەرە،

ئاخۆ ئەگەر نووسەرو ڕۆماننوسێکی کورد بمرێت ئێمە بیبەین بۆ کوێ؟



### * فیلمییێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بە ژیانیی و بەرهەمەکانی عەزیز گەردی

لە خەیاڵمدابوو، بۆیە هەمووجار، دەرهێنەر ستار محەمەد ئەمین وەکو فریادڕەسێک بەهانای کارەکانمانەوە دێت و ئامادەیی نیشاندەدات...ئیدی ئیشەکمان لێ بوو بەدوو واتە کتێب و فیلم...لەهەمانکاتیشدا

لەکاتی ئامادەکردنی کتێبی عەزیز گەردی پاشای زمان و وەرگێڕان پەیوەندیم بە (PENی کوردی لە ئەڵمانیا)کرد، کە لەلایەن د.زەردەشت حاجۆ و دڵشاد خۆشناو کە چۆن بتوانین فیلمێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بەژیان و بەرهەمی د.عەزیز گەردی بەرهەم بێنین و لە ئەڵمانیا چلەیەکی شایستەی بۆ بەڕێوەبچێت لە وەڵامدا بەڕێز دڵشاد خۆشناو گوتی،کارێکی پیرۆزە و من دەیکەمە پێشنیار بۆ بەردەم peni kurdi کە دەخوازین چلەی عەزیز گەردی لەئەڵمانیا لە ١٦ تەموزی ٢٠٢٢ ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەش بەڕێزان خالید شەیدا و دڵشاد خۆشناو، لە شاری هانۆڤەر هۆڵیان دابینکرد، بۆیە منیش لەلایەن خۆمەوە سوپاسی بەڕێز ستار محەمەد ئەمین کە دەرهێنەرو ئامادەکاری سەدان فیلمی دیکۆمێنتاری و نوسەری چەندان کتێبە دەکەم، کە خۆبەخشانە بەهەموو ستافەوە ئامادەیی نیشاندا کە ئەو کارە ئامادەبکات بۆ چلەی ڕەوانشاد عەزیز گەردی، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی چلەکەی نیشان بدرێت لە ئەڵمانیا...بەناوی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتوور سوپاس و پێزانینم بۆ کاک ستار و تەواوی ستافی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.

*** دوا وتە**

لەکاتی نووسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبە، کە زۆرترین پەیوەندیم لەگەڵ بنەماڵە و هاوڕێ کۆن و نوێکانی ئەنجامداوە، هەندێک رۆژ لە لە دەمژێر ٧بەیانی تاکو دووی شەو...بۆیە جیرانەکانمان چەندینجار بە توڕەبوونەوە لەدەرگایانداوە و گلەییانکردووە کە دەنگم زۆردێت و خەوم لەوان زڕاندووە، ئەوانم ئیزعاج کردووە، بۆیە دواجار گوتیان، ئەگەر دووبارەی بکەیتەوە بە پۆلیس دەڵێین...من چەندینجار داوایلێبووردنم کرد سوودی نەبوو، کێشە نییە با کتێبەکە تەواوببێت ببینن کە ئەو هەموو تەلەفۆن و هەراو هۆریایە بۆ عەزیز گەردی دەهێنێت یان ناهێنێت!؟

بۆیە لە دوای ئەو رێککەوتە ٢٠٢٢/٠٦/٢٥ بۆ تەلەفۆنکردن دەچمە دەرەوە و لە پارکێک تێل دەکەم و هەرشتێک هەبێت لەگەڵ کاک جەلیل و کاک ستار و کاک دڵشاد و هاوڕێیان ئەنجامیدەدەم.

ئەڵمانیا ٢٠٢٢/٦/٢٧

* بەرپرسی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی رۆژنامەوانی و کەلتوور.



# عەزیز گەردی، دانەر و لێکۆڵەر

**د. شوکریە رەسوڵ**

من یەکێک لەو مامۆستایانە بووم کە شەرەفی ئەوەم پێ برا لە قۆناغی دکتۆرا و ماستەر وانەی ڕۆمان و فۆلکلۆری ئەوروپی پێ بڵێم، ناوبراو یەکێک بوو لە قوتابییە سەرکەوتووەکان، هەر بابەتێکم پێ سپێرا بێ، پێش هاوڕێکانی تەواو دەکرد و لە پۆلدا بە سەرکەوتوویی باسی دەکرد.

پ.د عەزیز ئەو بابەتانەی لە بەشی کوردی دەوتەوە، بابەتی تازە بوون، بە تایبەتی لەڕووی میتۆدی زانستییەوە وەک (عورووز، کێش و سەروا، رەوانبێژیی، ئەدەبی بەراوردکاریی و هەندێ بابەتی تر) بەڕاستی مامۆستایەکی ماندوو بوو، قوتابییەکانی پەسنی مامۆستایان دەکرد، ناوبراو کە هەمیشە لەپۆل هاتبێتە دەرەوە جلەکانی و پەنجەکانی تۆزی تەباشیری پێوەبوو، هەموو هەوڵ و کۆششی تێگەیاندنی قوتابییەکانی بوو، بەتایبەتی لەڕووی بەلاغە و بەشەکانی، سەرباری ئەوەش مامۆستایەکی بەتواناش بوو، ناوبراو هەموو ژیانی بۆ دانان و وەرگێڕان تەرخان کردبوو، ساڵ نەبووە دوو تا سێ کتێب لە دانان و وەرگێڕان چاپ نەکات، هەربۆیە بۆ کورد و لایەنی کەلتووری کورد شانازی بە بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر عەزیز گەردییەوە دەکات کە کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمە زۆرەکانی دەوڵەمەند کردووە.

ئاوڕدانەوە لە ژیانی دکتۆر عەزیز گەردی، چەند ڕوویەکمان بۆ ئاشکرا دەکات.

**یەکەم: ژینگەی ماڵە باوانی**

ساڵی ١٩٩٨ هەروەک ئاماژەم بۆ کرد لە قۆناغی دکتۆرا وانەی رۆمانی کوردیم پێدەگوتەوە. لە قۆناغی نووسینداببوو، داوام لێکرد کوردتەیەک لە ژیاننامەی خۆیم بۆ بنووسێت. دوای چەند رۆژێک نزیکەی ١١ لاپەڕەی کاغەزی قەبارە گەورەی بۆ هێنام، کاتێ بە وردی خوێندمەوە زۆر کاری تێکردم و بریارم دا نە بڵاوی بکەمەوە و نە بە کەسیش بڵێم، ڕێکەوت کە نەخۆش کەوت و لە نەخۆشخانەی ژین خەوێندرا، ئەو کورتە بیرەوەرییەم بیر هاتەوە، بۆ بەیانی ٢٠٢٢/٦/٦ ڕێکەوتی رۆژی مردنی بوو، بیری نووسینەکانیم کرد، تا دۆزیمەوە زۆر ماندوو بووم، لە هەمان کاتیشدا غەمبار.

نووسینەکەی عەزیز گەردی بەم شێوەیەیە.

سەرەتا بۆ مامۆستا د. شوکریە رەسوڵ.

کورتەیەکی ژیاننامەی خۆم- عەزیز گەردی

ناوەڕۆکی ژیاننامەکە

دەتوانین لە چەند ڕووێکەوە ژیاننامەکە سەیر بکەین:

١. لە دایکوباوکێکی نەخوێندەوار دەدوێ کە نازانن چ ساڵێک هاتۆتە دونیا.. تا سەرژمێری ١٩٥٧ مامۆستای ناسراوی هەولێر (عومەر ساقی) نانووسی تەمەنی بە ساڵی ١٩٥٠ خەملاندووە. بەڵام ئەمە بووە کۆسپی دامەزراندنی مامۆستایەتی، چونکە بۆ دامەزراند دەبوایە تەمەنی لە ١٨



ساڵ کەمتر نەبێت، هەربۆیە لە دادگاساڵی لەدایکبوونی خۆی کرد بە ١٩٤٨ بەبێ دیاریکردنی مانگ و رۆژی هاتنە دودنیا.
٢. لە بێنازیی باوک و تراژیدیای منداڵیی باوکی دەدوێ، بەوەی باوکی (عەبدوڵڵا) هەر بە منداڵی دایکوباوکی دەمردن و مامەکانی ناتوانن نازی ڕابگرن و دەربەدەر دەبێ، هەر ساڵە لای ماڵە دەوڵەمەندێک یان ئاغای گوندێک دەبێ و بە رەنجبەری دەژی و بەناوی (عەدۆ) کە کورتکراوە عەبدوڵڵایە.
٣. باوکی دوو ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی خاوەنی دوو منداڵ بووە، ژنەکەی بەگەنجی دەمرێ و روو لە مامی دەنێ کچی خۆی بداتێ بۆ ئەوەی منداڵەکانی بۆ بەخێو بکات و باوکی لەو ژنە پێنج کوڕ و کچێکی دەبێت کە عەزیز چوارەمین منداڵی بووە.
٤. دەڵێ "باوکم قەت خۆشیی لەخۆی نەدیوە، هەر بە دەربەدەری و لانەوازی ژیاوە، بۆیە کە ژنیشی هێنا نانی ئیلەڵڵای نەبوو، بە سکێ تێر و بە سەد سک برسی بوو، ئێمە لەم خێزانە هەژار و نەدارە هاتینەدونیا و گەورە بووین".
٥. عەزیز گەردی باسی خۆی و براکانی دەکات، بەوەی کە باسی خۆی دەکات دەڵێ:
تا دار معلمینیشم تەواو کرد، نە بەرگێکم لەبەر کرد بە بەرگان بچێ، نە جەمێکم بەدڵ کەوت بە جەمان بچێ، تا سەرەتای حەفتاکان نانمان هەر مزاش بوو، قەت نانی گەنمم لە ماڵی خۆمان نەدیتییە.
٦. خوێندن و خوێندەواری
عەزیز گەردی ئەوە ناشارێتەوە و بێ دوودڵیی دەڵێ "من لەو ماڵە هەژارە ساڵی ١٩٥٥ چوومە قوتابخانە قوتابخانە لە بەحرکە" یەکەم



مامۆستام عەبدولفەتاح عەبدول لەتیف بوو، لاڕومەتی سەراپا بەهۆی نەخۆشییێکەوە سوور هەڵگەڕابوو.. پێیاندەگوت "لاسوتای". وەسفی مامۆستاکەی (مامۆستایەکی تا بڵێی دڵسۆزی کارەکەی خۆی بوو، زۆر خۆی لەگەڵ قوتابییەکان ماندوو دەکرد، وەکو کوڕی خۆی تەماشای دەکردن، ئەو مامۆستایە باوکی سامی شۆرش بوو، مامۆستا عەبدولفەتاح) تا بڵێیت پیاوێکی رووخۆش و بە خزمایەتی بوو، لەگەڵ هەموو خەڵکی دێ وەکو خزم وابوو، سێ ساڵ مایەوە، خۆی هێندە خۆشەویست کردبوو، هەموو خەڵکی گوند سوێندیان بەسەری دەخوارد، تەنانەت پاش سێ ساڵ کە نەقل بوو بۆ هەولێر، هەموو منداڵەکان نازانم نە لەخۆیانەوە بوو، نە بە قسەی گەوران، هەموو گوتیان، ئەو مامۆستایە بڕوات ئێمە لای کەس ناخوێنین، بەڵام مامۆستا عەبدولفەتاح خۆی قسەی بۆ کردین و دڵی داینەوە و ساردی کردینەوە.

٧. کە قوتابخانە سەرەتایی ساڵی ١٩٦١ی تەواو کرد، ئیتر لەو ساڵەوە لە ماڵ دابڕا و بە تەنیا دەژیا و لەگەڵ بەکری برای هاتنە هەولێر و ژوورێکیان بەکرێ گرت، ژیانی زوگۆرتیاتیان دەستپێکرد تا تەواوکردنی ناوەندی. لە براکەشی دابڕا و عەزیز گەردی لە خوێندنی ناوەندی بەرزترین نمرەی هەبوو، چووە دار المعلمین تا بە مووچەی مامۆستایەتی نەبوونی ناگزوری خۆیان کەم بکەنەوە و دەڵێ: (بای ئەوەم نەبوو بتوانم سەفەری بەغدای پێ بکەم، چ جای ئەوەی چوار ساڵ لەوێ بخوێنم، تەنانەت ئەوەش لەبیر ناکات کە بەڕێوەبەری دار المعلمین کە مامۆستا مستەفا حەسەن شەعبان بوو) لەبەر بەرزیی نمرەکانی هەوڵی دا وەرینەگرێت و حەزی دەکرد گەردی ببێتە ئەندازیار یان پزیشک، بەڵام کاتێ باسی باری ئابووری خۆی بۆ کرد، وەریگرت.





ناوبراو ئەو یادگارییە دەگێڕێتەوە کە (ماستەرم وەرگرت) جارێکیان تووشی ئەو مامۆستایە بووم، لە دوورەوە بۆم هات و گرتمیە باوەش، وەکو کوڕی خۆی تێرتێر ماچی کردم، گوتی (کە زانیم ماستەرت وەرگرتووە ئۆخەم لەخۆ کرد، چونکە زۆرم بەلاوە داخ و کەسەر بوو کە تۆ خوێندنی بالآ تەواو نەکەیت).

٨. بەڵێ دار المعلمین تەواو دەکات و دەبێـە مامۆستا لە قوتابخانەی (المعری) پاشان بوو بە سیروان و لەگەڵ ئیبن خەلەکان لێکدرا، بۆ پتر خۆپێگەیاندن و سوود وەرگرتن، عەزیز گەردی لە رۆژی دامەزراندنییەوە بەشداری گەلێک خولی فێربوون و پەروەردەی کردووە، وەک: خولی ئەلفوبێی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، خولی زمانی ئینگلیزی، خولی خەت و خۆشنووسی لەبەغدا، خولی بیرکاری و ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی لە هەولێر.

٩. ساڵی ١٩٧٥ بۆ پتر فێربوون و بەرەوپێشچوونی هزریی و تەواوکردنی کۆلێژ، روو لە بەغدا دەکات، وەک مەلاکانی جاران، شارەوشار و گوندبەگوند تا پتر فێر زانستەکان بن، ئەم مامۆستا عەزیزەش هەمان رێچکەی گرتووە، بەنیازی وەرگرتنی لە کۆلێژی ئێوارانی موستەنسەرییە، بەڵام بەخت یاری نابێت و تووشی بێئومێدییەکی سەخت دەبێت، دەرگای زانکۆ داخرا بەڕووی مامۆستای سەرەتایی.. ئەم دەرگاداخستنە و نائومێدی کۆڵ بە حەز و ئارەزووەکانی نادا، هەربۆیە (توانی خولێکی شەش مانگەی ئینگلیزی تەواو بکات و هۆگری زمانی ئینگلیزی ببێت) دواتر دەستی بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بیانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی کورد، هەر وەکو





خۆی دەڵێت: ئەو وەرگێڕانانەی لە ئینگلیزییەوە کردومن بە کوردی، قەرزاری ئەو خولەیە.

١٠. کۆڵنەدان و تێکۆشان و گەیشتنە مراز

عەزیز گەردی بۆ تەواوکردنی کۆلێژ روو لە موسڵ دەکات، لە بەشی فەڕەنسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ وەرگیرا، بۆ ئەم مەبەستە (مامۆستایەتییەکەشی گواستەوە بۆ ئێواران و ماوەی ٤ ساڵ هەموو رۆژێک هاتوچۆی موسلی دەکرد) هەروەکو خۆی دەڵێ: بەیانیان زوو لەخەو ڕادەبووم، دەچوومە موسڵ، وانەکانم دەخوێند و دەگەڕامەوە بۆ هەولێر کاتژمێر پێنج هەتا هەشتی ئێواران دەوامی مامۆستایەتیم هەبوو. لەگەڵ ئەو هەموو ئەرک و ماندووبوون و بێ وەختییەش، هەرچوارساڵەکە بە یەکەم دەرچووم، پاڵێورام بۆ خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆی سۆربۆنی فەڕەنسا لە پاریس، بەڵام چونکە هەموو مەرجەکانم تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەی هیچ مونافسێکیشم نەبوو، بەڵام نەیانناردم.

پاش تەواوکردنی زانکۆی موسڵ لە ساڵی ١٩٨٤دا، لە مامۆستای سەرەتاییەوە دەبێتە مامۆستای ئامادەیی و وانەی ئینگلیزی دەڵێتەوە، هەربۆیە ساڵی ١٩٨٦ وەکو وانەبێژ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر وانەی عەرووز و رەوانبێژی و رەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردکاریی دەڵێتەوە.

١١. کۆڵنەدان و تێکۆشان و گەیشتن بە مەبەست.

عەزیز گەردی ساڵی ١٩٩٢، پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و پێداگریی هەندێک کاربەدەستی دۆست و نزیکەکان لە خوێ،دنی باڵای کورد لە (ماستەر) وەردەگیرێ و نامەکەی لەسەر (کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی فارسی).



ساڵی ١٩٩٥ لە خوێندنی دکتۆرا وەردەگیری و نامەکەی (سەروا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراورد).

١٢. بەرهەمەکانی

یەکەم بەرهەمی لە ١٩٧٠/٣/١٤ لە ژمارە ٩ی رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردوەتەوە، واتە ٥٢ ساڵ لەمەوبەر.

یەکەم کتێبی، بەرگی یەکەمی رەوانبێژی، سالی ١٩٧٢ چاپ کراوە.

دەرکردنی چەند بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی لە کۆلێژی ئاداب، زانکۆی موسڵ، لە لایەن قوتابییەکانەوە و هەوڵی وەرگێڕانی ئەدەبی بیانی کراوە، تونراوە پێنج ژمارە بە سەرپەرشتی عەزیز گەردی بڵاو بکەنەوە، هەروەک دەڵێت بەڵام بۆ ژمارەکانی تر توانای مادیمان نەبوو، پرۆژەکە وەستا.

١٣. چەردەیەک لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی

عەزیز گەردی خاوەنی گەلێ بەرهەم بووە، بەپێی ئەو چەندین لاپەڕەیەی پێشکەشی کردووم.

یەکەم: دانان- لێکۆڵینەوە، تا ساڵی ١٩٧٩ حەوت لێکۆڵینەوە لەبارەی رەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی و ئەدەب و رەخنە و ئەدەبی بەراوردکاری، پەخشانی کوردی، رەوانبێژی بەرگی دووەم و سێیەم (١٩٧٥-١٩٧٩) دیوانی میهری.

**دووەم: وەرگێڕان**

زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، عەرەبی و فارسی بووە. بەزۆریی کارە وەرگێڕدراوەکانی لە ئینگلیزییەوە بووە.

١. سێ نیگار لە ئینگلیزییەوە ١٩٧٦.

٢. چەشەی ئەدەبی، لە عەرەبییەوە ١٩٧٨.
٣. داغستانی من، بەرگی یەکەم، ١٩٧٩.
٤. داغستانی من، بەرگی دووەم ١٩٨٤.
٥. چیرۆکی بەرئاگردان، بەرگی یەکەم، ١٩٧٩.
٦. چیرۆکی بەرئاگردان، بەرگی دووەم ١٩٨٦.
٧. جووتیارێکی زیرەک، ١٩٧٩.
٨. بەرازەوان، ١٩٧٩.
٩. قورینگ، ١٩٧٩.
١٠. چیرۆکەکانی ئیزۆپ، ١٩٨٤.
١١. ئافرەتی کورد لە تورکیا، ١٩٨٣.
١٢. ژیانی ئافرەتی کورد، ١٩٨٤.
١٣. سێ تراژیدی، ١٩٨٤.
١٤. شازادەی حەلوافرۆش، لە فارسییەوە ١٩٨٨.

**سێیەم: کاروچالاکی ڕۆژنامەنووسیی**

ئەندامی دەستەی نووسینی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری نووسەری نوێ ساڵی ١٩٧٢.

ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری بۆ پێشەوە، ساڵی ١٩٧٣، سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

ئەو کاتە لە زانکۆی موسڵ قوتابی بووە، ساڵی ١٩٨٣، پێنج ژمارە ئەدەبی بێگانانی دەرکردووە، کە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ئەدەبی وەرگێڕان بووە.

(١)

بۆ مامۆستا
د. شوکریە ڕەسوول

## کورتەیەکی ژیننامەی خۆم

عزیز گەردی

دایکم، خوای لێ خۆش بێ، دەیگوت سەرەتای پایز بوو کە تۆم بوو، بەڵام نەیدەگوت چ ساڵێک بوو، چونکە خوێندەواری نەبوو تا ساڵ و مانگ و ڕۆژی لەدایکبوونی منی لە بیر بێ یان بینووسێتەوە. باوکیشم هەرچەندە لە گرتووخانە فێری خوێندنەوە و نووسین ببوو بەڵام خوێندەوارییەکەی بەو ڕادەیە نەبوو، ڕۆژی هاتنە دنیای منداڵێکی نوێ بە هەند هەڵبگرێ و لای خۆی بۆ دواڕۆژ بینووسێتەوە.

بەڵام پاشان کە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کرا، کابرای ناونووسی کە مامۆستای ئەسعەدی هەولێری عومەر ساقی بوو، ئەمەنمی بە ساڵی ~~[illegible]~~ ١٩٥٠ لەدایک بوو، بەڵام پاشی (١٧) ساڵ کە (دار المعلمين)م تەواو کرد، مەرجێکی دامەزراندنی مامۆستایان ئەوە بوو تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ، ئەوە بوو لە دادگا ساڵی لەدایکبوونم گۆڕی کرد بە ١٩٤٨ ... ئەمەیە سەرەتای هاتنە دنیای من، بەڵام وەک گوتم ساڵ و مانگ و ڕۆژی هاتنم بە وردی دیار نییە.

باوکم ناوی عەبدوڵڵا بوو، بە منداڵی دایک و باوکی دەمرن و مامەکانی ناتوانن ئاگای ڕابگرن، دەربەدەر دەبێ، هەر ساڵ و لای ماڵە دەوڵەمەندێک یان ئاغای گوندێک بە ناچاری دەژی و بە ناوی (عەدۆ) کە کورتکراوەی (عەبدوڵڵا)یە دەناسرێ. پاشان لە حەلەمکانا دەبێ بە سەرکاری جەمیل ئاغای گەردی لە گوندی (کەراژ) و



(٢)

لەوساوە ناوی (کێخوا عەدۆ)ی بەسەردا دەبڕێ.
باوکم دوو ژنی هێناوە. ژنی یەکەمی لە پیرەزین [redacted] هێناوە
کە ئەوسا لەوێ لای نووری سادقی ڕەنجبەر بووە، لە وێرانە
کە ناوی لەعلی بوە دوو منداڵی بوە، کوڕێک وکچێک (ئەحمەد و
ئەسمەر). هێشتا منداڵەکانی ورد دەبن کە لەعلی دەمرێ،
پێکدی باوکم زوو لە مامی دەخوازێ کە کچێکی بداتێ هەر هیچ
ئینجا بۆ ئەوەی منداڵەکانی بۆ بەخێو بکات، هەرچەندە
مامی ڕازی نابێ و کچەکەشی بە دڵی نابێ چونکە ئامۆزای
خۆی بوو و بە منداڵی پێکەوە گەورە بوو بوون. بەڵام باوکم
پێداداگری‌یا و کچە گەورەی لێ مارە دەکا کە ناوی (خاتم)
بوو. ئیدی لەو ژنی دووەمیشی چوار کوڕ و کچێکی دەبێ، منی
چوارەمیان منداڵی ئەو دایک و باوکە بووم. ئەوانی تریشی، گەورەکەیان
کە کوڕ بوو، هەر زوو بە منداڵی تەمەنی دەرچوو، بۆیە ئێستا چەند
تێپەڕیوە و ئەوانی تریشی هەموویان ماون، خوشکەکەمان ناوی
خەدیجەیە و پێی دەڵێن (خەجێ)، برا گەورەکانیشم ناویان بەکر و کوردۆ و
قەهارە. بەکر بەڕێوەبەری لە وەزارەت ناوەخۆ و کوردۆ
مامۆستایە لە بەحرکە و قەهاریش دوورخراوە سالەها
کشتوکاڵ و فەلاحەت دەکا.

دادەدادەکەوێ، باوکم قەت خۆشی لە خۆی نەدیبێ، هەر بە
دەربەدەری و لانە وازی ژیابێ، بۆیە کە ژنیشی هێنا، نانی
شێلەلای نەبوو، بە ستێ تیرو بە سەد سکی برسی بوو،
ئێمەش لەم فیزانە هەژارونەدارە هاتینە دنیا و گەورە بووین، تا
(دار المعلمین) م تەواو کرد [redacted] نە بەرگێکم لەبەر کرد
بە بەرگانا بچێ و نە جەمێکم بە دڵ کەوت بە جێمان
بچێ... تا سەرەتای حەفتاکان ئاخمان فراشی بوو، قەت
نانی گەنمم لە ماڵی خۆمانا نەدی.



٢/

منالەو ماڵە هەژارە، ساڵی ١٩٥٥ چوومە قوتابخانە.
پێشتر دوو جار قوتابخانە هاتبووە دێکەمان (بەحرکە)، هەردوو
جار پاش یەک دوو ساڵ هەڵوەشابووەوە. یەکەم مامۆستامان
ناوی (عبدالفتاح عبداللطیف) بوو، لاڕوومەتێکی سەراپا بەهۆی
جۆرە نەخۆشییەکەوە سوور هەڵگەڕابوو، بۆیە پێیان
دەگوت (لا سووتاوی). ئەم مامۆستایە باوکی (سامی
شۆڕش)ی شاعیر و نووسەر بوو. مامۆستایەکی تایبەتی
دڵسۆزی کارەکەی خۆی بوو، زۆر خۆی لەگەڵ قوتابییەکانمان
ماندوو دەکرد، وەکو کوڕی خۆی تەماشای دەکردن. (سامی)ی
کوڕی نەختێ لە ئێمە بچووکتر بوو، [illegible] هەروەکو
کە ئێمە لە پۆلی یەکەمدا بووین ئەو وەکو (مستمع)
دەهات، دادەنیشت، بۆ ساڵی دووەم ئینجا وەکو قوتابییەکی
ئاسایی دەوامی کرد.
مامۆستا (عبدالفتاح) تایبەتی پیاوێکی ڕووخۆش و بەخزمەتی
بوو، لەگەڵ هەموو خەڵکی دێکە وەکو خزم وابوو، سێ
ساڵ مایەوە، خۆی ئەوەندە خۆشەویست کردبوو، هەموو
خەڵکی گوند سوێندیان بە سەری دەخوارد. تا ناکات
پاش سێ ساڵ کە نەقڵ بوو بۆ هەولێر، هەموو منداڵەکانمان
نازانم ئەلەخۆیانەوە بوو، یان بە قسەی گەورەکان، هەموو
کتێبیان فڕێدا و گوتیان ئەم مامۆستایە بڕوا ئێمە
دەرس ناخوێنین، بەڵام مامۆستا عبدالفتاح خۆی قسەی
بۆ کردین و دڵی داینەوە و ساردی کردینەوە.
ساڵی ١٩٦١ قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد، ئەوساوە
من لە ماڵەوە دابڕام و ناشیانتوانی [illegible] هەر بە تەنیاو-
ساڵی ١٩٦١/٩٦٢ لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی وەرگیرام.
من و برادەری برام بووین، ئەو بەیەک دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو)

٦

هاتینە هەولێر، چونکە قوتابخانەی ناوەندی لە پێنجوێن نەبوو،
ژوورێکمان بەکرێ گرت وەکو وتینە ــ ژیانی زووکرتیانی...
تا خوێندنی ناوەندیمان تەواو کرد، جاروبار ئەچوینە دایکمان
دەهاتە بەدوامان، ئەگەرنا هەر تەنیا ئەبووین. پاشی
تەواو کردنی (ناوەندی) متوسطة، منداوبەکەرێشی لە ... داپڕاین،
ئەو نمرەی پۆلی سێیەم کەم بوو لە (دار المعلمین) وەریان نەگرتم،
چومە ئامادەیی، ئینجا کە نمرەم زۆر باش بوو چوومە
(دار المعلمین) بۆ ئەوەی هەرچی زووە بە موچەی مامۆستایەتی
نەبوو تاو ئاگردوری خۆمان کەم بکەمەوە، چونکە
باوکەمان نەبوو بتوانم بەردەوام بخوێنم بە خەرجی
خۆی بکەم، لە جیاتی ئەوەی چوار ساڵ لە کۆلێژ بخوێنم قەت
لەبیرم ناچێت کە چووم تقدیمی دار المعلمینم کرد، بەڕێوەبەری
ئەوسا کە (مصطفی حسن صالح) بوو، گوتی وەرت
ناگرم تۆ نمرەت زۆر باشە، حەیفە خوێندن تەواو نەکەی،
بڕۆ ئامادەیی و کۆلێژی ئەندازیاری یان پزیشکی تەواو
بکە! بڕوام کە باری ئابووری خۆمم بۆ باس کرد،
وەریگرتم و پاش نزیکەی سی ساڵ کە ماستەرم
وەرگرت جارێکیان تووشی هاتم، لە دوورەوە بۆم هات و
گرتمیە باوەشی و وەکو کوڕی خۆی تێر تێر ماچی کردم
گوتی کە زانیم ماستەرت وەرگرتوە ئیتر خۆم ئاسوودە کرد
چونکە زۆرم داخ و کەسەر بوو تۆ خوێندنت تەواو
نەکەی.
(دار المعلمین)م تەواو کرد و ساڵی ١٩٦٨ بە مامۆستا
لە قوتابخانەی (المعرفة) دامەزرام کە لە پاشان بوو
بە (سیروان) و دواتر ناوی (شێخ ...) لێنرا.



5/

- لە ڕۆژی دامەزرانم بە مامۆستای سەرەتایی و تا ئەمڕۆ
لە دەیان دەورەی فێربوون و پەروەردە بەشداریم کردووە،
هەر بۆ نموونە دەورەی ئەلفوبێی پۆلی یەکی سەرەتایی و دەورەی
زمانی ئینگلیزی و دەورەی خەت و خۆشنووسی لە بەغدا) دەورەی
بیرکاری و ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی لە هەولێر.
- ساڵی ١٩٧٥، خۆم نەقلی بەغدا کرد، بۆ ئەوەی لە دوای زانکۆی
(مستنصریە)، دەوامی ئێواران بخوێنم. نەقلەکەم بە گۆڕینەوە
بە پیرەمێرد، لەگەڵ مامۆستا تاهیر ساڵح کە ئێستا خانەنشینە و
ئاوەڵاتی دەکات گۆڕیمەوە. لە دوای لە قوتابخانەی (حاتم الطائی)
لە گەڕەکی (القاهرة) سێ ساڵ دەرسم گوتەوە. لەو ماوەیەدا
چەند مانگێک لە ئوتێلی مامەوە و ئەوە ساتە لەگەڵ چەند برادەرێک
بە هاوبەشی لە ژوورەکانی حەیدەرخانە ژیام. بەڵام لەوێ
تووشی ناکۆکییەکی سەخت بووم، چونکە ئەوەندەی
کردم و کۆششم لە زانکۆ وەرنەگیرام، چونکە ئەگەرچی پێشتر مامۆستای
سەرەتایی بوایە دەبوو ئێواران لە زانکۆی مستنصریە بخوێنی
لەگەڵ چوونی من بۆ بەغدا هەم دەرگایش داخراو چیتر
مامۆستای سەرەتایی وەرنەگیرا. لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی بەغدام
تەنیا سوودێکی زانستیم دابین ئەوە بوو، توانیم دەورەیەکی
(٦) مانگی ئینگلیزی تەواو بکەم کە دەورێکی زۆری هەبوو
لە هۆگربوونی یەکجاریم بە زمانی ئینگلیزی و لە ساوە
خۆم دایە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بیانی لە ئینگلیزییەوە
بۆ کوردی، بۆیە ئەو وەرگێڕانانەی لە ئینگلیزییەوە کردوومن قەرزاری
ئەو دەورەیەم.
ساڵی ١٩٧٨، دوای سێ ساڵ چەرمەسەری و بەخەساری، لۆژ لۆژ
گەڕامەوە هەولێر و لە قوتابخانەی (دجلە)ی سەرەتایی کەوتمە کار



٦/ دەرس گوتنەوە. پاش دوو ساڵ، لە ١٩٨٠ لەگەڵ چەند
مامۆستایەکی سەرەتایی تر چووینە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای
شەشی ئامادەیی وەکو قوتابی خارجی، من پلەیەکی زۆر باشم
هێنا. ئەوسا زانکۆ لە هەولێر نەبوو، لە بەغدا و مووسڵ هەبوو.
نەمدەتوانی واز لە مامۆستایەتی بهێنم و خۆم بۆ خوێندنی زانکۆ
تەرخان بکەم چونکە هیچ سەرچاوەیەکی تری بژێویم نەبوو مامۆستایەتی
نەبێ. ئەوە بوو بیرمان لەوە کرد، لە هەولێر کاری مامۆستایەتیمان
نقل بکەین بۆ شێخان تا بتوانین هەموو رۆژێ بچینە مووسڵ بۆ خوێندن..
ئەگبیرەکە سەری گرت، لە زانکۆی مووسڵ، کۆلیجی ئاداب، بەشی فەرەنسی،
وەرگیرام، ماوەی چوار ساڵ، هەموو رۆژێ ٢ سەعات دەچووی مووسڵم
دەکرد، بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستام، دەچوومە مووسڵ، وانەکانم
دەخوێند، دوای سەعات دەگەڕامەوە هەولێر سەعات (٥)
دوای مامۆستایەتیم لە هەولێر دەکرد تا سەعات (٨)ی
شێوارە. لەگەڵ ئەوە هەموو ئەرک و ماندوو بوون و بێ
وەختییەشی هەر چوار ساڵی یەکەم دەرچووم و ئەرشیح کرام بۆ
خوێندنی دکتۆرا لە سۆربۆنی پاریس، بەڵام چونکە هەموو خەرجێکم
تێدا نەبوو، هەرچەند هیچ منافسیشم نەبوو بەڵام نەیانناردم.
پاش تەواو کردنی زانکۆ لە ١٩٨٤، لە مامۆستای سەرەتاییەوە
بووم بە مامۆستای ئامادەیی و ئینگلیزیم دەگوتەوە. ساڵی
١٩٨٦ وەکو موحازیر چوومە کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی-
هەولێر و عەرووز و رەوانبێژی و رەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردم
گوتەوە. دوو ساڵ ئەوێ مامەوە، بە جێم هێشت
ساڵی ١٩٩٢ پاش هەڵدانی تەقەلایەکی زۆر و پێداگرتنی
هەندێ کاربەدەستی دۆستی نزیکم، لە خوێندنی باڵای
کورد (ماجستێر) وەرگیرام. ساڵی ١٩٩٤ تەواوم کرد

٦/

ناوەکەم لەسەر گێڕانی شیعری کلاسیکی کوردی بوو: (گێڕانی شیعری
کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و گێڕانی شیعری
فارسی). لەو سالە ترفیع بووم بۆ کۆلیجی ئاداب / بەشی
کوردی و ئێستاش عەرووز و ڕەوانبێژی دەڵێمەوە. ساڵی ١٩٩٥
لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیرام و لە ١٣/٥/٩٩٨ بڕوانامەکەم
لە ناوەکەم کرد کە لەسەر سەروای شیعری کوردی بوو: (سەروا
لێکۆڵینەوەیەکی ستاتیکیا و بەراوردە).

- هەر لە منداڵییەوە حەزم لە خوێندنەوە بوو، هێشتا لە سەرەتایی
بووم یادم کتێبی چیرۆکە شیعرییەکانی قەلو فەرخزادی
ئەمیرزادە مەهەد حەنیفە و میعراجنامە و مەولوودنامە و
نوشتەی زۆرم و چیرۆکی ستەم و جەنگەری بۆ خۆیان کردبووم..
زۆر بە تاسەوە ئەو چیرۆکانەم دەخوێندەوە، کە
لە کۆرەیشی بووم، بەتایبەتی لە (دار المعلمين) کە وتمە سەر خوێندنەوەی
ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و جیهانی و بەتایبەتی فارسی دەرچووم دوای
دامەزرانم بە مامۆستا وەختم زۆر بوو، ئەوەتە ئاوڕدانەوەی
خوێندنەوە تێدا نووسیە. یەکەم بەرهەمم لە ١٤/٢/٩٧٠
وتارێک بوو لە ژمارە (٩)ی هاوکاری بڵاو بووەوە، یەکەم
کتێبیشم بە ڕێگای ڕەوانبێژی بوو لە ١٩٧٤ چاپ بوو.
لە ماوەی لە مەنفا بووم ٩٧٥-٩٧٨ کەمتر خۆم لە دەزگاکانی
ڕۆژنامەگەری کوردی ئەدەبی نزیک دەکردەوە. لەسەر
داوای چەند برادەرێکی دڵسۆز (٦) مانگ لە هاوکاری وەکو
(محرر)ی ئەدەبی کارم کرد، بەڵام نەمتوانی تا سەر لەگەڵیان بڕۆم و
وازم هێنا. ساڵی ١٩٨٤/١٩٨٢ کە لە کۆلیجی ئاداب
مووچەل بووم، هەستم کرد قوتابییەکان زۆر بەهرەی باشیان

٢/

تێدایە، دەویست دەرمانێک بۆ ئەو بەهرانە بۆ خستنەکار،
ئەوە بوو لەگەڵ چەند برادەرێک بیری دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی
ئەدەبیان هێنایە پێشەوە کە هەبوو بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی
بیانی بێ. ئەوە بوو پێنج ژمارەمان لێ دەرکرد. من سەرپەرشتیم
دەکرد. کە ڕەشنووسی وەرگێڕاوەکان دەهاتن، جاری وا هەبوو خۆم
بابەتێکم دەستنیشان دەکرد و دەمدایە یەکێ وەری بگێڕێ،
کە ڕەشنووسەکانم وەردەگرت هەموویم لەگەڵ ئەسڵەکان
بەراورد دەکرد و دووبارە دامدەڕشتنەوە دەمنارد
بۆ ڕەقابە و پاشان مەشوورەی ئەرکی چاپیمان بۆ
دەخوارد. ئەو پێنج ژمارەیە سێیانیان ژمارەی گشتی بوون و
دووانیان تایبەتی بوون: یەکێ تایبەت بوو بە شیعر و
ئەوەی تر تایبەت بوو بە چیرۆک. بەتەما بووین شەشەم
تایبەتی بکەین بە شانۆنامە، لە پێرەوە، کە ڕەشنووسی شانۆ
ئامادەکردەوە و ڕەقابەمان وەرگرت، بەڵام توانای چاپکردنمان
نەبوو، ئەوە بوو پڕۆژەکە ڕاوەستا.

عەزیز
١٩٩٨/ ١٤/١٢



ئەزیز گەردی

١

- ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بەحرکە هاتوومەتە دونیاوە.
- ساڵی ١٩٥٥ چوومەتە قوتابخانەی سەرەتایی
- ساڵی ١٩٦٤ چوومەتە دار المعلمین الابتدائیة لە هەولێر

[illegible]

- لە ١٩٦٨/١/٢١ بە مامۆستای سەرەتایی دامەزراوم لە ناو هەولێر
- لە ١٩٨٠ بە شێوازی تاقیکردنەوەی خارجی شەشی ئامادەیی کردووە و لە بەشی فەرەنسی زانکۆی موسڵ وەرگیراوم.
- چوار ساڵ، هەموو رۆژێک هاتوچۆی موسڵم کردووە، بەرۆژ لە موسڵ خوێندوومەتی و بە شەو لە هەولێر مامۆستای سەرەتایی بووم. ساڵی ١٩٨٤ بەکالۆریۆسم لە زمان و ئەدەبی فەرەنسی وەرگرت.
- ساڵی ١٩٨٤ بوومە مدرسی ئینگلیزی لە ئامادەییەکانی هەولێر — ئامادەییەکانی کاوە ئاوێتە و رزگاری و هەڵمەت..
- ساڵی ١٩٨٦ لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین موحازەرەی گوتووە لە عەرووز و رەوانبێژی و رەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراورد.
- ساڵی ١٩٩٢ لە خوێندنی باڵا (ماجستێر) کوردی وەرگیرام و ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەی ماجستێرم وەرگرت. نامەکەی ئەم ناونیشانە بوو: (کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی)
- ساڵی ١٩٩٤ بووم بە مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی کوردی، کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین. عەرووز و رەوانبێژی و وەرگێڕانم گوتۆتەوە



ساڵی ١٩٩٥ لە خوێندنی باڵای کوردی (دکتۆرا)ی وەرگیرا و ساڵی ١٩٩٨ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت. نامەکەی بەناونیشانی: بوو (سەروا- لێکۆڵینەوەیەک لە شێوازی بەراوردە).

بەرهەمەکانی:

یەکەم- لێکۆڵینەوە:

١- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- بەرگی یەکەم- ١٩٧٢

٢- ئەدەب و رەخنە- ١٩٧٤

٣- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- بەرگی دووەم ١٩٧٥

٤- ئەدەبی بەراوردکاری ١٩٧٨

٥- پەخشانی کوردی ١٩٧٨

٦- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- بەرگی سێیەم ١٩٧٩

٧- دیوانی حەمدی- پێشەکی و بڵاوکردنەوە- ١٩٧٧

دووەم- وەرگێڕان:

٧- سێ شاکار- ئینگلیزییەوە ١٩٧٦

٨- چەند شتێ لە ئەدەب- لە عەرەبییەوە- ١٩٧٨

٩- داغستانی من- بەرگی یەکەم- ١٩٧٩

١٠- داغستانی من- بەرگی دووەم- ١٩٨٤

١١- چیرۆکی بەسەرهاتی گەردان- بەرگی یەکەم- ١٩٧٩

١٢- چیرۆکی بەسەرهاتی گەردان- بەرگی دووەم- ١٩٨٦

١٣- جوتیار و کچی زیرەک- ١٩٧٩

١٤- بەرازەوات ١٩٧٩

١٥- خۆر ڕەنگ ١٩٧٩

١٦- چیرۆکەکانی ئێزۆپ ١٩٨٤

١٧- ئافرەتی کورد لە تورکیا ١٩٨٤

١٨- ژیانی ئافرەتی کورد ١٩٨٤

١٩- سێ تراژیدی ١٩٨٤

٢٠- شازادە و مەلوانزۆکی- لە فارسییەوە- ١٩٨٨

کوردی ٧ + ٩

عەرەبی ١

فارسی ١

١٧

- ڕۆژنامەنووسی:

• ئەندامی دەستەی نووسینی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بووە لە ساڵی ١٩٧٧ .

• ئەندامی دەستەی نووسینی گۆڤاری ([illegible]) بووە کە ساڵی ١٩٧٢ سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

• لە دوکاتەی لە زانکۆی موسڵ قوتابی بووە، ساڵی ١٩٨٢/١٩٨٣ (٥) ژمارە (گەڵەی بیچاکان)ی دەرکردووە کە بڵاوکراوەیەکی گەڵەیی بووە تایبەتی بە وەرگێڕان.

---

- یەکەم وتاری لە ١٤/١٢/٩٧٠ لە ژمارە (٩)ی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە.

- یەکەم کتێبی (ڕەوانبێژی - بەرگی یەکەم) ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکردۆتەوە.

# ژیان و بەرهەمەکانی د.عەزیز گەردی

عەزیز گەردی ناوی تەواوی: (عەزیز ئەحمەد عەبدوڵڵا)یە، ناسراو بە عەزیز گەردی، لە ساڵی ١٩٤٧ لە شارۆچککەی بەحرکەی سەر بەشاری هەولێر لەدایکبووە، زارکی چاوانی بە شیری ژیان فرچک کراوە و لە پێڕەوکەبوونیەوە تاسە و خولیای بەرەو باسە زانیارییەکان دەچێ، لێ ئەودەمەی خۆی لەبەردەم مامۆستاکانی قوتابخانە سەرەتاییەکەی دەبینێتەوە؛ وا ئەکا ئەم زانیاریانەی دڵیان گۆش کردبوو بەرەو کزی دەڕۆن و تا ئەوەی بەرەو نەمان دەچن.
ئەمجا تاسەی شیعر و ئەدەبیات پەلی کاژەڵەی دەگرن و بەرەو چەمی بێبنی شیعری نالی و عەڕووزەکەی خەلیلی فەراهیدییەوە نغرۆی دەکەن.
لێرەوە عەزیز گەردی خولیای بۆ خولگەی زانستی مل دەنێ و پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەولێر بە تەواوەتی ئاکنجی دەبێ؛ دەبینێ لەلایەک بێ ئیشی دەستی ماچ دەکا و لەلایێ زارکی کتێبخانەی گشتی لەبەردەمی ئاوەڵا کراوە، بەم جۆرە چی کتێبەکانی سەر بە زانستەکانی ڕەوانبێژی و عەڕووز هەن؛ خەتمیان دەکا و لای خۆیشی هێدی هێدی یاداشتیان دەکا تا ئەوەی خۆی گوتەنی: (لەگەڵ خوێندنەوەی هەر کتێبێکا تێبینی و سەرەقەڵەمی تایبەتیم دەنووسییەوە، تا وای لێهات چەند دەفتەرێکم پڕ کردەوە).



نۆبەرەی عەزیز گەردی ڕەوانبێژییەکەیەتی و بە سێ بەرگ ساڵی ١٩٦٨ 1969 -دەینووسێ، لە سەرەتای حەفتاکان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.
پاشـان کتێبەکـانی: ئەدەبـی بەراوردکـاری، پەخشـانی کـوردی، ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی....تاد بە شوێنیدا سەرداوێنە دوو یەک و، تا هەنووکانەشی لەگەڵ بێ؛ نابڕێنەوە.
عەزیــز گەردی بە کوانــووی کێشــی عەڕووزی کلاســیک دادەنــرێ و کێشناسی کوردییەکەی سەرلەبەری کتێبانە لەبار عەڕووز و چڵەپۆپەی ئەوانەیە کە دەیانەوێ بە زانستی عەڕووز ئاشنا بن و لێیەوە فێر بن.
خۆی نەبێ کەم کەس دەزانن گەمی زمانی عەزیز گەردی لە دەریای چەند زمانان بینراوە و لە هەوڵی ڕامکردنی تۆفان و باگێژەکانیانە، لێ ئەوەی بە وەرگێڕان تا هەنووکە دەزانرێ زمانەکانی: (فارسی، عەرەبی، فەڕەنسی، ئینگلیزی) وەک کوردی دەزانێ و توانای زێتر بەسەر ئەوان دەشکێ.
ماستەرنامەکەی ساڵی ١٩٩٤ بەدەست دێنێ، دکتۆراش ١٩٩٩ دێنێتەوە، کە تێزەکەی بە ناونیشانی (سەروا)یە، دەزگای ئاراس هەمان ساڵ چاپ و بڵاوی دەکاتەوە و خوێنەری کورد بە دەریایەک لە زانین و زانیاری دیکە ئاشنا دەبن.
عەزیز گەردی لە چەندین قوتابخانە وانەی وتووەتەوە و پاشان دوای تەواوکردنی زانکۆ لە کۆلێژی ئاداب، بەشی زمانی کوردی دەبێتە مامۆستا، خۆی لەبەر هەڵنەپڕژان بەسەر کاری وەرگێڕاندا دەستلەکار دەکێشێتەوە و بەیەکجاری لە گۆشەی ماڵەکەی گرمۆڵە دەبێ، بەحرکە

تـا هەتـایە ئەم کێـلووکە بۆخۆشـەی لەنـاو خۆیـا تەقەت دەکـا و نـایەڵێ چاوی چ لایەکی بەدەورەوە بێ.

عەزیز گەردی تاهەنووکە(١٩٤٧ - ٢٠٢٢) کە ٧٥ساڵ ژیانیکرد، هەمیشـە لەسەر کاری وەرگێڕان و دەنک دەنک گەوهەری زمانی کوردیمـان بـۆ تــوڕ دەدا، ئـێمەش هەردەم بە تاســەوەین و چــاولەڕێی هــاتنی نــاوی پیرۆزی گەریدیین کە لە بەحرکەوە بێ، بەڵکو هەوای کتێب و بەرهەم و کتێبەکــانی و کتێبخــانە دەوڵەمەنــدەکەی و پێنووســە جــوانەکەی لە بیرەوەرییەکانمان بۆ نەوەکانمان بگێڕینەوە...

گیانـت شـاد پڕۆفیسـۆر عەزیـز گەردی، ئەمـرۆ دووشـەممە، لە شـاری هەولێـر لە نەخۆشــخانەی ژینــی تــایبەت ٢٠٢٢/٠٦/٠٦ ژیانئــاوایی لە کۆمەڵگای کوردەواری و ناوەندەکانی زانکۆ و زانست لە جیهان و کورد و کوردستانکرد...ئەفسوس ئەویش لەتەک زانا و داناکانی جیهـان وەکو (مەکسیم گۆرکی و تۆلستۆی و شکسبیر و کارڵ مارکس و ئەنشتاین.... هتد) بۆ دواجار ژیانئاوایی لێکردین...

بە سووپاسەوە وەرگــیراوە بەدەستکارییەوە.



# ژیاننامەی د. عەزیز گەردی

**عەبدولڕەحمان مەعروف**

عەزیز عەبدوڵڵا ئەحمەد
لەدایکبووی: ١٩٤٨ - بەحرکە - هەولێر.
ئاستی خوێندن: قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی لە بەحرکە - هەولێر، تەواوکردووە.
ماستەر لە ئەدەبی کوردی.
دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی.
دکتۆرای دووەم لە کۆلیژی زمانی زانکۆی کۆیە: (٢٠٠٩).
ناونیشانی تێزەکەی: (Romeo and Juliet and Mam and Zin)، (ڕۆمیۆ و جوولیەت و مەم و زین: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە).
کارنامەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی:
* لە ساڵی: (١٩٧٠)وە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
* لە ساڵی: (١٩٧٦) ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بووە.
* لە ساڵی: (١٩٨٤) ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕان بووە.
* لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بووە.
* سەرپەرشتی و ئەندامی هەڵسەنگاندنی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا کردووە.
* پلەی زانستی پرۆفیسۆرە.

* ئێستا خانەنشینە و سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێب و بەرهەمی تازەیە.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

١.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم: رەوانبێژی، بە یارمەتی نەقابەی مامۆستایان چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالجاحظ، بەغداد، ١٩٧٢، ١٠٤ لاپەڕە، قەبارە: (١٦×٢٢)سم.

٢.ئەدەب و ڕەخنە، بە یارمەتیدانی بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٧٤، ١٢٥ لاپەڕە.

٣.کۆمەلەڵێ نووسەر، سێ گۆشەکان، هاوبەش، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٧٦.

٤.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم: جوانکاری، وەزارەتی ڕاگەیاندن - بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری کوردی - یاریدەی داوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٢٠٣)، ١٩٧٥، ١٠٤ لاپەڕە، نرخ: (٤٠٠) فلس، قەبارە: (١٧×٢٣)سم.

٥.بەلەگایف، سێ نیگار، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بە یارمەتی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتیمانی بەغدا: (٥٣٨)، سلێمانی، ١٩٧٦، ٦٣ لاپەڕە، نرخ: (٢٥٠) فلس.

٦.بەشێک لە دیوانی میهری، ئامادەکردن، بە یارمەتی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧، ٩٤ لاپەڕە.

٧.ئارنۆلد بێنێت، چەشەی ئەدەبی، وەرگێران لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی

ئۆتۆنۆمی: بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الجامعە)، بەغداد، ١٩٧٨، ١٠٨ لاپەڕە.
٨.ئەدەبی بەراوردکاری، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٧٨، ١٥٩ لاپەڕە، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٧، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٢.
٩.برایانی گریم، چیرۆکی بەر ئاگردان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٧٩، ٣٣٤ لاپەڕە.
١٠.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم: واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی ١٩٧٩، ٨٩ لاپەڕە، قەبارە: (١٦×٢٢)سم.
١١.ڕەسووڵ حەمزاتۆف، داغستانی من، بەرگی یەکەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی (العلاء)، بەغداد، ١٩٧٩، ٣٦٦ لاپەڕە.
١٢.برایانی گریم، جوتیارێکی زیرەک، وەرگێڕان، بە یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریە)، بەغداد، ١٩٧٩، ١٦ لاپەڕە.
١٣.هانز ئەندرسن، قورینگ، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی پەیام، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٧٩، ٥٨ لاپەڕە.

١٤.ئەندرسن، بەرازەوان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بە یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٧٩، ٧٢ لاپەڕە.

- چیرۆکەکانی ئیزۆپ-یان لەناو گیانداران دا، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٢، ٢٤٠ لاپەڕە، نرخ: (٧٥٠) فلس، قەبارە: (١٤,٥×٢١,٥)سم.

- ئەدەبی بێگانان، بەشی یەکەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٢، ١٠٤ لاپەڕە.

- ئەدەبی بێگانان، بەشی دووەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٢، ٨٨ لاپەڕە.

- ئەدەبی بێگانان، بەشی سێیەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٨٢، ٧٢ لاپەڕە.

- ئەدەبی بێگانان، بەشی چوارەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حسام، بەغداد، ١٩٨٣، ٩٤ لاپەڕە.

- ئەدەبی بێگانان، بەشی پێنجەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد، ١٩٨٣.

- لووسی گارنێت، ئافرەتی کورد لە تورکیا، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد، ١٩٨٣، ٨٤ لاپەڕە.
- سێ تراژیدیای لۆرکا، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بە یارمەتیدانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەلما، بەغدا، ١٩٨٤، ١٩٧ لاپەڕە.
- رەسووڵ حەمزاتۆف، داغستانی من، بەرگی دووەم، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٥.
- برایانی گریم، چیرۆکی بەر ئاگردان، بەرگی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجماهیر للصحافە، بەغدا، ١٩٨٦، ٢٠٥ لاپەڕە، قەبارە: (١٦×٢٣،٥)سم.
- هێنی هەرۆڵد هەنسن، کچانی کورد- گەشتێک لە ناو ئافرەتانی موسڵمان لە کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤، ٤٣٦ لاپەڕە، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.
- سەمەدی بهرەنگی و بهروز دهقانی، شازادەی حەڵوافرۆش، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، بە یارمەتیدانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زەمان، بەغدا، ١٩٨٨، ٢٨٨ لاپەڕە، قەبارە: (١٦،٥×٢٣،٥)سم.
- پەخشانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی فێرکردنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی - زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی

کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧، ١١٦ لاپەڕە، قەبارە: (١٦×٢١)سم.

– چەند راستییەک لەبارەی...، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٢.

– سەروا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراورده لە شیعری کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.

– یەک چیای گەوهەر، کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەفسانەی گەلان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی: (٣٢١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریە للطباعە)، بەغداد، ١٩٩٩، ١٧٠ لاپەڕە.

– کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ٣٥٠ لاپەڕە، نرخ: (٢٠) دینارە، قەبارە: (١٦×٢٣)سم.

– یورگین لیسۆ، خشتەکانی شمشارە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

– ئا: تاکێشی ناکانۆ و ناوۆشی کورییاما، ئێمە ئەم شیعرانەمان نووسیوە، کۆمەڵە شیعرێکی منداڵە هزر بێ هێزەکانی ژاپۆنە، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی داناز، چاپی یەکەم، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (١٩)، ١٩٩٩، ١١٧ لاپەڕە، قەبارە: (١٤×١٩,٥)سم.

– چیرۆکەکانی کریلۆڤ، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.



- لیژەک ژنگیل، کۆمەڵیی لادێیی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.
- جێمس ئۆلدرج، گاڵتە بە چەک، رۆمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (١٥٩)، ٢٠٠٠، ٣٦٥ لاپەڕە.
- لیژەک ژنگیل، گوند و شارۆچکە کوردییەکانی ئێستا، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.
- ئا.م.ب.رۆدینکۆ، ئەفسانەی کوردی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- نازم حیکمەت، شمشێری دیمەکلیس، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- لۆرکا، زەماوەندی خوێن، شانۆگەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- ڕەوانبێژی، هەولێر، ٢٠٠٢.
- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ئەفسانەی رازی کوردی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- کۆمەڵەڵێ نووسەر، هەقایەتی کۆنی چینی، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و

بڵاوکـردنەوە، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی دێکـان، سـلێمانی، ٢٠٠٣، ٧٩٠ لاپەڕە.

– کـۆمەڵەڵێ نووسـەر، کەوێتـی دامەنتـاری، وەرگێـڕان، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

– ئەرەسـتۆ، هـونەری شـیعر، وەرگێڕانـی لە ئینگلیـزی و پێشـەکی و پەراوێز، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، چاپخـانەی گەنـج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ٢١٢ لاپەڕە، قەبارە: (١٤,٥×٢٠)سم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١١.

– ئەلیزابیـپ لایـارد، خـاکەکە مـاچ بـکە، ڕۆمـان، وەرگێـڕان، لە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

– میشـێل لیزینبێـرگ، کـاریگەری گۆرانی لەسـەر کـوردیی ناوەڕاسـت، وەرگێڕانـی لە ئینگلیـزییەوە، کتێبی گیرفـان، لە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چاپی یەکەم، سـلێمانی، ٢٠٠٤، ١٠٨ لاپەڕە، قەبارە: (١١×١٧)سم.

– ئەفسـانەی لـوڕی: ئەفسـانەی لـوڕی و بەختیـاری و شوشـتەری، کـۆکردنەوەی داریوشـی ڕەحمانیـان، وەرگێڕانـی لە فارسـییەوە، لە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ٣٣١ لاپەڕە.

– تۆفیق وەهبی، کورد و زمـانی کوردی، وەرگێڕان، کتێبی گیرفـان، لە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.



- ئی.ئار لیچ، رەوشی ئابووری و کۆمەلایەتی کوردی ڕەواندز، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

- سەدرەدین عەینی، چەند لاپەڕەیەک لە سەربوردەی خۆم، ژیاننامە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ١٥٧ لاپەڕە، نرخ: (١,٥٠٠) دینار، قەبارە: (١٤,٥×٢٠,٥)سم.

- چارلز دونینگ، ئەفسانەی ئەرمەنی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٦.

- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، قەڵەم قامیش، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی رۆشنبیری شەهید، ژمارە: (٢٤)، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (٩٥٦)، ٢٠٠٧، ١٠٦ لاپەڕە، نرخ: (٢,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٥×٢٠,٥)سم.

- درەختی چل داستان، کانی ماڵ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ٣٣٠ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٦×٢٢,٥)سم.

- محەمەدی قازی، زارا (عەشقی شوان)، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی بیر و هوشیاری (ی.ن.ک)، چاپی یەکەم، چاپخانە: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- دیوانی عاصی، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی بۆ نووسیوە، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٨، ٤٨٧ لاپەڕە، قەبارە: (١٦×٢٣,٥)سم، چاپی دووەم، تاران، ٢٠١٩.
- ئەحمەد ئازەر ئەفشار، داستانی حوسێنی کورد و چەند هەقایەتێکی تر، ئەفسانە، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (٢٢٠٠)، ٢٠٠٨، ٣٨٤ لاپەڕە، نرخ: (٤,٥٠٠) دینار.
- دنکە هەنار، کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئازەربێجانییە، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٤٨٧ لاپەڕە، قەبارە: (١٦×٢٣,٥)سم.
- ڤال بیرۆ، ئەفسانەی هەنگاری، چیرۆک، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرێتی ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- ئۆریانا ڤالاچی، ژیان و جەنگ و هیچی تر، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی



گشـتیی رۆژنامەنووسـی و چـاپ و بڵاوکـردنەوە - بەڕێـوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- پاڤۆل دۆبشینیسکی، ئەفسانەی سلاڤی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- شەکسپیر، رۆمیۆ و جۆلێت، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- Ahmade Khane, Mam & Zin, 2009.

- ئۆردیخانی جەلیل و جەلیلەی جەلیل، ئەفسانەی کوردان، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری-خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

- مەنسـوور یـاقووتی، تووشـای باڵندەی سـەیرو سـەمەرەی زاگـرۆس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.

- مەنسوور یاقووتی، کرمانج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

- عەلـی ئەشـرەف دەروێشـیان، ئاشـوورا، وەرگێڕانـی لە فارسـییەوە، لەسەر ئەرکی وەرگێڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١١، ١١٤ لاپەڕە، نرخ: (٢,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٥,٥×٢١,٥)سم.

- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، وەرزی نان، وەرگێڕانی لە فارسـییەوە، لەسەر ئەرکی وەرگێڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١١، ١٠٤ لاپەڕە، نرخ: (٢,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٥,٥×٢١,٥)سم.

- کۆمەڵێک نووسەر، ئەفسانەی چینی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەسەر ئەرکی وەرگێڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١١، ١٢٧ لاپەڕە، نرخ: (٢,٥٠٠) دینار، قەبارە: (١٥,٥×٢١,٥)سم.

- سـەمەدی بهرەنگـی، تەلخـوون، هەقـایەت و ئەفسـانە، وەرگێڕانـی لە فارسـییەوە، لەسـەر ئەرکـی وەرگێـڕ، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی مـاردین،

هەولێـــــر، ٢٠١١، ١٠٩ لاپەڕە، نــــرخ: (٢,٠٠٠) دینــــار، قەبــــارە: (١٥,٥×٢١,٥)سم.

- ئۆریانا ڤالاچی، پیاوێک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکـردنەوە - بەڕێـوەبەرایەتی خـانەی وەرگێـڕان، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

- ویلیـام ترۆبـریج لارنـد، ئەفسـانەی پێسـت سـوورەکانی ئەمریکـا، وەرگێڕانــی لە فارســییەوە، لەســەر ئەرکـی وەرگێـڕ، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی مـاردین، هەولێـر، ژمـارەی سـپاردن: (١٠٥٦)، ٢٠١١، ١٥٧ لاپەڕە، نرخ: (٢,٥٠٠) دینار، قەبارە: (١٥,٥×٢١,٥)سم.

- فیلیســیان شـالی، ئەفســانەی ژاپـۆنی، وەرگێڕانــی لە فارســییەوە، لەبڵاوکراوەکانی خـانەی چـاپ و بڵاوکردنــەوەی ئـاوێر، ژمـارە: (٨١)، چاپی یەکـەم، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هــەولێر، ٢٠١٢، ٢٦٢ لاپــەڕە، نـرخ: (٤,٥٠٠) دینار.

- بەربارا ک وۆکەر، ئەفسانەی تورکیایی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئـاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چـاپی یەکەم، هەولێـر، ٢٠١٢، نرخ: (٤,٥٠٠) دینار، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

- ئەب ئەنسـتاس مـاری کەرمەلـی، هەقـایەتی بەغـدایی، وەرگێـڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەنـدی ئـاوێر بـۆ چـاپ و بڵاوکـردنەوە، چـاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، نرخ: (٦,٠٠٠) دینار.

- شــێخی ســەعدی، گوڵســتان، وەرگێڕانــی: مەلا مســتەفا عاصــی، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆک: عەزیز گەردی، لە بڵاوکراوەکانی

نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٥٧٦)، ٢٠١١، چاپی دووەم، ئەستەنبوڵ، ٢٠١٩، ٦١٨ لاپەڕە، نرخ: (١٢) هەزار دینار، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

- مەنسوور یاقووتی، چرایەک لەسەر مادیان کۆ، ڕۆمان، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەریتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

- ئۆریانا ڤالاچی، ئافرەت - ڕەگەزی بێکەلک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

- بەرباره لیۆنی پیکارد، ئەفسانەی ئەلمانی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەبڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە: (٩٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٣٩٧)، ٢٠١٢، ٢٠٨ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار.

- ئەفسانەی ئەفریقی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەبڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە: (٩٣)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٣٩٧)، ٢٠١٢، ٢٠٨ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار.

- هەقایەتی کوردی، هەڵبژاردن و وەرگێڕانی بۆ فەڕەنسی: جۆیس بلۆ، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، لەسەر ئەرکی وەرگێڕ، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٣٨٢)، ٢٠١٢، ١٤٨ لاپەڕە، نرخ: (٢,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٦,٥×٢٤)سم.

- مەنسوور یاقووتی، ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەسەر ئەرکی وەرگێڕ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ١٤٨ لاپەڕە، نرخ: (٢,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٥,٥×٢١,٥)سم.

- ئۆریانا ڤالاچی، پەنەلۆپە لە جەنگدا، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، زنجیرە: (٣٨٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (١٨٦٨)، ٢٠١٢، ٤١٠ لاپەڕە، نرخ: (٣,٥٠٠) دینار.

- هەقایەتی کوردەواری: ١ (سێ دەرمان)، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ٣٠٢ لاپەڕە، نرخ: (٦,٥٠٠) دینار، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

- سێ مەکتووبی کاک ئەحمەدی شێخ، وەرگێڕان لە فارسییەوە: عاصی، ئامادەکردن، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

- پێرل س بەک، نامەیەک لە پەکینەوە، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

- یەڤگینی یەڤتوشینکۆ، بەرکوتێکی ژیانم (ژیان و چەپکە شیعرێکی هەڵبژاردە)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (١٣٠٩)، ٢٠١٣، ٢٧٠ لاپەڕە، نرخ: (٣,٠٠٠) دینار، قەبارە: (A5).



– ئۆریانا ڤالاچی، ئەگەر خۆر بمرێ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

– ل پ سەتن ئیلوێل: کۆکردنەوە، هەقایەتەکانی مەشدی گەلین خانم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە – بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (١٨٧٣)، ٢٠١٣، ٨٨٨ لاپەڕە.

– ئەلکساندەر ئاڤاناسییێڤ، بووکۆکەی قسەکەر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەسەر ئەرکی وەرگێڕ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٣، ١٠٢ لاپەڕە، نرخ: (٢,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٦,٥×٢٤)سم.

– ئیشک سوکان، ئەفسانەی ئەستەنبۆڵی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ٢٤٨ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

– ئەلفۆنس دۆدێ، قوتیل، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە: (١٤٧)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٢٥٤٤-٢٠١٣)، ٢٠١٤، ٣٨٢ لاپەڕە، نرخ: (٧,٥٠٠) دینار، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

– سێ شانۆگەری، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە – بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

– ڕۆمیۆ و جولێت و مەم و زین، بە ئینگلیزی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

- تۆلستۆی، حاجی موراد، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار.
- مەنسوور یاقووتی، بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤، ١٠٤ لاپەڕە.
- ئۆریانا ڤالاچی، نامەیەک بۆ ئەو کۆرپە نێرینەیەی کە هەرگیز لەدایک نەبوو، رۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەبڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، نرخ: (٤,٠٠٠) دینار.
- مەنسوور یاقووتی، لاوەچ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤، نرخ: (٣,٠٠٠) دینار.
- جۆرج فرۆنڤال، هەقایەت و ئەفسانەی کەنەدایی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە: (١٧٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٢٢١)، ٢٠١٤، ٢٢٤ لاپەڕە، نرخ: (٤,٠٠٠) دینار.
- عەزیز نەسین، قۆڵبڕ، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.



- کێشناسیی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، بێروت، ژمارەی سپاردن: (١٧٦٣ - ٢٠١٣)، ٢٠١٤، ٣٤٤ لاپەڕە.
- دانتی ئەلیگییێری، کۆمیدیا، بەرگی یەکەم - دۆزەخ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پەراوێز و بەراوردی لەگەڵ چەند زمانێکی تردا، داستان، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانە: تاران، سلێمانی، ٢٠١٥، ٥١٠ لاپەڕە، نرخ: (٣٠,٠٠٠) بۆ هەر سێ بەرگ.
- دانتی ئەلیگییێری، کۆمیدیا، بەرگی دووەم - بەرزەک، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پەراوێز و بەراوردی لەگەڵ چەند زمانێکی تردا، داستان، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانە: تاران، سلێمانی، ٢٠١٥، ٤٧٥ لاپەڕە، نرخ: (٣٠,٠٠٠) بۆ هەر سێ بەرگ.
- دانتی ئەلیگییێری، کۆمیدیا، بەرگی سێهەم - بەهەشت، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پەراوێز و بەراوردی لەگەڵ چەند زمانێکی تردا، داستان، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانە: تاران، سلێمانی، ٢٠١٥، ٤٩٧ لاپەڕە، نرخ: (٣٠,٠٠٠) بۆ هەر سێ بەرگ.
- ئۆریانا ڤالاچی، گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
- ئیزاک بێشـڤیس سینگەر، گێلەکانی چێلم و مێژوویان، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ٥٧ لاپەڕە.



- هەندێ بەستەی کوردی، فۆلکلۆر، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارەی بڵاوکراوە: (٢٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٦٧٢)، ٢٠١٥، ١٧٠ لاپەڕە، نرخ: (٤,٠٠٠) دینار.

- تۆلستۆی، کچەکەی فەرماندە، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ٢٠٣ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار.

- د.بەدیع محەمەد جومعە، شا عەباسی گەورە: (١٥٨٨ - ١٦٢٩) ترس لە مردن: حەقیقەت یان خەیاڵ، وەرگێڕان، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥، نرخ: (٨,٠٠٠) دینار.

- فەرهەنگی کێشناسی، چاپیەکەم، بیروت، ٢٠١٥، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی نارین، بیروت، ژمارەی سپاردن: (٥٥٢-٢٠١٥)، ٢٠١٦، ٢٢٤ لاپەڕە.

- ئۆریانا ڤالاچی، حەفت گفتوگۆ، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، نرخ: (٦,٠٠٠) دینار.

- ئەفسانەی هیندی، ئامادەکردن و وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، نرخ: (٦,٠٠٠) دینار.



– ئـارتەر مانوێـب کریسـتن سـەن، ئەفسـانەی ئێرانـی، وەرگێـڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، نرخ: (٨,٠٠٠) دینار.

– جـۆرج فرۆنقـاڵ، هەقـایەت و ئەفسـانەی فیرعەونـی، وەرگێـڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر، ژمـارەی سـپاردن: (٢٤٣)، ٢٠١٥، ١٣٦ لاپەڕە، نرخ: (٣,٠٠٠) دینار.

– کۆمەڵێ نووسـەر، جۆلای ئازا، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چـاپ و بڵاوکـردنەوە، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێـر، ٢٠١٥، ٩٤ لاپەڕە، نرخ: (٣,٠٠٠) دینار.

– عەلـی ئەشـرەف دەروێشـیان، سـاڵانی هەوریـن: ڕۆژانـی خەو و هوشیاری، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٥.

– عەلـی ئەشـرەف دەروێشـیان، سـاڵانی هەوریـن: ڕۆژانـی خەو و هوشیاری، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، تاران، ٢٠١٥.

– ئەفسـانەی مازەنـدەرانی و تـورکمەن سـەحرایی، وەرگێـڕان، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، نرخ: (٨,٠٠٠) دینار.

- فەرهەنگی مەم و زینی خانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، بیروت، ٢٠١٦.
- مەنسوور یاقووتی، پیاوانی بەیانی، کورتە چیرۆک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٦١٩)، ٢٠١٦، ١٣٥ لاپەڕە، نرخ: (٤,٠٠٠) دینار.
- مەنسوور یاقووتی، لەگەڵ منداڵانی گوندەکەمدا، کۆمەڵە چیرۆک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٦٢١)، ٢٠١٦، ١١٩ لاپەڕە، نرخ: (٣,٠٠٠) دینار.
- مەنسوور یاقووتی، ماینی چل جوانوو، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٦٢٠)، ٢٠١٦، ٣٦٨ لاپەڕە، قەبارە: (١٥×٢١,٥)سم، نرخ: (٧,٠٠٠) دینار.
- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، سلوولی ١٨، رۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٦.
- چرای دڵان، چەند بەسەرهاتێکی پێغەمبەر و پیاوچاکانە لەگەڵ چەند رووداو و باسێکی ئایینی تر، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی: عەزیز گەردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٧٦٥-٢٠١٥)، ٢٠١٦، ٢٠٨ لاپەڕە.
- فارشان میلکونیلن، بەختیارییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧.



- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، رۆژنامەی دیواری قوتابخانەکەمان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧.

- هێنری ئەلیک، مەسەلەکە، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی کامبریج، ژمارە: (٥٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (١٤٩)، ٢٠١٧، ١٠١ لاپەڕە، نرخ: (٣,٠٠٠) دینار.

- تۆلستۆی، خەڵک بە چی دەژی، چیرۆک، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی کامبریج، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (١٥٠)، ٢٠١٧، ٢٠٥ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار.

- هەندێ چیرۆکی ئیزۆپ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لەسەر ئەرکی ڕێدار سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ١١٠ لاپەڕە.

- Aziz Gardi, Romeo and Juliet and Mam and Zin, Acomparative Study، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی کامبریج، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٧، ١٥٢ لاپەڕە، نرخ: (٥,٠٠٠) دینار.

- عەمید روکن شوکری مەحموود نەدیم، لەشکری رووسی لە جەنگی عێراقدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.

_ سوتییێف، بابا نوئێل و داری سەری ساڵ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.

- کێشی شیعری شێخ رەزای تاڵەبانی، رەخنە و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.



- سلێمان سایغ، یەزداندوخت: خانمی خانەدانی هەولێری، رۆمانی مێژوویی، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (١١٨)، ٢٠١٨، ٦٥٠ لاپەڕە، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.
- تۆلستۆی، بەرنامەی خوێندن: چوار کتێبی بەرنامەی خوێندنی تایبەتی، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە: (٤٧١)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨، نرخ: (٧,٠٠٠) دینار.
- هەندێ باوەڕی ئایینی مەندائی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- چیرۆکی ناو بەندیخانە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- چیرۆکێن ناو بەندیخانە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- ئیزۆپ، هەندێ مەسەلۆکەی ئیزۆپ، هەولێر، ٢٠١٩.
- دیمینیکۆ لانزا، مووسڵ لە سەدەی هەژدە، سلێمانی، ٢٠١٩.
- ئەنوەر مائی، گوتارێک لە چین لەبارەی کوردەوە، ٢٠١٩.
- سیوفی، گەشتی نیکۆلا سیوفی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٩.
- زەکەریا تامر، پڵنگ لە ڕۆژی دەیەمدا، کۆمەڵە چیرۆک، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.
- تۆلستۆی، خوا و شەیتان، وەرگێڕان، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١٩.
- کۆنستانتین ڤێرجیل گیۆرگیو، ئەو پیاوەی بە تەنیا سەفەری کرد، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٢٢٣)، ٢٠١٩، ٤٤٢ لاپەڕە، نرخ: (٨,٥٠٠) دینار.



- جۆناتان سویفت، گەشتەکانی گالیڤەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارەی بڵاوکراوە: (٥٠١)، چاپی یەکەم، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٢٢٤)، ٢٠١٩، ٥٩٠ لاپەڕە، نرخ: (٩,٠٠٠) دینار.
- زەکەریا تامر، بەرسیلە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (١٩٩٠)، ٢٠١٩، ١٧٧ لاپەڕە.
- فلادیمیر هەڵپاچ، قەنەنە (سێ شەو): هەقایەت و ئەفسانەی هیندییە ئەمریکییەکان، ئامادەکردنی: ڤلادیمیر هەلپاچ، وەرگێڕان، چاپی یەکەم.
- هەقایەت، هەولێر، ٢٠٢٠.
- کۆنستانتین ڤێرجیل گیۆرگیو، سوالکەری پەرجۆ، هەولێر، ٢٠٢١.
- عەزیز نەسین، ئای لە ئێمەی کەر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، چاپی یەکەم،چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ژمارەی سپاردن: (٦٢١)، ٢٠٢١، ١٥٦ لاپەڕە، نرخ: (٣,٥٠٠) دینار.
- جان دۆست، سێ هەنگاو بەرەو سێدارە، هەولێر، ٢٠٢١.

فەرهەنگی فەلاحەتی، هەولێر، ٢٠٢١.

- بەهارێک.
- حیلەی ئەسپی سپی.
- شامیگڕ و بڵێسە.
- تێکشکانی کاروانێک.
- هەورە تریقە.
- ئەدەبی بێگانە.

- هەقایەتی کوردی، کۆکردنەوەی م.رۆدینکۆ، بە فارسی، ١٩٩٨.
- کێشناسی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئارام-رانیە، چاپی یەکەم، هەولێر.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی یەکەم.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی دووەم.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی سێیەم.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی چوارەم.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی پێنجەم.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی شەشەم.
- رابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی، بەرگی حەوتەم.
- چەندان وتار و بابەت و کاری وەرگێڕانی دانسقەی لە چەندان زمان کردۆتە کوردی و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.



# عەزیز گەردی - بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە پڕۆژەی {كورد و كوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە كتێبی كوردیدا ١٩٢٠- ٢٠١٠}دا

**ئامادەكردن: بوار نوورەدین**

**یەكەم: نووسین**

١- رەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی دا- بەرگی یەكەم روونبێژی- البیان
نووسین: عەزیز گەردی
چاپ: یەكەم، چ:؟، ش: بەغدا، ژس: ٦٢٢، س: ١٩٧٢
٢- ئەدەب و رەخنە
نووسین: عەزیز گەردی
بە یارمەتیی وەزارەتی كاروباری ژووروو و بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی كوردی چاپكراوە
چاپ: یەكەم، چ: الحوادث، ش: بەغدا، ژس:؟، س: ١٩٧٤
٣- رەوانبێژی لە ئەدەبی كوردی دا- بەرگی دووەم جوانكاری
نووسین: عەزیز گەردی
بە هاوكاریی وەزارەتی ڕاگەیاندن-بەڕێوەبەرێتیی گشتیی ڕۆشنبیریی كوردی چاپكراوە
چاپ: یەكەم، چ: شارەوانی، ش: هەولێر، ژس: ٢٠٣، س: ١٩٧٥
٤- ئەدەبی بەراوردكاری
نووسین: عەزیز گەردی

لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد
چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ٥٨٧، س: ١٩٧٨
٥- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا- بەرگی سێیەم- واتاناسی
نووسین: عەزیز گەردی
چاپ: یەکەم، چ: کاکەی فەللاح، ش: سلێمانی، ژس: ١١١٣، س: ١٩٧٩
٦-پەخشانی کوردی
ئامادەکردن: عەزیز گەردی
چاپ: یەکەم، چ: ز.سەلاحەدین، ش: هەولێر، ژس:؟، س: ١٩٨٧
٧- سەروا
نووسین: د.عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
چاپ: یەکەم، چ: و.ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٧٧، س: ١٩٩٨
٨-کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە(
نووسین: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری
چاپ: یەکەم، چ: و.ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ١٧٢، س: ١٩٩٩
٩-رابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی
نووسین: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
چاپ: یەکەم، چ: دێکان، ش: سلێمانی، ژس: ٢٠٨، س: ٢٠٠٣
دووەم: وەرگێڕان

١- ئافرەتی کورد لە تورکیا- باری ژیان و پیشەیان، داب و دەستووری ماڵەوەیان، بیروباوەڕیان، داستان و چیرۆکی فۆلکلۆریان
نووسین: لووسی گارنێت
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
چاپ: یەکەم، چ: ئیرشاد، ش: بەغدا، ژس: ١١٣٤، س: ١٩٨٣
تێبینی: ئەم کتێبە، بەشێکە لە کتێبی (ئافرەتی تورکیا و فۆلکلۆریان، بەرگی دووەم: ل١١٣- ١٨٩)، کە ساڵی ١٨٩١ چاپکراوە.
٢- ژیانی ئافرەتی کورد
نووسین: هێنی هارۆلد هانسن
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی عێراق
چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ١٥٤، س: ١٩٨٤
٣- خشتەکانی شمشارە- ڕاپۆرتێکی سەرەتایی
نووسین: یورگین لیسو
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
لە چاپکراوەکانی گۆڤاری (شانەدەر(
چاپ: یەکەم، چ: و.ڕۆشنبیری، ش: هەولێر، ژس: ٧٩، س: ١٩٩٨
٤- تابلۆکانی شمشارە
نووسین: یورگین لیسو
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
لە چاپکراوەکانی گۆڤاری (شانەدەر(
چاپ:؟، چ:؟، ش: هەولێر، ژس:؟، س: ١٩٩٩
٥- کورد و زمانی کوردی





نووسین: تۆفیق وەهبی
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٤١٣، س: ٢٠٠٢
٦-کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر نویێ بوونەوە
نووسین: پرۆفیسۆر د.لیژەک ژیگیل
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
چاپ: یەکەم، چ: دار الشؤون الثقافية العامة، ش: بەغداد، ژس: ١١٧، س: ١٩٩٩
٧-ئەفسانەی کوردی
ئامادەکردنی: م.ب.رۆدێنکۆ
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٧٢)
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٢٨٥، س: ٢٠٠٠
٨- گوند و شارۆچکە کوردییەکانی عیراقی ئێستا
نووسین: پرۆفیسۆر د.لیژەک ژیگیل
وەرگێڕانی لە زمانی فڕەنسیەوە: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز
چاپ: یەکەم، چ: هاوسەر، ش: هەولێر، ژس: ١١٠، س: ٢٠٠٠
٩- ئەفسانە و رازی کوردی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
وەرگێڕانی لە زمانی فارسی بۆ کوردی: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم



چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٣٣٩، س: ٢٠٠٢
١٠- کاریگەریی گۆرانی لەسەر کوردیی ناوەڕاست
نووسین: میشێل لیزنبێرگ
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- کتێبی گیرفان
چاپ: یەکەم، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ١٤٧، س: ٢٠٠٤
١١- رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردی رەواندز
نووسین: ئی.ئار.لیچ
وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان
چاپ: یەکەم، چ: ڕوون، ش: سلێمانی، ژس: ١١، س: ٢٠٠٥
سێیەم: پێڕست
١-روانگە- کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمە ڕەنگەیە- دەنگی نەوەی نوێ رائەکێشێت- بەرگی سێیەم
ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە: ڕوانگە
چاپ:؟، چ:؟، ش:؟، ژس:؟، س: ١٩٧٢
ناوەرۆک:
ناوەرۆک/ هۆنراوەی چەند شاعیرێک: عەزیز گەردی.
٢-زانستی ئاوەڵواتا لە ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی و ئەورووپی یەوە بۆ ڕەخنەسازیی کوردی
نووسین: د. کامیل حەسەن بەسیر
لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کورد

چاپ: یەکەم، چ: کۆڕ، ش: بەغدا، ژس: ١٠٨٩، س: ١٩٨١
ناوەرۆک:
بەشی چوارەم: خوازە لە ڕەخنەسازیی کوردیدا/ خوازە لە لای مامۆستا سەجادی/ مامۆستا عەزیز گەردی و باسی خوازە
٣-جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا
نووسین: ئیدریس عەبدوڵڵا
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپ:؟، چ: سەردەم، ش: سلێمانی، ژس: ٣١١، س: ٢٠٠٣
ناوەرۆک:
پێشەکییەک: عەزیز گەردی.
٤-ڕۆژنامەوانیی کوردی- گۆڤاری هەولێر ١٩٧٠-١٩٧٢
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د.هیمداد حسێن
لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
چاپ: یەکەم، چ: حەمدی، ش: سلێمانی، ژس: ١٨٣٩، س: ٢٠١٠
ناوەرۆک:
ژ٤-٥ی س١: دڵدار لە نێوان کلاسیک و ڕۆمانتیک و ڕیالیزمدا: عەزیز گەردی/ ژ١ی س٢: ڕوخسار و ناوەرۆک لە هۆنراوەدا: عەزیز گەردی (بۆ چەند ژمارەیەک درێژەی هەیە).



# الدكتور عزيز گردي مترجم [الكوميديا الإلهية] في ذمة الخلود

**جلال زنگابادي**

*.عزيز عبدالله گردي

*.ولد سنة ١٩٤٨ في ناحية (بحركه) و وافته المنية في ٦ حزيران ٢٠٢٢ في اربيل.

*.حصل على شهادة الدكتوراه في الأدب الكردي

*.كان يجيد اللغات: الكردية، العربية، الإنگيزية، الفارسية، الفرنسية، و له إلمام باللغتين الإسپانية والإيطالية

*.أديب، باحث ومترجم موسوعي غزير النتاج ومتنوع أتحف المكتبة الكردية بأكثر من مائة كتاب

*.عمل مدرسا وأستاذا في تدريس اللغتين الانگليزية والكردية في كلية الآداب بجامعة صلاح الدين

*.لقب بامير المترجمين الكرد، ولم يتزوج؛ ونقل عنه قوله المبرر:

" -كتبي ونتاجاتي هي سليلي فقط "

*.و في مايلي پوست سابق لي عنه ؛ إحتفاء بترجمته لرائعة دانتي العظيم إلى اللغة الكردية:

العلامة عزيز گردي يترجم (الكوميديا الإلهية) إلى اللغة الكردية*

سلاما حميما مع أزكى التهاني

جلال زنگابادي

عن مؤسسة سردم للطباعة والنشر- في السليمانية، صدرت الترجمة الكردية لملحمة (الكوميديا الإلهية) للشاعر الإيطالي العظيم دانتي (١٢٦٥-١٣٢١) بأجزائها الثلاثة (الجحيم، المطهر والفردوس) في (١٤٨٢صفحة / قطع كبير) بحلة قشيبة، ترجمها العلامة الدكتور عزيز گردي عن ترجمتها الإنگليزية:

Dant Aligieri, Th Divin Comdy ,
The Carlyle wicksteed Translation,
New York, 1957

مع الإستعانة بالترجمات الآتية:

* الفرنسية لـ1985 (Jacqeline Risset)
* الإنگليزية لـ1980 ( Dorothy Sayers)
* الإنگليزية لـ1947 (Laurence Binyon)
* العربية لـ (حسن عثمان)
* العربية لـ (كاظم جهاد)
* الفارسية لـ (شجاع الدين شفا)
* الفارسية لـ (فريدة مهدوي دامغاني)



سلاما حميما وأزكى التهاني إلى الأستاذ الدكتورعزيز گردي (١٩٤٨) لمنجزه الثقافي الجبار، حيث أثرى المكتبة الكردية بعشرات الكتب المؤلفة بالكردية والمترجمة إليها عن بضع لغات..ومع كل ذلك غير محتفى به، بل مقصي ومهمش ومعتم عليه، بينما يحظى الجوف والطفيليون والنكرات والدخلاء وذوو الشهادات المزورة...بالإحتقاءات التكريمية والمكرمات والمكاسب والإمتيازات...

مليون بصقة وبصقة على وجه كل صاحب قرار، لاسيما في المضمار الثقافي ؛ لا يعرف قدر الأدباء والفنانين والمفكرين المبدعين حق قدرهم**....

وتحية حارة وشكر لصديقي العزيز الأديب المبدع آزاد برزنجي المشرف على سلسلة كتب (سردم)

---



# ئەو پیاوەی بەتەنیا سەفەری کرد

**ئازاد بەرزنجی**

هەبوو نەبوو پیاوێک هەبوو بڕیاری دابوو هەموو ژیانی خۆی بۆ تاقە مەعشووقێک تەرخان بکات، بڕیاری دابوو لە پێناوی ئەو مەعشووقەدا، قوربانی بە هەموو شتەکانی تری ژیانی خۆی بدات، چونکە هەستی دەکرد تاقە هاوژینێکە بتوانێ تا سەر لەگەڵیدا هەڵبکات و ئەمەکدار بێت بۆی؛ تاقە دڵبەرێکە شایانی ئەو ئەڤینە قووڵەی بێت، ئەو دڵبەرەش چ نەبوو جگە لە "پەیڤ". بۆیە ئەم عاشقەمان تەنیایی لەگەڵ پەیڤدا هەڵبژارد و دەشیزانی ڕێی عاشقی سەختە و ئەو سەوداسەرییەش چەرمەسەریی زۆری بەدواوەیە و عاشقانیش هەمیشە تەنیا دەمێننەوە.
سەرەتای هەشتاکان بوو، تازە لاو بووم، وەختێ "داغستانی من"ی هەمزاتۆڤم بە زمانە ئەفسووناوییەکەی ئەو پیاوە ئەڤینداره خوێندەوە، نایشارمەوە گەر بڵێم سەرسامیم بەو زمانە سیحرییەی مامۆستای جاویدان "عەزیز گەردی" یەکێک بووە لەو هۆکارانەی وای لێ کردووم شەیدای دونیای وەرگێڕان بم.خودایا، ئەوە شیعرە بە زمانی پەخشان نووسراوە، یان پەخشانە و بەرگی شیعری پۆشیوە؟! هەر ئەو کتێبەی وای لێ کردم بۆ لەوەودوا بەدووی کتێبەکانی تریدا بچم و دوای ئەوە سێ شاکاری "لۆرکا" بە وەرگێڕانی ئەو بخوێنمەوە، کە بریتی بوون لە سێ شانۆنامە و پاشان بڵاوکراوەیەکی وەرزی بەناوی "ئەدەبی بێگانە."



هەڵبەتە من ئەو دەمانە بەبێ ئەوەی لە نزیکەوە ئەو پیاوە بناسم و ببینم، بەردەوام بەدوای کارەکانیدا دەچووم.
ڕۆژگار هات و ڕۆژگار ڕۆیی، لە سەرەتای هەزارەی دووەمدا بوو، ئەو کاتە دوو سێ ساڵێک دەبوو دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دامەزرابوو و لە خانوویەکدا بووین لای فولکەیەکەوە کە ئەوکات پێیان دەوت فولکەی یەکگرتن و وەک ئێستا سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێبەکانی دەزگای سەردەم بووم.ڕۆژێکیان کە هەر خۆم بووم لە ژوورەکەمدا و خەریکی کار بووم، لە دەرگای ژوورەکەم درا و منیش فەرمووم کرد، دەرگاکە کرایەوە و پیاوێکی کەڵەگەت بە جلوبەرگی کوردی و جامانەیەکەوە دەرکەوت و وتی ئەمە ژووری کاک ئازاد بەرزنجییە؟ منیش وتم بەڵێ فەرمووون.وتی ڕوخسەت هەیە بێمە ژوورەوە، وەڵامم دایەوە: بێگومان، فەرمووون.وتی خۆتان کاک ئازادن؟ وتم بەلێ، فەرمووون.وتی من عەزیز گەردیم.کە وای وت، نایشارمەوە حەپەسام.
یەکەم لە ڕووی خۆشحاڵیمەوە بە بینینی و بە سەردانەکەی، دووەمیش ئەوەی من بۆی نەدەچووم ئەوە بوو کە ئەو پیاوە عەزیز گەردی بێت، نازانم بۆچی ئەوم بە پیاوێکی چاکەت و پانتۆڵ لەپێ تەسەور دەکرد؟ لێ کە وای وت، زۆر بە گەرموگوڕییەوە بەخێرهاتنیم کرد و وتم سەرچاومان هاتیت مامۆستا عەزیز، فەرمووون دانیشن.ئینجا کە دانیشت و داوای چایەکم بۆ کرد، یەکسەر باسی ئەوەم بۆ کرد کە کاتی خۆی وەرگێڕانی "داغستانی من"، بە زمانە پاراو و پڕ ئەفسوونەکەی ئەو، چ کاریگەرییەکی لەسەرم هەبووە.دواتر وتم ئێمە هەموو لە ڕووی عیشقی

وەرگێڕان و زمانە جادووییەکەی ئێوەوە، قەرزاری قەڵەمە بەبڕشتەکەی جەنابتانین.وتی کاک ئازاد ئێمە شتێکی گەورەمان نەکردووە و ئەوەی کردووشمانە ئەرکی سەرشانمان بووە.پاشان وتی یەک دوو کتێبم لەسەر ئەفسانەی گەلان هێناوە و پێم خۆشە لە سەردەم چاپ بن.منیش وتم سەردەم شانازی بەوەوە دەکات کتێبی جەنابتان چاپ بکات و دواتر هەردوو کتێبەکەمان بۆ چاپ کرد.لە ساڵانی دواتردا و وەختێ چووینە تەلارە تازەکەی دەزگای سەردەمەوە لەسەر شەقامی سالم، لە سەردانێکیدا بۆ لام، باسی ئەوەم بۆ کرد کە کۆمەڵێک کتێبمان هەڵبژاردووە بۆ وەرگێڕان و یەکێک لەو کتێبانە "کۆمێدیای یەزدانی" ی دانتێ یە و پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد کە ئەگەر لوتف بفەرمووێت، ئێمە شاناز دەبین بەوەوەی بەڕێزیان ئەو کتێبەمان بۆ وەربگێڕێت.جەنابی پێشنیازەکەمی پەسەند کرد و دوای ساڵ و نیوێک یان زیاتر بە دەقە کوردییەکەی "کۆمێدیای یەزدانی"یەوە هاتەوە بۆ لام و سی دییەکەی دامێ و وتی فەرمووون ئەوە کتێبەکە.منیش بەو هەواڵە شاگەشکە بووم و بەڵێنم پێ دا کە بە زووترین کات بۆی چاپ بکەین، ئیتر ئەوە بوو لە سێ بەرگدا و لە بۆکسێکدا بۆمان بە چاپ گەیاند و زۆر پێی دڵخۆش بوو.

ساڵی ٢٠١٤ بوو، وەکو دەزگای سەردەم بڕیارمان دابوو ساڵانە دوو خەڵات بە ناوی شاعیری گەورە "شێرکۆ بێکەس" ەوە بدەین بە دوو داهێنەری دونیای ئەدەبی و فیکریمان.من پێشنیازی "بەختیار عەلی" و "عەزیز گەردی"م کرد و هەر بەو مەبەستە ڕامانگەیاند کە سەردەم بۆنەیەکی ڕێزلێنانی وەهای بەدەستەوەیە.بەڵام دوای ئەوەی مامۆستا



گەردی هەواڵەکەی خوێندبووەوە، یەکسەر تەلەفۆنی بۆ کردم و پاش چاکوچۆنی وتی کاک ئازاد ئەگەر منت خۆشدەوێ و دەتەوێ بێتاقەت نەبم ناوی من بۆ ئەو خەڵاتە بسڕەوە.وتم مامۆستا ئەو خەڵاتە لەچاو گەورەیی قەڵەمی تۆ و بەخششەکانتدا هیچ نییە، وتی من حەز بە هیچ خەڵاتێک ناکەم و بۆ ئەوەش نانووسم خەڵات بکرێم.هەرچەند ویستم قەناعەتی پێ بکەم کە ئەوە گوزارشتێکە لە خۆشەویستیی ئێمەومانان و خوێنەران و نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی لە ئاست باڵای بەرزی قەڵەمەکەی ئەودا، بەڵام دووبارەی کردەوە و وتی کاک ئازاد دەڵێم گەر منت خۆشدەوێ ناوم بۆ ئەو خەڵاتە بسڕەوە.ئیتر منیش ناچار بەقسەیم کرد.

مامۆستا عەزیز پەیوەندییەکانی زۆر سنووردار بوون، بەڵام بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بە تەلەفۆن هەواڵیم دەپرسی، یان جەنابیان تەلەفۆنیان دەکرد و بەمجۆرە ئاگامان لە یەک بوو.

دواجار کە مامۆستام بینی، ساڵی ٢٠١٩ بوو، لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە سلێمانی.من سەرگەرمی سەیرکردنی کتێب بووم، کە یەکێک لە دواوە بانگی کردم و وتی کاک ئازاد کوویت؟ کە ئاوڕم دایەوە، سەیرم کردمامۆستا عەزیز گەردییە.تەوقەمان کرد و ئەملاولای یەکمان ماچ کرد و کەوتینە دەمەتەقێ سەبارەت بە کتێب و وەرگێڕان و کارە تازەکانی و هەروەها دەستخۆشیم لێ کرد بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانێک کە ناوی "ئەو پیاوەی بەتەنیا سەفەری کرد" بوو لە نووسینی کۆنستانتین ڤێرجیل گیۆرگیۆ، کە کاتی خۆی بە فارسی خوێندبوومەوە و باس لە پیاوێک دەکات کە بە نیازێکی ئینسانیی پاک و بێگەردەوە دەیەوێ بژی

و کــار بکــات، بەڵام هەمیشـــە لەلایەن کۆمەڵگـــاکەیەوە، ڕووبەڕووی نائومێدی و ئازاردان دەبێتەوە و غەدری لێ دەکرێ، بۆیە دواجار هەر تەنیا دەمێنێتەوە.
وا هەست دەکەم چارەنووسی مامۆستا گەردییش لە هەندێ ڕووەوە بشوبهێنتە سەر چارەنووسی پاڵەوانەکەی ئەو ڕۆمانە، گەر سەختتریش نەبووبێت.جەخار، پێدەچێ قەدەری مرۆڤە داهێنەر و گەورەکانی ئەم میللەتە هەر وابێت، تا لە ژیاندان فەرامۆش دەکرێن و ئازار دەدرێن و بگرە هەندێ جار سووکایەتیشیان پێ دەکرێ، کاتێکیش لەپڕێکدا لەبەرچاومان نامێنن و بۆ هەمیشە ماڵئاواییمان لێ دەکەن، ئینجا ویژدانمان ئازارمان دەدات، یان ڕەنگە ئەوەش جۆرە نواندنێکی ناچاری بێت لە ئاست گەورەیی ئەواندا.
بەڵێ، عەزیز گەردییش پیاوێک بوو تەنها بۆ پەیڤ و کتێب ژیا و تەنیا ژیا و تەنیاش دوا سەفەری خۆی کرد.
ئەی پیاوە گەورەکە، تۆ بە جەستە لەبەرچاومان ون بوویت، وەلێ تا زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کتێبی کوردی بمێنێت، ڕۆحی تۆش چەشنی پەروانە بەدەوری پەیڤەکانماندا باڵەفرە دەکات.ڕۆحی تۆ ڕۆحێکی جاویدانە و بۆ هەتاهەتایە لەگەڵماندا دەمێنێتەوە.



# گەردی بە جەستە ون و
# بە بەرهەم لە هەموو شوێنێک

**خالید دوسکی***

پێم وانییە هیچ رۆشنبیرێک تەنانەت دەتوانم بلێم هیچ خوێندەوارێکیش بە تایبەت لە باشوور و لە رۆژهەلاتی ولات نییە، کە ئەم عەزیز گەردییەی من باسی دەکەم نەناسێ...!

کە دەڵێم خوێندەوار مەبەستم ئەوانەیە کە دەخوێننەوە و هەمیشە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێن.

جا ئەم ناسینەی من باسی دەکەم نەک بە جەستە و ڕوو بە ڕوو، بەلکو بە بەرهەم، بەرهەمیش بە واتای وشە، نووسین، وەرگێڕان و داهێنان.بەرهەم بەواتای ئالوگۆڕی رۆشنبیری و بزاڤی ئەدەبی و زمانەوانیی، بە واتای هێنانی ئەزموونی ڕۆشنبیری ئەدەبی و زمانەوانی بیانی بۆ ناو کۆمەڵگاکەمان، بە واتای دارشتنی هزر و بیر، ڕا، سەرنج و تێبینی خۆی بە زمانێکی پاراو بۆ خوێندەوارانی کورد زوبان.

دەتوانین بڵێین، ئەوانەی وەکو د.عەزیز گەردیین، بە پەنجەی دەستدەژمێردرێن بەتایبەتیی ئەوانەی وەکو گەردی بەرهەمیان هەبووبێ، جا چ بەرهەمێک! بەرهەمێک لە زانستی ئەدەبی و لە رۆشنبیری ئەدەبی کە هەموو لێکۆڵینەوە ئەدەبیی و زمانەوانیی لە خۆ بگرێت، هەر لە هۆنراوە، پەخشان، مێژوو و جۆگرافیاوە تا دەگاتە

فەلسەفە و ئەدەبیاتی زمان.جێگای سەرسوڕمان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، مرۆڤێک بتوانێ بەڕاستیی و دروستیی نووسینی نزیکەی دووسەد کتێب لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری ئەدەبی ( دیارە هەندێکی هێشتا بلاونەبوونەتەوە) کە هانی کردنەوەو بەرفراوانکردنی هزر و بیر، پەروەردەی سۆز و تێگەیشتنی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەشیان خۆیلەخۆییدا زۆر دەگمەنە! دەبێ ئەوەش بلێین کە ئەم زانستە ئەدەبییە مشتومڕیش دەهێنێتە سەر زمان بۆ هەوڵدان لەپێناو دۆزینەوەی سەلمێنەری لۆژیکی لەسەر دیاردەو ڕووداوەکانی دەورووبەرمان..

ئەم نووسەرە کۆڵەگەیەکی پتەوی ئەم زانستە ئەدەبیەیە، کە ئەگەر لەگەڵ هەڵەکانی تری ئەم بوارە ئاوێتە بکرێ بزاڤە ڕۆشنبیرییە ئەدەبیەکەمان دەباتە ئاستێکی تری بەرزتر لە هۆشیاری و پێشکەوتن و پێشڤەچوون.

ئەگەر ڕۆشنبیری زانستی ( سرۆشت، کیمیا، فیزیا، بیرکاری، جیولۆجی و بایولۆجی و تادوایی...) هاوتەریبی زانستە ئەدەبیەکە بوایە، ئێمە لە ئاستێکی تر خۆمان دەدۆزیەوە.

خەسلەتێکی تری جوانی ئەم گەردییە ئەوەیە کە دوور بووە لە سەرۆک، پادشا، میر، ئاغاو و دەرەبەگەکان.هەموومان دەزانین کە زۆرێک لە ئەدیبەکان بە هۆی باڵابوون لە زمانزانی و داڕشتنەوە نزیک یاخود هەوڵدەدەن نزیک بن لەو ناوانەی کە پێشتر ناومان هێنان!! کە لە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان ئەم دیاردەیە زۆر دێتە بەرچاو، دەبینین کە ڕۆشنبیرانی زانستی ئەدەبی بەسەر باڵە سیاسیەکانی کوردستاندا

دابەشبوونە.واتە زۆر کەمن ئەوانەی توانای خۆڕاگرییان هەیە، دەگمەنن ئەوانەی تواناکانیــان دەخەنە گەڕ لە پێنــاو کــۆمەلانی خەلــک و بەهــا کۆمەڵایەتییکان و بەرژەوەندیە گشتیەکان.بەلکۆ زۆربەیـان هەوڵەکانیـان لەپێناو بـازنـەیەکی تەسک و سنوردار دایە!! جا ئەو بـازنـەیە هـی کەسـە دەستڕۆیشـتووە ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکـان بێـت یـاخود هــی حزبێکـی سیاسـیی بێـت.پڕۆفیسـۆر عەزیـز گەردی زۆر دوور بـووە لەو کەسـە دەستڕۆیشـتووانە، دوور بووە لەو بـاڵە سیاسـیانە.بە گـوێرەی زانیـاری لەسـەر ئەم بـابەتە هەمیشـە هەڵوێسـتی نوانـدووە، بە جۆرێـک بیزانیبـا هـاوڕێیەکی هانـای بـۆ یەکێـک لەوکەسـانەی کە باسـمانکردن یـاخود لایەنێکی سیاسی بردووە بە توندی سەرزەنشتی کردووە نمونەش هەیە کە پێویست ناکات لێرە باسی کەم.

سەرەتای ناسینی من و ئەم کەڵە پیاوە دەگەڕێتەوە بو سالی ١٩٧٩ کە تەمەنـم تەنهـا ١٧ سـاڵ بـوو،، هەروەک گـوتم ناسـینی رووبەڕوو و بە جەستە و دەموچاو نا،، بەڵکو ناسین لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبیەکەیەوە، کە بــو یەکەم جــار بە داغســـتانێک ئاشـــنایکردم کە زۆر لە واقعیـــی کوردستانەکەم دەچوو،

بە رەسـول هەمـزە توفێـک ئاشـنای کـردم کە پێمـوابێ لە گەردی یەکەم چووە!! بە هەمان شێوە بە عەزیـز نەسـینێک ئاشـنای کـردم کە پێم وایە هەر لە( عەزیز) ەکەم دەچوو و، داهێنانەکانیشـی ئێستاشـی لەگەل دابێ دەڵێی کتومت هەر بۆ کوردستانەکەمی نووسیوە.

کاتێ ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییم لەسەر شـان بـوو، یەکێ لە بەرنـامە سەرەکیەکانم بەسەرکردنەوەی زۆرێک لە رۆشنبیران بوو، بو گـوێگرتن



لە ڕاو سەرنج و تێبینی و بۆچوونەکانیان بو لەمەڕ بزاڤی ڕۆشنبیری وڵاتەکەم و هەوڵدان بو بەشداریپێکردنی زۆربەری هەرە زۆری ئەو توێژە لە داڕشتنی پرۆژەیەک بو دیدگایەکی گشتگیری ڕۆشنبیری کە ببێتە پرۆژەیەکی سەرتاپای حکومەتی هەرێم لە پێناو دەستپێکردنی شۆڕشێکی ڕۆشنبیری هەمە لایەنە، کە بەداخەوە سەرباری گەڵاڵەکردنی هێڵە گشتیەکان بۆ ئەو بزاوتە سەرکەوتوو نەبووین!! و ئەم هەوڵەش زیندەبەچاڵ کرا! دیارە ئەم( گەردی ) یەش لەناو بەرنامەی بەسەرکردنەوەدا بوو،بەڵام ئەو گوشەگیرییەی کە خۆی بڕوای تەواوی پێ بوو ڕێگر بوو کە ڕووبەڕوو بۆ ئەو هەوڵە گفتوگۆ بکەین!! ناچار بە نامە پەیوەندیمان پێوە کرد، بەلام هەر وەلامی نەبوو! بۆیە ناسینی من بۆ ئەو هەر لەچوارچێوەی بەرهەمەکان دا مایەوە.

لە کۆتایشدا دەڵێم،شارۆچککەی بەحرکە راستە گوندێکە، پاشان کۆمەڵگەیەک لە دوایشدا ناحیەیەکی لاچەپی دەشتی هەولێرە،، بەلام چرایەکی وەکو گەردی تێدابوو، کە تا دوا هەناسەی ژینگەی ولاتەکەی پێی ڕووناک دەکردەوە.

*وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.



# ئاخ عەزیز گەردی ئاخ
# گفتوگۆی نێوان چارلی چاپلن و ئەنیشتاین

**مەریوان سەلاح حیلمی**

بەڵام چی بکەین لەناوچاوی رەشی بەعزێ زەکای گەورە
وەکو تۆوی گوڵی دەمبا لەسەر بەردێکی رەق ئەڕوێن
ئەگەر خیلقەت نسیبی عومری تۆی مەحکومی ئەم دەورە نەکردایە،
خوا عالەم لەکام عەرشت ئەسوو داوێن (گۆران)

تۆ لەسەردەمێکدا ژیایت، کەدەسەڵاتەکەی هەرچی کتێب و وەرگێران و ئەزمونی وانە وتنەوەت هەبوو دەیگۆڕییەوە بەنیگای کچە مۆدێلێک، کەچی تۆش لەژوورێکی نەخۆشخانەی هەولێردا بەبێ کەسی گیانت سپارد، تۆ حەقت بوو ژن و منالت نەبوو، چونکە چاک لەوە گەیشتبوویت کە شێتییە مرۆڤ لەم شێتخانەیەدا منالّ بخاتەوە، سەرەڕای ئەوەش تۆ هەموو ژیانت بەخشی بوو بە وشەو ڕستە و کتێب، تەنانەت کاتی ئەوەشت نەبوو تێکەڵی خەڵک بیت، تۆ نەک لەناو کوردستاندا بەڵکو لەهەموو جیهاندا نمونەی باشترین مامۆستاو دڵسۆزترین و بە وەفاترین کایەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بوویت.

ئێمە کە خوێندکاری تۆ بووین ئەگەر تۆزێک دڵسۆز بین بۆ خوێندن و وشەی کوردی، ئەوە لەتۆوە فێربووین، تۆ فێرت کردین کە پشت بەخۆمان ببەستین، بیرمە لەساڵانی هەشتاکان، جارێکیان دوو بەدوو

بووین وتم مامۆستا تۆ ئەو هەموو زمانە دەزانیت، چۆن فێربوویت؟ کوێ و کوێت دیوە؟ لەوەڵامدا وتی خۆم هەوڵمداوە فێربم، لەبەحرکە بەولاوە هیچ شوێنێکی ترم نەدیوە، پاش ئەوەی کەمێک بیری کردەوە و وتی ئەو چوارساڵەی لەزانکۆی موصڵ خوێندکار بووم، بەیانیان لەهەولێرەوە دەچوومە موصڵ و دوای نیوەڕوان دەگەڕامەوە بۆ ئەوەی فریای قوتابخانە بکەوم لەهەولێر، یەک ڕۆژ مۆڵەتم نە لەزانکۆ، نە قوتابخانەکانی هەولێر وەرنەگرت، پاشان پرسیاری لێکردم و وتی سلێمانی چۆنە؟

وتم باشە، وتی لەساڵی ١٩٧٨ یەکجار سلێمانی و هەڵەبجەم دیوە.ئێستا کەبیر لەقسەکانی ئەکەمەوە زۆر سەرم سوڕدەمێنیت کە کەسێک هەبێت مامۆستا بێت لەهەولێر و بەیانیان بچێت بۆ زانکۆی موصڵ بەشی فەرەنسی بخوێنێت و دوای نیوەڕۆ بێتەوە بۆ هەولێر و دەست بە وانە وتنەوە بکات، سەرەڕای ئەمەش کاتەکانی تری بە سەعی کردن و نوسینی کتێبەوە بەسەر بەرێت.

ساڵانی ١٩٨٦ – ١٩٩٠ عەزیز گەردی لە زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر وانەکانی عەرووز و رەوانبێژی و رەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردکاری...هتد بەبەشی کوردی دەوتەوە، ئەو کات مامۆستای ئینگلیزی قۆناغی ئامادەیی بوو، واتە لەخوێندنگەکانی هەولێرەوە دەهات بۆ زانکۆ، هاوکاتیش فەرەنسی بە بەشی ئینگلیزی دەگوتەوە، لەخوێندکارەکانی بەشی ئینگلیزیم دەپرسی عەزیز گەردی چۆنە؟ ئەیانووت کەس فریای عەزیز گەردی ناکەوێ، ئەوەندە زانیاری پێیە ئەگەر لەگەڵی نەڕۆیت دەبیت بەژێرەوەو دوایی بۆت ناگیرێتەوە، ڕێک



لای ئێمەش لەبەشی کوردی وابوو، ئەگەر رۆژانە لەگەڵی نەبوویتایە، واتە سەعیت نەکردایەو ئاگات لەدەرسەکەی نەبوایە، ئەوا بەجۆرێک دەبوویت بەژێرەوە دەرهاتنت زەحمەت بوو، چونکە یەک سانیە دەرسی بە فیرۆ نەدەدا، سەرەڕای ئەوەش هەموو گیانی زانست و زانیاری بوو، بەدرێژایی ئەو چوار ساڵەی زانکۆ نەمدیوە تەلەبەیەک رقی لەعەزیز گەردی بێت، تەنانەت ئەگەر لەدەرسەکەشی کەوتبێت.

رۆژێکیان لەکۆتایی هەشتاکان بوو، لەگۆڕەپانی کۆلێژی ئاداب بەرەو کتێبخانەی کۆلێژەکە ئەڕۆیشت منیش خێرا چوومە بەردەمی، دوای سڵاو و چاک و چۆنی، ئیتر ئەو وابوو قسەی نەدەکرد، چاوەڕێی بەرامبەرەکەی بوو، واتە تا قسە و پرسیارت نەکردایە ئەو هیچی نەدەگوت، گوێی بۆ شل ئەکردیت بۆ ئەوەی بزانێت پرسیارت هەیە یان نا؟ کێشەت هەیە یان نا؟

منیش پێش ئەوەی پرسیاری لێ بکەم وتم ئەمڕۆ بێتاقەتیت، بۆچی؟ زۆر لەسەرخۆ وتی ئەمڕۆ تەمەنم دەبێت بە چل ساڵ، ئیتر مافی ئەوەم نییە ماستەر بخوێنم، وتم ئەی بۆ ئێستا نایخوێنیت؟ وتی داوای بەبەعسی بوون ئەکەن، منیش نایکەم، کە وای گوت قرچە لەدڵمەوە هات، باش بوو راپەڕین هات و مامۆستا ماستەر و دکتۆرای وەرگرت و ئەو ئاواتەی هاتەدی.

مامۆستا عەزیز گەردی تێکەڵی ئەدیب و نوسەرانی نەدەکرد، تەنانەت نەدەچووە چاخانەی مەچکۆ، لە چایخانەیەکی دوور لە مەچکۆ لەگەڵ عەزیزی مەلا ڕەش گفتوگۆی رۆمانەکانی دەکرد، من لەڕێگەی ئەوە عەزیزی مەلا رەش و رۆمانەکانیم ناسی، دوای تەواوبوون لەقسە و



سەرنجەکانی لەسەر رۆمانەکە، منیش پێم گوت مامۆستا بۆچی ناچی بۆ چاخانەی مەچکۆ؟ وتی نە کات و نە تاقەتی چەلەحانێی نێوان نوسەرانم نییە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٦وە یەک وشەم لەگۆڤار و رۆژنامەدا بڵاو نەکردۆتەوە و ناشیکەم، ئەو راستی کرد تەنانەت یەک گفتوگۆشی لەتەلەفیزیۆن و راگەیاندنەکاندا بڵاو نەکردەوە، تەنانەت چەند جارێک دەستنیشان کراوە بۆ وەرگرتنی خەڵات، بەڵام رەتی کردۆتەوە، مامۆستا عەزیز گەردی زۆر بە بێدەنگی دەژیا، سەرقاڵی نوسینی کتێب و لێکۆڵینەوە بوو.

ئەم بێدەنگییەی عەزیز گەردی گفتوگۆیەکی نێوان ئەنیشتاین و چارلی چاپلی بیرخستمەوە، ئەگێڕنەوە رۆژێک لەرۆژان ئەنیشتاین و چارلی چاپل بەیەک دەگەن و گفتوگۆیەک لەنێوانیان دروستدەبێت، ئەنیشتاین بەچاپلن دەڵێ (بە بێ ئەوەی یەک وشە لەدەمت بێتە دەرەوە، هەموو دنیا دەتناسێت و تۆی خۆش دەوێ) (چاپلن)یش وەڵامی ئەنیشتاین دەداتەوەو دەڵێ (تۆ گرنگتریت لەمن، بەبێ ئەوەی کەس لێت تێبگات، هەموو دنیا تۆی خۆش دەوێت)



# عەزیز گەردی و چەند یادەوەریەک

**قاسم محەمەد فەتاح**

سالی ١٩٧٨ لە کۆلیژی ئەدەبیات بەشی زمانی ئینگلزی زانکۆی موسل وەرگیرام، کۆمەلیک هاوپۆلی کوردی دەستبژێرم ناسی وەک نامق عثمان، کەریم قادر، سەعدون فتاح، حسام بەرزنجی(مامۆستای سەرەتایی بوو)، شوکر بایز، ڕەحمەتی حکمەت حبیب، شۆرس ئاکۆ..هتد....و زۆربەمان لەیەک ئاستی کۆمەلایەتی و ئابورری و چینایەتی دابوین، لە لایەنی فکری کوردایەتی دا هاوڕا بووین، سەرەڕای هەبونی چەند ئایدیایەکی جیاواز بەلام لەسەر مەسەلە هەنوکەیی و چارەنوس سازەکان هاوڕابوین.
ئێمە گەیشتینە قۆناخی سێیەم و لەسەرەتای سالی خوێندی ١٩٨٠-١٩٨١، مامۆستا عەزیز لە هەمان سال لە بەشی زمانی فەرەنسی وەرگیرا، ئەو لەهەمان کاتدا مامۆستای سەرەتای بوو لە قوتابخانەیەکی شەوانە لە هەولیر دەوامی دەکرد و هەموو رۆژیک هاتوچۆی لەنێوان هەولێر و موسل دا دەکرد.ئەوەی پێویستە بگوتری کۆمەلێک مامۆستای تریش لە هەولێر هاتنە بەشەکانی وەرگێران وزمان و زۆربەیان پێکەوە هاتوچویان دەکرد.لەوانە حسین علی، ڕەحمەتی حاجی ئەحمەد، علی جوکل، مامۆستا تاهیر..هتد..
پەیوەندیەکی زۆر خۆشمان لەگەل ئەم پۆلە مامۆستا /قوتەبیانە پەیداکرد بوینە هاورێ زۆر باش.ئێمە لەکاتی کە وانەمان نەبوایە دەهاتینە ناو

باخچەکانی کۆلیج بەڵام مامۆستا عەزیز کەم کاتی بەفیرۆ دەدا، زۆر بەکەمی بەدیار دەکەوت و گەر وانەی نەبوایە شوێنی ئەو پەرتوکخانە بوو.جارێکیان ئێمە کۆمەلێک قوتابی لەناو باخچەکانی کۆلیژ دانشتبوین مامۆستا عەزیز بەدیارکەوت، پاش سلاو و هەوال پرسین گۆتی هەموتان زمان دەخوێنن و دەتوانن بەرهەمە ئەدەبیەکانی گەلان لە شیعر، چیرۆک، پەخشان، رەخنە، شانۆ وەرگێرن بۆ زمانی کوردی و لە توێژی کتێبک و چەند بەشێک بلاوی دەکەینەوە و من خۆم سەرپەرشتی دەکەم، ئێمەش زۆرمان پێ خۆش بوو، ئامادەی خۆمان نیشان دا.

من بەش بەحالی خۆم بابەتێکی (جۆرج ئەندرسن) م وەرگێرایە سەر زمانی کوردی کە لەسەر ژیان نامە و شیعری (جۆن کیتس) ی نۆسیبوو و گەلێک بەرهەمی تریش لە لایەن برادەرانی دیکە کرایە کوردی، لەم بەشەدا تەنها قوتابیانی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی موسل بەشدار بوین.ماموستا عەزیز کتێبەکەی ناو نا (ئەدەبی بێگانان) و لە سالە ١٩٨٢ بەرگی یەکەمی لێ بلاو کرایەوە.

بەرگی دووەمی (ئەدەبی بێگانان) لە هەمان سال چاوی بە دنیا هەلهینا و تایبەت بوو بە چیرۆک، من چیرۆککی ڕۆماننوسی ئەلمانی (هرمن هسە)م کردە کوردی و بڵاوکرایەوە.

پاش بلاو بونەوەی بەرگی دووەم، وا دیار بوو پارەی پێویست بەردەست نەبوو بۆ تێچوی بە چاپ گەیاندنی بەشی سێیەم، مامۆستا عەزیز گۆتی ئەوەی دەیەوێت لە باروبووی چاپی سێیەم شدار بیت بەندەو تاقەت با بەشداری بکات، بۆیە ئەم بەشە لەسەر ئەرکی هەر یەک لە صباح حەمە رەشید، قاسم محەمەد (خۆم)، شەمسەدین عومەر بە ١٠٠ دینار و هەر یەک



لە عەزیز گەردی، حسام بەرزنجی، حاجی ئەحمەد و عەلی جوکل بە ٢٠٠ دینار بەشداریان کرد.هەر چەندە من بەرهەمیشم بۆ ئەم بەشە نەبوو بەلام زۆر پەرۆشی دەرچونی بووم.بەشی چوارەمی (ئەدەبی بێگانان) تایبەت بو بە شیعر، لە سالی ١٩٨٣ بلاو کرایەوە، من بەرهمێکی شعری شاعیری ناودار (دەبلیو ئێچ ئۆدن)م کردە کوردی و لەم ژمارەیە بلاو کرایەوە.

 ىەرگی پێنجەمی (ئەدەبی بێگانان) کە دوا بەشە بوو ئیتر هیچ بەشی دیکەی لێ دەر نەچوو، ئەم بەشە چەند بەرهەمێکی تێکەلەی لەخۆ گرتبوو لە هەمان سالی ١٩٨٣ بلاو کرایەوە.ڕاستیەکەی (ئەدەبی بێگانان) یانی عەزیز گەردی جونکە هەر خۆی خاوەنی بیرۆکەکە بوو و هەر خۆشی شەونخوونی لەدیار دەکرد و بەرهەمەکانی کۆ دەکردەوە و بۆ چاپ ئامادەی دەکرد.زۆر جار لەکاتی وەرگێران پرساری ووشەیەک یان دەستەواژەیەکمان مان لێ دەکرد دەیگۆت لێرە بە مانا فەرهەنگیەکەی نایێ دەبێت وەرگێران لە مانا واتە سیاقی رستە یاخود دەستەواژەکە بزانرێ و بە کوردی بکرێ و دەبێت خوێنەر وا هەست بکات بابەتەکە بە زمانی دایک نوسراوە.

مامۆستا عەزیز گەردی ئەوەندی بلێی مرۆڤێکی سادە و ساکار و کوردێکی ڕەسەن بوو بەزمانیکی زۆر پاراو دەینوسی، بەسەدان کەسی خولیای ئەدەب و وەرگێران و خوێندنەوە کرد، هەمیشە هانی کچە کوردەکانی زانکۆی موسلی دەدا بخوێنەوە و بنوسن و ئەمەش لە (ئەدەبی بێگانان) ڕەنگی داوەتەوە.بەراستی من زۆر بە کارەکتەر ی ئەم مرۆڤە بێگەردە سەرسامم، هیچ بایەک ئەم داربەڕوەی نەهەژاند.

جارێکیان داوای کتێبی (ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا)م لێ کرد، ئەوسا لەبازار نەمابوو بۆ فرۆشتن، بۆ رۆژی دوای بۆی هێنام و لەسەری نوسی بوو (لە دەشتە پان و بەرینەکەی بحەرکە بۆ هەورازو تەلانەکانی گەریاوە، پێشکەشە بە قاسم محەمەد).زۆر جار سوعبەتی خۆشمان دەکرد دەیگۆت من دەزانم گوندی گەریاوە بە چ بەناوبەنگە؟ بەلام گەر ناوی گەریاوە مان هێنا دەبی بانەمان (گوندێکی نزیکمانە) یش لەبیر نەکەین، ئێمە لە یەکتر تێ دەگەیشتین.

لە هاوینی ١٩٨٢ مالمان لە مەسیف–پیرمام بوو بە هاوینان لە دوکان ئیشم دەکرد ڕۆژێک دیتم عەزیز گەردی بەدیار کەوت گەر هەلە نەبم بە یاوەری حسام بەرزنجی یان یەکێکی تر بوو لە هاورێیانی زانکۆی موسل زۆر باش لە بیرم نەمایە.پاش سلاو دانیشتن و جەندین قسەی خۆش،گۆتم دەلێی هاتینە سیاحەی؟ زەردە خەنەیەکی هاتێ و گۆتی زڕ خۆشناو(دانی بەوە دا نەدەنا گەریاوەیی خۆشناوی رەسەن بن) هاتینە سەردانی تۆ، پاشان پیاسەکی ناو بازارمان کرد، لە تەنیشت نەخۆشخانەی پیرمام ی (ئەوکات لەناو بازاری بوو)، سەروبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو (محو الامیه) لەسەر قتعەیەکی گەورە نوسرابوو(المجتمع المتعلم هو مجتمع متحضر) مامۆستا عەزیز گۆتی ئەو نوسراوە بکە بە ئینگلیزی، منیش گۆتم:

An educated society is a civilized society

ئەویش گوتی جوانترە ئەگەر بلێی:

An educated society is a civilized one

دوبارە مەکەوە society گوتی هەمان وشە



هەمیشە هانی ئێمەی دەدا کە یەکەم شت دەبێ هەوڵ بدەین لە وانەکانمان سەرکەوتو بین بە پلەی یەک چونکە ئێمە بۆ ئەم مەرامە لێرەین قۆناغەکانی زانکۆ ببڕین و دوا نەکەوین و کات بەفیڕۆ نەدەین.

زۆر جار کە باسی کەسێک دەکرا دەیگۆت خوێندەوارە، مەبەستی ئەو لە خوێندەوار دەرچون بوو لە قالبی مەنهەجی لای ئەو دەبوایە ئەدەب دۆست بیت و بخوێنیەوە و بنوسی شارەزای دنیای ئەدەب و هونەر و ڕۆشەنبیری گەلان بیتە دی بە ئێمەی دەگوت بخوێنن و خۆتان بەملاو بەولا خەریک مەکەن چونکە لە کۆتایی هەر خۆتان زەرەرمەند دەبن.

پاش دەرچونمان لە زانکۆ پەیوەندیمان هەر بەردەوەم بوو، زۆر جار لەگەل کەریم قادر ی هاوڕێم لە ناوەراستی هەشتاکان لە کتێبخانەی حەیدەری (کتێبخانەی حەیدەری لە لایەن ممتاز حەیدەری بەرێوە دەبرا لە کۆلانەکەی تەنیشت قەزای هەولێر، بەرامبەر پارێزگا بوو) دەچوینە لای چونکە عەزیز گەردی پەیوەندیەکی توند و تۆلی لەگەل مومتاز حەیدەری دا هەبوو، هەر پێنج بەرگەکەی (ئەدەبی بێگانان)یش لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری بوو.پاشان زۆر بە کەمی یەکترمان دەدیت بە حوکمی بارو دۆخی ئەو کاتانە.

دوا دیدارم لەگەل عەزیز گەردی شەش حەوت سالێک پێش ئێستا بوو لە ناو بازاری هەولێر لە لای شوێنەواری کۆنە جاپخانەی موکریانی، پاش هەوال پرسین گۆتم بە چ خەریکی، گۆتی خانەنیشین بووم بەلام لە خوێندنەوە و نوسین نا! لێم پرسی تا ئێستا چەند بەرهەمت بە چاپ گەیاندوە وا بزانم گۆتی ٩١ یان ٩٣ کتابم بە نوسین و وەرگێران بلاو کردۆتەوە.





# مامۆستا عەزیز گەردی
# ئەستێرەیەکی درەوشاوەی دنیای نووسین و وەرگێڕان

**کەریم قادر**

بە پێچەوانەی هاوتەمەنەکانی تەنیا بۆ خۆی نەژیا، بەڵکو بۆ پەرەپێدانی زمـان و ئەدەب و کلتـووری نەتەوەکەی ژیـا، ئەوە مامۆسـتا عەزیـز گەردیـیە کە تـا کـورد مابێـت، هەر دەشـمینێت، نـاوی بە زینـدوویی دەمینێتەوە.مامۆستا بێئەوەی ئاشکرای بکات، ڕەتی ئەوەی کردەوە کە سامان و منداڵ جوانی ژیانن، بەڵکو بە کار و بەرهەمەکانی لە خەڵکی گەیاند، کاری باش بۆ پێشخستنی نەتەوە جوانی ژیانە.

پێموایە پێویست بەوە ناکات باس لە کارە باشەکان و سیفەتەکانی بکەم و لە دوای یەک ڕیزیان بکەم، چونکە ئەوەی سەرێک لە کتێبخانەکانی ئاوەدانی و کتێبخانەکەی بدات یان چایەکی لەگەڵ خواردبێتەوە، باش لەوە دەگات کە مامۆستا چ جۆرە پیاوێک بوو، هەمدیس چونکە نرخی ئەو زاتە، بە لایەنـی کەمـی لە کن مـن بە هەمـوو سـامان و گەوهەری جیهان نا پێورێت و تەرازوو لە ئاستیدا شەرمەزارە.

تازە خولیای خوێندنەوە لە کەلکەلەیدا بووم و سەردانی کتێبخانەکانم دەکـرد، بە کتێبەکـانی ئاشـنا بـووم، دواتـر لە ڕێـی ئەسـعەدی خـاڵم لە کتێبخـانەکەی مامۆسـتا مومتـاز حەیـدەری پێـی ئاشـنابووم کە پیـاوێکی چەندە خاکی و عەشقە کتێب بوو، دواتر کە بۆ درێژەدان هـاتە کۆلێژی ئادابی زانکۆی مووسڵ- بەشی فەڕەنسی، جێی باشە پێشتریش هەر بە نیـازی درێـژەدان بە خوێنـدنی وەزیفەی خـۆی گواسـتبۆوە بەغدا، بەڵام

بۆی نەکرابوو یان ڕێگەی پێ نەدرابوو، بۆیە بە ناچاری بۆ چەند ساڵێک لە ژیانی عەریبی مابووەوە.
ئێمە کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرمی لە خۆ ڕازی کۆلێژی ئاداب بووین.ڕاستە حەزمان بە خوێندنەوە هەبوو، بەڵام کاتی زیاترمان بە چەقە چەق بەسەر دەبرد، بێئەوەی دەست بۆ قەڵەم ببەین، یان دوو وشە بە یەکەوە بنێین و بیکەینە ڕستە و پەرەگراف، تا بمێنێتەوە.کاتێک مامۆستا هات، ئێمەی هەموو جۆشدا و بیرۆکەی کتێبێکی خستەڕوو بە ناوی (ئەدەبی بێگانان)، لەسەر ئەو بنەمایە داوای لێکردین دەست بە وەرگێڕان بکەین.ئێمەش کە لەبارماندا هەبوو، بەڵام داینەمۆیەکمان پێویست بوو، تا بە گەڕمان بخات، بە داواکەی بەگەڕ کەوتین و دەیگوت: " ئەگەر لەوانەی کاردەکەن چەند کەسێک لە ژیانیاندا درێژە بەو کارە بدەن، لە ئاکامدا زمانی کوردی سوودمەند دەبێت." من یەکێکم لەوانەی خۆم بە قەرزاری ئەو زاتە دەزانم و هەموومان بێ جیاوازی بە توانا و سەلیقەی مامۆستا زۆر سەرسامبووین.هەر بۆیە ڕۆژێکیان داوامان لێکرد: چی تێدایە شەوێک نەگەڕێتەوە هەولێر و لە لامان لە بەشی ناوخۆ بمێنێتەوە، ئەویش داواکەی قبوڵکردین و شەو لە لامان مایەوە.ئێمە لەبەرئەوەی لە چەقە چەق ڕاهاتبووین، زیاتر حەزمان دەکرد، شەو قسەمان بۆ بکات، یان پرسیار بارانی بکەین، لێ ئەو کتێبێکی لە کن بوو، دوای نانخواردن و چا خواردنەوە دەستی کرد بە خوێندنەوە، هەنگی تێگەیشتم کە کتێب لای مامۆستا هەموو شتێکە.
لە پشووی هاویندا، مەگەر خوا دەنا هەموو پاش دانی عەسرانێک، لە گازینۆی شەوانەی هەولێر یەکدیمان دەبینی، لە کۆڕی دانیشتنی مامۆستا و ئەوانی دی هەم بە تەمەن، هەم بە عەقڵ و ئەزموون لە هەموویان بچووکتر بووم، بۆیە زیاتر گوێگر و وەرگر بووم تا



قسەکەر.زۆر جاریش من و ئەو لەوێ هەڵدەستاین و بەسەر قەراتێ دەکەوتین و لەسەر داوای مامۆستا ڕوو بە بەحرەکە دادەنیشتین، دواتر بە پێیان تا نزیک ماڵەکەی لەگەڵی دەڕۆیشتم و پاشان بەرەو ماڵ دەبوومەوە کە نێوانی ماڵی ئەو و ئێمە باکوور و باشوور بوو.
کاتێک بە بۆنەی وەزیفەی مامۆستایەتی بۆ ماوەی دە ساڵ لە هەولێر دوورکەوتمەوە، بەڵام هەرجار بگەڕابوومەتەوە شار سەردانێکم دەکرد، بەڵام بە داخەوە بەم دواییە ئاگام لێ بڕابوو، تەنیا دەمزانی گەڕاوەتەوە بەحرکەی زێدی خۆی کە بەحرکە لە کن مامۆستا زۆر گەورەبوو، پێشموایە دەبێت کتێبێکی لەسەر بەحرکە نووسیبێت، چونکە بەرنامەی هەبوو؟
من لەم وتارەدا تەنیا پێشناوی مامۆستام بۆ عەزیز گەردی بەکارهێناوە، چونکە بە مانای وشە مامۆستا بوو، دکتۆراکەی تەنیا بۆ دنیای ئەکادیمی بوو، ئەگەرنا بەر لە پیتی(د.) ئەو پرۆفیسۆر بوو، چونکە بڕیاری ئەنجامدانی هەر کارێکی بکردبا، تا تەواوی نەکردبا لە کۆڵی نەدبووەوە.هەروابێتەوە حەزیشی بەوە نەبوو بە دکتۆر عەزیز گەردی بانگی بکەن.
قسە و یادگاری دیکەم لەگەڵیدا هەیە، بەڵام با بمێنێتەوە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم: هەمیشە خۆم بە قەرزاری دەزانم و قەرزاری ئەوم، ئاخر کاتێک زانی دەریکی ژنهێنانم و تواناشم دیاریکراوە بە پارەی کۆکراوەی خۆی بۆ چاپکردنی کتێب، دەستی گرتم و لەو تەنگژەیە ڕزگاری کردم و گوتی: بە جێگەیاندنی کاری تۆ لە چاپکردنی کتێبەکە گرنگترە، نەخاسمە ئاگای لە دۆخی ئێمە هەبوو.ڕاستە بە جەستە ونبووی، بەڵام هەرگیز ناوت و بەرهەمەکانت گوم نابن.



# مامۆستا عەزیز گەردی تەواوی کتێبەکەی بۆ نووسیمەوە

**شێرزاد هەینی _ هەولێر**

لە سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم، مامۆستا "عەزیز گەردی"یش لەودەمانە رۆژانە بۆ دەوام، وەک مامۆستا بە جلی کوردییەوە دەچووە ئامادەیی گەلاوێژی کچان، ئەو لەوێ مامۆستا بوو.ئیتر زۆربەی رۆژەکان کە دەچووم دەوام یەکترمان لەبەردەم دەروازەی شارەوانی دەبینی.لەو دیدارانە قسەمان دەکرد، باسی کتێب و کۆڕ و چالاکییەکانی بۆ دەکردم، چەند جاریش دوای دەوام دەهاتە کن من، لە ژوورەکەم لەناو شارەوانی و هۆبەی ئەملاک سەردانی دەکردم.لەوەش من هانی دەدەم پارچەیەک زەوی بە رووبەری ٢٤٠ مەتر لە گەڕەکی مەلایانی شۆڕش بکڕێت، گوتم پارەت هەیە، گوتی بەڵێ نزیکەی پێنج هەزار دینارم هەیە، بەوەش پارچە زەوییەکە دەکڕێت، منیش ئاسانکاریی نەخشە و وردەکارییەکانی بۆ تەواو دەکەم، دوایی خانووەکە تەواو دەکات، لەوێش نیشتەجێ دەبێت.

لەودەمانەش ئەو بیر لەوە دەکاتەوە بەشێکی خانووەکە بکاتە ژێرزەمین و هەوار و کتێبخانە بۆ کتێبە زۆرەکانی، خانووەکە تەواو دەکات و هەوارەکەی لە تەیراوە دەگوازێتەوە خانووە نوێیەکە.زووتر خانووەکەی

تەیـراوەم دیبـوو، دوو ژووری کـۆن و هەیوانێـک بـوو، هەسـتم بەوە کردبوو، خانووەکە بۆ ژیانی ئەو و کتێبە زۆرەکانی شیاو و گونجاو نیـیە، ئەو پێویسـتی بە خـانووێکی گەورە هەیە، چەنـد ژووری گەورەی تێـدا بێـت، ژوورەکـان شـیاوی ئەوە بـن ببـنە کتێبخـانە و ئەرشـیف و رۆژنامە و دەستنووسـەکانی تێدا بپارێزێت، دیارە لەودەمانەش چاوی لەوە نەبـوو لە حکـومەت پـارچەیەک زەویـی وەربگرێـت، کە حەقـی شەرعی خۆی بوو، هەزارەها کەس لە شـارەوانی بە نرخی کەم زەویی نیشتەجێبوونیان وەرگرتبوو، بەڵام من زەوییەکم بە پارەی خۆی و لە دەڵالێک بۆ کڕی.

لەودەمـانەش مـن سـەرقاڵی ئامـادەکردنی کتێبی هەولێر بە یـادی سـەد ساڵەی شـارەوانی هەولێر بووم "١٨٨٥_١٩٨٥"، دەسـتنووس، راپۆرت، دیمـانە، لاپەڕە مێژووییەکـان، نـاوی گەڕەکەکـان، نووسـین و تـوێژینەوە لەسەر نەخشە کۆن و نوێیەکـان و بڕیـارە کۆنەکانی شـارەوانییم تەواو کردبوو، خەریکبوو دەستنووسـەکە بینێرمە چاپ و زۆریش شـانازییم بەو کار و نووسینە دەکرد.

رۆژێکیان دەستنووسە تەواوکراوەکەم "هەولێر" نیشانی مامۆستا عەزیز گەردی دەدەم، ئەویش کتێبەکە وەک کتێـب و دەفتەرەکـانی تـری لەبـن هەنگەڵـی دەنێـت و دەیبـات، پـاش چەنـد رۆژێـک دەیبیـنمەوە، ئەو فەرمووی:

"شێرزاد کتێب، چۆن بەو دەسـتنووس و رێنووس و داڕشـتنەکە چاپ دەکەیت، دیارە ئەزموونتان نییە، کتێبەکە بابەتەکانی باشـن، وردەکاریی مێژوویـی زۆرە، بە بابەتەکـانی خـۆت و برادەرەکـانی تـریش مانـدوو



بوویت، بەڵام نووسینەکان، وتارەکان، دیمانەکان پێویستیان بە هەڵەبڕی و دارِشتنەوەی ڕێزمانی زۆر هەیە! ناکرێ ئەوە بچێتە ڕەقابە و چاپ، بۆیە من هەمووت بۆ دەنووسمەوە، تۆم خۆشدەوێت و نامەوێ کتێبێک لەسەر هەولێر بەو جۆرە نووسینە چاپ بکرێت"

دیارە منیش زۆر سوپاسی دەکەم و چاوەڕوانی دەکەم.پاش ماوەیەک ڕۆژێکیان کتێبە دەستنووسەکەم بۆ دەهێنێتەوە، بەڵام چ دەستنووس، بە ڕێنووسی جوان، بە جیاکردنەوەی وشەکان بە هێڵی سوور "ئەودەمانە تـــاپیکردنی کتێـــب لەلایەن تایپیسـتی عەرەب دەکـــرا، بـــۆیە ئەوان نەیاندەزانی نووسینەکان بخوێنەوە، دەبوایە وشەکان وەک وێنە، وەک شێوە تایپ بکەن، وشەکانیش بە هێڵی ستوونی سوور جیا بکرێنەوە، تا بەئاسانی بتوانێت تایپی بکات، هەموو کتێبێکی کوردی لەلایەن تایپیستی عەرەب دەنووسرا و دەچووە چاپ، دەبوایە وشەکان و نووسینەکان و هێڵەکان باش و جوان و گەورە دەبوایە بنووسرێن و بۆشایی هێڵیش لەنێوان هێڵەکاندا هەبێت" لەسەر لاپەڕەی گەورەی بەستراو بە قەیتانی کەسکم بۆ دەهێنێتەوە.

منیش بەوەیان زۆر شادمان دەبم، زۆریش سوپاسی دەکەم، هەر ئەودەمـانەش پێی دەڵـێم؛ لەســەر بەرگەکەی پێشـەوەی دەنووســم، ڕێنووس و نووسینەوە و یارمەتی ڕێزمانی لەلایەن مامۆستا عەزیز گەردی کراوە، بەڵام ئەو زوو گوتی؛ نامەوێ و پێویست ناکات! بەڵام من دوایی لە گۆشەیەک لەگەڵ ئەوانەی تر، مامۆستاکانی کە هاوکاریی سادەیان کردبووم ناوم نووسی!

ئێستاش کە ماوە ماوە سەیری کتێبەکە دەکەمەوە، لاپەڕەکانی دەخوێنمەوە، هەست دەکەم کتێبەکە لە رووی رێنووس و نووسین جوان و پاکە، خەڵکێکی زۆریش کتێبەکە دەبینین، باسی هەڵەی چاپ و داڕشتنی تێدا ناکەن.کتێبەکەش زۆر بڵاوکرایەوە، چونکە پێنج هەزار دانەم لە چاپخانەی عەلا لە وەزیریەی بەغدا چاپکردبوو.
درود بۆ رۆحی ئەو مامۆستا پاک و خاک و ماندوو و دڵسۆزە.نەمرە عەزیز گەردی، کتێب و نووسینەکانی گەشاوە و زیندوو دەبن.
فۆتۆکەش لە پێشانگەیەکی کاری دەستکردی پەروەردەی هەولێر لە ساڵی ١٩٨٣ گیراوە، من سەردانی یەکە هونەرییەکەی ئەوێم دەکرد، هاوسەرەکەم وەک مامۆستای سەرەتایی لەوێ پراکتیکی هەبوو، مامۆستا عەزیز گەردی "رەوانشاد" بە جلی کوردی لەنێوان من و مامۆستا سەربەست وەستاوە، فۆتۆکەش چەند ساڵێک بوو مامۆستا سەربەست بۆی ناردبوومەوە و شاناز هەڵمگرتبوو، بە پێویستم زانی فۆتۆکە و بەرگی کتێبە و ناوی ئەو لەگەڵ وتارەکە دابنێم.
٢٠٢٢/٦/١١



# مامۆستا عەزیز گەردی لە بیرەوەری مندا

**عەبدولموئمن دەشتی**

١

وەک خەون دێتەوە خەیاڵم، لە حەفتاکاندا (١٩٧٠-١٩٧٤)، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بووین، من هاوڕێ دێرینەکانی سەردەمی منداڵیم، شێرزاد ڕەنجەڕۆ، ڕوژدی عەزیز خۆشناو، ئازاد مستەفا مەحموود... دەتگوت هەر بە زگماک ئاشقی کتێب و نووسین و خوێندنەوە بووین، مامۆستا گەردیشمان وەک فریشتەی کتێب و نووسین دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە ئێمە بەتەمەن زۆر لە مامۆستا گەنجەکەی ئەوسا بچووکتر بووین، بەڵام وەک دۆستێکی نزیکی خۆمانمان دەبینی.

وەک ئاوێنە لەبەرچاومە، مامۆستاییێکی سادەی باڵابەرز، قاتێکی سادە لەبەر، کتێب لە دەست یان لە بن هەنگڵ، لە دەوروبەری قەڵات، یان لە جادە سادەکانی تەیراوە، کاتێک ڕووبەڕووی دەبووین، دەمبەپێکەنین دەیدواندین، نووسینە سادەکانی سەردەمی منداڵی خۆمانمان پێشاندەدا، بەهاییێکی زۆری دەدایە نووسینەکانمان و ئافەرینی لێ دەکردین و هانی دەداین بەردەوام بخوێنینەوە.

دیمەنێکی تری ئەوسای حەفتاکانی مامۆستام دێتەوە یاد، لە کۆڕێکیدا لە کتێبخانەی گشتییدا لە هەولێر، مامۆستا بابەتێکی لەبارەی شاعیرێکی کورد پێشکەش کرد، وا بزانم لەبارەی دڵداری شاعیر بوو،

ئەدەبدۆستەکانی ئەوسای هەولێر زۆربەی لەم کۆڕەدا ئامادە بوون، خوالێخۆشبوو عەندولغەنی عەلی یەحیاش لەوێ ئامادەبوو، کە نوێنەری گۆڤاری (الثقافه) بوو، هاتە ڕیزەکانی پشتەوەی کۆڕەکە، بە نووسین پرسیارێکی خستە بەردەستی ئێمەی منداڵەکان، هەموو ڕای خۆمان لەبارەی کۆڕەکە نووسی، دواتر وەڵامەکانمان لەو گۆڤارەدا بە چەند دێڕێک بڵاوکرابووەوە، دیتنی ناوی خۆمان لەو گۆڤارەدا، بۆ ئێمە جەژنێکی گەورە بوو.

٢

لە (١٩٧٧-١٩٧٩) لە پەیمانگای تەکنۆلۆجیای بەغدا دەمانخوێند، هەر وەختێک لەگەڵ ڕۆژدی بچووبایەنە بەغدا لە حەیدەرخانە سەردانی مامۆستا عەزیز گەردیمان دەکرد، ئەو سەردەمانە مامۆستا لە بەغدا دەیخوێند و لە حەیدەرخانەدا ژوورێکی لە تەنیشت ژوورەکەی شەهیدان عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی بەکرێ گرتبوو. وەک هەمیشە مامۆستا گەردی بە سادەیی دەژیا و خاکییانە پێشوازی لێ دەکردین و وەک دۆستێکی نزیکی خۆی بۆمان دەدوا. بیرمە لەم ژوورەدا چیرۆکێکی هانزکریستیان ئەندرسنی بۆ گێڕاینەوە کە تازە لە ئینگلیزییەوە کردبووی بە کوردی، چیرۆکی چەرخە ئەفسووناویەکە، ئەو چەرخەی کە بە چەخماخێک سەگێکی بۆ خاوەنەکەی ئامادە دەبوو، فەرمان و خواستی سەربازەکەی جێبەجێ دەکرد. من ئێستاش ئەو چیرۆکە بۆ منداڵان دەگێڕمەوە، بەو پەیڤانەی کە لە مامۆستا عەزیز فێری بووم.



لەبیرمە لە یەکێک لەو سەردانانە مامۆستا عەزیز فەرمووی، "تکایە گەر بۆنی گۆرەوییەکەم دێت پێم بڵێن، چونکە من هێزی بۆنکردنم نەماوە، هەستی پێ ناکەم." جارێکیان لە یەکێک لەو سەردانانەمدا بۆ لای مامۆستا عەزیز چوومە لای کاردۆی شەهید و سادانە لێم پرسی، بیستوومە ئێوە دەستتان بە کاری سیاسیی کرۆتەوە، شەهید گوتی شتی وا نیە، ئەمە ڕاست نیە.

ئیتر من لە ساڵی ١٩٨٠-وە ئاوارە بووم، هیچ جۆرە پەیوەندییکم لەگەڵ مامۆستا نەما بوو.

٣

زۆر درەنگتر، نزیکە دوای ٣٠ ساڵ، ئەو کاتانەی کە لە زانکۆی کۆیە مامۆستا بووم، لە سەردانی پێشانگای کتێبی هەولێردا، لە ڕاڕەکانی پێشانگاکە، بە ڕێکەوەت چاوم بە مامۆستا عەزیز کەوت، چاک و چۆنیم لەگەڵدا کرد و، گوتم مامۆستا دەمناسیتەوە، گوتی عەبدولموئمین دەشتی کو ناتناسمەوە! ماوەیەکی درێژ پێکەوە وەستاین، نازانم بۆچی گفتوگۆکانمان هەمووی لەبارەی سیاسەت بوو، مامۆستا بە تووڕەبوون و هەڵچوونەوە قسەی دەکرد، تەنانەت جنێویشی بە باری سیاسی دەدا، بە دەنگی گەورەش قسەی دەکرد، دەتوگت مامۆستا عەزیزەکەی سەردەمی لاوی نیە، کە هێمن دەدوا، ئەوەندە بە دەنگی بەرز ڕەخنەی جنێوئامێزی دەردەبڕی، من لە شوێنی خۆم لەوە دەترسام، کەسێک لێی بەجواب بێت و قسەیەکی ناهەموار بکات. بەڵام ڕەخنەکانی هەمووی دروست و لەجێگەی خۆیدا بوون، بۆیە من جگە لە پشتگیری کردنی

قسەیەکم نەبوو بۆی بکەم، لە دەروونەوەش بەهۆی نائاسوودەیی ئەو مامۆستا گەورەیە خوێن لە دڵمدا دەچکا. بەشێک لە ڕەخنەکانی ئەوە بوو، کە وەک پێویستە بایەخ بە زمانی کوردی نادرێت، گوتی ئێستا بارێکیان دروستکردووە، کە خوێندکارێک ئەگەر لە زمانی کوردیدا ناوی دەربچیت، خەمبار دەبێت و بە شتێکی کەم و بێ بایەخی دەزانێت.

٤

لە ساڵی ٢٠١٦ جارێکییان لەگەڵ کەریم دەشتی برای شاعیر و نووسەرم لە بەحرکە و لە ماڵە فەلاحییەکەیدا بە تایبەت و بێ مەوعید چووینە سەردانی مامۆستا، ماوەیەکی زۆر لای دانیشتین، هەموو باسەکان باسی کتێب بوو، مامۆستای گەورە گوتی: "لای من ژیان بێ کتێب هیچ. مانایێکی نیە" دانەیەک لە کتێبە بە نرخەکەی -ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی - پێشکەش کردین.

لەوانەیە یەکەمین کتێبی وەرگێڕدراوی دوای کتێبی ڕەوانبێژییەکەی، (داغستانی من) ی حەمزاتۆڤ بێت، کە کاریگەری زۆری لەسەر من دانابێت و دوا کتێبیشی کە خوێندوومەتەوە ڕۆمانەکەی یەزداندۆخت بووە، لەوەی دوایی بە بۆچوونی من لوتکەی هونەری وەرگێڕانی تێدا بەکارهیناوە، من لە خوێندنەوەی ئەو یەزداندۆختە وا هەستم دەکرد، کە مامۆستا گەردی سەردەمی نوێشی وەرگێڕاوەتە سەردەمی ڕووداوەکانی ئەو ڕووداوە، لە ئاوێنەی پەیڤە بەکارهاتووەکانیدا خوێنەر خۆی لە سەردەی ڕووداوەکاندا دەدۆزێتەوە.



٥

مایسی ٢٠١٧ خۆم ئامادە کردبوو سەردانی دۆستێکم بکەم. لە هەلەبجە، تەلەفۆنێکی نەناسراوم بۆ هات، وەڵامم نەدایەوە، هێندەی پێ نەچوو نامەیەکی کورتم بۆ هات، خوێندمەوە نووسرا بوو" : سەیدا من عەزیز گەردیم بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟" بە پەلە و بە شەرمەزاری تەلەفۆنم بۆ کردەوە، داوای لێبوردنم لێ کرد، دوای چاک و چۆنی پێی گوتم، دەمەوێ بتبینم، دیوانەکەی دەشتی باوکتم خوێندۆتەوە، هەر لەسەر لاپەڕەکانی کتێبەکە کۆمەڵێک تێبینم لەسەر شیعرەکان نووسیوە، دانەیەکی پاکی دیوانەکەم. بۆ بێنە، ئەو دانەیە دەدەم بە تۆ بۆ ئەوەی بۆ چاپی داهاتووی دیوانی دەشتی سوودی لێ ببینن. زۆر بە شەرمەوە گوتم، مامۆستا لەسەر سەفەرم، دەبێت بمبووریت کە هاتمەوە دێمە خزمەتت. گوتی سەفەر بۆ کوێ دەکەیت، گوتم. دۆستێکی نووسەر و شاعیرم هەیە لە هەڵەبجە، کاک هادی بەهمەنی، دەچم بۆ سەردانی ئەو، گوتی ناویم بیستووە، سڵاوی لێ بکە، زۆر باشە کە هاتیەوە یەکتر دەبینین، خوداحافیزیمان کرد، چەند خوولەکێکی پێ چوو، تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، گوتی بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردیەوە، شتێکم هاتەوە بیر، ویستم پێتی بڵێم، شوێنێک هەیە لە نزیکی هەلەبجە بە ناوی (ملەی مزیاد)، دارێکی لێیە، کاتی خۆی مەولەوی شاعیر لە سەردانی شێخ لە تەوێلەوە گەڕاوەتەوە، بەرەو سەرشاتەی زێدی خۆی، لەسەر پشتی ماینێک بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات، بە جلەوکێشی وڵاخەکەی دەڵێت، کە گەیشتینە ئەو شوێنە، ئاگادار بە دارێکی لێیە، لقێکی شۆڕ بووەتەوە سەر ڕێگاکە، کە گەیشتینە ئەوێ پێم بڵێ، تا سەری خۆم

نەوی بکەم، کە دەگەنە دارەکە جلەوکێشی وڵاخەکەی لەبیری دەچێت مەولەوی ئاگادار بکاتەوە، چونکە مەولەوی ئەوسا نابینا بووە، سەری بەر دارەکە دەکەوێت و بەردەبێتەوە و دەمرێت. مامۆستا عەزیز پێشنیاری کرد بچمە ئەو شوێنە و ئەو دارە ببینم و وێنەی لەگەڵدا بگرم، وادەم بە مامۆستا دا پێشنیارەکەی جێبەجێ بکەم، سوپاسم کرد و دیسان خواحافیزیمان کرد. لە ٢٠١٧/٥/١٤ بە پێشنیاری مامۆستا عەزیز لەگەڵ کاک هادی بەهمەنی خانەخوێ و برام، سەردانی ئەو شوێنەمان کرد، بە داخەوە دارەکە نەمابوو.

٦

ڕۆژی دواتر واتە لە ٢٠١٧\٥\١٥ لە هەڵەبجەوە بە دەشتی شارەزووردا بەرەو سلێمانی دەگەڕاینەوە، لە ڕێگە تابلۆییێکی هاتوچۆ کەوتە بەرچاوم، لەسەر تابلۆکە نووسرابوو (گوندی خاک و خۆڵ) وەک بروسکە نالی شاعیری گەورەم هاتەوە یاد، بە خێزانەکەمم گوت ئەوە زادگای شاعیری گەورە نالییە، تا هەندێ گفتوگۆمان کرد نزیکە پێنج کیلۆمەترێک لە تابلۆکە تێپەڕین، تا هەلی گەڕانەوەم بۆ هەڵکەوت چەند کیلۆمەترێکی تریش دوور کەوتینەوە، بەڵام بڕیاری سەردانی گوندەکە لە مێشکمدا چەسپی و بە ئاراستەی پێچەوانە گەڕاینەوە تا گەیشتینە تابلۆکە و بەرەو گوندی خاکوخۆڵ چووین، بە ئومێدی ئەوەی شوون و پاشماوەیەکی نالی مەزن لە گوندەکەدا ببینین. کە گەیشتینە گوندەکە، گوندێکی سادەی بچووک بوو، دیارە مێژوو هەلی فراوانبوون و گەشەسەندنی بۆ نەڕەخساندبوو، بە ئۆتۆمبێل لە ڕێگاکەی ناویدا



گەڕایــن، هــیچ شــتێک ســەرنجی ڕانەکێشــاین و کەسیشــمان نەکەوتە بەرچاو پرسیاری لێ بکەین، ویستمان گوندەکە جێ بهێڵین، چاومـان بە دوو کیژۆلەی زۆر خوێنشیرین کەوت، بە دەم ڕێگەوە بەرەو نـاوەوەی گوندەکە دەهاتن، یەکێکیان ڕەشەسمەرێکی چاوشین بوو، جوانییەکەی دڵبەرێکی دڵڕفین بوو، وەستام و دوای سڵاوکردن لێم پرسین، کە هیچ پاشـماوەیەکی نـالی شـاعیر لەو گونـدەدا هەیە، کچەکـان گوتیـان ئـێمە نازانین، لەوانەیە مامـمان بزانێت، ئاماژەی دەرگاییێکی لاچەپی بۆکردین، کە لە دوورەوە دیاربوو چەند کەسێک خەریکی کاربوون، گوتیان ئەوە ماڵی مامـمە، لەوانەیە ئەو زانیارییێکی هەبێت. لە ماڵەکە نزیک کەوتینەوە و لە ئۆتۆمبێل دابەزین و چووینە لایان، سڵاویان وەرگرتینەوە و وەک کوردەواری کۆن فەرموویان لێ کردین و ئاوی ساردیان بۆ هێنـاین. قۆمەتێکی گەورە پاقڵەی چنراو لەبەر دەرگاکەیان ڕووکرابوو، هەموو ژن و پیاو خەریکی پاکژکردنەوەی لە سندووقکردنی پاقلەی تەڕ بوون. دوای مۆڵەت لە مامی کچەکانم پرسی، کە ئایا هیچ ئاساری نـالی لەو گوندە هەیە، چونکە بیستوومە نـالی لێرە لەدایکبووە. پیاوەکە سوور هەڵـگەڕا و بە گـرژی کەوتە دووان و گـوتی، مامۆسـتا تـۆ باسـی چـی دەکەیت، کێ بایەخ بەو شتانە دەدات، چما ئێمە قوتابخانەمان هەیە، تـا شـوێنێکی بیـرەوەری نالیمـان هەبێت، منداڵەکانمان زستانان بەنـاو ئەو قوڕەدا دەچن بۆ ئەو دەوروبەرە دەخوێنن.... ئیتر کەوتە ڕەخنەگرتن لە حـوکمەت و کاربەدەسـتان، ڕەخنەکـانی هەمـوو لە جێـی خـۆی بـوو، بۆیە منیش پشتگیریم دەکرد و ڕاستە ڕاستەم بۆ دەگوت. بە هەرحاڵ دواتر لە نرخی سنددوقی پاقلەم پرسـی، دیتم سندووقێکیان پڕ کرد لە

پاقلە و ، هەرچەندی هەوڵمدا پارەی پاقلەکەم لێ وەربگرن، گوتیان عەیبە مامۆستا باسی پارە مەکە، ئەوە دیاری ئێمەیە بۆ ئێوە، زۆریش تەکلیفی مانەوەیان لێ کردین، سوپاسم کردن و خواحافیزیم لێ کردن، تا گەیشتمەووە هەولێر قسەکانی ئەو جوتیارە لە مێشکمدا گنگلی دەدا، من کە تەمەنێکی درێژی خۆم لە پێناوی نیشتامانەکەم بە سیاسەت بەسەربردبوو، دووجاران ئاوارەبوویمە و پتر لە سی ساڵی تەمەنم لە غوربەت بەسەر بردووە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت، چەند شەرمە بۆ ئەو هێزە سیاسییەی کە حوکمرانی ئەو ناوچانە دەکەن، ئاوا ژیان و کەلتووری ئەو وڵاتەیان فەرامۆش کردووە. بیرۆکەی ئەوە بە مێشکمدا ڕەت دەبوو، کە ئەگەر مەزارگەیەکی نالی لەو گوندەدا هەبووایە، لەوانەی ببووایە چاوگێکی خێروبەرەکەت بۆ ئەم گوندە.
هیوادارم شارۆچکەی بەحرکەی زاگەی مامۆستا عەزیز وا نەبێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ماڵەکەی ببێتە بنکەیەکی کەلتووری دیار و هەموو لا زیارەتی بکەن و شانازی پێوە بکەن.

جا کە لە هەلەبجە گەڕامەوە و گەیشتمەوە هەولێر، تەلەفۆنم بۆ مامۆستا عەزیز کرد، من. پێشنیارم کرد کاتژمێر دەی بەیانی لەسەر گردەکەی پارکی شانەدەر یەکتر ببینین و پێکەوە قاوەیەک بخۆینەوە. لەو دانیشتنەدا د. عەبدولخالیقی خوارزاشم بەشدار بوو، پتر لە دوو کاتژمێر لەسەر گردەکەی پارکی شانەدەر دانیشتین، باس و خواسی جۆراوجۆرمان کرد، زۆربەی پەیوەندی بە وەرگێڕان و زمان و زانکۆ بوو. پاشان هەستاین و خواحافیزیمان لە یەکتری کرد.



٧

ساڵی ٢٠١٨ یەک دوو ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی "جیهان منی لەبیر چوو"ی د. ئارام بانەیی کە من لە ئەلمانییەوە وەرم گێڕابوو، تەلەفۆنی بۆ کردم، دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێ کردم و ڕووداوەکانی ناو کتێبەکەشی پشتڕاست کردەوە، گووتی بە ئەمانەت باسی ڕووداوەکانی کردووە، هەر ئەو کاتە وادەمان دانا جارێکی تریش لە پارکی شانەدەر یەکتری ببینین و لەوێ پیاسەیەک بکەین، دەوری کاژێر نۆی بەیانی یەکتریمان دیت، کاتێکی زۆر پێکەوە ماینەوە، هەستم دەکرد مامۆستا گەردی زۆر سەبری بە من دێت، تا دەوری سەعات یەکی نیوەڕۆ لە پارکەکە ماینەوە، باسەکانمان زۆر بوون، بەشێکی زۆری باسی زمان و هونەری وەرگێڕان بوو، هەروەها هەندێک باسی گەردوون و نهێنییەکانیمان کرد، جگە لە باسی سیاسەت، کات بە خێرایی دەڕۆیشت، مامۆستا هیلاک و بیزار دیاربوو، گلەیی و گازندەی زۆر بوو لە ڕۆژگار.

بەر لە جێهێشتنی پارک گوتم مامۆستا با مێوانداریت بکەم، و لە ماڵەوە یان لە چیشتخانەیەک بۆ ژەمی نیوەڕۆ، چۆنتان پێ خۆشە، لە خزمەتتاندا بم، پرسیم مامۆستا ئێوە حەزتان لە چ خواردنێکە، پێمخۆشە لە خزمەتتاندا بم، گوتی بەڕاستی من. نازانم حەزم لە چ. خواردنێکە، هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە، حەزم لە چییە، هەر لە زەمانی منداڵییەوە، کە چووبمە ماڵەوە هەر شتێک هەبووبێ خواردوومە، هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە حەزم لە چ خواردنێکە، گوتی زۆر حەزیش لە خواردنی دەرەوە ناکەم، باشترە هەر یەکێکمان

بچینەوە مالّی خۆمان، کەسمان کەسمان دەعوەت ناکەین. ئیتر تەکلیفکردنی من سوودی نەبوو، ئەوە بوو خواحافیزیمان لە یەکدی کرد، ئەوە دوا پەیوەندی من بوو لەگەڵ ئەو مامۆستا مەزنە، بە داخەوە جارێکی تر دەرفەت نەبوو بە خزمەتی شاد ببم.
کۆچی دوایی مامۆستای مەزن عەزیزی گەردی لە ٢٠٢٢ \٦\١٦ کۆستێکی گەورەی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، ئێمەش فرمێسکی ناخی دڵمان بۆ هەڵڕشت، بەڵام مامۆستا بە نەمری لە دڵی نیشتمان و نەتەوەکەی دەمێنێتەوە.
ئەو وێنانەی کە هاوپێچی ئەم نووسینەن، یەکێکیان لە ماڵەکەی خۆی لە بەحرکە گرتوومانە، ئەوەی تریان لە پارکی شانەدەر لە دوا دیدارمان، وێنەکانی تر پەیوەندی بە ملەی مەزیاد و ناوچەکەی ئەوێیە، کە بە پێشنیاری مامۆستا لەگەڵ کاک هادی بەهمەنی سەردانمان کردن.
هەروەها نموونەیەک لە تێبینییەکانی مامۆستا عەزیز گەردی، بەدەستخەتی خۆی، لەسەر دیوانی دەشتی باوکم.



# د.عەزیز گەردی.. شانازیی نەتەوەییێک

**وریا عومەر ئەمین**

د.عەزیز گەردی زانایێکی کەموێنەی لێهاتووی کوردە..لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاوڕێی گیانی بە گیانیی یەکتر بووین..بەردەوام زوو زووە یەکترمان لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر دەبینی، گفتوگۆکانمان لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردی و بیانی کۆتاییی نەدەهات.کتێب و بیر و بۆچوونمان ئاڵوگۆڕ دەکردەوە.

وا ڕێککەوت لە نەوەدەکاندا ببم بە مامۆستای و ئەندام و سەرۆک لیژنەی گفتوگۆی نامەکانی ماجستێر و دکتۆراکەی کە بەم ناونیشانانە بوون:

١ ـ ماجستێرەکەی: (کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی ـ لێکۆڵینەوەییێکی شیکاریی بەراوردە).(١٩٩٤)

٢ ـ دکتۆراکەی: (سەروا لە شیعری کوردیدا)، لە(١٣ – ٥ – ١٩٩٨) گفتوگۆکرا..

ئەم نامانەی دوایی وەک کتێب چاپکران، شۆڕشێک بوون لە بواری کێش و سەروای کلاسیکیی کوردی.ڕۆڵێکی باڵایان گێڕا لە پێشخستنی لێکۆڵینەوەی کێش و خستنەڕووی لایەنە شاراوەکانی.بوون بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ لێکۆڵەوەران.وەڵامی پرسیارە دژوارەکانیان

دایەوە.هەر لە کاتی گفتوگۆی ماجستێرەکەی لە (١٩٩٤) من ناسناوی (فەراهیدیی کوردم) پێ بەخشی.

شایانی باسە، لە ژمارە ١٢٦ ی ساڵی ١٩٩٠، (ل ٤٧ – ٥٨) ی گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردیدا باسێکم بە ناونیشانی (شەپۆلەکانی شیعری کوردی) یەوە بڵاوبۆتەوە، تێیدا کێشی شیعریی کوردی و عەرووزی عەرەبی بەراورد دەکەم.بۆ یەکەم جار هەموو زەحافات و عیلەلەکان بە یەک خشتە دەخەمە ڕوو.لە گفتوگۆکانمادا لەگەڵ عەزیز گردی لە بارەی ئەم باسەوە، لە کاتی کۆرسەکانیدا، عەزیز گەردی وتی لەم باسەتدا باسی شیعری عەرووزیی کوردی ناکەیت، وتم ئەمە سنووری باسەکەمە تۆ دەتوانی ئەم ئەرکە ئەنجام بدەیت، باشترین ناونیشانە بۆ نامەکەت.وا بوو پەسندی کرد و کردی بە بابەتی نامەی ماجستێرەکەی بە ناونیشانی (کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراورد کردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی).

لە ساڵی ١٩٩٩دا وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی کوردستان نامەکەی وەک کتێب بڵاوکردەوە، تێیدا لە ل (٤٢ ـ ٤٣) ناوی ئەم باسەم دەهێنێ و بۆچوونی خۆی لە بارەیەوە دەردەخات.

جگە لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی کێش و سەرواداا، د.عەزیز گەردی یێکێکە لە باشترین وەرگێرەکانمان.دەیان ڕۆمانی جیهانیی کردۆتە کوردی، گەلێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی لە بارەی ئەدەبی کوردی و جیهانی پێشکەش کردووە.زمانزان و فەرهەنگناسێکی بێ هاوتا بوو.نووسینەکانی بە زمانێکی کوردیی پاراوی پتەو پێشکەش دەکات.بە



سەدان وشە و دەربڕینی کوردیی ڕەسەنی بە بواری نووسینی کوردی ناساندووە.
هاوڕێیەتی و پەیوەندیی خۆشەویستیمان تا ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بوو، تا لە پڕ لێم ڕەنجا، بە هۆی بارودۆخە دەروونییەکەی کە ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ و هەستە فرە ناسکەکەی بوو.ئەمە وای لێکرد گومان لە هەموو کەس بکات و لە هەموو هاوڕێیانی نزیک و دووری دابڕێ.زۆر هەوڵم دا ئاشتی کەمەوە سوودی نەبوو.دەچوومە ماڵی دەرگای لێ نەدەکردمەوە، لە ڕێگادا دووچاری بام خۆی لێ لادەدام.تا دوای سێ ساڵ بەم دێرە شیعرە نامەییکم بە مۆبایل بۆ نارد، دەڵێم:
عەزیز گەردی تۆ لەلای من زۆر عەزیزی
ئێستاش نەمزانی لەسەرچی لە من زیزی.
وەڵامی نەدامەوە و مۆبایلەکەی لێ بلۆککردم.
لە ساڵ ٢٠١٦ دا، د.محمد خدر مەولوود لە دیمانەییکیدا لە گەڵم، ئەم پرسیارەم لە بارەی خوێندنی باڵاوە لێ دەکات:
*ڕات بەرامبەر بە ئاستی زانستیی نامەکانی دکتۆرا و ماجستێر چییە؟
لە وەڵامدا دەڵێم:
لەگەڵ ڕێزم بۆ هەندێکیان، زۆربەی زۆری نامەکانی ماجستێر و دکتۆراکان، لاسایی و ئەرشیفین و پێداچوونەوەن و دەچنە ڕیزی ئامادەکردنەوەوە..زۆربەی زۆریان هیچ گیروگرفتێکی زمانی کوردی و هیچ بابەتێک و یاساییکی پێشتر باس نەکراو ناخەنە ڕوو و هیچ کێشەییکی ئەدەبی و ڕەخنەیی و زمانەوانیی کوردیی

چارەسەرناکەن...گیروگرفت و گریمانە لە زۆربەی زۆریاندا بەدی ناکرێت، کە مەرجی سەرەکییە لە نامەی ماجستێر و دکتۆرادا.
پاشان د.محمد لێم دەپرسێ:
*گەر داواتان لێ بکەم ناوی یێکێ لەوانە بهێنیت کە نامەکەیان لە ئاستێکی زانستیی بەرزدایە.
..داوای ناوێکم لێ دەکەیت، یەکسەر (عەزیز گەردی) م هاتە بیر.کارەکانی هەموو ڕەسەنن، شتی تازەی دەستخستووە، هەمووی ئەنجامی خۆیەتی و ئامادەکردن لە نامەکانیدا بەدی ناکرێت.زۆر گیروگرفت و لایەنی شاراوە و دژواری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردیی چارەسەر کردووە و ڕوونی کردۆتەوە..من بە (فەراهیدی) ی شیعری کلاسیکیی کوردیی دادەنێم.
عەزیز گەردی قوتابخانە و ڕێباز و قۆناغێکە لە مێژووی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، کورد هەتا هەتایێ شانازیی پێوە دەکات.

٥ - ٦ - ٢٠٢٢.



# بریا خەونەکەم بەڕاست نەگەڕابا

**ئاری یاران**

عەیـامێکە سـەرقاڵی کـۆکردنەوەی وەرگێـڕان و کتێبەکـانی عەزیـز گەردیـیم.تـا ئێسـتە پتـر لە ٦٠ کتێبـیم خڕکـردینەوە و بەردەوامیشـم. ماوەیەکەیشـە تـاکوو ئێسـتە، خـووی ئەوم گرتـووە و شـەو و ڕۆژان خەریکی خوێندنەوە و ئەزبەرکردنی کتێبانم.ڕۆژانە تا درەنگانی شـەوێ خوێنـدنەوە و بە قـودرەتێ قـادری شـەوانەش لە خەوێ ئەو پیـاوە لێمنەدەگەڕا! ئیدی ئەوەبوو شەوی ٢ی مـانگی ٦ مەلا بـانگی بەیانیی دا، قووقەی کەڵەبابیش هـات، بەڵام ئەمن نەمدەژنەفتن و گوێمنەدایێ و لە کۆڵ وەرگێڕانێکی تری نەبوومەوە چون شەوانی گۆرین.
ئەوەبوو بڕێکی تری خایاند، لە خەتمێ بوومەوە.سەیری کاتژمێرم کرد، هێندەی نەماوە نوێژ نەمێنێ؛ بەپەلە نوێژی بەیانییم دابەست و ویستم بچم لەسـەر گـازی پشتێ بنووم.کەڵکەڵە کەوتە سـەرم بۆ سبحەینێ چ بخوینمەوە؟
ناوی خودای لە "کۆمیدیا" ئانژی "سـاڵانی هەوریـن" بێنم؟ دوای پیچەک تێفکرین، قسەم دەگەڵەخۆم کردن و گۆتم: تواهوو یـاران، جـارێ منداڵی منداڵ لۆ ئەو دووانە!
جارێ بچۆ گژ کۆمەڵێک ئەفسانە و وەرگێڕانەکانی تر.لەو بیرانە دابووم، جووتەچاوینە ماندی مۆرەلێکردم، ئەوەبوو خەوتم و بۆ حەفتەمین جار،





عەزیز گەردییم هاتەوە خەونێ، وەلێ سەد بریا نەهاتبایە! هەر شەش جارینە پێشی، لێکدی جوانتر و شیرینتر بوون، بەڵام ئەو خەونەیان جیا لەوانی دیکە بەم شێوەیە بوو :لەلای ماڵمان دووکانێکی لێیە، چوومە ئەوێ، بڕوام بە چاوانم نەدەکرد، کە خۆ ئەوە مامۆستایە! بۆچی لێرەیە ئاخر؟ بە شەرواڵێک و قەمیسێکی شڕ لەسەر تەنەکەیەکی ڕوون دانیشتبوو و پارچە کێکێک و ساردیەکی پێبوو وردە وردە خەریکی خواردنیان بوو.

نەموویست زۆر بێزاریی بکەم، یەکسەر بۆ دەستی چووم ماچی بکەم لێی نەگەڕام، بە زەردەیەکەوە گۆتی: شێت و شوور، ئەوە لۆ وادەکەی ئەتوو؟ دەڵێی کتابان ئەتووش تێکدای! خۆم کڕ کرد و دوایێ خۆم پێنەگیرا و گوتم: کووە لێرەی مامۆستا؟ ئاخەکی هەڵکێشا و گوتی: گەنجۆ ماوەکی باشە دەناو کتێباندام و دەرکەم لەسەر هەمووان گاڵەدابوو، وێچی زۆریشم لێ عادز بن کە خۆم ئەوها گۆشەگیر کرد، لۆیە دەبی ئێستا ئیزنێ لە هەمووان بخوازم و بڕۆم! ئەوەبوو لە خەوێ هەستام و بیرم لە خەونەکەی دەکردەوە بە گەشبینی و کەنیم دەکرد کە ئینشەڵڵا خێری تێدایە.

دەمی نیوەڕۆ بوو لەگەڵ کاکە "ئەحمەد زرار" کە ئەو زێدەتریش لەمن موخڵیسی وەرگێڕانەکانی ئەوە و پێموایە زێدەتر لە هەمووان لە خەمی دابووە، وەکو زۆربەی جاران باسی کتێبەکانی ویمان دەکرد.دوای باسی کتێبەکان، پێیگوتم: خەبەرم هەیە کە عەزیز گەردیی نەخۆشە و حاڵی باش نییە، دڵم خورپەی کرد و چم پێنەگوترا.لەو دەمی تا ڕۆژی دووشەممە ٦ـی مانگی ٦ شەو و ڕۆژان بەدەم دووبارە خوێندنەوەی



"داغستانی من"، لە لادێ دوور لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی و نەزدیکی لە جریوەی پاسارییان و سەمای گەڵای دار سپینداران، لە ناخی دڵمەوە نزای باشییم بۆ تکا دەکرد.

دڵم خۆش بوو بەوەی نزاکان لێرە زووتر گیرا دەبن، لێ مەخابن کاتژمێر ۱۰:۲ خولەک، خەبەری ئۆغرکردنی یارە غارەکەی بەحرکەیان لە بیمارخانە پێگەیاندم و گوتیان: بەرەبەیانیی ئەورۆ دووشەممە، ئەویش بە بێنازیی سەری وە سەری مام هەژار و م.مەسعوود محەمەد و مەلا شوکور و هەموو بێنازەکانی تری شاری کوردان کردووە.لەسەرمان پێویستە تەنها سەبر و ئارامیی بکەین پیشە.درود بۆ گیانی عەزیزی هەمووان، با لەگەڵ هەر کتێبێکدا کە خەتمی دەکەین، ڕەحمەتێکیش بۆ ئەوی بنێرین.

جۆزەردانی ۲۷۲۲

# عەزیز گەردی و رابەری كێشی عەرووزی كوردی

**سابیر رەشید**

ئەو كتێبەی مامۆستا عەزیز گەردی (رابەری كێشی عەرووزی كوردی (ئاواتی بوو كە پێش كۆچی دوایی بە چاپكراوی ببینێت، لە ساڵی ٢٠١٩ رۆژێكیان مامۆستا عەزیز گەردی پێیگوتم: نەخشەسازیی كتێبەكانی تۆ كێ ئەنجامیاندەدات و ناوی چییە؟ منیش گوتم: بەڕێز و خۆشەویست جەوهەر فەتاحە...

ئەویش گوتی: منیش كتێبێكم هەیە هەمووی خشتەیە و كاری نەخشەسازیی زەحمەتە!؟

پێویستە خۆم بەردەوام لەگەڵیدابم.منیش ئەو كاتە لەگەڵ كاك جەوهەر فەتاح بەیەكەوە لەیەک فەرمانگە كارمان دەكرد، بۆ كتێبەكەی مامۆستا عەزیز گەردی بە كاک جەوهەرم گوت، لەپاشان یەكتریان بینیی و كتێبەكە لە حەوت بەرگ ئامادەكرا...

ساڵی ٢٠٢٠ درایە دەزگایFAM ، بە ئاگاداری مامۆستا و كاک جەوهەر و فام كارەكان بەئەنجام گەیشت...

تاكو ئێستاش ئەو كتێبە لای ئەوان پارێزراوە وەكو سەنگەر زراری (بەڕێوەبەری دەزگای ( FAM پێی ڕاگەیاندم كتێبەكەی رەوانشاد د.عەزیز گەردی دەمێكە ئامادەی چاپە، بەڵام لەكاتی دیزاین لەگەڵ مامۆستا جەوهەر فەتاح كە مامۆستا عەزیز گەردی ٢٠٠ دوو سەد



لاپەڕەی دیکەی خستە سەر کتێبەکەی و تا چەند مانگێکیش پێش کۆچی دوایی مامۆستا کتێبەکە کاری تێداکراوە و گفتیی ئەوەشی پێدام کە دەزگای فام هەموو ئەرکێکی تێچووی ئەو کتێبەمان لە رووی دیزاین و تایپەوە لە ئەستۆی خۆمان بووە...

خۆشبەختانە ئەوەشی پێڕاگەیاندم کە کتێبەکە ئامادەیە بۆ چاپ و بەم زوانە دەنێـــــردرێتە چاپخـــــانە و بە چـــــاپێکی جـــــوان و نایـــــاب بڵاودەکـرێتەوە.خـۆزگە دەزگـای فـام زوو گیـانی رەوانشـاد د.عەزیـز گەردییـان شـاد و ئاسـودە دەكـرد و داوا لە بنەماڵەكەشـیان دەکەیـن مشـــووری ئەو بەرهەمـــانەو بەرهەمەكـــانی دیکەشـــی بخـــۆن کە لە دەزگاکانی دیکەن، کە تاکو ئێستا چاپنەکراون.هەولێر.

٢٠٢٢/٠٦/١٩

# عەزیز گەردی خەمی هەمووانی بوو، پێویستە ئێمەش خەمی ئەومانبێت

**حاکم عەبدولباست فەرهادی**

لەکۆتایی حەفتاکان ئێمەی تامەزرۆی خوێندنەوە هەرکتێبێکمان دەست کەوتبا بەپەرۆشەوە دەمانخوێندەوە و دەستاودەستمان پێدەکرد لەگە ڵ برادەرەکانمان و زۆر جار چاوەڕوان دەبوین و نۆرەمان دەگرت تا کتێبەکەمان بگاتە دەست و شەونخونیمان لەگەڵ کتێبان دەکێشا لەجیاتی ئەنتەرنێت و کافێ و سەفەر جیهانی کتێب و گوێگرتن لەڕادیۆو بەرنامە بەسودەکانی ئاسۆی خەیاڵی فراوانتر و والاتر دەکردین بەڵێ ئەوکات کەلەنوسەرێکی دەشتی گەردیاتی بە شێوەزارێکی دەشتی هەولێرێ و زمانێکی زۆر پاراو کە ووشە لەبەر دەستی وەک هەویر نەرم بو هەمو جۆرە خۆراکێکی بەتامو چێژی بۆ هزرو مێشکی خوێنەر ئامادەدەکرد بەڵێ مامۆستاو بلیمەت و شارەزای چەندان زمان عەزیز گەردی خوێنەرانی کوردستانی ئەوکات کە بەدەگمەن ئەودیوی سنوریان بینیبو هەمومانی بە داغستان و رەسول هەمزاتۆف و ئەبوتالیب و پاڵەوانە مەزنەکەی داغستان شامیل ئاشناکرد و ئەوانەو هەزاران نوسراوی سەر دەرگا و سەر لانک و ناو پەرستگاو سەر تاشەبەرد و کون و کەلەبەرەکان ودەشت وچیاو ڕوبارو کانیەکانی وولاتی هەمزاتۆفی بەئێمە ناساند.بەڵێ لەڕێی بەرگەکانی داغستانی من کە مامۆستای گەورە عەزیز گەردی وەریگێڕابو کەدەتخوێندەوە واجوانی وەرگێڕابو کاتێ باسی هەر شارو گوندێکی داغستانت



دەخوێندەوە واتدەزانی باسی دەوروبەری بەحرکە یە کەباسی شامیلی بۆ دەگێڕاینەوە وامان دەزانی باسی شەڕی شاخۆلانە دواتریش کەچیرۆکی بەرئاگردانی وەرگێڕا دیسان بە خەیاڵێکی کوردەواری دەیبردینە دەشت و گوندەکانی بەریتانیاو ئەوروپا بەڵێ زمان لالە و خامە شەرمەزارە لەئاست ئەو گەورە نوسەرە لاچەپ و دورەپەرێزو گۆشەگیرە ڕەبەنەی کە سەرجەم ڕۆژو ساتەکانی تەمەنی بۆ خزمەتی نوسین و ڕۆشنبیری کوردی تەرخانکرد بۆ چرکەیێک بیری لە ژیانی تایبەتی خۆی نەکردەوە هەر بۆ کوردوکوردستان و نوسین ژیا بەبیرم دێ کاتێ قوتابی کۆلیجی یاسابوین لەبەغدایێ لەگەڵ کاک سابیر رەشید لەحەیدەرخانەی زۆر جار بەخزمەت مامۆستا عەزیز دەگەیشتین لە ژورە شڕو پڕاوپڕ لەکتێبە جۆراو جۆرەکانی بەهەمو زمانەکان کەئەوکات مامۆستای سەرەتایی بو قوتابی بەشی ئینگلیزیش بو خەریکی نوسین و ەرگێڕانیش بو جاروبار لەشەقامی رەشید دەمانبینی لەکۆلانی سوق السرای بەخۆیی و چەندان کتێبی نایابی بن هەنگڵی بەرە ژورە ساردوسرەکەی پشت چێشتشخانەی الشمال دەگەڕاوە کەئێمەی دەبینی لەگەڵمان ڕادەوەستا و بەزەردەخەنەو قسەی خۆش دەیدواندین بەڵێ ئەو جۆرە نوسەرە مەزنانە لەناو هەر میللەت و قەومێکی دیکە بن خۆشترین ژیان و گوزەرانیان دەبێ و لەسەرسەران دادەنرێن و قەدریان دەگیرێ کەچی ئێستا دەبینین مامۆستا وا بێنازو شەکەت و ماندوو نەخۆشە داواکارم لەیەزدان شیفای بەپەلەی بدا و تاعەیامەکی دوور دوور مامۆستا عەزیز گەردیمان لێ نەسێنی و تەندورستی بکا داوا لە گەورە بەرپرسانی هەرێم دەکەم خەمەکی جدی لێبخۆن و بەپەلە چی پێویستە بۆ چارەسەری بیکەن.

# دکتۆر عەزیزگەردی،
# مرۆڤێک هەتوانی هەموو برینەکانی زمان

**جەوهەر کەریم**

لەڕەوانبێژی، هونەری وەرگێڕان و ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی زمان وکێش و سەروا،،زانستی عەروز،کوردانددنی بەرهەمی ئەدەبی بێگانە و دەریاچەیەک لە وشە و دەستەواژەی ڕەسەنی کوردی،،مامۆستا عەزیز بەئاوی سازگاری کانیاوەکەی زێدی باپیرانی گوندی،،بەحرکە،،دەمی پڕاو لەگەڕەکی تەیراوەی مەڵبەندی ڕووناکبیرو هونەرمەند و نووسەران ونیشتمانپەروەرانی شاری هەولێر تەقیەوە،، ئەو بوو بەبالانوومایەک لەکتێب!!هەمیشە خوێندنەوە،هەمیشە نووسین پیشەی سەرەکی و پێناسەی دیاری ئەومرۆڤە بووە !دوای خانە نشینیشی ئەو گەڕایەوە زێدی باپیرانی(وەکو زاهیدێکی خەڵوەت نشین) و دوورەپەرێز!،بەڵام ماندووتر لەجاران،،،هەرخەریکی خوێندنەوە و نووسینە،،ئەمرۆش بەداخەوە لەسەرقەرویڵەیەکی ساردوسڕ لەنەخۆشخانە بێنازکەوتووە و بەرپرسانی ئەم بوارەش خۆیان لێ نەبان کردووە وکەس نازانی ئەنجامەکەی بەچی دەگات !!بەڕاستی جێگای داخە،،کاتێ نووسەرۆکەکی دەربارنەخۆش دەکەوێ دەیفرێننە ئەوپەڕی دونیا بۆچارەسەر،بەڵام بۆکەڵە نووسەرێکی ڕەسەن و پڕبەرهەمی وەک مامۆستا عەزیزگەردی کەس خۆی بەبەرپرس نازانێ،،،چونکە مامۆستا لەکەس ناچێ!جگە لەخۆی نەبێ!!!؟ بە داخەوە ئەگەر کورد نەبوایە لە ڕیزی ئەو ئەدیب و نووسەرە مەزنانە دەبوو، کە خەڵاتی نۆبڵی پێ ببەخشرایە؟؟!!.

٢٠٢٢/٦/٤هەولێر



# گەردی بێگەردترین زمانناسی کورد

**کاروان عەلی**

هیچ کاتێک پێمخۆش نەبووە لەسەر هیچ کەسایەتییەک بدوێم و برشێمەوە، بەڵام عەزیز گەردی شایانی زۆر لەوە زیاترە...شایانییەتی بەبیرکردنەوەیەکی قوڵەوە لەسەر بدوێی و بنووسی، چونکە هەرکاتێک سەیری هەر وەرگێڕانێکی بکەی لەداغستانی منەوە تا کۆتا وەرگێڕانی و بەتایبەت لە ئەدەبی بێگانان و ڕەوانبێژییەکەی کە زۆر زیاتر بۆچوونی زانستی هەڵدەگرێت، هەست بەوە دەکەی کوردانەو پاراو، ڕەوان و شارەزار لە نیشاندانی بن دێرەکان، مەبەستەکان و ئاماژەکانی دەپێکێت، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە دکتۆر عەزیز گەردی شارەزا و زمانزانێکی باشە و بەچەندین زمان قسەی کردووە، بەڵکو ئەمە هەست و تێکەڵاو بوونە بە زێد و زمانی نەتەوەی و شارەزابوونێکی بێگەردە لەزمانی کوردی، ئەمەش بۆ ژیانە کلۆڵییەکەی و هەوڵە بێوچانەکانی دەگرێتەوە، چونکە عەزیز گەردی سەدان گەردی بڕیووە تا بێگەرد بووەو بووەتە عەزیز گەردییەکەی ئێمە...ئەگەر ئاوڕێک لەژیانی بدەینەوە هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت بەماندووبوونی خۆی و بێ نازی پەروەردە بووە و لەناوخاکی کوردان و زمانە پاراوەکەی پیرو پیرەکانەوە زمانی گۆشبووەو بووەتە نەمری زمانی، هەرکاتێک هەر وەرگێڕانێکی بخوێنیتەوە ڕاستەوخۆ بەر چەندین وشەی کوردی پاراو دەکەویت،



ئەمە سەربارى لێزانینى گەردى لە نیشاندانى مەبەست و وشەو خاڵبەندى و ڕەوانبێژییەکەی، هەموو ئەمانە و لێکۆڵینەوەکانى و بەراورد کردنەکانى واى کردووە وێنەى کوردانە ترو دیمەنى جوانتر و ئاماژەى باشتر بپێکێت لە وەرگێران و نووسراوەکانیدا...

بێگومان دکتۆر بۆ نووسین و وەرگێرانی هەر کتێبێک ئەوەی جێی بەجێکردووە کەدەڵێت: بۆ نووسینی گەڵایەک پێویستت بەخوێندنەوەی دارستانێکە، هەر لەم ڕوانگەیەوە دکتۆر دەستی نەبردووە بۆ وەرگێڕانێک شایستە و پێویستت نەبووبێت، خوێنەرانی بەرهەمەکانی هەرکاتێک ئەم وشەو ڕستانەی من ببینن تێگەن تا چەندە ڕاستە و عەزیز گەردی لێزانانەو بە ئاگادارییەوە دەستی بۆ وەرگێڕانەکانی بردووە، بۆ دڵنیابوون و نموونەیەکی باڵا ئەوەتاچەندین نمونە هەیە لەوانە: لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا، بووکۆکەی قسەکەر، چیرۆکی بەرئاگردان، درەختی چل دارستان، حاجی مرادەکەی تۆڵستۆی و دەیان نمونەی تر...خودا گەردی بۆ ئەوە خوڵقاندبوو تا ئەدەبی کوردی بێناز نەبێت لە وشەی ڕەسەنی کوردی و ئاماژەی جوان و ڕستەی پاراو، وەرگێڕانی تایبەت...

ئەگەر سەیری هەر وەرگێڕانیکی بکەی بەتایبەت چیرۆکەکانی ئیزۆپ هیچ کاتێک وشەو ڕستەیەکی دانەناوە کە هەست بکەی یەک ناگرێتەوە، یاخود مانا نابەخشێت ئەمە نەخشەسازییە، چنین کارییەکی تۆکمەیە و شارەزابوونە لە گرێ و چنینکاری، هەڵبەتە من تەنها باسی بیر ڕوونی گەردی دەکەم لە بێگەردی زماندا خۆ ئەگەرنا هەر بۆ چرکەیەک سەر بسووڕێنی و بیر بکەیتەوە ناتوانی باسی نۆبەرە شاکارەکەی کە لەسێ



بەرگدا نەکەی کە پێشکەشی کوردی کردووە، یان فەرهەنگی زمانی خۆی کە گەردی بۆخۆی فەهەرنگێکی کوردی پەتییە، ئەمە جگە لەوەی سەرتۆپی عەروزی گرتووە...
ئای بۆ کۆمیدیای دانتی :دۆزەخ، بەرزەک، بەهەشت، چ بەهەشتێکی لەدنیای وشەو مەبەست و ئاماژە پێکاوەو نیشاندانی بن دێرەکانیش شاهێدی نەمری زمان و بوونی عەزیز گەردین، گەردی بۆ شارەزابوونی ئێمە و نەمری خۆی و نیشاندانی دنیای ئەدەبی دەستی بۆ زۆر شاکاری هەمە جۆر بردووە :فەر هەنگ، ڕەوانبێژی، ئەفسانە، هەقایەت و ڕۆمان...هتد.ڕەنگە کەم کەس بەهۆی یاخیبوونەجوانەکەی و بێدەنگی و دەرنەکەوتنە پڕماناکانی بزانێت عەزیز گەردی سەروەرو سەروایە...
جگە لەوەی دکتۆرای سەروایە لەکێش و وێنە مامۆستایەکی بێهاوتایە.

8\6/2022

# ماڵئاوا دوکتۆر عەزیز گەردی

**حوسێن بەفرین - سلێمانی**

دوو ڕۆژ لەمەوبەر مرۆڤێکی گەورەی کوردبە ناوی دکتۆر (عەزیز گەردی) ماڵئاوایی لە ژیان کرد.ئەمە وێنەی بەڕێکردنی تەرمی دکتۆر(عەزیز گەردی)یە بەم(قەرەباڵغی)یە بەڵگەی شوورەیی یە بۆکوردی باشوور،ئەگەر بەخۆیان بزانن.ئێمە لە بەر دەم کێویکی بەرزی ڕۆشنبیریی داین بە ناوی دکتۆر(عەزیز گەردی)یەوە، بە ڕاستی ئەوکێوێک بوو لە نووسین ووەرگێڕان و رۆشنبیریی،کێوێک بوو لە دڵسۆزی بۆ ئەم وڵاتەی کوردستانی ناوە.هەموو گەلانی دنیا لەم جۆرە پیاوانەیان تیایە،بەڵام تامردن ڕێزی ئەگرن ولەدوای مردنیش هەربەڕێزن.برۆ لای فارس بچۆ مەزارەکەی(حافزی شیرازی)ببینە وبۆ نموونە لەگەڵ مەزارەکەی(پیرەمێرد)ی گردەکەی (یارە) بەراووردی بکە،ئیترزمانت ببڕە و سەری خەجاڵەتی داخە وبە خۆت مەڵێ مرۆڤ.ئێمەی هەڵخەڵەتاوی مێژووبە(سەدام حسین)مان ئەوت (فاشیست) کەچی خۆمان(ماشیست)مان دروست کرد،ئەو پیاوە هارە کە(کوەیت)ی داگیرکرد وسەری خۆی وعێراقی پێ خوارد،تەنها قەڵەمێک هاتەدەنگ دکتۆر(عەلی شەریعەتی)بوو،زۆربە توندی دابەزیە سەرئەو کردەوەیە،کوشتنی لە لای (سەدام)وەک ئاوخواردنەوە وا بوو کەچی هیچی لێ نەکرا کە ئەبوایە هەم وەک شیعە وهەم وەک دژبەر



بکوژرایە، ئەونەکوژرا بەڵکو تەنها خستیانە ژێر چاودێریەوە تا مرد کە مردیش ناشتیان و نەیان سووتان لە رۆژنامە شدا لە سەریان نووسی وەک ئەوەی قەڵەمێکی گەورەی عەرەب مردووە.بەڵام لای دەسەڵاتی حیزبایەتی باشوور کێوێک بەناوی(عەزیز گەردی)یەوە کە ماڵئاوایی لە ژیان و کتێب ونووسین و زمان و شەهادەوە ئەکات،تەنها چوارکەس ولەتێک لە دەوری تەرمەکەیەتی کۆ ئەبنەوە.تۆسەیری ئەو جیاوازی ڕۆشنبیریی و(ئەتەکێت)ی دینی وکۆمەڵایەتی ونەتەوەیی یەی لەم خەڵکە زمان درێژەی ناوی کوردە،چەندەجێگەی سەرنجە و قوڕ بە سەری پێ دێتە پێکەنین. بەڵام سەیربکەن دوو رۆژی تر کە چلەی بۆ گیرا لە بەر ئەوەی پارە خواردنی تیایە بزانن چ هات وهاوارێک دێتە سەر شانۆی درۆکردن، چ حەشرێک لە لایەن دەسەڵاتە نەزۆکەکە و کاسەلێس ومامەڵەچی پارەوە بەر پا ئەکرێ کە سەروبنی دیار نابێت،خۆی ئەمەیە خووخدەی خەڵکی باشوورە لە کاتی یادکردنی مردوودا.بەبڕوای من دکتۆر(عەزیز گەردی) تاکە دکتۆرایەکە،جێ ی گەورەیی دیاری هەیە مەگەر دکتۆراکەی(کەمال مەزهەر و جەمال ڕەشید)شان بەن لە شانی، لەبەر ئەوەی بەرهەمێکە تایبەتمەندی تیایە،سەرەڕای ئەو هەموو نووسینە شەخسیانەی هەیەتی و ئەو هەموو وەرگێڕانە پڕ لە لێزانین و دەست پاکی یەی بۆ کوردی جێهێشت.ئەو لە کەسە دەگمەنەکانە کە گەلان یەکجار بە خۆیانەوە ئەیبینن و دووبارە نابنەوە.بەڵام بە داخەوە وەک کورد لە دایک بوو،وەک کوردیش مرد.چونکە نازانرێت کورد لە چ قوڕێکی پیس دروست بووە.

# أسطورة ألادب الكوردي شيخ المترجمين ألاستاذ البروفيسور الدكتور عزيز گەردی

**د. فيصل بلباس**

كنت في مقتبل شبابي عندما التقيته لاول مرة في مطلع سبعينات القرن الماضي في مطبعة كوردستان بأربيل، عندما كان يتردد أحيانا لزيارة المرحوم الاستاذ گیوی موكريانی أو للقاء الكتاب والادباء الذين كانوا يتوافدون الى أربيل ويجتمعون في هذه المطبعة العريقة، أو للقيام بالتصحيح اللغوي للمقالات التي كان ينشرها في عدد من المجلات انذاك، أو للاشراف على مطبوعات زملائه وأصدقائه.كان في غاية البساطة والتواضع، وكان يعاملنا نحن عمال المطبعة وكأنه رفيق لنا، فكنت أستغل الفرصة للاستفادة من معلوماته اذ كان واسع الاطلاع.ثم قابلته مراتٍ أخرى عند تردده على مطبعة البلدية في أربيل، حيث كنت أعمل مؤقتا في صيف عام ١٩٧٥ وكان بصدد طبع مجلداته عن البلاغة في اللغة الكوردية تحت عنوان (رەوانبێژی). انقطعت صلاتي به بعد دخولي الكلية في بغداد، ولكنني لن أنسى أبدا عندما حصلت على نسخة من كتابه المترجم (داغستانی من)، فكنت في غاية الاعجاب بأسلوبه الشيق ولغته الادبية الرفيعة وترجمته الممتعة.وبعد سنوات من تخرجي، التقيته في السوق.ثم بعد أن دخلت كلية الاداب المسائية التابعة لجامعة صلاح الدين، حيث كان يدرسنا مادة اللغة الفرنسية.وفي احدى الامسيات أثناء الدوام، أخبرته بأنني أشتريت



أحد مؤلفاته وهو معروض على الرصيف تحت قلعة أربيل وعليه عبارات الاهداء الى احد زملائه من الاساتذة وبتوقيعه، فتذمر وطلب مني ان ابيعه الكتاب مقابل ثمن مغرٍ، فرفضت وقلت مازحا بأنني مستعدٌ أن ابادله بمجموعة من كتبه، فقبل بذلك، وفي وقت لاحق زرته في بيته، فأهداني مجموعة ثمينة من مؤلفاته.اخر لقائي به كان في احد معارض الكتاب في اربيل قبل سنوات، حيث كان اثار الشيخوخة والمرض باديةٌ عليه، وكان يتوهم بأنه قد سمم، وكيف تعالج في تركيا من اثاره.فعرفت مدى تأثير العمل الشاق والوحدة الموحشة على نفسيته، فناولته رقم هاتفي واقترحت عليه الاتصال بي عندما يشعر بعرض من اعراض المرض متى يشاء، لاكون برفقته لزيارة الاطباء المختصين وتأمين العلاج اللازم له، فشكرني ولكنه كان عزيز النفس عالي الهمة، فأبى أن يخبرني.قد يرحل اليوم أو غدا لامحال، ولكن نتاجه الادبي واللغوي سيبقى ما حيينا..هنيئا لك أستاذنا الفاضل هذه النفسية الرفيعة والهمة العالية.ستبقى شامخا شموخ سفين وكورك وهلكورد.لم تنحن قامتك للمغريات المادية ولا للملذات الجسدية.ستبقى قدوة للاقلام النظيفة والنفوس النقية.ندعو الله العلي القدير ان يمد في عمرك..يا أسطورة الادب الكوردي وشيخ المترجمين ومحيط اللغويين..قليل بحقك القاب الدكتور والاستاذ والبروفيسور...فكل كتابٍ من كتبك كان أوسع من مشروع دكتوراه، وكل مقال كتبته كان أوفر من مشروع لنيل شهادة الماجستير.. ومهما قلنا وكتبنا عنك فلن نعطيك حقك، وانك بحق تستحق مجسما وهيكلا لك امام كل مدرسة وفي مدخل كل قاعة وبداية كافة ازقة وشوارع.

أربيل





# عەزیز گەردی و راوێژکارە هەژارەکەی حکومەت

**ساڵح قادر**

هەموو شەممەیەک بە تاسەوە چاوەڕێم دەکرد.پیاوێکی کەڵەگەتی پرچ ماش و برنجی، بە شەرواڵ و کراسێکەوە وەژوور دەکەوت و سڵاوێکی گەرمی دەکرد، یەکسەر لەبەری هەڵدەستامەوە..
بۆ ماوەی کاژێرێک هەندێکجار زیاتریش، چاوی بە ناونیشانی کتێبەکانی کتێبخانەکەدا دەخشاند..
پاشان بە کۆڵێک کتێبەوە دەهاتە لای مێزەکەم، بەبێ دەنگی و هیچ مامەڵەکردنێک پارەی کتێبەکانی دەدا و دەڕۆیشت.
زۆرجار هێزم دەدایە بەرخۆم بۆ ئەوەی داوای لێبکەم وێنەیەک بگرین، یان داوای هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەڤانی لێبکەم، لێ زوو پەشیمان دەبوومەوە، چونکە بیستبووم کەسێکی زۆر هەستیارە، ترسم هەبوو بە داواکارییەکانم، دڵی گەرد بگرێ و جارێکی دیکە سەرنەکاتەوە بە کتێبخانەکەدا.
نزیکەی شەش مانگ هاتووچۆی کتێبخانەکەی کرد، بەڵام بەداخەوە بە بڕیارێکی دیراسەنەکراوی وەزارەتی رۆشنبیری، کتێبخانەی (کوردستان چاپ) لە شەقامە قەرەباڵخەکەی سوڵتان مزەفەرەوە گوازرایەوە



پەنایەک..ئیدی لەو رۆژەوە نە من عەزیز گەردیم بینییەوە، نە عەزیز گەردیش کتێبەکانی کوردستان چاپی بینییەوە..هەر ئەو کاتەی لە کوردستان چاپ بووم، راوێژکار (کاوێژکار)ێکی حکومەت، ناو بەناو بە خۆی و پاسەوانێکییەوە دەهاتە کتێبخانە، هەتا تاقەتی هەبووایە کتێبی باشی هەڵدەبژارد، بەبێ ئەوەی یەک فلس بدات، چونکە لەلایەن وەزراەتی رۆشنبیری راسپێردرابووین کە پارە لەو بەناو راوێژکارە "هەژار"ە وەرنەگرین.

پاشان کتێبەکانی بە پاسەوانەکەی لە وەنەوشەکەی بار دەکرد و دەڕۆیشت..



# چەند سەختە کورد بوون

**نەبەز رەشاد**

چەندە بە ئازارە رۆڵەی هەولێر بی !چەند خەمناکە خزمەتی کورد بکەی! ئەو قەرەوێڵەیە تەرمی پیاوێکی پێ گوزرایەوە بۆ مزگەوت، کە لە داخی کورد سەری هەڵگرت! چوو لە گوندەکەی خۆی (بەحرکە) تا ئەمڕۆ کە مرد، دوور لە هەموومان ژیا تا مرد.

ئەو لە نیفـاق و درۆ و ململانـێ و ملشـکاندن و راپـۆرت نووسـینتان سەری خۆی هەڵگرت، هەولێر کەسەرو خەمت چەند زۆرە ئاییی... ئەو لەبەر ئیمزانەکردنی بۆ بەعس، نەیتوانی بچێت لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی بخوێنێ ! نزیکەی ١٦٠ کتێبی وەرگێردڕاوو نوسینی هەیە و چەندین کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ، مخابن ١٠٠ کەس لە مزگەوت نەبوو! کەمترین نووسـەر و شـاعیر و هونەرمەنـد... هتد ئامادەییان هەبوو ! چەندە بە ئازارە خزمەتکردن بە کورد ! چەنـدە سـەختە لە دایکبوویی هەولێر بی! (چونکە هەرگیز ئەو شـارە شـانازیت پێوەناکـات!) گەردی خەڵکی هەر شـارێکیتر بـوایە، ئێسـتا بە سـەدان خەڵـک دەهـاتنە نـاو مزگەوت و بۆ گۆرستان بەڕێیاندەکردی.



# مامۆستا عەزیز گەردی و پرۆژەیەکی لەبار براو

**گرفتار کاکەیی**

وابزانم سالّی ٢٠٠٥ بوو ئەودەمە کارمەندی دەزگای شەفەق و بەڕێوەبەری نووسینی (کارتۆنیی) گۆڤاری منالّانی باوەگوڕ گوڕ بووم. بیرۆکەیەکی زۆر جوانم بۆهات، ئەویش ئەوەبوو، لە هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکە دانەیەک لە چیرۆکەکانی، کتێبی (چیرۆکەکانی ئیزۆپی)ی مامۆستا عەزیز گەردی هەڵبژێرم و وێنەیەکی ڕەنگاو رەنگی بۆ بکێشم و بلاو بکەمەوە. ئەم بیرۆکەیەم لای سەرنووسەر پێشنیار کرد، ئەویش زۆری پێخۆش بوو.تەنها ئەوەندە مابوو ڕەزامەندی هاوڕێی ئازیزم مامۆستا عەزیز گەردی وەرگرم. دوای مانگێک، رێمکەوتە هەولێر و سەردانی مامۆستا عەزیم کرد.ئەو کاتە لەگەل مامۆستا مەولود ئیبراهیم حەسەن پێکەو وەستا بوون.
باسی بیرۆکەکەم بۆ کرد کە بەنیازم بۆ هەموو چیرۆکەکانی کتێبەکەی بەڕێزیان (چیرۆکەکانی ئیزۆپ) وێنەی ڕ ەنگاو رەنگ بکێشم و دواتریش وەکو کتێبێک بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە دووبارە چاپێکی تازەی بکەینەوە.زۆری پێخۆش بوو. بەلّام کاتێک پرسی لەکام گۆڤار؟!

منیش وتم گۆڤاری باوە گوڕ گوڕ کە سەر بە دەزگای شەفەقە.یەکسەر توڕەبوو و بەبێ خواحافیزی من و مامۆستا مەولودی بەجێهێشت.زۆرم پێ سەیربوو.لە مامۆستا مەولودم پرسی ئەوە مامۆستا عەزیز بۆ وا هەر کە ناوی دەزگای شەفەقم هێنا توڕە بوو؟ !وتی ئەی ئاگات لێنییە؟ ! وتم نا بەخودا.

وتی هەفتەیەک پێش ئێستا بەدران ناردیە شوێنی کە گوایە لەوی کار بکات، ئەویش چوو و لەوێ دامەزرا. هەر یەک دوو ڕۆژی پێنەچوو بەدران خۆی لێ توڕەکرد و وەدەرینا.

ئیدی تێگەیشتم کە ئەم کارە بە پیلانی بەدران کراوە و کە دوواتر مەخابن، بووە هۆی لەبار بردنی پرۆژەیەکی زۆر سەرکەوتوو و هاوبەشی من و دوکتۆر عەزیز گەردی.

پێدەچوو دوکتۆر عەزیزی بێ گەرد لە نییەتە پاکەکەی منیش کەوتبێتە گومانەوە. ئیتر ئەوە دوادیدارمان بوو. هیوادارم جارێکی تر چاوم پێی بکەوێتەوە (تەنانەت ئەگەر لە دۆنێکی تریشمان بێت).



# ماڵئاوا عەزیز گەردی هەمووومانت شەرمەزار کرد!

**محەمەد هەریری**

خـۆزگە هەر بە قەد چـارەگی وێنەکانـت و ئەو پۆسـتانەی لەسـەرت نووسـراون، خەڵک لە دەوری جەسـتەی پیـرۆزت دەبـوون.دەڵێـی خـوا هێندەی خۆشویستی پاش مردنیش بێ نیازیت لە هەموو خەڵک نیشانی هەموو دنیا دەدات.
دڵنیـام ئەگەر سیاسـیەکی گەنـدەڵ وپیسـخۆر بایـت ئێسـتا شـەقامەکان وەسـتا بـوون لەبەر قەرەبـاڵغی دەوری جەسـتەت.ماڵئـاوا پیـاوە دەگـمەنەکەی کە هەموومانـت شـەرمەزار کـرد، نەزانـی وبـێ خەمـی هەموومانت سـەلماند، سـەلماندت ئێمەش تەنها لە کاتی سـەرەمەرگ و مردنت تۆمان بیرکەوتەوە؟
سەرەڕای هەر تـاوان و هەڵەیەکیشـم بەرامبەر تۆی بەرز وبـاڵا، ئەوڕۆ تۆی عەزیـز گەردی شـانازی بە کوردبوونی زیـاد کردم، لەوەش زیـاتر هەولێری لا خۆشەویستر کردم.

# داغستانی من (رەسول حەمزاتۆڤ) کوردستانی من

**ستار عەلی**

عەزیز گەردی ئێک ژ وان پەرتۆکێن ل نیڤا سالێن هەشتیان من خاندی و من تامەکا ئێکجار خۆش ژێ دیتی و کاتێکرن ل من کری رۆمانا ((داغستانی من (( یا نڤێسەرێ داغستانی رەسول حەمزاتۆڤ کو نڤێسەر و وەگێرێ مەزنێ کورد مامۆستا عەزیز گەردی وەرگێرایە سەر زمانێ کوردی / دەڤوکا سورانی.

ل وی دەمی ئانکو ل نیڤا سالێن هەشتیان من دڤیا وێ پەرتوکێ ب زمانێ عەرەبی بخوینم چونکی خاندنا من ب عەرەبی بوو و من هزرکر دێ دا پتر لێ تێگەهم و تامێ ژێ بینم هەرچەندە سورانیا من یا باش بوو لێ دانەیا کوردی ب دەست من کەت و من خاند، براستی وەرگێرانەک گەلەک جوان و ب زمانەک گەلەک خۆش و شرین و بساناهی و هەر وەکی من ئاماژە پێکری من تامەک و خۆشیەک و مفایەک مەزن ژێ دیت،، پشتی چەند سالەکا دانەیکا وەرگێرای بۆ زمانێ عەرەبی یا هەمان رۆمانێ ب دەست من کەت و من خاند، ب راستی من هزردکر دێ پاشتر تێگەهم و تامەک و خۆشیەکا مەزنتر ژێ بینم لێ وەسا دەرنەکەت، ئانکو من خۆشی پتر ژ وەرگێرانا ماموستا عەزیز گەردی دیت هەچوەکو ئەز رۆمانەکا کوردی ب زمانێ کوردی دخوینم، وەرگێری وەسا ب جوانی و شەهرەزایی وەرگێرایە هەروەکو



وی ئەڤ رۆمانە نڤیسیە و رویدان و کەسایەتییێن وێ کوردن، ژ خۆشیا من دڤیا و من هەست دکر کو وەرگێری یێ ب کوردیکرنا وێ رابووی و پتر من هەستکر کو ناڤێ پەرتۆکێ ((کوردستانی من )) یا نڤیسەر عەزیز گەردی یە، گووتنەک عەرەبی هەیە دبێژیت (الترجمة هي اعادة كتابة ثانية للنص ) ئانکو وەرگێران دووبارە نڤیسینەڤەیا دەقی یە ب واتەیا دڤێت شوین تبلێن نڤیسەری دناڤ ەرگێرانێ دا ددیاربن بێی دەستکاریکرنا دەقی بخۆ.

مخابن ئەڤی قەلەمێ مەزن یێ مرۆڤەکێ مەزن کو چ ژ نڤیسەرێ جیهانی رەسول حەمزاتۆڤ (کو خودان چەندین خەلاتایە ( کێمتر نینە ژناڤ مە بارکر لێ قەلەمێ وی دێ هەرێ نەمر بیت د ئەدبیات و وژدانا کوردستانیاندا، کەسایەتیێن هۆسا دیرۆکەک نوی بۆ مللەتێن خۆ دنفێسن و پاشەرۆژەک گەش بۆ مللەتێن خۆ ئاڤا دکەن هزار سلاڤ ل گیانێ وی یێ پاک بن.

# عەزیز گەردی هاوڕێی منداڵیم

**حسام بەرزنجی**

پێش ئەوەی شتێ لەبارەی مامۆستای گەورە، ڕەوانشاد دکتۆر "عەزیز گەردی" بنووسم، دەگەڕێمەوە سالآنی پێش شۆرشی چواردەی گەلاوێژ و هەروەها دوای رووداني.
من لە ساڵی ١٩٥٧ ەوە تێکەڵ، ناوی گوندی "بەحرکە" و دەوروبەریم، بە هەموو جوانیی و خەڵکە بەڕێزو دڵنەرمەکەیەوە، هەر لە شێخ و پیاوانی ئاینی و ئاغاو پیاو ماقوڵانی بەحرکە تا دەگاتە چینی ڕەنجدەر و پاڵە و کرێکارو جوتیارە دەستڕەنگینەکانەوە....لە سەر تابلۆی یادەوەرییە زیندوکانمەوە، نەخشەم کێشاوە.
من خەڵکی ناوچەی بەرانەتی نیم، بەڵام بەهۆی ئامۆشۆکردنم بۆ گوندی "بەحرکە" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زووی منداڵیم کە ئەو کاتە لە پۆلی یەک و دووی سەرەتایی بووم، لەگەڵ خزمانم، لە پشووی هاوینەو نیوە ساڵان دەچووم سەرم لە براکانم دەدا ڕەوانیان شاد بێ، کە ئەو کاتە وەک بەڵێندەر "مقاول" لە سەردەمی موتەسەڕیفی هەولێر "ئیسماعیل حەقی " و فەرمانگەی "اشغال"، بنیاتنانی چەند قوتابخانەیەکیان پێ سپێردا بوو لە "بەحرکەو گاینج و دوگردکان....".
لێرەدا لەکاتی چوونم بۆ "بەحرکە"، چوار شت زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام.



یەکەم : ئەو کانییەی کە لە ناو مزگەوتی گوندەکەدا، قولقول هەڵدەقوڵا شەوو ڕۆژ ئاوی لە بەر دەڕۆیشت.

دووەم: ئەو ریزە دوکانەی کە ژمارەیان سێ چوارەک دەبوو لە بەرامبەر مزگەوتی ئاوایی، ترش و شیرن و کێک و شەکرۆکە و نەعنەعمان لێدەکڕی.. ئێستاش تامیان لە زارم هەرماوە، ئەو ساکە بە دەگمەن گوندی وا هەبوو کە دوکانی لێ هەبێ.

سێیەم: لە کاتی گەڕانەوەم بۆ هەولێر کە ماوەیەک بە ڕێگادا دەرۆیشتین، قەڵای هەولێرمان لێ بەدیار دەکەوت، دواتری مەنارەی چۆلی، وەک قومریەکی سەوز باو ملی خۆی درێژ دەکردەوەو خۆی پیشاندەداین و ئێمەش پڕ بە بلووسکەی چاوان، تەماشای ئەو دیمەنە جوانەمان دەکرد. هەندێ جار لەپێچ و لولی رێگاکەوە یان لە هەورازو نشێویا، منارەی چۆلی و قەڵامان لەبەر چاو ون دەبوو، بەڵام دوای تۆزکاتێ لێمان بە دیار دەکەوتنەوە.

چوارەم: کە لەگومبەتی (مێرەمە دیان) نزیک دەکەوتینەوە لە درێژەی رۆیشتنەکەماندا خۆمان دەکرد بە ناو شارۆچکە ڕەنگینە جوانەکەدا (عەنکاوە)...لەوێدا ئەوەندە جێی سەرنج و رامان بوو، ئەو جۆگە ئاوە بوو وەک بڵێی بووبێت بە جێڕاوکە و سەراوای ڕاوچیان، هارو ماری تێدەڕووکان، ئەو جۆگە ئاوە، بە ناو شاری عنکاوەدا دەهات، حەشاماتەکی زۆر لە کچی تازە هەڵاتوو و ئافرەتی لەچک بەسەرو خانم و سەرەژنی دەستڕەنگین و بەساڵاچوەکان، بە سەرو لفکەو هیزاری زەردەوە خەریکی جەڕەو گۆزە پڕ کردن بوون.

لە "بەحرکە" کە بە ناو ئاقارەکەی دەوروبەریدا پیاسەمان دەکرد. ڕۆژێک ڕێکەوتی مامۆستای قوتابخانەکەی گوند خوالێخۆش بوو مامۆستا "فەتاح"ی بووین، دواتریش تووشی قوتابییەکی لاوازو بەژن باریک بووین کە لە ئێمە هەراشتر بوو، کتێبێکی بە دەستەوە گرتبوو، وەک فەقێیەک، جار جار تەماشای کتێبەکەی دەستی دەکردو دوایەش دایدەخستەوە، وەک بڵێی شتێک دەور بکاتەوەو لەبەر بیلێتەوە... ئەو قوتابیە ناوی "عەزیز" بوو کە بە درێژایی وێستگەکانی داهاتوو، لە خانەی مامۆستایاندا یەکترمان دیتەوە ئیتر بووین بە ئاشناو هەڤاڵی یەکتر، کە هەر لەوساوە نیشانەی گەورەیی و زیرەکی و هەڵکەوتوویی... بە سەر رووخساریەوە دیار بوو، هەروەها بەهرەو ڕەوشت پاک و دەم پاڕاوو ڕەفتار جوان بوو.

ئەو مرۆڤە، سادەیی و خاکە ڕاییەکەی لە تەواوی ژیانی رۆژانەی و تەنانەت لە شێوە جل و بەرگیشی ڕەنگی دابۆوە،هەرجاری کەم شێوە دەماندی یان کە پیاسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد بۆ ئێمەومانان دەبوو بە سەرچاوەی ئیلهام و خەیاڵێکی بەرزە فڕو هیوا بەخش. هەرجارە بماندیبوایە مرۆڤ بە دەستخۆی نەبوو، بەهاو پلەو پایەی بەرزمان بۆ کتێب و هزری ڕوون و رۆشنبیرو فەلسەفە دادەنا.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو کاتە مامۆستای ڕەوانشاد رۆژ بەڕۆژ بەهۆی لێهاتوویيەکانی دەگەشایەوە گەلێ گوتارو نووسینی لە بارەی ئەدەبەوە لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییە دەگمەنەکانی ئەو سەردەمە بڵاودەکردەوە، ئەمە ڕێزو خۆشەویستی زیاتر کردو هەموو جارێ بەدەمی بە پێکەنین و قسە خاکە ڕاییەکانی، زیاتر ئێمەی لەخۆی نزیک



دەکردەوە، سەرەڕای هزرو بیرە ئەدەبیەکەی تایبەت بە خۆیەیەوە، لێهاتوویی و زیرەکیەکەشی لەقوتابخانە هەموو ساڵ بە یەکەم دەردەچوو زیاتر دەبوو بە جێی سەرسوڕمان و شانازی پێکردنییان.

من نامەوێ لێرە یادگاریەکان بنووسمەوە، ئەگەر وا بکەم، ئەوا بێگومان بە سەدان لاپەڕەش کۆتایی نایە، بەڵام ئەوەی راستی بێ، ئەوەی کە سەرنجی من و هەموو هاوڕێیەکانیتری ڕادەکێشا،ئەوە بوو کە هەرچەندە دوورە پەرێز بوو لە سیاسەت، بەڵام هەتا ناوکرۆکی ئێسقانی دڵسۆزی خاک نەتەوەکەی خۆی بوو...

بە پێچەوانەی ئێمەو ومانان، خۆی نەگلاندبووە ناو هیچ حزب و حزبایەتیەکەوە. بە هەست و سۆزێکی نەتەوایەتیی لەرادەبەدەرەوە، بە بێ دەنگی و بە جددی کارەکانی خۆی جێبەجێ دەکرد.

دوای دامەزراندنی وەک مامۆستا،پاش چەند ساڵێک هەموو هیواوئاواتی ئەوە بوو کە بەردەوامی بە خوێندنی ئەکادیمی بدات و ببێت بە خوێندکارێکی زانکۆ. لەئاکاما ئەو ئارەزووە پاڵی پێوەنا کە وەک مامۆستایەک بچێتە بەغدا، بەڵکو لەوێ هەلێکی دەستکەوێ و خوێندنی زانکۆ تەواو بکات.بەڵام دوای سەرفوسوون و ماندووبوون و دابڕانێکی زۆر سەخت و پڕ لەسەر ئێشە، بە دڵشکاوی گەڕایەوە هەولێر.

بەندە لە دوای ١٩٧٥ کە وەک "عائدون" گەڕامەوە، جا بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییە سیاسی و نوشستیە دەروونیەی کە دووچاری ببومەوە، خولیای خوێندنیان بۆ پەیدا کردم، وەبوو لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ لە رێی ئەزمونی دەرەکی "امتحان خارجی" لە شەشی ئەدەبیدا شهادەکەم وەرگرت و لەساڵی ١٩٧٨ لە زانکۆی موسڵ لە بەشی زمانی ئینگلیزی

وەرگیرام. ئیتر هەر گەرماو گەرم ئاگاداری هەموو هاوڕێ و برادەرانی خۆم کردەوە، لەوانە مامۆستا ڕەوانشاد "دکتۆر عەزیز گەردی" یش بوو. ئیتر هەر بابابوو لەو هاوڕێیانە کەوتنە خۆیان، بە هەمان ڕێگای ئەزمونی دەرەکیەوە سەرکەوتنیان بە دەستهێناو دوای دوو ساڵ لەزانکۆی موسڵ قبوڵ کران. لەخوا بە زیاد بێ ئێستا ئەو هاوڕێیانە گەر گەیشتبن بە هەر شتێک یان باری ئابووری و گوزەرانیان تا ڕادەیەکی باش گۆڕابێ، لە سایەی ئەم هەوڵ و کۆشش و شەونخونی ئەوسا کەیان بوە و بۆ ئێمە و مانانیش بۆتە مایە شانازی و مرۆڤدۆستی. مامۆستای ڕەوانشادیش، وێرای هاوڕێکانی تر، بە سۆزو شەوقەوە دەستی بە خوێندن کردەوە، ئەگەر هەڵەنەبم. لە ئەزمونی دەرەکیشدا لە شەشی ئامادەیی / ئەدەبی دا، هەروەک ساڵانی خوێندنی پێشووی، لەوەشیاندا لە سەر ئاستی عیراق یان کوردستان، کە ئەوساکە پی یان دەوت " ناوچەی حوکمزاتی" بە پلەی یەکەم دەرچوو.

لە ڕێگای زانکۆی موسڵەوە هاوڕێیەتی من و دکتۆر عەزیز بە هێزتر بوو، تا وای لێهات لە دوایی ساڵی دەرچوونم لە زانکۆ کە من دوو ساڵ پێش ئەو و هاوڕێکانی تر زانکۆم تەواو کرد.. جا کە یەکەم نۆڤێلێتی "زەلیل" م نووسی، بەڕێزیان دوای خوێندنەوەی زۆر بە گەرمی پەسەندی کرد و هانی دام کە بە زووترین کات بە چاپی بگەینم، هەر بەوەندەش نەوەستا پێشەکیەکی جوانیشی بۆ نووسی و منیش هەر بە دەق و مۆری خۆیەوە بڵاوم کردەوە. هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو یادەوەری و دەستڕەنگینیەی بەڕێزیان ئەوە لێرەدا دەقی نووسینەکەی



ڕەوانشـاد، وەک هاوپێچێـک بـڵاودەکەمەوە، کە لە بەرواری ١٩٨١/٩/٢٦ نوسیویەتی دەقی هاوپێچ "زەلیل" لاپەڕە (٣،٤،٥،٦).

تا لە قەربالْغی و ئاپۆڕای خەڵکەکە، دوور دەکەوتەوە، دە ئەوەندی تر لە نـاو جیهـانی نووسـین و خوێنـدنەوەدا دەتـوایەوە... بـۆیە بە هـیچ شێوەیەک هەستی بە تەنهایی و دوورە پەرێزی نەدەکرد. من لەمـانگی ٢٠٢١/١١ دا کە خەریکی دیزاینی بەرگی رۆمانی "لە ژوانی کۆڤیدەکان " دا بـووم لە گەڵ برای بەڕێزم، دیـزاینەر "جەوهەر فەتـاح": نـزیکەی نیـو کاتژمێر قسەم لە گەلی کرد بە TL... هەڵبەت ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی و زۆر شـتی بـاس دەکـرد. بەڵام مـن هەر دڵـم دەدایەوەو هێـورم دەکردەوە و پێم دەوت کە هەموو شتەکان بە ئاسایی وەربگریّ، چونکە ئەگەردار خـرش و بێـبەر بـیّ، کەس پلـوکە بەردی تێنـاگریّ،چ جـای دارێکی باڵا بەرزو وپڕ لە بەرهەمی وەک بەرێزتان.

بە داخەوە من دوایین دیدارم لە گەڵ بەڕێزیان لە نەخۆشخانەی "ژین" بـوو هەر کە چـوومە ژوورەکەی، دوای چـاک و چـۆنیەتی پرسـی: کەی گەڕایتەوە بۆ کوردستان؟ ئەو پرسیارەی زۆر بە ڕاشکاوی ئاڕاستەی کـردم و زۆر بە جـوانیش گـوێی لەوەڵامەکەم گـرت، کەچـی چەرخـی چەپگەرد، زیاتر پەتۆی پێنەدا، دوای سێ ڕۆژ، لەوسەردانەمدا ماڵئـاوایی لێکردین.

ئیتـر هەر لە سـاتە ڕۆژی کۆچکردنیەوە، کـارو بەرهەمە چاپکراوەکـانی، کردی بە سەر قافڵەی هەمـوو رۆشنبیر و نووسـەران و وشـەی جوانی کوردی، کردی بە هێماو ئاڵایەکی بەرزی شەکاوە.

من هەرچی بنووسم و هەرچی بڵێم، هەر دەبێتە دڵۆپێک لە دەریای یادەوەریەکانم، بەڵام تەنها ئەوەندە دەڵێم، کە گەلی کورد، بە کۆچی دوایی دکتۆر عەزیز گەردی، مرۆڤێکی پڕ لە بەهرەو دەگمەن لە زیرەکی، پشوو درێژ لە نووسین، وشیار لە هەڵبژاردنی بابەتەکان، چ وەک نووسەر چ وەک وەرگێڕێکی زمانزانی و شارەزا ئاگادار، لە زمانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەڕەنسی... هەروەها خاوەن بەرهەمی جوان و سەرنجڕاکێش و ڕەوانبێژیەکەی لە زمانی دایک دا لە دەست دەدا...! بۆیە هەتا هەتایە دەبێ نەتەوەکەمان شانازی بە ڕۆڵەیەکی نەبەردو ماندونەناس وەک دکتۆر عەزیز گەردی بکات، ئەو مرۆڤە بلیمەتەی کە خاوەنی زیاتر لە ١٥٠" سەد و پەنجا کتێبی نووسینی خۆی یا وەرگێڕدراوە.... لەپاداشتی ماندووبوون و ئەرکە سەختەکانی، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد، لەسەر هەمووومان پێویستە شانازی پێوە بکەین و وەک مۆمێکی هەمیشە داگیرساو هەردەم لەناو قووڵایی ناخ و ڕووناکی چاومانا، وێنای بکەین.

هیوادارم هەر بەو چلەی ماتەمینیەوە نەوەستین، هەردەم گیانی پیرۆزی زیندوو ڕابگرین، ئەویش بە کردنەوەی مۆزەخانەیەک یان کتێبخانەیەکی گەورە و شایستە بە ئەرک و ماندوو بوونەکانیەوە لە گەڵ تاجە گوڵینەی نەمریدا هەمیشە بەزیندوویی بمێنێتەوەو ساڵیادەکانی بەرز ڕابگرین...! هەروەها ئاواتەخوازم پشکنینەکی ورد بکرێ، لەناو کتێبخانەو دەستنووسەکانی بکرێ، ئەوانەی ئامادەن بۆ چاپ لە زووترین کات چاپ بکرێن.

هیوادارم سەردەمی سەختی کۆرۆنا بە سەرچووبێ تاکو ئێمەش بتوانین یادی ڕەوانشاد و هەموو مرۆڤە گەورەکان بکەینەوەو چیتر نەکەوینە خۆ کەرەنتینەکردن و ژوانی زۆری ملێوە.
ڕەوانی مامۆستاو گەورە ئەدیبی کورد "دکتۆر عەزیز گەردی" شادو گۆڕی چراخان بێت.
هەولێر - پێنجشەمە ٢٠٢٢/٦/٢٣





## زەلیل چیرۆکی راستەقینە
## ١٩٨٢چاپی یەکەم

**ووتەیەک**

(زەلیـل) نـۆبەرەی نووسـینی کـاک حسـام نـیە، چـونکە کـاک حسـام پێشتریش شتی نووسیوەو بەرهەمی هەبووە، ڕۆژگاری تاڵ و ژار یان بەرهەمەکانی فەوتاندووە یان دەرگای بڵاوکردنەوەی لێ داخستووە، بـۆیە (زەلیـل) دەبێـتە نـۆبەرەی بڵاوکـراوەی و پـێش قەرەوڵ کـاروانی ئەدەبی لەمەودوای.

دوای ئەوەی کە (زەلیل)م خوێندەوە لەِرووی بیرو هونەرو داڕشتنەوە بەم جۆرەی خوارەوە تێی گەیشتم:

- **لەڕووی بیرەوە :**

چیـرۆکەکە باسـی خۆمـان دەکـا، باسـی ئەو زەلکـاوی زەلالەت و ڕوو ڕەشـی ناپـاکی یە دەکـا کە بنیـادەمی سـووک و چـروک و دڵپـیس و خۆپەرەسـتی وەک (شـاهین) دەکەوێـتە نـاوی و ڕۆژ بە ڕۆژ زیـاتر لەو زەلکاوە نقم دەبێ، تا هەر بە زەلیل و ڕوو ڕەشی لەو زەلکاوە بۆگەنەدا گۆڕ بە گۆڕ دەبێ و دەبێ بە پەندی زمانەو خزم و بێگانە، هەتا هەتـابێ هەر تـف و لەعنەتـی لـێ دەکەن. بـێ چـاویی نەبـێ چەرخ چەپـگەردی زەمـانە (شـاهین)ی زۆر کـردوەو تـا دێ شـاهینەکان ڕوو لەزیـادین جـا بـۆیە نووسـەر بـابەتێکی چـاکی هەڵبـژاردووە، کە هـاتووە لەو جـۆرە بەدمەزەب و ناپاک خۆفرۆشانەی ڕسوا کردووەو کورد گۆتەنی لەبەر



سەگانی ڕوو کردون... بۆ ئەوەی چاویان لێ نەکا، نەک هەر چاویان لێ نەکا بگرە لەهەر کوێ بێ دێو جامەی سەردەم و چاویان هەڵدانەوەو ڕوویان خوزی مێژوو سواق دا... شاهین کە بەم؟؟؟ بە ناپاکی سەری شۆڕی نایە ناو گۆڕ تائێستاش و هەتا هەتایی کە خەڵک و خوا بە کن گۆڕیدا تێدەپەڕن، تف و لەعنەتی لێ دەکەن، هەقی خۆیەتی.

- **لە ڕووی هونەری یەوە :**

بابەتەکە چیرۆکە، چیرۆکی درێژەو بۆتە چەند بەش و دیمەنێک، دیمەنەکان یەکتر تەواودەکەن و ڕووداوەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە، گێڕانەوەی چیرۆکەکە کەوتۆتە قاڵبی سەرەو پەنای بردۆتە بەر (گەڕانەوەی ئەندێشە) بۆ تەواو کردن و تێکهەڵکێشانی دیمەن و ڕووداوەکان. ئەم بابەتە هەڵدەگرێ ببێ بە رۆمانێکی گەورەو هەموو دەردە کوردو دەردەمەردێکی سەدەی بیستەمی تێدا بخرێتەڕوو. ئەم چیرۆکە تۆوی بەهرەو توانای ڕۆماننوسینی تێدایە ئەگەر نووسەر ئەم تۆوە پەروەردە بکاو لەکاتی نووسین خۆی لەپشوو درێژی ڕابێنێ جێی چاوانی تێدا هەیە ڕۆمانی باش بخاتە کتێبخانەی کوردی یەوە.

- **لە بارەی زمان و داڕشتنەوە :**

لەم چیرۆکەدا، زۆرم هەوەس بەو کوردی یە پاک و پاراوو ڕەوانە هات کە نووبە کاری هێناوە. کە خوێندمەوە بە ڕاستی هەستم کرد شتێکی کوردی دەخوێنەوە ئەو ووشە نازدارو؟؟؟ ناسک و لەجێ یانەی





چیرۆکەکەی پێ گصراوەتەوە دەمانبەنەوە ناو مەجلیسی ڕەسەنی کوردەواری و هەست وسۆزمان پاراو دەکەنەوە. نووسەر ووشەکانی کوردین و خۆی لەو ووشە داتاشراوە بە ناو کوردیانە دوور خستۆتەوەکە ئێستا لە هەندێ نووسین دا باون، داڕشتنی ڕستەکانی کوردانەو خۆمانەن و ئیدۆمەکانی پڕ بە پێستی لە شوێنی خۆیانن. ئومێدەوارم کاک حسام ئەم کوردی یە پاکە بۆ نووسینی شاکاری بەرزتر و گەورەتر بەکاربێنێ و هەر بەو چیرۆکە قەناعەت پەیدا نەکا...

ئیدی ئەمەیە هەستی من و ئومێدەوارم خوێنەری ئازیزیش کە لە خوێندنەوەی (زەلیل) بووەوە هەستی خۆی و باوەڕی تایبەتی خۆی هەبێ و چ سەیریش نی یە ئەگەر تەواو لەگەڵ من دابێ و یان هەر هیچ لە گەڵم نەبێ.

**عەزیز گەردی**

**١٩٨١/٩/٢٦**



# من و دكتۆر عەزیز گەردی

**د. نامیق عوسمان**

دوا بەدوای لكانـدنی هەردوو كـۆلێژی پەروەردە و شـەریعە و یاسـا (زانكـۆی سـلێمانی ) بـە زانكـۆی كـۆیە لە ٢٩ / ١١ /٢٠٠٤ وكـۆلیژ و بەشـەكانی دروسـت بـوون و گەشـەیانكرد ئەویـش بە هەوڵ و ماندووبوونی بەڕێز د. نەبەز مەجید ئەمین بوو.

ئەو زانكۆیە وەكو ژمارە بووە بە چوارەم زانكۆی هەرێمی كوردستان، بەڵام دەتـوانم بلـێم لە ڕووی ئەكـادیمی و زانسـتییەوە سـەرتۆپی زانكۆكانی كوردستان بوو.

ئێمە وەكو مامۆستا بە سەرۆكی زانكۆشەوە وەكو ئەوەی سوێندمان بۆ یەكتـری خواردبێت شـەو و ڕۆژ لە خەمـی ئەو زانكـۆیە دابیـین، بـۆیە دكتـۆر نەبەز داوای لە راگرەكـان، سـەرۆك بەشـەكان، ماموسـتاكان دەكرد هەوڵبدەن مامۆستا بەتواناكانی زانكۆكانی دیكەی كوردسـتان بۆ زانكۆی كۆیە بێنن، جا چ وەكو سەردان چ وەكو راژە گواستنەوە، بۆ ئەم مەبەسـتە زانكـۆی كـۆیە تـوانی كۆمەڵێـك مامۆسـتای بەتوانـا لە خۆكۆبكـاتەوە وانەی بە خوێنـدكارانی خوێنـدنی بـاڵا بڵێـنەوە و سەرپەرشتیی گفتوگۆكانیش بكەن.

.د.عەزیز گەردیش یەكێك بوو لەو ماموستا بەرێزانەی كە زانكۆی كویە وەكو تەواوی زانكۆكـانی دیكەی هەرێمـی كوردسـتان، دڵشـاد دەبووین





ئەگەر ئەویش رەزامەندبێت بەهاتنی بۆ لای ئێمە لە زانکۆی کۆیە، چونکە زانکۆکەمان زۆر پێویستیی بە مامۆستای وانە بێژ هەبوو بەتایبەتیی بۆ خوێندنی بالآ و سەرپەرشتیی و گفتوگۆ بکات بۆ خوێندکارانی خوێندنی بالآ.

رۆژێک سەردانی دکتۆر نەبەز مەجیدم کرد پێم گوت: من حەزدەکەم دکتۆر عەزیز گەردی بێنین بۆ بەشی کوردی وانە بلێتەوە؟ تۆ دەلێی چی؟ لەوەلامدا دکتۆر نەبەز گووتی: زۆر باشە و پێخۆشحالم،ئینجا هەستام چووم بۆ لای دکتۆر عەزیز گەردی لە شارۆچککەی بەحرکە لەهەولێر ئەو باس و بابەتەم لەگەلکرد، ئەویش رەزامەندیی پیشاندا، پاش چەند رۆژێک هات بۆ شارکچککەی کۆیە و بەیەکەوە چووین بۆ زانکۆی کۆیە و دکتور نەبەزمان بینی،ئەوکات د.نەبەز مەجید ئەمین سەرۆکی زانکۆی کۆیەبوو، دوو بەدوو لەگەل دکتۆر نەبەز دانیشتین، د.نەبەز زۆر رێزی لە دکتۆر عەزیز گەردی گرت بە دکتور عەزیز گەردی گووت: چیت دەوێت من لە خزمەتتدام، دکتۆر عەزیز گووتی: بابەتێک هەیە من زۆر لەمێژە بیری لێدەکەمەوە حەزدەکەم دکتورای دووەمم بەزمانی بە ئینگلیزی By Research لەسەری بنووسم، دکتۆر نەبەز گووتی: زۆر باشە من رەزامەندم، ئەوەبوو دکتۆر عەزیز بابەتەکەی کردە داواکارییەک بۆ دکتۆر نەبەز، بابەتەکەش بریتیبوو لەبەراوردکردن بوو لەنیوان دوو چیرۆکی دلداری و میللی هەردوو شاعیری گەورە شکسپیرو ئە حمەدی خانی...دکتۆر نەبەز مەجید هەرئەو کاتە رەزامەندی نیشاندا و فەرمانی پێ دەرچواند Rome And Juliet And Mam And Zin ( Acomparative Study) پاشان



دکتۆر عەزیز داوای دوو سەرپەرشتیاری کرد ئەوە بوو یەکێکیان پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسول بوو، ئەوەی دیکەشیان پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف بوو هەر لەوێ دکتۆر نەبەز رەزامەندی نیشاندایەوە.پاشان دکتۆر عەزیز گەردی بەردەوام بوو لەزانکۆی کۆیە لەسەر وانە گوتنەوەو سەرپەرشتیکردنی خوێندکارانی خوێندنی باڵا لەلایەک و وخوێندن و نووسینەوەی دکتۆرایەکەی لەلایەکیدیکە. ماوەیەکی پێ چوو تەلەفۆنم بۆی کرد گوتم: چۆنیت باشیت ئەی خەریکی چییت، دکتۆر عەزیز لە وەڵامدا گووتی من زۆر باشم...گوتی شانۆگەری رۆمیۆ جولێتی ولیەم شکسبیرم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و خەریکی مەم و زینی ئەحمەدی خانیّ بکەم بە ئینگلیزی.

پاش ئەوەی مەم و زینیشی وەگێرا بۆ ئینگلیزی دەستی بە نامە نووسینی دکتۆراکەی کرد بەبەراورد کردن، سەرەتا بە ژیاننامەی هەردوو شاعیر، بەرهەمەکانیان، لە دایک بوونیان، خویندنیان، کاروپیشەیان ئینجا مردنیان.پاشان ئەو دوو شاعیرە مەبەستیان لەدارشتنەوەی ئەو دوو بەرهەمە چی بوو.پاشان لە بەشەکانی تر باسی پێکهاتەکان دەکات، پێکهاتەی Romeo And Juliet وەکو شانۆگەری، ئەوەی Mam And Zin وەکو داستانێکی شیعری.لەبەشەکانی تر لەکارەکتەرەکان بەراورد دەکات، ئینجا باسی لە تەکنیک و زمان و کێش و سەرواو لێکچون و دژیەک و زمان دەکات.کەنامەکەی تەواوکرد ئینجا هێنای بۆ کۆلیژ و بەشی ئینگلیزی ئەوەبوو سمیناریان بۆ دیاری کرد و بە پلەی زۆر باشە سمینارەکەی ئەنجامدا.بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی داوای لیژنەی گفتۆگۆنامەکەی کرد، داواکەی پەسەندکرا بۆ ئەو



مەبەستە لیژنەکە پێکهات بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر د.محمد باقر تویج وئەنـدامیەتی د.نجـدەت کـازم موسـا، د.ئیسـماعیل مـحەمەد فەهمـی قەرەداغــی، د.ئەیــاد ئەحـــمەد لە بە رواری ٣٠/٤/٢٠٠٩ گفتۆگــۆی دکتۆرانامەکەی سازدراو دکتۆرای دووەمی لە ئەدەب لە زانکۆی کۆیە پێدرا بە پلەی زۆر باشە، مخابن پرۆفیسۆر عەزیز گەردی گوڵزاری نێو مامۆستایانی زانکۆ و دڵسۆزترین روناکبیرە بۆ گەلی کوردستان.

٢٠٢٢/٠٦/٢٩،هەولێر

**پوختەی نامەی دکتۆرای دووەمی عەزیز گەردی لە زانکۆی کۆیە**

ئەم نـامەیە (ڕۆمیۆ و جولێت و مەم وزین – لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد) دوو بەرهەمی دیاری دوو شـاعیری ئینگلیز و کورد: شەکسپیرو خانی بەرداود دەکـات کە هەدوو بەرهەمەکە چیرۆکـی دڵداریی میللـین و ئەم دوو شاعیرە دایانڕشتوونەتەوە.

لەم بەروادەدا، ڕێبـازی بەراوردی ئەمریکـی پەیڕەوکـراوە کە لایەنـی داهێنــانی هەردوو بەرهەمەکە دەردەخـــاو لا ناکـــاتەوە لە پەیوەنــدی مێژوویی و کاریگەری نێوانیان.

شەکســپیر (١٥٦٤–١٦١٦) دەوری (٩٠) ســاڵیش پــێش خــانی (١٦٥٠– ١٧٠٧) ژیاوە.

خـانی لەوە ناکـا ئاگـاداری بەرهەمەکەی شەکسـپیر بـووبێ. ئەو زیـاتر ئاگاداری مەسنەوییە فارسییەکانی فیردەوسی و عەتتارو مەولانا جامی

و گەنــجەوی بــووەو لەســەر شــێوەی مەســنەوییەکانی ئەوان ئەم بەرهەمەی نووسیوە.

هەریەکە لە شەکسپیر و خانی کاری لەسەر چیرۆکێکی کردووە کە لەو ســەردەمەدا بــاوبووە و هەریەکە بــۆ مەبەســتی تــایبەتی خــۆی دایڕشتۆتەوە، ئەوەندە هەیە شەکسپیر چیرۆکێکی ئیتالّی وەرگرتووە، نەک ئینگلیـزی، کەچـی خـانی چیرۆکێکـی کـوردی وەرگرتـووە، واتە کــارەکەی خــانی لەڕووی هەڵبژاردنــی بــابەتەوە لەوەی شەکســپیر نەتەوەیی ترە.

شەکسپیر لەکاتی نووسینی شانۆگەرییەکەیدا چەند دەقێکی جیاوازی چـاپی ڕۆمیـۆ و جـولێتی میللـی لەبەردەسـتدا بـووە، وەکـو دەقەکەی (بـروک) و ئەوەی (پینتەر) کە هەردووکیـان بە ئینگلیـزی بـوون، کەچـی خانی هیچ چاپ یان دەستنووسێکی چیرۆکە میللیەکەی (مەم و زین – مەمــی ئــالان)ی لەبەردەســتدا نەبــووە، تەنیــا گێــڕانەوەی گۆینــدەو گۆرانیبێژەکانەوە ئاگاداری چیرۆکەکە بووە.

شەکســپیر لەداڕشــتنەوەی چیرۆکــی (ڕۆمیــۆ و جولێــت دا)، ژانــری شــانۆگەری هەڵبـژاردووە، چـونکە خـۆی ئەکـتەرو شـانۆگەری نـووس بووەو پاشخانێکی دوورو درێژی لە بارەی تاقیکردنەوەی شانۆگەری نووسین و شانۆگەری دەرهێنانی لەبەردەستدا بووە، هەر لەشانۆگەری نووســە ناودارەکـانی یۆنانەکـانەوە تـا سـەردەمی خـۆی، کەچـی خـانی ژانری (مەسنەوی) هەڵبژاردووە ئەوەیش چونکە مەسنەوییەکی زۆری ڕۆژهەلاتــی (فارســی) لەبەر دەســتدا بــووەو بە ووردی ئاگــاداری هونەرەکە بووە.





ئەم لێکـۆڵینەوەیە بەراورد کردنـی چەنـد لایەنێکـی دوو بەرهەمەکەی تێدایە وەکوو لە بەشەکانی کارەکەدا دەردەکەوێ کە بەم جۆرەیە :
پێشەکی بۆ ناونیشانی بابەتەکەو هۆی هەڵبژاردن و
ڕێبازو چوارچێوەو گیروگرفتەکانی کارەکە تەرخان کراوە.
بەشی یەکەم: پاشـخانێکی گشـتییە لەبارەی ژیـان و بەرهەمـی هەردوو شاعیرەکە:لەدایک بوون، خوێندن، کاروپیشە، بەرهەم، مردن.
بەشی دووەم : بەراوردێکی خێرای سەرچاوە ئەسڵییەکان و کارەکانی شـاعیرەکانە. ئایـا ئەم دوو شـاعیرە مەبەسـتیان لەداڕشـتنەوەی چیرۆکەکـان چـی بـووە؟ چ گۆڕانکیـان لەئەسڵەکەدا کـردووە بـۆ ئەوەی مەبەسـتی خۆیـانی پـێ بپـێکن. ئینجـا بەرداودێکـی کـاری هەردوو شـاعیرەکە کـراوە لەڕووی چـۆنیەتی و چەنـدێتی سـوود وەرگرتنیـان لەچیرۆکە میللیەکانەوە.
بەشی سـێیەم: پێکهاتەی دوو بەرهەمەکە: شـانۆگەرییەکەی شەکسـپیرو پۆیەمەکەی خانی دەردەخات: سەرەتا، هەڵکشانی ڕووداوەکان، ترۆپک، داکشـانی ڕووداوەکـان، کۆتـایی (کـردنەوەی گـرێ)، پـاش کۆتـایی (ئەپیلۆگ).
بەشی چوارەم: بەراوردێکی هەندێ لە کەسێتی و کەرەکتەرەکانی دوو کارەکەیە: ڕۆمیۆ و مەم/جولێت و زین /ئیسکالوس و زێندین/ پاریس و بکر/ دایەن و حەیزەبوون/ میرکۆشیو و تاژدین/ قەشە جۆن و بەنگین.
بەشی پێنجەم: هەندێک تەکنیکی هونەری وەکو :سۆلیلوکوی (لەبەرخۆ دوان)، پێش بینی، خەون، دواندنی شتی بێ گیان!



بەشی شەشەم: زمان و ڕیتم. هەندێک لایەنی شێوازیی دوو بەرهەمەکە وەکو :کێش، سەروا، سۆنێتە، دووبارە کردنەوە، لیست، دژیەک، لێچواندن، خواستن.

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەو پوختەی نامەکە بە کوردی و عەرەبی هاتووە.

ئەمەش هەندێک لە ئەنجامەکان:

– هەردوو شاعیرەکە کاریان لەسەر بەرهەمی میللی کردوەو یەک بابەتیان وەرگرتووە کە دڵداری ناکامی نێوان دوو دڵدارەو هەیەکە بە ژانرێکی ئەدەبی جیاوازو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی چیرۆکەکەی دارشتۆتەوە. شەکسپیر شانۆگەری هەڵبژاردوەو خانی پۆیەم. شەکسپیر مەبەستێکی کۆمەڵایەتی لەپشت چیرۆکەکە دەربڕیوە کە ئاشت کردنەوەی دوو بنەماڵەی دوژمن بە یەکی شاری ڤیرۆنایە، کەچی مەبەستی خانی دەربڕینی بیروباوەڕی سۆفیگەرییەو لەپاڵ ئەویشدا بیروباوەڕی نەتەوایەتی خۆی دەربارەی کوردو مەینەتەکانی دەربڕیوە.

– پێکهاتەی دوو کارەکە : شانۆگەری شەکسپیر نزیکەی (٣٠٠٧) دێرەو بەسەر پێنج بەش و (٢١، ٢٢،٢٤) دیمەن دا دابەش کراوە، ژمارە دیمەنەکان بەپێی چاپە جیاوازەکان دەگۆڕێ.پۆیەمەکەی خانی ٢٦٥٧ دێرە (هەردێرێکی دوو لەتە) و بەسەر دیباجەو (٥٩) بەشدا دابەش کراوە.

– شەکسپیر (٢٤) کەسێتی و کۆرس و (٥) گروپی خەڵکی بەکارهێناوە کە زۆر بە وردی بەسەر دوو کۆمەڵدا دابەشبوونە کە هەر یەکێکیان

سەر بە یەکێ لەدوو بنەماڵە دوژمندارەکەیە، کەچی خانی (١٤) کەسێتی و (٥) گرووپی خەڵکی بەکارهێناوە.
– شەکسپیر یەک خۆشەویستی پیشانداوە کە خۆشەویستی ڕۆمیۆ و جولێتە، خۆشەویستی و قوربانییەکەی وا قووڵ کردۆتەوە بووە بە مایەی ئاشتبوونەوەی دوو بنەماڵەکە. کەچی خانی دوو خۆشەویستی هاوتەریبی پێشکەش کردووە: خۆشەویستی (مەم و زین) و خۆشەویستی (تاژدین و ستی). یەکەمیان خۆشەویستی سەرەکی و خوداییە، دووەمیان خۆشەویستی لاوەکی دنیاییە.خانی دەیەوێ، لەبەراوردکردنی ئەو دوو خۆشەویستییەدا، قووڵایی ئامانجە سۆفیگەرییەکەی دەربخا. خۆشەویستی (تاژدین و ستی)، خۆشەویستیەکی دونیاییەو لەم دونیایەدا پێدەگەن، کەچی خۆشەویستی (مەم و زین)، خۆشەویستییەکی خواییەو لەم دونیایەدا بە ئازار پاک دەبنەوە بۆ ئەوەی لەو دونیا بە یەک بگەن.
شانۆگەرییەکەی شەکسپیر هەموو ڕووداوەکانی بە (٥) ڕۆژ تەواو دەبێ (سەر لەبەیانی یەک شەممە تا سپێدەی پێنجشەممە) و هەموو ڕووداوەکانیش لەناو شاری ڤیرۆنای ئیتاڵین، تەنیا ڕۆمیۆ بۆ ماوەی شەو ڕۆژێک دوور دەخرێتەوە، بۆ شاری (مانتوا), کەچی لەپۆیەمی (مەم و زین)ی خانی دا، کاتەکە زۆر لەساڵێک زیاترە، چونکە هەر تەنیا (مەم) ساڵێکی ڕەبەق لەبەندینخانەدا ماوەتەوە. شوێنی ڕووداوەکانیش هەمووی ناو شاری جزیرەیە تەنیا بۆ ئاهەنگی نەورۆز (سەری ساڵ) و جارێکیش بۆ ڕاو دەچنە دەشت.



- لەکۆتایدا، ڕۆمیۆ و جولیێت خۆیان دەکوژن، کەچی مەم و زین لەبەر ئازارو لەخەفەتان دەمرن ڕۆمیۆ و جولیێت هەر کەسە لەگۆڕی خۆی دەنێژرێ کەچی مەم و زین لەسەر ڕاسپاردەی زین لەیەک گۆڕدا دەنێژرێن، وەکو ڕەمزی یەکگرتنی ئینسان و حەقیقەت لەڕوانگەی سۆفیگەرییەوە. لە ڕۆمیۆ و جولیێتدا، باوکی ئەم دوو دڵدارە هەریەکە پەیکەرێکی زێڕ بۆ منداڵی بنەماڵەکەی تر قیت دەکاتەوە.

پەیکەری زێڕ چونکە ڤیرۆنا شارێکی بازرگانییە و سامانی تێدا کۆدەبێتەوە و شارستانێتی تێدا گەشە دەکا کەچی لە مەم و زیندا، دوو درەخت لەسەر گۆڕەکەیان دەڕوێ و بنەدرکێک لە دڵۆپە خوێنێکی بەکری کوژراو، لەنێو ئەم دوو درەختە دەڕوێ، درەخت نیشانەی کۆمەڵی کشتوکاڵیە کە ئەوسا وڵاتی کوردی پێدا دەڕۆیشت.

# د. عەزیز گەردی نووسەر و هەڵوێست

**شاسوار هەرشەمی**

عەزیز گەردی (٧٥ساڵە)، پیاوێکی بێفیز و خۆ کەمدەرخەرە.نازانم چ گەمژەیەک لە کاتی بێئاگایی و لەسەر تەختی نەخۆشخانە وێنەی گرتووە و بڵاوی کردۆتەوە، چونکە بۆخۆی ئەمەندە ڕەبەن و سۆفیانە دەژییێت، بۆیە لە بە ئاگاییدا، هەرگیز پەسەندی نەدەکرد وێنەشی بڵاوبکەنەوە.تەنانەت زوربەی جارەکان، ئامادە نەدەبوو، تا کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حیزبە مافیاکان، وتوێژیشی لەگەڵ بکەن.ئەو هاوکات خاوەن هەڵوێستی بوێرانەش بوو.کەسێکی شارەزا، چەندان جار بۆمی گێڕاوەتەوە، کاتێک کە زانکۆی کۆیە دروستکرا، لە زۆر بواری وانە گوتنەوە، زانکۆکە کێشەی نەبوونی مامۆستای هەبوو.مەسعود بارزانی، تا پەکی زانکۆکە بخات، قەدەغەی کرد هیچ مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر، لە زانکۆی کۆیە موحازەرە بڵێنەوە و هەڕەشەی دەرکردنی لێکردن.لە ناو هەموو مامۆستاکان، هەر د.عەزیز گەردی بوو، وەک یەکەمین کەسی ڕێچکە شکێن و دژ بە بڕیارە ناڕەواکەی بارزانی، کە بە ئاشکرا گوتی وا دەچم و من هەفتەی دوو ڕۆژ لە زانکۆی کۆیە وانە دەڵێمەوە و سێ ڕۆژەکەی دیش لە زانکۆی سەلاحەددین، دەبا ئەوجا دەرمبکەن! ئەو ئەم بەڵێنەی خۆشی بردە سەر و تا پێویست بوو لە زانکۆی کۆیە مامۆستا بوو.



## ئایا چەند کورد، عەزیز گەردییان خوێندووەتەوە؟

**کامیار سابیر**

وەرگێڕ عەزیز گەردیی، کۆچی دوایی کرد، جێگەی خۆشحاڵییە سۆشیاڵ میدیای کوردیی، تەعزییەباریی پێوە دیارە بۆ گەردیی، بۆ قەڵەم و بۆ کتێب و رۆشنبیریی، ماتەم ئەگێڕن، بەڵام ئایا بەڕاست، ئەم ماتەمییە، هەروەک تەعزییەی کۆمەڵایەتیی، کولتووریکی باوی کۆمەڵگەی کوردییە کە زۆرجار بووەتە ریایی و پۆپیولیزم؟ یان لە واقیعدا، ئەم وەرگێڕە زمانزانە کە چەند زمانێکی زانیوە، کتێبەکان و نووسیینەکانی لە لایەن زۆریینەی ماتەمگێڕانەوە، خوێندراونەتەوە؟ دۆنا تارتDonna Tartt ، لە کتێبی (دیرۆکی نهێنیی)دا، پێیوایە کتێبێک بە باشیی و بە وردیی بخوێنەوە، باشترە لەوەی صەد کتێب، هەر بە چاوخشاندن، بخوێنیتەوە! وێڕای ئەوەی خۆم بە خوێنەرێکی ورد ئەزانم، بە تایبەتییش کەسێک گرنگیی بە زمان و زمانناسیی بدات لە ناو کورددا، هەوڵمداوە بیخوێنمەوە، بەڵام جگە لە یەک رۆمانی وەرگێڕاوی ئەم پیاوە، ئەویش بۆ بەراوردکاریی لەگەڵ دەقەکانی تردا(ئینگلیزیی و عەرەبیی)، شتێکی تری ئەم نووسەرەم نەخوێندووەتەوە! گومانیشم هەیە، زۆریینەی رەهای خوێنەری کوردیش، ئاشنایەتییان بە ئەدەب و نووسیین و وەرگێڕانەکانی گەردیی هەبێت !لە مەرگی ئەم وەرگێڕ و زمانزانەدا، زۆر گرنگە ئاماژە بە شەهامەتی سیاسیی و بە هەڵوێستی

جەرییئانەی ئەو بدرێ.لە زمانی شاسوار هەرشەمییەوە نووسراوە" ئەو، هاوکات خاوەن هەڵوێستی بوێرانەش بوو.
کەسێکی شارەزا، چەندیین جار بۆی گێڕاومەتەوە، کاتێک کە زانکۆی کۆیە دروستکرا، لە زۆر بواری وانە-گوتنەوەدا، زانکۆکە کێشەی نەبوونی مامۆستای هەبوو.
مەسعود بارزانیی، تا پەکی زانکۆکە بخات، قەدەغەی کرد هیچ مامۆستایەکی زانکۆی صەلاحەدیینی هەولێر، لە زانکۆی کۆیە موحاضەرە بڵێنەوە و هەڕەشەی دەرکردنی لێکردن.لە ناو هەموو مامۆستاکاندا، هەر د.عەزیز گەردیی بوو، وەکو یەکەمیین کەسی ڕێچکەشکێن و دژ بە بڕیارە ناڕەواکەی بارزانیی کە بە ئاشکرا گوتی وا ئەچم و من هەفتەی دوو رۆژ لە زانکۆی کۆیە وانە ئەڵێمەوە و سێ رۆژەکەی دیش لە زانکۆی صەلاحەدیین، با ئەوجا دەرمبکەن!
ئەو، ئەم بەڵێنەی خۆی بردە سەر و تا پێویست بوو لە زانکۆی کۆیە، مامۆستا بوو "ئەوەی جێگەی داخە، میلیاردێر و دزە گەورەکانی کوردایەتیی، بە موحافیظکار و بە ئەفەندییانەوە، ئێستا، غەمخۆریی خۆیان بەیان ئەکەن و پرسەنامە بۆ مەرگی ئەنێرن و ریایی لە پرسەکەیدا ئەکەن، لە کاتێکدا تا لە ژیاندا بوو، رۆحییەن ئازاریان ئەدا.رۆحی ئاسوودە بێت و تەمەنی بۆ کەسوکاری بەجێمابێت.



# نووسراوێکی د.عەزیز گەردی بۆ عیسا حوسێن

بەداخەوە ئەمڕۆ ٢٠٢٢/٦/٦ مامۆستاو زاناو بلیمەت پرۆفیسۆر د.عەزیز گەردی دڵی لەلێدان کەوت و ماڵئاوایی لەئێمەو لەوشەی کوردی کرد..ئێوارەی دوێنێ واتا چەند سەعاتێک بەرلە ماڵئاوایی بەهاوڕێیەتی م.هەینی قادرو م.فاروق عەلی و نالی کورم لەلای بووین و وتم من دەناسیتەوە وتی بەڵێ تۆ عیسا یت من نزیکەی ٣٠ ساڵە ئەم زاتەو ئەم زانا بلیمەتە دەناسم و شەرەفی ئەوەشم بەرکەوت کە دوای راپەرین دووساڵ لەکۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین مامۆستام بێ هەردوو بابەتی (کێشناسی عەروز ) لەقۆناغی دووەم و (رەوانبێژی- البلاغة) لەقۆناغی سێیەم پێدەوتین..

لەخۆشەویستیم بۆ ئەو زاتە موحازەرەکانیشم ماوە..لەگەڵ ئەمەشدا کە مامۆستاو خوێندکار بووین بەڵام هەمیشە هاوڕێش بووین و هەمیشە بەمامۆستای خۆم داناوە ئەمەی خوارەوە نووسراوێکی ئەم زاتەیە بۆ بەندە کە تەمەنی ئەم نووسراوە زیاترە لە چارەگە سەدەیەک 25ساڵ و ٥ مانگی بەسەردا تێپەریوە ئەمەش دەقەکەیەتی:

-کاک عیسای دەلال لەماوەی ئەو ساڵانەی کەبەیەکەوە بووین بۆ هەموو برادەران و بۆ منیشت سەلماند کە گەنجیکی رێک و پێک و

لێوەشـاى ,سـوورى لەسـەر بەجێ هێنانى ئەركەكانت , رێزى خۆت و برادەرانـت لەلایە , هەوڵێكـى بەردەوام دەدەى بـۆ خـۆ پـێ گەیانـد , بەهرەیەكـــى نـــازدارى ئەدەبـــى و شـــیعریت هەیە كە ئەویـــش ئەو تروسكەیەیە كەهەموومان لەدوارۆژدا خۆرێكى گەشى تیا دەبینین.

هیوادارم لەبوارى ئەدەبى دا بەردەوام بیت و دوارۆژ خزمەتێكى بەرز بەرەوتـى ئەدەبـى و پەروەردەیـى كـوردو زمـانى كـوردى بـكەى و ئەو رێگـایە بگـرى كە بەولاتـى سـەرفرازیت دەگەیەنـێ هیـوام شـادى و بەختەوەریتە , بەئومێدم دوارۆژێكى گەش و پرشنگدارت ببێ و ببى بەنموونەى گەنجى دڵسۆزو خزمەتگوزارى كورد.

**هەربژیت برات**

**عەزیز گەردى**

**١٩٩٧/١/٧**



# بە ماڵئاوایی د.عەزیز گەردی زۆر غەمبار بووم

**د. ساماڵ مانی**

کتێبی وەرگێرانی ئەو کوردە وەرگێڕە نایابەم لە کوردستانی جاران، خوێندۆتەوە: 'داغستانی من'، ڕەسوڵ حەمزەتۆف.گەرچی ئۆریانا فالاچی-م بە زمانی فارسی خوێندۆتەوە هەر لەو دەمەدا و چێژم لێ بینیوە، بەڵام ئەم کتێبەکانی ئۆریانا فالاچی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، دەزانم زۆر بە سوود بوون. بەئاگام لەوەی نووسەرێکی باش بووە، بێ ئاگام لە نوسینەکانی لەبەر دووری لە وولات.بەڵام دەزانم ئەم هەڵبژاردنەی بە تایبەتی لە وەرگێڕانی نوسینەکانی ئۆریانا فالاچی گرنگ بوون بۆ ژن لە کوردستان.ئەو هەڵبژاردنە ئاماژە دەکات بۆ دانسقەیی لە هەڵبژاردن و لە تێگەیشتن.خوازیارم ناو و یادوەریت وەک پەپولەیەکی زیندوو بمێنێ، لەدوای مردنیش غەدرت لێ نەکرێت.د.ساماڵ مانیی ٦-٦-٢٠٢٢ - *ئۆریانا ڤالاچی، ژیان و جەنگ و هیچی تر، ڕۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨. -ئۆریانا ڤالاچی، پیاوێک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی

وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.  -ئۆریانا ڤالاچی، ئافرەت - رەگەزی بێکەلک، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە - بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٢ -ئۆریانا ڤالاچی، پەنەلۆپە لە جەنگدا، رۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، زنجیرە: (٣٨٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ژمارەی سپاردن: (١٨٦٨)، ٢٠١٢، ٤١٠ لاپەڕە، نرخ: (٣,٥٠٠) دینار.  - ئۆریانا ڤالاچی، نامەیەک بۆ ئەو کۆرپە نێرینەیەی کە هەرگیز لەدایک نەبوو، رۆمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، لەبڵاوکراوەکانی خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، نرخ: (٤,٠٠٠) دینار.   -ئۆریانا ڤالاچی، حەفت گفتوگۆ، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، نرخ: (٦,٠٠٠) دینار.  *ئەمە بەڕێز کاک ئەوڕەحمان مارف بڵاویکردۆتەوە لەسەر نووسینەکانی عەزیز گەردی :

https://www.facebook.com/photo?fbid=2541429539324882&set=a.275584345909424  * کتێبخانەیماڵی وەفایی ڤیدیۆیەکی کتێبخانەکەی عەزیز گەردی بڵاوکردۆتەوە :
https://www.facebook.com/mali.wafai/videos/1121369618419854/



# عەزیزێکی بێ گەرد

**د.ئارام رەفعەت**

که ئەم چەند دێڕە دەنوسم هەست بە خەجاڵەتی دەکەم...چۆن شەرمەزار نەبم، منیش وەک زۆربەتان نەخۆشییەکەی رایچڵەکاندم و بیرم کەوتەوە عەزیزێک هەیە.ئەوێ رۆژێی تار عەزیزێک هەبوو بەرگێکی کوردی خستبووە باڵای شۆڕە ژنێکی داغستانی و منیش هەموو رۆژێ جارێک بە شیلەی گۆنا-وشەی ئەو شۆڕەژنە سەرمەست دەبووم.ئێستا بیرم کەوتۆتەوە عەزیزێک هەبوو، ئەوێ رۆژێی ژێردەستەیی، عەزیزی وشە ئێمەی دەخستە سەر شاباڵی قەقنەسی خەیاڵ و گەشتی دار و بەندەنی داغستانی ئازادم دەکرد.ئەوێ رۆژێ، گەردی وشە هێندە عەزیز بوو، لەخۆشەویستی ئەودا رقم لە هەمزاتۆفی سەر بەرگی کتێبەکەشی دەبووەوە.ئاخر باوەڕم نەدەکرد ئەوە شەکرەخەیاڵی عەزیز نەبێت و هی هەمزاتۆف بێت.لەگەڵ هەر دێڕ و خەیاڵێکدا دەمگووت نا ئەوە بوختانە، هەمزاتۆف عەزیزە و داغستانیش کوردستانەکەی منە.ئاخر چۆن خەجاڵەت نەبم ئێستا بیرم کەوتەوە، ئەوێ رۆژێ عەزیزێک هەبوو.هەر من نا، رۆژگاریش دەبێت شەرمەزار بێت...رۆژگار چۆن شەرمەزار نەبێت لەکاتێکدا قەلەرەشکە هەڵەوەڕەکان بونەتە سەرمەشق و دەچنە ناو چاومانەوە و عەزیزە بێگەردەکانیش بە بێ دەنگی بە نادیدەیی بە کەنارەکانی ژیاندا گووزەر دەکەن.تەندرووستیت باش عەزیزەکەی زمانی کوردی...سەلامەت بیت بێگەردەکەی خەیاڵە شیرینەکانی ئەوێ رۆژێم.



# عەزیز گەردی، عەزیزەکەی هەمووان

**ئەسکەندەر جەلال**

دکتۆر عەزیز گەردی لەزانکۆ مامۆستام بوو، بەڵام لەدەرەوەی زانکۆش یەکترین دەناسی، من لەتەمەنێکی زۆر چکۆلەبووم ئەوپیاوەم جارجار دەبینی لەدوکانی دکتۆر عەبدوڵا خدر مەولودی لەتەیراوەی بەرامبەر مزگەوتی کوێتی..لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵا خدر مەولودی دادەنیشت و هەندێ کتێبم لەدەست دەدیت، زۆرم دەبینی بەڵام نەمدەزانی کێیەو چ کارەیە..هەر لەوان ساڵان هانی دکتۆر عەبدوڵا خدر مەولودی دەداو تاوای لێکرد لەتەمەنێکی کەمێک گەورەوە بچێتەوە قوتابخانە و قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵی ڕۆیشت تا دکتۆر عەبدوڵا زانکۆی تەواو کردو ماستەری وەرگرت و دکتۆراشی بەدەستهێنا..

دکتۆرعەزیز گەردی یەک خەرمانەی گەورەی هەیە لەکتێبی دانسقەو نایاب نایاب کەلەزمانی جیاجیاوە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی..لەمامۆستایەتیشدا مامۆستایەکی تابلێی پڕ زانیاری بوو و ئێمە سوودمان زۆر لێی دەبینی..لەدۆستایەتی و هاوڕێیەتیشدا کەسێکی بەسەلیقەو جوان بوو..

بەداخەوە لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا تووشی دۆخێکی خراپ بوو لەڕووی پەیوەندییەوە خۆی گۆشەگیر کرد..بەڵام لەبەرهەم نەکەوت و لەو گۆشەگیرییەشیدا هەر توانی کۆمەڵێ بەرهەمی جوان و دەگمەن وەربگێڕێتە سەرزمانی کوردی و خۆشبەختانەش زۆرینەیان چاپکران..بیرەوەری و یادو قسەی خۆشی زۆر لای برادەران و قوتابیان و ناسیاوانیشی هەیە..

ئەمڕۆ چەند ڕۆژێکە لەنەخۆشخانەیە ئەمڕۆ زۆرینەی هاوڕێکانم نزایان بۆ کردووەو ئەسەفی خۆیان دەربڕیووە..منیش بە نەخۆشکەوتنی ئەو زاتە مەزنە دڵتەنگم و تەمەننادەکەم تەندروستی باش بێت و بگەڕێتەوە ماڵی خۆی بەسەلامەتی..

هەرتەندروستی باش بێ بەسە، قەینا باهەروەکجاران دەرگە لەڕوومان نەکاتەوە قەینا باهەر مورەمان لێبکات قەینا باهەر هەموومان بەجاسوس بزانێ و لێمان دڕدۆنگ بێ..خوای گەورە شیفای بدات ئێمە قەرزاری تواناوبەهرەو بەخششی ئەوین..

# نووسەرەکانی تر وەک عەزیز گەردی لێ مەکەن

**ئیسماعیل تەها**

مرۆڤێکی نووسەر خاوەن پێگەیەکی تایبەت خۆیەتی، ئەوکارانەی کردوویەتی خوێنەرانی تایبەت بەو بوارانە بڕیاردەدەن چەند سوودی پێگەیاندوون، کەس گومانی لە خزمەتەکانی عەزیز گەردی نییە، ئەو تا توانی خزمەتی کرد، دوای نەخۆشکەوتن و کۆچی دوایی زۆریان باس لە بێنازی ئەو پیاوە و دڵشکاندنەکانی کرد.بەڵام ئەگەر ئێمە بەوە نیگەرانین عەزیز گەردی دڵی شکێندراوە و بێنازکراوە، هێشتا عەزیز گەردییەکانی تر ماون ساڵانێکە خزمەت دەکەن من لێرە ناوی کەس ناهێنم بەڵام کۆمەڵێک ناو هەن لە بواری نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان هەر یەک لەبواری خۆی خزمەتێکی زۆر بەچاوی کردووە، ڕێزی کۆششەکانیان بگرن، ڕێگە مەدەن وەک عەزیز گەردییان لێ بێت.نەک دوای مردنیان دیسان هەمان بەند و بالۆرەی بۆ عەزیز گەردی گوترا، بۆ ئەوانیش دووبارە بکرێتەوە.ئەگەر ئەوەندە خەم لەوە دەخورێت کە عەزیز گەردی هیچی بۆ نەکراوە فەرموون با ئەوانەی تر وەک عەزیز گەردی لێ نەکەین، ئەو هەموو کەسەی شین بۆ عەزیز گەردی دەکەن، هەوڵدەن ئەوەی لەگەڵ ئەو کراوە، لەگەڵ نووسەرەکانی تر کە شایستەی ڕێزن و دووبارە نەکرێتەوە، کە شوکر بایی ئەوە نووسەرمان هەیە خەریکی کارە جددییەکانی خۆیانن، لای کەمی ڕێز بۆ



ئەو نووسەرانە کە کتێبێک چاپ دەکەن، نووسخەیەک لەو کتێبە بکڕن، ئەوەش دەبێتە ڕێزلێنانێکی زۆر گەورە لەو نووسەرانە.ئێمە ئازاین دوای مردنی هەر کەسێک شینێکی کاتی بکەین، بەڵام ئامادە نین لە ژیانیان ئەگەر بە کڕینی نوسخەیەک لە بەرهەمێکی تازەی بێت ڕێزی لێ بگرین، کە ئەوە بۆ خوێنەر شتێکی سادە و کەمە، چونکە بەشێکی گەورەی ڕێزی نووسەر ڕێزگرتنە لەبەرهەمەکەی، هەندێک نووسەر هەن وەک خەڵکێکی تایبەتیان کۆکردۆتەوە کە کتێبێک چاپ دەکەن تیمێک لە کچان دیاری بکەن و وێنە لەگەڵ بەرهەمەکەی بگرن، کۆمەڵێک دەقی کریستالی لەسەر لاپەڕەکان دابنێن و خوێنەرانی پێ ڕاکێشن، بەڵکو زۆربەی جار کتێبەکان لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان تۆزیان لێ دەنیشێت، کاتێک دوای ماوەیەک سۆراغی کتێبەکەی دەکات هێشتا هەر لە شوێنی خۆیەتی نووسخەیەکی لێ نەفرۆشاوە، ئەوەش بۆ نووسەر و وەرگێڕی کتێب گەورەترین ئازارە، ئیتر ئەوە دوای مردنی ئەو چ باسی چ بێنازییەک دەکرێت؟ نووسەرێک کە کتێبێک چاپ دەکات کەمترین نووسخەی لێ بفرۆشێت، کە کتێبەکەی خوێندکاران و مامۆستا مامۆستایان و خەڵکی تریش سوودی زۆری لێ دەبینێت، بۆیە ئێستا وای لێهاتووە باشترین کتێب (٣٠٠) نووسخەی لێ چاپ دەکەن، هێشتا بە ساڵێک و دوو ساڵ نافرۆشێت، بەڵام کە دەشمرێت هەزار کەس باسی بێنازی دەکات.

# دکتۆر عەزیز گەردی، عەزیزی بێگەرد

**شیلان جەلال دەرگەڵەیی**

وەک خوێندکارێکی لە چیرۆکی بەرئاگردان و ئاڤارستان و داغستانی منەوە بۆ بەحرکە...ساڵی خوێندنی ١٩٩٠-١٩٩١ مامۆستا عەزیز وەک وانەبێژ لە ئامادەیی شۆڕشی کچان، نزیکەی مانگێک وانەی ئینگلیزی بە ئێمەی پۆلی٦ گوتەوە و دوایی لایاندا بەبیانووی ئەوەی وانەی زۆرە، ١٧ ڕۆژ مانمانگرت و نەچوینە پۆل و هەموو ڕێگا یاساییەکانمان گرتەبەر تا هێنامانەوە.دوای ٢ ساڵ ڕۆژێک لە کۆلێژی ئاداب بینیم، زۆر خۆشحاڵبووم کە گوتی: قوڕتان بەسەری، کێوەدەچن، لێرەش لەدوتان نابمەوە، دەرستان پێ دەرێمەوە".لە سەردەمی ڕژێم چونکە بەعسی نەبوو، نەیاهێشت لە عێراق خوێندنی باڵا تەواوبکا و لەو لیستەش دەریانکرد کە بۆ خوێندن نێررانە فەرەنسا.حزبە کوردیەکانیش لەدوای ڕاپەڕین کەمتر لە بەعسیان پێنەکرد، چونکە ئەندامی هیچ حزبێک نەبوو...دوای تەواوکردنی زانکۆ، مامۆستاکەمم نەبینیەوە، تا پاش هاتنەدەرەوەم نامەیەکی ١٨ لاپەڕەیی بۆ ناردم، نامەکەی وانەکانی ژیان بوو، چەندجارە ئەمخوێندەوە وامئەزانی ڕەسوڵ هەمزەتۆڤە و لە ئاڤارستان پەند و وتە ناودارەکانی ئاڤارییەکانم بۆ ئەخوێنێتەوە... مامۆستا، پیاوێکی سادە، پاک لەهەمووشت، ڕاستگۆ، دڵسۆز، باسی توانا و لێهاتووییشی هەرناکەم...بەزمانی منداڵ و گەورە، خوێندەوار و



نەخوێندەوار ئەدوا.هاوینی ٢٠١٨ لەڕێگای هاوڕێیەکی زۆر نزیکی توانیم پەیوەندی پێوەبکەم و لەگەڵ دوو هاوڕێم سەردانی ماڵەکەی بکەم لە بەحرکە.لەبەردەرگا چاوەڕێمان بوو، لە باخەکەی ماڵ چەند کورسیەکی بۆ دانابووین.

پێکەوە قاوەیەکمان دروستکرد و هەگبەی پڕبوو لە هەواڵی چەند ساڵەی یەکتر نەبینینمان، هەندەی لەدڵدا بوو بۆم باس بکا، پێش هەموو شتێک گوتی: لەوەتەی ئەتوم نەدیتیە ٢٢ کتێبی دیکەم چاپکردیە، لە دونێوە گۆتت دێم، هەموویانم لۆ دانای، ٥ی دیکەشم لەچاپە، تا جارەکی دی دێیەوە ئەوانیشت لۆ دادەنێم".ئنجا گوتی" :دەزانم حەزدەکەی کتێبخانەکەشم ببینی "بەبینینی ئەو هەموو کتێبەی سەر ڕەفە و مێز و زەوی شاگاشکەبووم، دیاریەکانی منیشی ئامادەکردبوو، لە کونجێک دانابوو، چەندە دڵم بە بینینەوەی خۆشبوو، سەد ئەوەندەش کە مامۆستایەکی خۆم منی خوێندکاری دوای ئەو هەموو ساڵە لەبیربووە و لەهەر بەرهەمێکیشی دانەیەکی بۆم دانابوو.

مامۆستا بەناوبوو بەوەی دیاری لەکەس وەرنەئەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا لێم پرسی :مامۆستاگیان، ئەگەر ئەوجارە هاتمەوە چیت بۆ بێنم؟ چ کتێبێکی ئینگلیزیت بۆ بێنم؟ گوتی" :جارەکی دیش وەکی ئەوڕۆ باقە گورەکی دی بینە، بەس ئەوجارە بینە سەر گۆڕم".من و هاوڕێکانم چاوەڕێی ئەو وەڵامەی نەبوین، زۆرمان لەدڵ گران بوو کە مەرگی خۆی لەلا نزیکە، من تێبینی هیچ نەخۆشیەکی جەستەییم نەکرد، بەڵام باسی ستەمی خۆی کرد کە لەدژی کراوە، زۆر خەمم لە نەهامەتیەکانی خوارد.بەنیازی دیدارێکی تر جێمانهێشت، بەڵام داخی گرانم، دیارە وەک

خۆی داوایکرد، ئەوجارە (بە باقەک گور دەچمە سەر گۆڕی..(.داوای ئەوەشی کرد کە وێنەی بڵاونەکرێتەوە تا دوای مەرگی، لەو ٤ ساڵە ٢ پۆستم لەسەرکرد و دڵم نەهات بێ دڵی ئەو بکەم، وێنەکانیم دانەنا، لام سەیربوو ئەو ڕۆژە کابرایەک وێنەکانی بە نەخۆشی بڵاوکردەوە و لە وەڵامێک بۆ کۆمێنتەکەی منی نوسیوە :ڕوخسەتم لەخۆی وەرگرتووە، لەکاتێکدا مامۆستا بێهۆش بوو و بەتەندروستباشی نەیویست وێنەی بڵاوبکرێتەوە، چ جای بەبێ هۆشی ڕوخسەت بدا!.

ڕۆحی فریشتەئاسات شاد مامۆستاگیان، داخت خستە دڵمان، مەگەر تەنها ئێمەی خوێندکارت بزانین چەندە پاک و بێگەرد و خۆنەویست بووی...سەری ڕێزمان بۆ شکۆ و گەورەییت دائەنوێنین...

کەلێنێکی گەورەت خستە فەرهەنگی وشە و ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردی و دڵی ئێمەش، هەمووکەست لەبیربوو و خەمی وڵات و خاکت لەکۆڵ بوو، ڕۆژێک خەمی خۆت نەبوو و خۆت لەبیرنەبوو، بە کەشکۆڵی خەمەوە کۆچت کرد و مێژوو و گەنجینەیەکی بەنرخیشت لەدوای خۆت جێهێشت...هەرگیز لەیادت ناکەین...



## تا نەمرد کەس قەدری نەزانی؟

### ئیسماعیل خالید گەلاڵی

دوو رۆژە ئەو قسەیە لە سۆشیەڵمیدیا بوویتە باو، گوایە دکتۆر عەزیز گەردی تا نەمرد کەس قەدری نەزانی، ئەو قسانە رەنگە لۆ بەروبازاڕی لایک و کۆمێنتان باش بێ بەڵام لە واقیعدا وا نەبوو.مامۆستا بە شایەدی هەموو ئەوانی نێزیک یان دوور دەیناسن، هەرگیز کاری بۆ ئەوە نەکردووە کەس پێی بزانێ یان یەکێک شاباشێک یان سوپاسێکی موجامەلەی بکا.پیاوی گەورە کە دەبەخشێ، باکی بەوەی نیە کێ بەو بەخشینەی دەزانێ یان نا، رەنگە زۆرجاران وەدووخستنی ناوو ناوبانگ و خستنە بەر تیشکۆی شۆرەت قەلس و بێزاریشی بکا.عەزیز گەردی چەند پڕ بوو هێندەش خاکی، کە پێی لە خاکی دەشتی بەڕانەتی دادەنا سەری لە کەشکەلان دەسووی، نەدەچووە دەرکی دەرباران، بەڵام سەدان کەس ئیکلامیان لۆ دەکێشا تا دەرگەیان لێوەکا، چ ئەوانی خۆیان بە شاگردی دەزانی و دەروێشئاسا بە قوتبی مەداری خۆیان تێیاندەڕوانی و چ ئەوانەش کە بابای ئەوەیان بوو لە سێبەری پڕ نەزاکەتی وی راوەستن و لەبەرچاوان خۆیان بە جوانیەکانی وی ئارایشدەن.مامۆستا باوەڕی بە کۆڕو کۆبوونەوەو ئەو شتانە هەر نەبوو، کەچی هەرچی سەروسەوادێکی لەگەڵ دنیای نووسین و خوێندەوەدا هەبوو، تەمەننای دەکرد ساتەوەختێک لەگەڵی



کۆببێتەوە.لەگەڵ ئەو خاکەرایی و لاچەپگرتنەشی هێشتا هەموو دنیا دەیناسی و کەس نەبوو جورئەت بکا رێزی نەگرێ.سەرەڕای ئەو هەموو زانست و بەرهەمەی، گەورەیی عەزیز گەردی لەوەیدابوو خۆی خاوەنی خۆی بوو، خۆی بڕیاریدابوو چۆن بژی و ئاواش دەژیا کە دەیویست.

نە منەتی کەسی دەزانی و نە زلەقەسەری کەسی لە چاوان دابوو.ئاگادارم تا دوا هەناسە، تەنانەت ئەو یارمەتیانەشی رەتکردەوە کە لە کەسایەتی بەجێ و ماقوڵیشەوە بۆی رادەنران.عەزیز گەردی لەسەردەمی تاریکی خاڵێکی رۆشن و لە جەمعی گرگنە رەنگهەڵبزڕکاوەکان، قامەتێکی بەرزو سپی بوو.عەزیز گەردی ئیشی بەو شتانە نەبوو، شایەک بوو شای بە سەپان نەدەزانی، کێ ئازایە با رەسمێکم لۆ بنێری کە بە درورداو لۆ رەسمگرتنێ راوەستابی و شایی پێهاتبێ.



# بە چەپکێ گوڵەوە چوم بۆ دیدەنیی گەردی

**حاکم سەردار عەبدولکەریم**

لە برادەرانم بیست گەورە نووسەری کورد مامۆستا عەزیز گەردی خەڵک دەناسێتەوە و توانای قسەکردنیشی هەیە، بۆیە دوێنێ ٢٠٢٢/٦/٦ سەرلەبەیانیەکەی بە چەپکێ گوڵەوە چوم بۆ دیدەنیی.... بەشکو بتوانم کەمێک لەئازارەکانی کەم بکەمەوە... چەندە دیمەنێکی کارەساتبار بو کەگەیشتمە ئەوێ دکتۆر مەولود ئیبراهیم بە هەنسکی گریانەوە هەواڵە دڵتەزێنەکەی پێ ڕاگەیاندم ... سەد مخابن ... بەمەرگی عەزیز گەردی گەورە نووسەر، هەولێر جوانترین و ژیرترین و ئەزیزترین کەسایەتی خۆی لەدەستدا، داخی گرانم لەسایەی حوکمڕانیی خۆماڵی ئەو پیاوە هەستناسک و نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێستە بەهەناسە ساردی سەرینایەوە، لەو کورتە دیدەنیانەی لەم ساڵانەی دوایی دەمبینی هەستم بە خەم و ئازارەکانی دەکرد لەدەست بێدادی و ئەزمەی نیشتمانپەروەری. درووود بۆ گیانی پاکت پیاوە بەهەڵوێست و خەمخۆرەکەی گەل و نیشتمان، هەمو کورد قەزاربارتە زۆرت پێشکەش کرد کتێبخانەی کوردیت دەوڵەمەندکرد وشەی کوردیت ڕازاندەوەو جوانترت کرد هەمو تەمەنت بۆ سەربەرزی و چاکەی نەتەوەکەت تەرخان کرد بەبێ ئەوەی چاوت لە چنینەوەی بەری ئەو هەمو ڕەنجەت بێ بۆ خودی خۆت، ئەی ئەزیزی کوردو کوردستان.

# عەزیز گەردی

**مەسعود بابایی**

وەک قوتابییەکی دوکتۆر عەزیز گەردی، چەند ساڵێک لە خزمەتیدا بوومە و باش دەزانم ئەو پیرەدارەی وشە و زمان، "کڵاوی سەری چەرخی دەماڵی" و هەندە خاکەڕا و بەخشندە بوو دەچەمایەوە بۆ پیاڵەی سەری سڕ و سوڕماوی ئێمە و پێزی وشەی لە هۆشمان دەئاخنی و فێری دەکردین تا پڕ نەبین نازانین "چ لە هیچ نازانین"!کە دەهاتە ژوورەوە، چرکەی بە فیڕۆ نەدەدا، لەنێو تۆزی گەچی دەستیدا ون دەبوو؛ پەیڤی پاراو و ڕستەی قووڵ، دنیایەک شیعری کلاسیکی کوردی و زاڵ بەسەر هەموو کێش و سەروای ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی ئیسلامی و عەرەبی، مێژووی ڕەوانبێژی و دواندەری (خطابە) ئەزبەر بوو، هەندێ جار سەرمان دەسوڕما و واقەلواق بە دیارییەوە ڕادەماین لەو بلیمەتییە کە خوداسایی دەدوا و لەو لافاوی زانیارییەی کە هەڵدەڕژایە سەری بچووکی ئەوسامانەوە!

نەتدەتوانی ڕێزی لێنەگری، تەنانەت لاسارترین و بێباکترین قوتابییەکانیش لە کۆڕی وانەی ئەودا بێدەنگ و سەرسام لەسەر کورسی وشک دەبوون !



قســـە لە زاریـــدا پەنگـــی نەدەخـــواردەوە و چـــاوی بەســـەر لاپەڕەدا هەڵنەدەخلیسکا، هیچکات منە منم لێ نەبیست و هیچکات نەمدی وڵامی پرسیارێک بۆ بەیانی هەڵپەسێرێت.دەتگوت یەزدان لە جامی زانستی بێ بنەتای خۆی مەی هۆشیارییی تاهەتایی پێبەخشیوە و سەد مەخابن بۆ کۆچی هەمیشەیی ئەم ڕۆحە مەزنە !پیاوێکتان خۆش بوێ کە خامەی لە کار نەکەوت، نەتەوەکەی خۆش ویست، چەندین نەوەی پێگەیاند و لەو سەرسڕانە دوور بوو کە تەنیا لە "قسەی سەرکێل" تێدەگەن !هیچم لە دەست نەهات بێجگە ئەم ڕستانە بۆ دوایین ماڵاوایی! ئەگەر ڕۆحت لەم دەوروبەرەدا پیاسە دەکات ئەم ئەمەکدارییە بچووکەم لێ وەربگرە!

# عەزیز گەردیی ناو (کرێمستی)

## کەریم کاکە

لە پشوویێک لە سەر تەختەڕەش ئەو دوو دێرەم نووسی :بە ریشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەمالی تۆ ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە بزەت نایێتە سەر لێو، بەزەت نایە بە حاڵمدا ئەگەرچی زۆر لەمێژ ساڵە لە دووت دەخشێم وەکوو سایە مامۆستا خوێندیەوە، پرسی :کێ ئەو شیعرەی هێمنی نووسیوە؟ کەس وەڵامینەدایەوە، گوتی :لەبەر خاتری ئەو دوو دێرە لە بابەتی خۆمان دووردەکەوینەوە و لە رەوانبێژی نزیکدەبینەوە، هەر لەو وانەیەشەوە ناوی بووە مامۆستای رەوانبێژی، مامۆستای رەوانبێژی دەیگوت :ئەو کەسانەی ناخوێننەوە، نازانم چۆن ژیان دەگوزەرێنن !مامۆستای رەوانبێژی شیعر دەکاتە وێنە، خەریکە وێنەی کچێک دەکێشێ لە یەکەم هێڵەوە هەستدەکەم لە گوڵنار دەچێ، ئەوەتا گوڵنار هێندە لێم دوور نیە، لە پێشمەوە دانیشتووە لایەکی رووی لێم دیارە، لە ئاوڕدانەوەیەک تەوای رووی دیار کەوت، وێنەکەی سەر تەختەرەشەکەش لە ئاوڕدانەوەیەک گیراوە، جیاوازی لە بزەیە، ئاوڕدانەوەی وێنەکە بزە لە سەر لێویەتی، مامۆستای رەوانبێژی رێک وێنەی گوڵناری کێشا، جوانیەک لە سیمای وێنەکەدایە، تەنها لە گوڵناردا هەیە، لە بەرانبەر گوڵنار وێنەی پیاوێک دەکێشێ، کتومت منم، بەڵام بە پیری، سەر و ریشی بۆزە، کەمێک بە لای گوڵناردا چەماوەتەوە، وەک بڵێی لە



کڕنووشە، لە پشت منەوە، وێنەی درەختێک لە لقەکانیەوە دیارە چۆتە تەمەنەوە، قەدی درەختەکە زۆر لە بەژنی من دەچێت، منی سەر تەختەرەشەکە نا، مامۆستای رەوانبێژی دەپرسێ :کێ دەتوانێت، درەختی پیر بچەمێنێتەوە؟ کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەو جارەش پرسیەوە :قوتابیەک گوتی :مامۆستا، کەس...هەندێک بە بێدەنگی مانەوە، هەندێک بە((کەس ناتوانێت)) دەنگیان بەرز کردەوە، دەستم هەڵبڕی + : ها، تۆ دەتوانیت؟ –ئەوەی دەتوانێت بیچەمێنێتەوە، تەنها شیعرە. +دەم خۆش، شیعر ئەستەم بارێنێ، شیعر پەرجوو دەنوێنێ، ئەوەیە رەوانبێژی، ئەوینداری پیر بە داری پیر دەچووێنێت، یان بە پێچەوانەوە.گوڵنار ئاوڕی لێم دایەوە، وەک وێنەکە ویستم هەستم کڕنووشی بۆ ببەم، تا وێنەی سەر تەختەرەشەکە نمایش بکەم، شەرم بەستمیەوە.مامۆستای رەوانبێژی وا وێنەی من و گوڵنار دەسڕێتەوە، هێندەی نەمابوو، هاوار بکەم، خۆم گرت، مامۆستا هاتە سەر دێرەکەیدی، گوتی :من کەمێک لێیدەدوێم، دواییش کێ دەتوانێت بە وێنە بیکێشێ، با بیکێشێت، لەو دێرەدا (بزە) و(بەزە) کە هاوئاوازەن و لە رەوانبێژی دەچنە رەگەزدۆزیەوە، ئێ هەموو بزەیەک لە بەزەییەوە نایە، بەڵام لێرەدا بزە بێ بەزە نارسکێت، لێرە جوولەی لێو بە جوولەی دڵەوە بەندە، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، کوڕێک ساڵانێکی زۆرە سەراسیمەی کچێکە، بە دوایەوەیە، بە تەنیشتیەوەیە، تەماشاکە کوڕە تێکەڵی سێبەری کچە بووە و لێکدی جیا نابنەوە، بەڵام کچە بزەیەکی بۆ ناکات، چوونکێ بەرانبەرە وی بەزەیەکی لە دڵدا نیە.مامۆستای رەوانبێژی چووە دووی......لە رۆمانی (کرێمستی)یەوە ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە).



# لە دوێنێوە، پرمە گریانێک بەرۆکی قوڕگی گرتووم

**ئەڤین دزەیی**

لە دوێنێوە،
پڕمە گریانێک بەرۆکی قوڕگی گرتووم،
بەری نادا
لە دوێنێوە،
حەسرەت ژاوەژاویەتی:
باشە گەر ئێستا هەڵم نەکێشی، ئەدی کەی بەتەمای؟
لە دوێنێوە،
(بێ منەتی) پیرۆزییەکی سەیری لە لام دروست کردووە،
هەرچەند دەکەم نازانم چۆنی پێناس
بکەمەوە
..سەیر لەوەیە
(بێ منەتی)
منەتم بەسەردا دەکا
جاران ڕقم لێی بوو
ڕقم لە منەت کردن بوو
ڕقم لە بێ منەتیش بوو



لە فەرهەنگی پەروەردەییم
بێ منەتی نەنگە، شەرمەزاریە
بەڵام
لە دوێنێوە،
بێ منەتی، واتاییەکی دی لە هزرم دروست کرد
هەر زۆر بە نازەوە
دێ ودەچێ، چاوم لێ دەبڕێ،
لێم دەپرسێتەوە
کوا سوار چاکەکەی بێ منەتان!؟
کوا هەناسە ساردەکەی بێ منەتان؟
ئەمجارە لە دوێنێوە،
(شانازی) قرقرتۆکی گرتووم،
نازانم چی بەسەردا هەر بڵێم!
نازانم چۆنی شی بکەمەوە
چۆنی بناسێنم
ئەوجا لە دوێنێوەش،
(دانتی) سوێندی لێ خواردووم،
لە (مەتهەر)ەکەی وێڵ وێڵ
هەتاهەتایی
بە جێم بێڵێ!!
لە دوێنێوە،
(داغستان) داوای خەریتەی (بەحرکە)م لێدەکا،





دەگەڕێم
دەشێوێم
هەرچەند دەکەم،
ئەم لا دەکەم، ئەو لا دەکەم
پارچەیەکیشم بۆ نادۆزرێتەوە
لە دوێنێوە،
سایەقی پیک ئاپە شڕەکەی گوندی ئەو گردعازەبانە،
سۆراغی مامۆستا شەروال لەپێیەکەم لێ دەپرسێ،
ئەرێ ئەوە خیندنی تەواو نەکرد؟
خارە، کێهان خیندن؟ ئی یەکەم، ئی دووەم، ئی پازدەم؟
لە دوێنێوە،
لەگەڵ ڕاگرە شیکەکانی زانکۆکان
مشتومڕمانە
گفتوگۆمانە،
پلان دارشتنمانە!!
والله وبالله..شەڕمانە،
کاممان متفەڕکی دارەمەیتەکەمان بە بەر دەکەوی!
هەندە مەرد بوون!!
نەیان دەهێشت بەتەنیا
ئەو بێ منەت وبەنازە بەتەنیا بەڕێ بکرێ
بەڵام..
هەر ئا لەم دوێنێوەیەی دوێنێشەوە،



لە دوێنێ وبە دواوە..
برایانی گریم..
شەرمەزار وبە قورگی پڕ لە گریان
گازاندەی نەگێڕانەوەی چیرۆکەکانیان
کرد،
لە دوێنێوە بەولاوە،
بە پڕمە ی گریانەوە دەیان ووت:
لەبری چیرۆک
بەدەم ئاگردانەکانی مەزرەعەکانەوە
چیدی
تەنها سەما....
ولە سەما بەولاوشەوە
هیچ چیرۆکێکمان ناگێڕدرێنەوە.

٢٠٢٢/٦/٧ ـ بەرلین

# بۆنی هەڵاڵان دێ
# ماڵت ئاوا مامۆستا گەردی

**چۆلی فایەق - ئەڵمانیا**

نووسین و هونەر و زانست چاکەی هەردەمیین، نووسەر و وەرگێڕ و هونەرمەند و دانەرە ڕاستینە و داهێنەرەکانیش بەو چاکە هەردەمییە هەردەم لە هزر و ژیانی ئێمەدا دەمێننەوە و دوای ئۆغریشیان هەر منەتباریان دەبین. پێوەندیی خۆیی و نزیکانە لەگەڵ نووسەران هەر دەپچڕێت، جا بە مەرگ بێت یان بە هۆی دابڕان و کۆچ و گرفتی لەشساخی و ناخەکی، کە ئەوەش مۆرک و سرووشتی هەموو مرۆڤێکە. بەڵام ئەو پێوەندییەی لەنێو باوەشی کتێب و هزر دەگەڵ نووسەران سازاوە، نامرێت و قەتیش ناپچڕێت. کە بیرمەند و نووسەر و هونەرمەندان لە جیهانی مادده دەپەڕنەوە جیهانی مانا، تاکە دەلاقەی مانەوەی پێوەندی و فێرخوازیمان لەگەڵیان هەر کتێب و بەرهەم و کارەکانیانە. پێوەندی کەسی و خۆییانە ئامانج و خووی نووسەر و بیرمەندان نەبووە، ماڵی ئارامی هەموویان باوەشی کتێب و جیهانی هزر و ماریفەت و مانا و پەیڤ بووە. ئەوساڵ چەندان زانای مەزنی زمان و ئەدەبمان جیهانی ماددەیان جێهێشت و بەرجەستە نەمان، بەڵام دڵشادین کە لە جیهانی مانادا ئێستە و هەردەمیش دەتوانین پێوەندیی بە کتێب و هزر و بیرکردنەوەکانیان بگرین و پرسەکان تاوتوێ بکەین. مامۆستاش لەو جۆرە ئادەمزادانەیە، کە لە جیهانی مانادا ئەوپەڕی



مانـــای خـــۆی نەخشـــاند. بە کـــار و کتێبەکـــانی لە خوێنـــدەواربوون و شـــارەزابوونی چەنـــد نەوەیەک سەردەســـتە بـــوو. لەو مرۆڤـــانەیە، کە قەدیمـــی پێیـــان دەگـــۆتن: ژیـــان و مردنیـــان خێـــرە. مامۆســـتا بە کتێـــب و بەرهەمەکـــانی هەردەم لەگەڵ ڕووبـــاری زمـــان و ئەدەب و هـــزری مرۆڤـــایەتی بەرەو ڕێـــی هەرمـــانی ژیـــانی کـــوردەوار شـــۆر دەبێـــتەوە. هەروەک سەتان بیرمەند و زانا و نووسەری تر، کە سەتان و هەزاران ساڵە مردوون، کەچی بە وشە و هزر و کتێب و هونەرەکانیان هەوکەش هەردەم لەگەڵمانن و لەنێومان دەژین.

ئەوەی زانا و نووسەران لە خەڵکیان دەوێت، خوێندنەوە و تاوتوێکردنی نووســـین و بەرهەم و هزریـــانە. بە پێـــوانەی ژیـــانی بـــاوی مـــرۆڤ بێـــت، ئەوان لە ژیـــانی بـــاودا دەمـــێکە مـــردوون و پەرچەمـــی ژیانیـــان لەنێـــو و لەســـەر هـــزر و مانـــا و پەیـــڤ و گـــوزارە و شـــیتەڵ شـــەکاوەتەوە. خەڵـــک موریدانە و ئەوانیش مورادانە دەژین و دەڕۆن.

 پەیـــڤ نەمـــرە، زانســـت نەمـــرە، زمـــان و هـــزر نەمـــرن، مامۆســـتای مەش هەروەتر. بە زمان و وێژە تـــا هەتـــا نـــاوی لە زۆربەی ئەو هەڵکەوتووانە لەپێشتر دەبێت، کە بنولمستۆفی لە "تاریخی ئێربیل" ناوی ڕیز کردوون و لە نازینیشـــی بەســـەر زمـــان و ئەدەبی کـــوردی شـــان لەشـــانی شـــێخی خـــاڵ و شـــاکر فەتـــاح و مـــاڵی مـــودەڕیس و دەیـــان نووســـەر و ئەدیبـــی دیکەی مەزنی کورد دەدات.

ماڵئـــاوا نـــا، بەڵکوو ماڵـــت ئـــاوا مامۆســـتا، مـــاڵی کتێـــب و پەیـــڤ و وێـــژە و زمانـــت.ووســـین و هـــونەر و زانســـت چـــاکەی هەردەمیـــین، نووســـەر و وەرگێـــڕ و هونەرمەنـــد و دانەرە ڕاســـتینە و داهێنەرەکـــانیش بەو چـــاکە

هەردەمیـــیە هەردەم لە هـــزر و ژیـــانی ئـــێمەدا دەمێنـــنەوە و دوای ئۆغریشیان هەر منەتباریـان دەبـین. پێوەنـدیی خـۆیی و نزیکـانە لەگەڵ نووسەران هەر دەپچڕێت، جا بە مەرگ بێت یان بە هۆی دابڕان و کۆچ و گرفتی لەشساخی و ناخەکی، کە ئەوەش مۆرک و سرووشتی هەموو مـرۆڤێکە. بەڵام ئەو پێوەنـدییەی لەنێـو باوەشـی کتێـب و هـزر دەگەڵ نووسەران سازاوە، نامرێت و قەتیش ناپچرێت. کە بیرمەند و نووسـەر و هونەرمەندان لە جیهانی مادده دەپەڕنەوە جیهانی مانـا، تـاکە دەلاقەی مـانەوەی پێوەنـدی و فێرخوازیمـان لەگەڵیـان هەر کتێـب و بەرهەم و کارەکانیـانە. پێوەنـدی کەسـی و خۆییـانە ئامـانج و خـووی نووسـەر و بیرمەندان نەبووە، ماڵی ئارامی هەموویان باوەشی کتێب و جیهانی هزر و ماریفەت و مانا و پەیڤ بووە. ئەوساڵ چەندان زانای مەزنی زمـان و ئەدەبمـان جیهـانی ماددەیـان جێهێشـت و بەرجەسـتە نەمـان، بەڵام دڵشادین کە لە جیهانی مانادا ئێستە و هەردەمیش دەتوانین پێوەندیی بە کتێب و هـزر و بیرکردنەوەکانیـان بگرین و پرسـەکان تـاوتوێ بکەیـن. مامۆسـتاش لەو جـۆرە ئـادەمزادانەیە، کە لە جیهـانی مانـادا ئەوپەڕی مانــای خــۆی نەخشــاند. بە کــار و کتێبەکــانی لە خوێنــدەواربوون و شــارەزابوونی چەنــد نەوەیەک سەردەســتە بــوو. لەو مرۆڤــانەیە، کە قەدیمـی پێیـان دەگۆتن: ژیـان و مردنیـان خێرە. مامۆسـتا بە کتێـب و بەرهەمەکــانی هەردەم لەگەڵ ڕووبــاری زمـــان و ئەدەب و هـــزری مرۆڤـایەتی بەرەو ڕێـی هەرمـانی ژیـانی کـوردەوار شـۆر دەبێـتەوە. هەروەک سەتان بیرمەند و زانا و نووسەری تر، کە سەتان و هەزاران



ساڵە مردوون، کەچی بە وشە و هزر و کتێب و هونەرەکانیان هەوکەش هەردەم لەگەڵمانن و لەنێومان دەژین.
ئەوەی زانا و نووسەران لە خەڵکیان دەوێت، خوێندنەوە و تاوتوێکردنی نووسین و بەرهەم و هزریانە. بە پێوانەی ژیانی باوی مرۆڤ بێت، ئەوان لە ژیانی باودا دەمێکە مردوون و پەرچەمی ژیانیان لەنێو و لەسەر هزر و مانا و پەیڤ و گوزارە و شیتەڵ شەکاوەتەوە. خەڵک موریدانە و ئەوانیش مورادانە دەژین و دەرۆن.
پەیڤ نەمرە، زانست نەمرە، زمان و هزر نەمرن، مامۆستای مەش هەروەتر. بە زمان و وێژە تا هەتا ناوی لە زۆربەی ئەو هەڵکەوتووانە لەپێشتر دەبێت، کە بنولمستۆفی لە "تاریخی ئێربیل" ناوی ڕیز کردوون و لە نازینیشی بەسەر زمان و ئەدەبی کوردی شان لەشانی شێخی خاڵ و شاکر فەتاح و ماڵی مودەڕیس و دەیان نووسەر و ئەدیبی دیکەی مەزنی کورد دەدات.
ماڵئاوا نا، بەڵکوو ماڵت ئاوا مامۆستا، ماڵی کتێب و پەیڤ و وێژە و زمانت..

# عەزیز گەردی

**عوسمان هورمزیار**

تۆ بەبێدەنگی لەسەر قەروێلەکەت ڕاکشاوی،شاریش بۆنی خەمێکی قورسی لێدێ تۆ بێدەنگی وشاریش لە ئێوارەیەکی قەرەباڵغی پێنج شەمووانی گۆڕستان دەچێ پێم بڵێ! ئەوە چ جادویەک بوو،قەڵەمەکەت بۆیەکجاریش دەستنوێژی نەشکا پێم بڵێ! لەناو ئەو هەموو تاڵییە تۆ چۆن خۆت شیرینکرد چاوت لەهەر کتێبێک داگرتبێ بەپێی خۆی هاتووە بۆ جێی ژووانت دەستت بۆ سینگی هەر ڕۆمانێک بردبێ خۆی دوگمەی سینەی بۆت ترازاندوە سڵاوت لەهەر دیوانێک کردبێ هەزارەها وشە ماچیان بۆ هاویشتی بەهەر دەشتێک گوزەرت کردبێ پاش تۆ بووە بەنێرگزەجار لەهەر ڕووبارێک قومێک ئاوت خواردبێتەوە پاش تۆ بووە بەڕووباری شیروهەنگوین هەر پشکە مەرەکەبێکت ڕژابێ ڕەوە هەنگێک تێیئاڵاون دوو کەناری لێک مارەکرابن،مارەیەکەیان کتێبێکی تۆبووە دوو کۆتر ئەڵقەی دەسگیرانیان گۆڕیبێتەوە،ئەڵقەکانیان دوو وشەی عەیار(٢٤)ی تۆ بووە دووپاساری عاشقی یەک بووبن سوێندی بەلێن ودڵسۆزیان بەسەری تۆ خواردوە، گەر تۆ نەبای (ڕەسول هەمزاتۆف)چۆن کۆڵانەکانی تەیراوە و سەیداوە وسێتاقانی پێدەزانی گەر تۆ نەبای (عەزیزنەسین)چ ئیشی بە کوڕوکچەکانی مەنتکاوە وڕووناکی وئازادی هەبوو گەر تۆنەبای (تۆڵستۆ) بۆ دەهات لە



کۆڵانـەکانی تـەعجیل و خانـەقا و کوران پیاسـەی دەکرد گـەر تۆنـەبای (دانتی)بۆ وازی لەبەهەشت ودۆزەخ دەهێنا و لەچایخانـەی بارام چـای فرِدەکرد ئێمە لەو دونیایە دەستبەردارت نابین و گلەییمان هەیە ودەڵێین بۆ زوو رِۆیشتی شەهیدەکان لەدونیاکەی تر شاگەشکە بووینەو گلەییان هەیە و دەڵێن بۆ درەنگ هاتی پێم بلێ چ کـەین وبـەینێکت لەگـەڵ شـەکر هـەبوو،چۆن رِەنـگ وتـامی خـۆی بەتۆبەخشـی، پـێم بلـێ ئـەو هـەموو قەڵەرِەشە بۆ نەیانتوانی خاڵێکی رِەش بخەنە سـەر بەفری رِووحت پێم بلـێ قـەڵای هـەولێر بـۆ بـەرِدێنی سـپیەوە شـەرمی لێتـدەکرد ولەبـەرت هەڵدەستا پێم بلێ منارەی چۆلی بۆ بەئاوات بوو وەک تۆ بەژنی بڵندبێ خۆت فەرامۆشکرد و دڵت نەهات ئێمە فەرامۆش کەی خۆت لـەبیرچۆوە و پـەیژەی سـەرکەوتنت بـەرەو خـۆر لەبیرنـەچوو خـۆت گۆشـەگیرو گۆشەنشـین کـرد و ماڵـەکانمانت ئـاوەدان کـردەوە ئێمـە چەنـد گونـاح بووین،تـۆ نەتهێشـت شـیاوی بـەزەیی بـین نـۆ نەتهێشـت بەخۆمانـدا بشکێینەوە و هەست بەبێ نرخی بکەین فێرت کردین بەکوردی بدوێین بـەکوردی بنووسـین بـەکوردی بمـرین تـۆ هـەردەبێ لەپێشـەوە برِۆی وئێمـەش لـەدوات سـەرقافلەی ئـەدەب وزمـان و وەرگێـرِان عـەزیزی نیشتمان کەرەمکە فەرموو گەورەم تۆ لە پێشەوە برِۆ)..

٨/٦/٢٠٢٢

# ئەوە فرمێسکە نەک ووشە

**فەهد گردەوانی**

کتێبەکان هۆرە هۆڕی گریان یانە هەتا ئەمرۆ ٢٠٢٢/٦/٦ کێ بینیوویە کتێب بۆی بگرێی هەر گریان لە کتێب دەخوێنینیەوە گریان چی یە کتێبەکان دەزانن تازە بێناز لەناو کتێبخانەکە دەمێننیەوە دەستی عەزیز گەردی بە پشتیان بە سینگیان بە بەرگیان دانایەت تازە بە تەنها دەمێننەوە کە رەسول حەمزاتۆڤ مرد داغستان پرسەی بۆ دانا هەنووکە داغستان بۆ عەزیز گەردی دەگرێی دەزانی تازە یەکێکی تر وەکو ئەو دڵسۆز نابی بۆ حەمزاتۆڤ وداغستانەکەی داغستان زانی ئەوە عزیز گەردی بوو بە کوردستانی ناساند هێشتان دانشگا و قوتابخانەکان نەیاندەزانی ڕەوانبێژی چی یە عەزیز گەردی روونبێژی و واتاشناسی و جوانکاری بۆ دانان بەرگی یەکەم لە بەغدا ١٩٧٢ بەرگی دووەم لە هەولێر١٩٧٥ بەرگی سێ یەم لە سلێمانی ١٩٧٩ ئەوانە بوونە وانە و قوتابی پێڕادەگەینی و مامۆستا شارەزا دەکات لە ئەدەب وفەرهەنگ پێکەوە چووینە چاپخانە لای [کاکەی فەلاح] بۆ سلێمانی بەرگی سێ یەم لەوێ لەدایک بوو چاپکرا لەوێ چووینە گردی سەیوان لای شاعیران یەکە یەکە گۆڕەکانمان ماچ کرد هەر لەوێ کارتەکی پیرۆزبایی مان بۆ عەزیزی مەلاڕەش ڕەوانەکرد بە ناوی خوازراو کە گەڕاینەوە پیرەهەولێرێ دوای چەند ڕۆژان عەزیزی مەلاڕەش کەیف



خۆش بوو باسی دەکرد خوێنەرێک سەرسامە بە نووسینی لە شاری سلێمانی جار جارە بۆ گەڕەکی ڕۆناکی دەچووینە مالّی ئەحمەد شێخۆی مامم نانمان دەخوارد بۆ حەسانەوە و چاخواردنەوە دەچوینە چایخانەکەی لای هێلّی شەمەندەفەر یان دەچووینە ناو گیاکانی گلکەند کتێبی تازە هەبوایە باسمان دەکرد یان باس باسی ئەدەب و فەرهەنگ بوو دەبوایە ئەوەی لەگەلّت بێت بزانی میزاجیت چۆنە دەنا هاوڕێ یاتی ماوەی کورت بوو جارێک گووتم لەسەر مێزی مەکینەی دوورمانی چوار میعرم نووسی گووتت خۆت فێربکە لەسەر حەسیری ڕاکشێ لەسەر عاردی بنووسە هەر لەنووسین دەستت بەرنابی پشووی هاوینە ماوەیەک دەگەڕایەوە بەحرکە لەوێ بەرهەمت تەواو دەبوو بە دەست پڕی دەگەڕایەوە شاری دەبوایە کتێب و ڕۆژنامە لە دەستت بێت گرنگ نەبوو بچیە ناو بازار یان میوانداری کە پێمگووتی دەڕۆم ئیتر ناگەڕەێمەوە گووتت نامە مەنێرە هەوالّت لە مامت یان لە خوشکان وەردەگرم بەلّێنم هێنا دی بەلاّم لە هاوڕێ یان دەمپرسی و چاک دەمزانی خەریکی چی ئەی نووسەرە بەرزەکە ئەی وەرگێرە دەست ڕەنگینەکە ئەی عاشقی کتێب ئەی مرۆڤە دەست پاک و رووح پاکەکە ئەو سەفەرە زۆر زوو بوو بۆ هێندە لە چواردەوەرەت زیز و بێزار بووی بۆ ئاوا زوو لە ووشەی کوردی و پەیڤی کوردی دابڕای بە هێمنی گووتت ئیتر ژیان تەواو مامۆستا عەزیز گەردی هەتا ووشە و پەیڤی کوردی بژی ناوی تۆ و بەرهەمەکانی تۆ لەلای هەمووان زیندوون روحت شاد و یادت زیندوو.

٢٠٢٢/٦/٩ستۆکهۆلّم

# چەند وشەیەک و یادەوەریەک
# لەگەڵ مامۆستا عەزیز گەردی

**تـارا ئەحمەد**

مامۆسـتا عەزیـز گەردی وانەی وەرگێڕانـی پێـدەوتینەوە.کاتێـک دەهـاتە پـۆلەوە نەمانـدەزانی چـۆن کـات تێـدەپەڕێت.مامۆسـتایەکی سـادە و ساکاربوو، بەڵام پڕ بە مەعریفەت و بەڕێزبوو.
هەرگیـز جیـاوازی لە نێـوان خوێندکارەکانـدا یـان شـار و نـاوچەدا نەدەکرد.مرۆڤێکی هەتا بڵێیت خاکی و بێفیز و دڵسۆزبوو، لە ناوەڕاستی سـاڵی خوێندنـدا بـووین لە پـڕ مامۆسـتا عەزیزیـان لابـرد و مامۆسـتا کەمالیان دانا.ئێمە زۆر نیگەرانبووین، بەهەرحـاڵ مامۆسـتا کەمـال تـازە گەڕابـوەوە لە فەرەنسـا.زۆر شـێواز و مـامەڵەی لەگەڵمانـدا ڕەق و بێڕێزبوو، جیاوازی لە نێوان خوێندکاراندا دەکرد بە تایبەتی بەرامبەر بە ئەوانەی لە سلێمانیەوە هاتبووین.
ئـێمەش واتـا مـن و هاوسـەرم کە ئەوکـات هـاوپۆلبووین کەوتینـە کۆکردنەوەی ئیمـزا لە نـاو خوێنـدکارانی پۆلـدا کە نـزیکەی ٥٠ قوتـابی دەبووین، توانیمـان ٣١ واژۆ کۆبکەینەوە.لەو کاتەدا مامۆسـتا جەمشید حەیدەری سەرۆکی بەشی زمانی کوردیبوو.دوای کۆبونەوەی سەرۆکی بەشـی کـوردی لەگەڵ مامۆسـتایانی بەشـەکەمان، بڕیاریانـدا بە گەڕانەوەی مامۆستا عەزیز، ئەمەش هەم جێگەی خۆشحاڵیمانبوو هەم



دەسکەوتێکی گەورەبوو.کاتێک مامۆستا عەزیز خۆیکرد بە پۆلدا وا دەرکەوت کە هیچ ڕوینەدابێت و زۆر ئاسایی دەستیکرد بە وانە وتنەوە. بەڕاستی مەزنی ئەم مرۆڤە لەوەدابوو.ئەم ڕووداوە یەکێکە لە بیرەوەریە جوانەکانی ژیانم، لە دڵەوە غەمباربووم بۆ ئەم کۆچە ئەبەدیەی مامۆستا عەزیزی خۆشەویست.هەرچەندە لە دواساتەکانی ژیانیدا هەوڵمدا دەنگم بیگاتێ و سوپاس و خۆشحاڵی ئەو ڕۆژانەی بکەم کە ناسیم و وانەی پێوتمەوە، بەڵام زۆر درەنگ بوو، زۆرجار دەڵێم ئێمەی مرۆڤ بەتایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کە زۆر مردوپەرستی زیندوکوژین.

ئەم مرۆڤە مەزنە کەمترین کات بەسەرکراواتەوە و لەپێشە هەرکەسێکەوە لە خۆمەوە دەستپێدەکەم، ئینجا کۆمەڵگا و دەسەڵات بە پلەی یەک، زۆر بە داخەوە.سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ ئەم مرۆڤە بە هەڵوێست و خاوەن قەڵەمی ئازاد وسەربەخۆ و دژە دوو ڕوو بەرژەوەندخواز و کۆیلایەتیە.

ماڵئاوا مامۆستای ئەزیز و بەڕێزم، هەرگیز لەبیرمناچیتەوە، لە بیرەوەریەکانمدا جێگەی تایبەتیت هەیە.یادت هەمیشە بەرز و بەڕێزە.تۆ نەمری و بە نەمری دەمێنیتەوە.

# لە دیداری عەزیز گەردیدا*

**حەیدەر عەبدوڵڵا**

لەوەتەی سەروکارم لەگەڵ خوێندنەوەدا پەیدا کردووە، عەزیز گەردی لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە دەناسم.تاکە وەرگێڕێک کە ئێستە هەموومان شانازیی پێوە دەکەین، بە وەرگێڕێکی مەزن و هەڵکشاوی زمانی کوردی نێوزەدی دەکەین، ڕۆژانە بە شانوشەپێلکیدا هەڵدەدەین، عەزیز گەردییە.

دەمێکە حەز دەکەم بچمە دیدەنی، لە دەریای ئەزموونەکانی سوود وەربگرم و بە قسە خۆشکەڵەکانی خۆشباربم.

لەم ڕۆژانەدا ئارەزووی دیداری ئەم زانا کوردە کەللەی گەرم کردمەوە، پێوەندیم بە چەند کەسێکەوە کرد، کە ئەم دیدارەم بۆ ڕێک بخەن، هەموو وتیان باشتر وایە نەچیت، چونکێ ئەو نەخۆشە و لەوانەیە دەرگەشتان لێ نەکاتەوە!

بەم بڕوبیانوانە دڵم ئاوی نەخواردەوە، هەر سووربووم لەسەر ئەوەی دەبێ هەر بیبینم.نیوەڕۆییێک پێوەندیم بە هێمن خورشیدەوە کرد و گوتم: بابڕۆیین.

–بۆ کوێ؟

+ماڵی عەزیز گەردی.

–کاکە شتی وا چۆن دەبێت، بە بێژن و هیچ پێشەکییێک؟

+برا ئەگەر دێیت، دەنا من بە تەنیا دەڕۆم...



-دەی منیش دێم...
ڕۆیشتین، لە ڕێگە هەر باسی کتێبەکانی (داغستانی من، لاوەچ، قۆڵبڕ، سەروا، درەختی چل داستان
،زارا عەشقی شوان،
ژیان و جەنگ و هیچی تر)مان دەکرد.
دوای سۆراخ و پرسیێکی زۆر، گەنجێگ ماڵەکەی نیشاندایین و هەر خۆیشی لە دەرگەیدا...پیاوێکی پیر هاتە دەر، بۆی چووم و هەر خێرا ئەولا و ئەملام ماچ کرد، ئاخر ناهەقم نەبوو، وامزانی عەزیز گەردییە...گوتی: ببوورە من برای ئەوم...تەزووییێکی سارد بە جەستەمدا هات.هێمن خورشیدیش لەم لاوە لەبەر پێکەنین خەریک بوو لە هۆش خۆی بچێت..
بە هەمەحاڵ، گوتم: هاتووین بۆ لای مامۆستا عەزیز گەردی.
گوتی: بەداخەوە بە کارێک دەرچوو...دەمێک قسەمان لەگەڵ برایەکەی کرد و
بە دڵشکاوی گەڕاینەوە...
ئەمڕۆ ١٩/ ١/ ٢٠١٥، دیسان بە هومێدی دیدەنی، کەوتینەوە ڕێ، خوا هەڵناگرێت برایەکەی کارئاسانیی زۆری بۆ کردین، ڕێک لەبەردەم دەرگا وەستیان و مامۆستا عەزیز گەردی دەرگای لێ کردینەوە، زۆر بە خەمباری پێشوازیی لێ کردین، گوتم: ببوورە مامۆستا کاتت دەگرین، گوتی: کات هیچ بەهای نییە!
گوتم: ئاخر لە لای تۆ بەهای خۆی وەرگرتووە.

گوتی: لەکنە من لە هەمووشتێک پیسترە! یەکسەر هاتەسەر ئەوەی کە غەدری لێکراوە، ئەزیەت دراوە، خولاسە بەشێک لە دەردە دڵی خۆی بۆ هەڵڕشتین.

کتێبێکی بە دەستەوە بوو، تەماشام کرد کتێبی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان) بوو.

دۆشەکێکی لە دەرەوە ڕاخستبوو، گوتی: فەرموون دانیشن، بینیم کتێبێکی دیکەشی لەبەر دەست بوو، لاپرەیەکی سپی لەنێو دانابوو، ئەویش ڕۆمانی (ماڵی نانی) بوو.گوتم: چما تۆ کتێبی نوێ بابەتیش دەخوێنیتەوە؟

گوتی: حەز دەکەم هەرچییەک کە دەردەچێت، بخوێنمەوە، بەس کوا پێ ڕادەگەم؟

بۆیە ئەو پرسیارەم لێی کرد، چونکە بەشێک لە نووسەرە کۆنەکان، کە باسی بەرهەمی ئێستەی نووسەرانیان بۆ دەکەیت، گرژ دەبن، دیارە ئەوانیش ناهەق نین، لەنێو نووسین پاشاگەردانییەکە، کەس بەکەس نییە.

مەجلیس گەرم بوو، بەرەبەرە ڕەنگ و ڕووخساری دەگەشایەوە، دەستی بە نوکتە و قسەی خۆش کرد.زۆر بەڕێزەوە دەدوا.

گوتم: مامۆستا تۆ لەنووسینەکانت وشەی هاوواتا زۆر بە دوای یەکەوە دەنووسیت...گوتی: ڕاستییەکەی من دەمەوێت وشە بە تەرازوو دابنێم، بەڵام دەشکرێ وام کرد بێت، بەڵام شێوازی دەقە ئەسڵیەکە زۆرجار شێوازی وەرگێرانت پێ دەگۆڕێت.

هێمن خورشید گوتی: مامۆستا من ئەو تامەی لە کتێبی (داغستانی من) کردم، نەمتوانی ئەو چێژە لە کتێبەکانی دیکەی تۆ بکەم.



گوتی: یەک خاڵی زۆر گرنگ هەیە، ڕاستە من لەو کتێبە زۆر خۆم ماندوو کردووە و وشەی جوانم تێدا بەکارهێناوە، بەڵام من پێم وایە بابەت دەور دەبینێ.تۆ دەبێ بۆ هەر بابەتە و زمانێک بەکار بێنێ.لەوانەیە زمانی داغستان وای لێ کردبم بەم شێوە ناسکەی تۆ دەیڵێیت وەربگێڕم.

لەبارەی نووسینەوە گوتی: من پێش نەخۆشییەکەم، لە بەیانییەوە تاکوو دەمژمێر یەکی شەو دەمنووسی، بەڵام ئێستە بڕستم لێ بڕاوە.

گوتم: ڕاستییەکەی تۆ شایەنی خەڵاتێکی گەورەی، ئەو خزمەتەی تۆ کردووتە کەم نییە...

بەمە نەختێک دەموچاوی تێکناو و فەرموو: بۆچی تۆ خەڵاتت پێ هێندە شتێکی گەورەیە؟ ئەوەی هیچ نەبێ لە کوردستان خەڵاتە.

کێن ئەوانەی خەڵات دەدەن؟ بۆچی دەیدەن؟ خەڵات ڕەتکردنەوە، لە خەڵات وەرگرتن باشترە.

لاییێکی بۆ کردمەوە و گوتی: نابرا! تۆ بە هەڵە لە خەڵات تێ گەیشتوویت، بە دەیان جار ناوم بۆ خەڵات وەرگرتن، نووسراوە، ڕەتم کردووەتەوە...

گوتی: یەکجار خەڵاتێکی زۆر گەورەم وەرگت، با بۆت بگێرمەوە چۆن، لە چایەخانەی مەچکۆ، کابرایەک گوتی: ئیلاوبیلا دەبێ بچینەوەماڵەوە، دۆڵمەمان هەیە دەبێت لەگەڵمان بخۆیت.منیش دڵم نەشکاند و لەگەڵی چووم...وەختێک لە ماڵیان دانیشتم، کابرا بانگی کوڕەکەی کرد و گوتی: کۆرم وەرە ئەوە عەزیز گەردییە! کوڕەکە سەرێکی بە ژووردا گرت و گوتی: تخوا بابە ئەوە عەزیز گەردییە! دواتر منداڵەکە هات لەگەڵمان دانیشت، ناوەناوە سەری خۆی خوار دەکردەوە و دەیگوت: تخوا بابە



ئەوە عەزیز گەردییە.تومەز چیرۆکەکانی منی خوێندبوونەوە، یان بۆی خوێندرابوونەوە...ئەوە باشترین خەڵاتە کە من وەرم گرتبێت.

لەسەر زۆر بابەتی ئەدەبی قسەمان کرد...ئەو پێی وابوو کەسێک گەر بیەوێت بنووسێت، دەبێ بازنەی خوێندنەوەی فراوان بکات، خۆی بە زلتر نەزانێت، دەنا باشتر وایە واز لە نووسین بێنێت.دەیگوت ئاخر چۆن دەکرێ بنووسی و ئاگات لە نووسینەکانی هەژار و هێمن و عەلائەدین و مەسعوود محەمەد و، مەلاشوکر...نەبێت.

گەردی کەسێکی خاکی بوو، بە شەڕواڵە تۆزاوییەکەی هێندەی تر خۆی لە دڵی ئێمەدا شیرین کرد.ژیانی ئەو جگە لە کتێب هیچی تر نییە...ڕەنگی ڕووخساری زۆر لە ڕووپەلی کتێب دەچوو.

گەردی زمانی عارەبی، ئینگلیزی، فارسی، فەڕەنسی دەزانێ و پێیان وەردەگێڕێت...وێڕای ئەمانەش، زمانی کوردی بە زۆربەی شێوەزارەکانیەوە دەزانێت.کاتی خۆی بۆ فێربوونی وشە و زاراوەی زیاتر، سەردانی چەندان گوندی کوردستانی کردووە، کە گوتم خەڵکی گوندی (شێخوەسانان)م، پێکەنی و گوتی: کاتی خۆی چوومەتە شێخوەسانان و لە وێ لای (حاجی لاس) زۆر دانیشتووم، زۆر شتی کۆنم لێ پرسیوە...

لە کۆتاییەکەی ویستمان هەستین، گوتی هێشتا دانیشن، دیاربوو مەجلیسەکەی ئێمەی زۆر پێ خۆش بوو...گوتی: بە دڵ خۆشم ویستن.

ڕاستییەکەی لەزەتێکی خۆشم لە دیداری وەرگرت، ئەوەی ویستم لێم پرسی.دەبێ کورد شانازیی بەخۆیەوە بکات، کە کەسێکی هێندە بە توانا و زانای وەک عەزیز گەردی هەیە.

*** لەهەفتەنامەی بەدرخان ساڵی ٢٠١٥بڵاوبۆتەوە**



# عەزیز گەردی گەنجینەیەک لە ئەڵماس

**مومتاز حەیدەری**

هەولێر گەردی مرۆڤێکی جوان و هێمن و لەسەرەخۆبوو، ئەو عیشقی ووشە و زمان و وەرگێڕانبوو، ئەو هەمیشە داکۆکیکارێکی سەرسەختی کۆمەڵگای کوردەواری بوو، د.عەزیز گەردی لووتکەی هەڵوێست و دەوڵەمەندکردن و پێشکەوتنیی ئەدەب و کەلتوری کوردییە، ئەو تەنیا قەڵەمێکی یاخی نەبوو، ئەو بەتەنیا روناکبیرێکی رۆشنفکر نەبوو، بەڵکو گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی مەزنیی سامانی کەلەپوریی نەتەوەیی بوو.ئەو پیاوە، مرۆڤە، کەسێکی خۆنەویستبوو، ئەو بۆ زمانی کوردیی و رێزمانی کوردیی ژیا.

ئەو هەمیشە لەژواندابوو لەگەڵ کتێب و کتێبخانە نازدارەکەی شارۆچککەی بەحرکە.ناسینی من لەگەڵ ئەو کەڵە پیاوە گەورەیە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی سالانی حەفتای سەدەی ربردوو کاتێک من کتێبخانەی حەیدەریم هەبوو لە شاری هەولێر، زۆر هاتووچۆی منی دەکرد و تواندراش سێ بەرگی لە کتێبی ئەدەبی بێگانان کە لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری بوو چاپ و بڵاوبکەینەوە.ئەو قەڵەمێکی ئەڵماسیی بوو، ئەو بە تەنیا ژیا و وەکو قەڵەمێکی یاخیش لە بەرامبەر هەڵپەرستەکان لە شەڕێکی دەستەو یەخەدابوو بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بەخۆیاندابچنەوەو واز لە کاری قورومساغی بێنن...پرۆفیسۆر



عەزیز گەردی لە ژیانیدا زیاتر لە ١٦٠کتێبی وەرگێڕاو نووسی، ئەو ٧٥ساڵەی تەمەنیشیی لە بەرامبەر بەرهەمەکانیدا دەکاتە ١٢٠ساڵ ژیانکردن!
ئەو کات لای گرنگ بوو، ئەو بەهۆی سەرقاڵییەوە نەیدەتوانی لە بۆنە و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەگیی هەبێت، چونکە هەرچی نووسەر و لێکۆڵیاری بیانی هەرشتێکیان لەسەر کورد نووسیبا ئەو دەیکردە کوردی، ئەو جۆڵای زمانەکانی کوردی بە هەردوو شێوە زاری کرمانجی و سۆرانی، عەرەبی، ئینگلیزی،فەرەنسی، فارسی...بوو، ئەو گەنجینەی نێو ئەفسانەکانبوو، لەرێگەی عەزیز گەردییەوە ئەفسانەکانی تورکی و ئێرانی ولاتانی دیکەبووین، هەر لە ڕێگای گەردییەوە ئاشنای نووسینەکانی ئاریانە ڤالاجی بووین.گەورەیی ئەو کەسە لەوەدابوو، خۆی لەهیچ کەس بە گەورەتر نەدەزانی و لەهەمانکاتیشدا خۆشی بە بچوکتر لە کەس نەدەزانی...
بۆیە کە پێتدەگوت دکتۆر، ئەویش لەواڵەمدا دەیگۆت بەخۆت دکتۆر...گیانتشاد مرۆڤە جوانەکەی کورد و کوردستان، بەڵێنت پێدەدەین تاکو لە ژیانمابین هەمیشە یادت دەکەینەووە و بە نەوەی نوێش دەڵێین، گەردی سامانێکی نەتەوەییە لە بیری مەکەن... ئەفسوس ٢٠٢٢/٠٦/٠٦ماڵئاوایی لێکردین.



# ڕێکەوتێکی خۆش و سەرەوخێر بوو

**مستەفا شێخە**

١٦ ساڵ لەمەوبەر لە ماڵی هاوڕێی خۆشەویستم "سولەیمان دڵسۆز" لە "دارەتوو"ی هەولێر لەگەڵ کاکە "سالار عەبدوڕەحمان"ی خۆشەویست یەکترمان ناسی و لە گەڵ ئەویش بووین بە هاوڕێ.یەکەم دیاریی کاکە سالار ئەوکات پێیدام، دوو بەرگ "داغستانی منی"ی ڕەسووڵ هەمەزەتۆفی بەکوردی کراوی ماموستا عەزیز گەردی بوو.ئەوکات من لە شنۆ دەژیام و بە چیاوچۆڵاندا هاتووچۆی دیوی گەرمێنم دەکرد.هەردوو بەرگی داغستانم بردەوە شنۆ و بە تامەزرۆییەوە خوێندمنەوە.ئەم خوێندنەوەیە وای لێکردم ماموستا عەزیز گەردیی خاوەنی داغستانی من و ماموستا "ڕەسووڵ هەمزەتۆف"ی دانیشتووی داغستانی خۆی بناسم.دواتر لە هەولێر دیسان بە هۆی کاکە سالارەوە توانیم لە نزیکەوە بە خزمەت عەزیز گەردی بگەم و جارێک هەرسێمان لە گەشتێکدا بەرەو داغستانی باڵەکایەتی چەند وێنەیەک بە یەکەوە بگرین.من پێموابوو پێی ناخۆشە ئەم وێنانە بڵاوببنەوە، بۆیە لای خۆم پاراستبوومن و ئەوکاتەی نەخۆش کەوت و دوای ژێرخاکبوونی جەستەشی یەک دوو وێنەم لێ بڵاوکردنەوە.بەڕێزانی ئامادەکار و پیشکەشکاری بەرنامەی "رامان"ی تەلەفزیۆنی کوردکاناڵیش بە دیتنی ئەم وێنانە لە تۆڕی کۆمەڵایتییەوە، وایان زانیوە ماموستا هاوڕێیەتیی منی کردووە و لەبەرئەمە بوو ئەم لێدوانانەیەن وەرگرت و بڵاویان کردەوە.ئەگەر بەمجۆرە نەبوایە کەسانی لەمن شارەزاتر زۆر بوون لەم بەرنامەیەدا باسی ماموستا عەزیز بکەن.

# عەزیز گەردی پیاوە جوانەکەی هەولێرێ

**سالار عەبدولڕەحمان**

ئەمن پێموایە بەقەد تەواوی هێزی پێشمەرگەی هەموو حیزبەکانی کوردستان و بگرە زیاتریش خزمەتی میللەتی خۆی کردوە، لەوەش دڵنیام وەرگێڕانەکەی داغستانی من، هەزار جاری لە دەقە ئەسڵیەکەش نایابترە، تۆکمەترە.جاری دیکەشم گۆتیە: داغستانی من، لەلای هەموو کوردێکی بەشەرەف، بێ ئەولا و ئەملا واتە کوردستانی من.دیارە کاتێک باسی وەرگێڕانی کتێبەکەی حەمزاتۆڤ دەکەین، کەمکردنەوەی وەرگێڕانەکانی دیکەی وەکو: پیاوێک سێ نیگار و..و..و...و..و هتد، و دەیان بەرهەمی بەپێزی دیکە نیە.بەڵکو کات و سەردەمی لەباری بڵاوکردنەوەی وەرگێڕانە سیحراویەکە، وەهای کردووە هیچ کتێبێک، شان لە شانی نەدات و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت هەر بەلووتکەیی بمێنێتەوە.ئێستا مامۆستا عەزیز لە حاڵێکدایە، شپرزە، لاواز، دوور لەقەڵەم، دەروونم داغ داغ بووە و هیچم لەدەست نایێت،ئەوەندە نەبێت بڵێم: مخابن..هەزار مخابن حەیف وا لوتکە لەنێو تەم دایە.منیش دەستخۆشی لەو بانگەوازە جوانەی برای نووسەرم مەولوود ئیبراهیم حەسەن دەکەم و دەڵێم: تکایە، وێنەی پڕ پەرێشانی ئەو مەزنە پیاوە دامەنێن، هەرکەس وێنەیەکەی سەردەمی زووتری لەلایە با بڵاوی بکاتەوە.مامۆستا عەزیز گەردی، ڕەمزی دڵسۆزی وکوردپەروەری ونەبەزینە.بەهیوای ئەوەم هەرچی زووترە، عەزیزە نازدارەکەی میللەتی کورد چاکبێتەوە.



# مامۆستا عەزیز گەردی
# سەد بریا لە ڕۆژهەڵاتی ئازارەکاندا مردبای

**ئەحمەد شێربەگی**

ژمارەی ئەوکەسانەی لە ناشتنی تەرمەکەت دا هاوڕێیەتیان کردی لە ژمارەی بەرهەمەکانت کەمتر بوو...ماموستاعەزیز گەردی، ئەدیب، نووسەر.لێکۆڵەر ووەرگێڕ خاوەنی نیزیک بە دوو سەت بەرهەمی ناوازەیە و خزمەتەکانی بە وێژەو ئەدەبی کوردی یەکجار زۆرە.لە بێ ئیمکاناتی شاخ دا یەکەم پەرتووک کە خوێندمەوە "داغستانی من" لە نووسەری داغستانی "ڕەسوول هەمزەتۆف" بوو کە مامۆستا عەزیز گەردی بە کوردێکی زۆر پاراو ولە دلان خۆش وەریگێڕابۆوە سەر کوردی.بە جۆرێک کە منی بردە ناوجیهانی نوکتە جوانەکانی ئەونووسەرەی داغستانی و ئەمەش وایکرد زۆربەی بەرهەمەکانی تری مامۆستا بە دوای خۆی دا پەلکێشم بکات و لەکانیاوی ئەدەبی ناوبراو دا تینوویەوتیم بشکێنێ.زۆر بەداخ بووم بۆ مەرگی ئەوئەدیبە گەورەی کورد کە ئاوابە بێنازی سەری نایەوە...
ئەوکولتورە سەقەتە دەمێکە لەم بەشەی نیشتمان بۆتە نەریت و خەڵک نوخبە و هەڵبژاردەکانی خۆیان ئاوا بە بێنازی لە بیر دەکەن.لە ناخی دڵمەوە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی نەمریی مامۆستا عەزیز گەردی ودڵنیام یادی لە توێی بەرهەمەکانی دا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە...

# عەزیز گەردی ئەکادیمیستی ناوداری کورد، ماڵئاوا

**دکتۆر نووری تاڵەبانی**

ئەدیب و نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد، مامۆستا عەزیز گەردی بە یەکجاریی ماڵئاوایی لێکردین.بەم بۆنەوە بابەتی زۆر بڵاوکرانەوە لەلایەن زۆر لایەنی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسیی، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ رۆڵی ئەو کوردە دڵسۆزە بکەم بۆ هاوکاریکردنی (دەستەی قانوونی باڵای کورد)، کە لە ساڵی هەزار نۆ سەد و نەوەت و دوو، بە بڕیاری خولی یەکەمی پەرلەمانی هەرێم دامەزرابوو بۆ هاوکاریکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.ئەندامانی دەستەکە سێ قانوونناسی ئەو دەمە بووین، بەندە و خوالێخۆشبوو حاکم رەشید عەبدولقادر و دکتۆر عەبدورەحمان رەحیم.حکومەتی هەرێم جێگای بۆ دەستەکە دابین نەکردبوو، بۆیە ماڵەکەی خۆم کردبووە بارەگای ئەو دەستە قانوونیە.

رۆژانە ئەو دوو ئەندامانەی دی دەهاتنە ماڵەکەمان تا کاتژمێری دووی پاش نیمەڕۆ دەمانەوە.کەسێک داوای لە خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز گەردی نەکردبوو هاوکاریمان بکات، ئەو لەودەمە مامۆستا بوو لە یەکێ لە قوتابخانەکانی هەولێر، بە پایسکل دەهات بۆ وەرگرتنی ئەو پرۆژە قانوونانەی دەستەکەمان ئامادەی دەکردن، تا بیانکاتە کوردی.ئێمە لە دەستەکە هیچ توانایەکمان نەبوو تا بیخەینە بەردەستی، بە دەستی خۆم

پرۆژەکـانم دەنووسـییەوە، چـونکە کۆمپیوتەرمـان نەبـوو و کەسـێکیان دەستنیشـان نەکردبـوو هاوکاریمـان بکـات بـۆ نووسـین، یـان لانـیکەم فۆتۆکۆپیکردنیان پێش ناردنیان بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمانی هەرێم.کاک عەزیز بێ ئەوەی کەسێک هاوکاریی بکات، بە پایسکلەکەی دەهـاتە ماڵەکەمـان بـۆ وەرگرتنـی ئەو پـرۆژە قانوونـانەی ئامادەمەمـان دەکرد، پاش چەند رۆژێک خۆی بۆی دەهێنـایەوە.ئەویش کۆمپیوتەری نەبـوو، بەدەسـتی خـۆی، پـاش وەرگێڕانـی بـۆ سـەر زمـانی کـوردی، دەینووسـییەوە بـۆی دەهێنـایەوە، لەگەڵ نوسـخە عەرەبیـیەکە، کە بە دەسـخەتی مـن یـان خوالێخۆشـبوو کـاک د.عەبـدوڕەحمان رەحـیم دەنووسرا.

پێشتر کاک عەزیز گەردیمان نەدەناسی، بەڵام ئەو دەیزانی دەستەکەمان خەریکـی ئەو ئەرکەیە و کەس هاوکاریمـان ناکـات، رۆژێـک سـەردانی کـردین و ئامـادەیی دەربـڕی بـۆ هاوکـاری کردنمـان.هەتـا دەسـتەکە بەردەوام بوو لە کارەکانی، ئەویش بەردەوام بوو لەگەڵمان.

هەزار سڵاو لەگیانی پاکی ئەو کوردە دڵسۆزە.

# بیرەوەرییەک لە عەزیز گەردی

**د سەعدەددین کەریم بەحرکەیی**

هەرچەندە من و مامۆستا عەزیزگەردی هاوتەمەن نەبووین، بەڵام هاوڕێ بووین و خەڵکی یەک گوندبووین و خزمایەتیی و پەیوەندییەکی زۆر باشمان بەیەکەوە هەبوو.

مامۆستا گەردی خۆشەویستیی من و زۆربەی خەڵکی ئاوایی شارۆچکەی بەحرکە بوو.

ساڵی ١٩٨٣ ئەو کاتە من لە قۆناغی سێی کۆلیژی پزیشکی ڤێتێرنەری زانکۆی موسڵ بووم، لە کۆتایی ساڵ لە سێ وانەی ساڵانە کەوتبووم کە بە دەرنەچوو داندرابووم. مامۆستاش تازە چەند مانگێک بوو کۆلیژی ئاداب بەشی زمانی فەرەنسی تەواو کردبوو لە هەمان زانکۆ.

ماڵمان لە گوندی بەحرکە بوو هاوین بوو، وابزانم مانگی ئابوو. ئێوارەیەک لە بن سێبەری دیواری مزگەفتی گەورەی بەحرکە لەگەڵ مامۆستا گەیشتینە یەکدی ( خەڵکی بەحرکە ئەو سەردەمە بە زۆری شوێنی کۆبونەوە خربونەوەیان سەر کانی و سێبەری دیواری مزگەفتی گەورەی بەحرکە بوو بە تایبەتی دوای نوێژی عەسران ) لەگەڵ مامۆستا یەکتریمان بینی و لای یەکتر کەمێک دانیشتین ( ئەو کاتە مامۆستا عەزیز ناوە ناوە دەهاتە لای کانی و مزگەفت ). مامۆستا وتی : سەعدەددین بۆ بەیانی سەرێک لە زانکۆی موسل نەدەین دەڵێن ؛



بڕیارێک دەرچووە ئەوەی لە نیوەی وانەکان دەرنەچووە با تاقیکردنەوە بکات لە خولی دووەم گەر دەرچوو ئەوا بۆی بە سەرکەوتوو حیساب دەکرێت، بۆ تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمیش تەنها (٢٠) بیست ڕۆژەک مابوو، منیش گۆتم زۆر باشە مامۆستا ( جا مامۆستا عەزیز سەفەرکردن لەگەڵی دانیشتن لەگەڵی میوانداری هەموو ی بۆ من وەک ئاهەنگ بوو زۆر حەزم بە دیدەنی دەکرد،هەموو شتێکی ژیانی ڕۆژانەی زانیاری و مەعریفەبوو بۆیە بۆ من و دەوروبەریش قسەکانی وانەیەک بوو قسە خۆشەکانیشی و نوکتە کانی،هەموویان دەچووە انەی قسەی نەستەقەوە ) ناومان لێهێناو بەیانی پێکەوە لەگەڵ مامۆستا عەزیز بە کۆستەر لە گەراجی هەولێر کە لە تەیراوە بوو سواربووین لە موسڵ لە نەبی یونس دابەزین بە ریمەکانی زانکۆ ( کۆمەڵگای زانکۆ) چوینە زانکۆ، لەوێش بە پیان چوینە کۆلیژی من ( کەلەسەر گردەکان بوو لە دواوەی گشت کۆلیژەکان لەسەر گردەکی بڵند ) لە راگرایەتی کۆلیژ پرسیارمان کرد گوتیان : بەڵێ وایە یەک دانە لە فەرمانی زانکۆییان پێدام و خشتەی ڕۆژی تاقیکردنەوەکانمان وەرگرت، لەگەڵ هەرسێ کتێبی ( پاسۆلۆگی و فارماکۆلۆجی و بەکتریۆلۆجی )، بە پاسی ریم هاتینەوە ( باب الطوب ). مامۆستا ئەو ڕۆژە میوانداری کردم بۆ نانی نیوەڕۆو پشووەکی باشیشماندا.

مامۆستا عزیز گەردی وتی : نووسەرێکی فەرەنسی کتابێکی نووسیوە لەسەر گەلی کورد قسەی کردووە، وەرە بابچینە شەقامی نەینەوا کەنیسەیەک لە وێیە و کتێبخانەیەکی کتێب فرۆشی گەورەشی هەیە و قەشەیەکی کریستیانی فەرەنسی لێیە دەچین داوای لێ دەکەین بزانین

ئەو کتابەمان بە خواستن نەداتێ، وایکرد بە بە پاس بچین، لە لای کەنیسەکە دابەزین چوینە ناو کەنیسەکە، پیاوێکی ئەفەندی سۆر وسپی پێشوازی لێ کردین و مامۆستا عەزیز بە زمانی فەرەنسی قسەی لەگەڵ کرد دیار بوو بە تەلاقەت قسەی دەکرد بە فەرەنسی کابرای قەشە زۆری پێ سەر سام بوو و وتی فەرموون، مامۆستا گووتی کتێبێک بەو ناونیشانە چاپکراوە حەزدەکەم بمدەنێ و ماوەیەک بیخوێنمەوەو بۆتان بهێنمەوە، کابرای قەشە داوای لێبوردنی لێ کرد و گووتی :ئەم کتێبە نابی لێرە ببردرێتە دەرەوە قەدەغەیە بەس دەتوانی لێرە بیخوێنیتەوە یان کۆپی بکەیت، مامۆستاش کتێبەکەی وەرگرت، وابزانم هەر لەوێ چەند پەڕێکی لێ کۆپی کرد، ئەوەی ئەو مەبەستی بوو، زۆر دڵخۆش بوو، ئینجا وردە وردە بەرەو شەقامی (نەجەفی و باب الطوب ) شۆڕبوینەوە و هاتینە گەراج و دووبارە بە کۆستەر هاتینەوە هەولێر.

منیش دەستم بە خوێندن کرد، بەڵام ماوەکە زۆر کەم بوو بەڵام هەر سێ تاقیکردنەوەم ئەنجامدا و نمرەی باشم هێنا باش بوو دەرچووم ئەو ساڵەم بۆ بە دەرنەچوو حیساب نەکرا.



# گەردی لە قوتابخانەی سەرەتایی

**دکتۆر سەعدەدین کەریم بەحرکەیی**

لە ساڵی ١٩٥٥ کە بۆ دووەم جار قوتابخانە لە بەحرکە لە مانگی ١٩٥٥/١١ کرایەوە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان چوونە قوتابخانە. سەرەتا لە مانگی ١١ و ١٢، ١ قوتابخانە لە خانووی مام ئەحمەد بووە کە بە ئەحمەدە لال ناسرابوو دواتر بۆ خوێندنی دوای نیوە ساڵ بینایەی قوتابخانە کە لە بەرد دروستکرابوو ( ئێستاش ماوە ) دەچنە ئەو قوتابخانەیە. ئەوانەی ناویان تۆمار کراوە بریتین لە مانەی خوارەوە :-

١- أحمد عبدالله حمد خوالێیخۆشبێت

٢- إبراهیم إسماعیل حسین

٣- أحمد کریم قادر خەڵکی گوندی کەلەکان

٤- حمد خدر حمد

٥- أحمد مصطفی علی خوا لێی خۆشبێت

٦- أحمد عمر خالد خوا لێیخۆشبێت

٧- إسماعیل مصطفی علی

٨- أسکند مجید قادر لە کاتی منداڵی کە پۆلی دوو یان سێ بووە کۆچی دوایی کرد خوا لێیخۆشبێت خەڵکی گوندی پەرپیتان بوو.

٩- پوشۆ سعید جمیل

١٠- بکر عبدالله أحمد

١١- جبار أحمد موستەفا
١٢- جبار عبدالله سليمان بئەندازیانی شارستانی/ خانەنشینە
١٣- جميل مجيد أحمد
١٤- جمال محمود طه
١٥- جميل محمد عپمان پارێزەر
١٦- كانبی حمدأمين محمد ئەندازیاری شارستانی / خانەنشینە
١٧- كاكه زياد بايز جميل پارێزەر
١٨- لطيف علي مصطفى مامۆستا / خانەنشینە
١٩- مجيد قادر سمايل خوالێیخۆشبیت
٢٠- على عبدالله حمدأمين خوا لێیخۆشبیت
٢١- عثمان حمد مصطفى
٢٢- رشيد مجيد حمد مصطفى خوا لێیخۆشبیت
٢٣- عثمان حاجى مصطفى خوا لێیخۆشبیت
٢٤- سامى سعيد رشيد
٢٥- نورى حسن پيرداود خوا لێیخۆشبیت
٢٦- حسن فقى كانبى
٢٧- محمد قرنى سمايل خوالێیخۆشبیت/ خەڵكی گوندی بەربیان بوو
٢٨- محمد حمدأمين وسووبەگ
٢٩- سليمان حمد مصطفى
٣٠- سامى على خالد مامۆستا / خانەنشین
٣١- نورى محمود خضر
٣٢- سامى عبدالفتاح عبدالطفيف ( سامى شۆڕش ) خوالێیخۆشبیت



٣٣- صديق سمايل مام عيسى خوا لێيخۆشبيت
٣٤- محمد حمدأمين حمد حمۆک
٣٥- عزيز عبدالله أحمد (عزيز گەردی) دوو دکتۆرا (خوالێيخۆشبيت)
٣٦- عبدالله حمد بنوش
٣٧- قادر محمد طه مامۆستا / خانەنشينە
٣٨- صابر عزيز حمدأمين
٣٩- صديق صابر کاکەاحمد خوا لێيخۆشبيت.
٤٠- سعيد صابر کاکەاحمد خوا لێيخۆشبيت
٤١- سعدی خضر صالح خوا لێيخۆش بيت
٤٢- صابر حاجی خوالێيخۆشبيت
٤٣- عزيز حمد عزيز خوا لێيخۆشبيت
٤٤- عزيز مصطفى حسين
٤٥- مجيد رسول حسين خوا لێيخۆشبيت
٤٦- حامد رسول حسين خوا لێييخۆش بيت
٤٧- حسين رسول حسين خوا لێيخۆشبيت
٤٨- محمد کريم قادر علی خەڵکی گوندی کەلەکان
٤٩- عثمان شيخ محمد عثمان
٥٠- برهان قادر مجيد خەڵکی گوندی تۆبزاوەی سەر بەستۆڕە
٥١- صمد عزيز زمان خەڵکی گرد عازەبان لە ١٩٧٤ شەهيد کرا
٥٢- فارس عثمان خالد

بە داوای لێبوردنەوە ئەگەر ناوێکم لە ياد نەمابی و نەم نووسيبی.

هەينی ١٠/٦/٢٠٢٢ هەولێر

# بەشێک لە یادەوەرییەکانم لەگەڵ د. عەزیز گەردی

د. حسێن عەلی وەلی

ئەوەی جێـی داخە ئێســتاش بەچـاوێکی فرمێـسـک تێـدا قەتـیس و دەرونێکی زامدار چەند دێڕێک لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستاو کەڵە نووسەرو وەرگێڕی بلیمەت عەزیز گەردی دەنووسمەوە، خۆزگە بەوە دەخـوازم ئەو بیرەوەرییانەم لەکاتێکدا بنووسیباوە کە خۆی لە ژیاندا بوایە، بەڵام کورد دەڵێ داری خۆزگەیان چاند بەری نەگرت.

**ئاشنابوونم بەعەزیز گەردی**

بۆ سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو دەگەڕێتەوە، کاتێک قوتـابی بووم لە ناوەندی هەولێری کوڕان، بەحوکمی ئەوەی ماڵمان لە گەڕەکی سەیداوەبوو ، بەرامبەر خانەی مامۆستایان (دار المعلمین) .

ئێمەش منداڵانی گەڕەک واڕاهاتبووین ڕۆژانە لەناو حەوشە گەورەکەی ئەو باڵەخانەیە یاری تۆپی پێ و سـەبەتەو شـەبەکەمان دەکرد. خانەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی ئەوکـات گەورەتـرین و بەرزتـرین دەزگـای زانسـتی و پەروەردەیـی بـوو لە هەولێر، تەنهـا قوتـابی زیرەک و نمـرە بەرز لەوێ وەردەگیـران، لە حەوشـەی ئەو دەزگـایە زۆربەی ڕۆژەکـان چـاوم بەگەنجێکـی لاوازی سـەرو سـیما دەشـتەکی دەکەوت کە وەک فەقێکانی مزگەوت لە پشت دیواری پشتەوەی بیناکە هاتوچۆی دەکردو بەردەوام خەریکی خوێندن بوو، ئەمن نەمدەزانی رۆژێک دادێت لەگەڵ

ئەو قوتــابیە کە بەردەوام ســەری لەســەر کتێــب و دەرســەکانی هەڵنەدەگرت، دەبینە هاوڕێ و برادەرێکی زۆر لێک نزیک. ئەو گەنجە شەوو ڕۆژ نخونی ئەو عەزیز گەردیە بلیمەت و زمانزان و وەرگێڕە بالا دەستەی لێ هەڵکەوت.

زەمانە بەردەوام بوو لەسوڕانەوە منیش چوومە ئەو دەزگایەو خوێندنم تەواو کردو بووم بەمامۆستا. بەڵام حەزو ئارەزووم بۆ تەواوکردنی خوێندن لە مێشکمدا دەخولایەوە. بۆیە بڕیارم دا خۆم ئامادە بکەم تاکو بەشداری تاقیکردنەوەی دەرەکی (امتحان خارجی) پۆلی شەشەمی ئامادەیی بکەم بۆ تەواو کردنی خوێندنی بەکالۆریۆس لە زانکۆ. خوا کردی بەسەرکەوتویی و کۆنمرەی (٨٠) دەرچوم. کاتێ بەشداری تاقیکردنەوەی سەرەتایی و (تمهیدی) و کۆتاییم کرد زانیم مامۆستای دیش هەیە بەهەمان جۆش و خرۆشەوە ئەو تاقیکردنەوەیان ئەنجام داوە لەوانە عەلی مەحمود جوکل و عەزیز گەردی و سەید حەسەن و مەلا کاکە. کە ئەنجامی تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەم ئیعلان کرا دەرکەوت عەزیز گەردی بە نمرەی (٨٥) لەسەدا دەرچووە، لە ژمارەی ئەوکاتی گۆڤاری (الف باء) کە لە بەغداد دەردەچوو ئاماژەی بەوە کردبوو نووسیبووی (ئەوەی شایانی باسە قوتابیەکی دەرەکی بەنمرەی ٨٥) لە بەشی ئەدەبی دەرچووەو پێنجەمی سەر هەموو عیراقە.

## برادەرایەتیم لەگەڵ عەزیز گەردی

لە سالانی (١٩٨٠) کە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی عیراق و ئێران بوو دوای پڕکردنەوەمان فۆرمی قبوڵ وەکو قوتابی نەک مامۆستای سەرەتایی، ئەمن و عەلی جوکل لە بەشی ئینگلیزی و عەزیز گەردیش

بەشی فەرەنسی کە یەکەم هەڵبژاردەی خۆمان بوو لە زانکۆی موسڵ وەرگیــراین. ئــێمە مامۆســتا بــووین نەمانــدەتوانی دەســتبەرداری موچەکەمـان ببین و دەبوایەش ڕۆژانەش لە زانکۆ دەوام بکەین لەبەر ئەوەی ئێمە سەر بەبەعس نەبووین مۆڵەتی خوێندنمان نەدەداینێ، تاکە ڕێــگە لەبەردەممــان ئەوە بــوو هەوڵ بــدەین نەقڵــی قوتابخــانەیەکی ئێوارانمان بکەن تاکو بتوانین بەیانیان وەکو قوتابی و ئێوارانیش وەکو مامۆستا لە هەولێر دەوام بکەین.

دوای هەوڵێکی زۆروبەهیمەتی مامۆستای خوالێخۆشبوو (برهان احمد وحید) کە ئەوکات بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بوو ڕاژەمان گواستراوە قوتابخانەی خالیدیەی ئێوارانی سەرەتایی. بەم شێوەیە چوار ساڵی زانکۆمان بردەسەر. بەڕاستی ئەوەی باسی دەکەم بەقسە خۆشە.

**ئاشنایەتیمان لەگەڵ هەندێک برادەر لە زانکۆ**

پێشی ئێمە ڕۆماننووس حسام بەرزنجی لە پۆلی سێیەم بوو و کاک تاهیر تەیب و ڕەحمەتی حاجی ئەحمەد موحەمەد شەریف لە پۆلی دووەمــی بەشــی وەرگێڕان بــوون جگە لەمــانە لە بەشــی ئینگلیــزی ئاشنایەتیمان لەگەڵ هەندێ قوتابی کوردی دیکەدا کرد. لەوانە کاک قاسم و کاک کەریم و کاک نامیق و شۆڕشی احمد ئاکۆو خۆشۆو نەجات و حسێن و زۆرانی تر.

لەمــاوەی ئەو چــوار ســاڵەی هاتوچۆمــان لەنێــوان هەولێــرو موسڵ بەلاداکەی کاک حسام بەرزنجی و سەردەمانێکیش بەداتسۆنەکەی کاک طاهر بوو.



مـاوەیەکی زۆریـش بە(نێـرن)ی گەراجـی شـیمال دەهـاتین و دەچـوین بەحـوکمی ئەوەی زۆر پـێکەوە بـووین و ڕۆژانە هـات و چـۆو دەوامـی ئێوارانیشمان وەکو مامۆستا پەیوەندیەکی برادەرایەتی بەهێز لەنێوانمان دروسـت بـوو وابـوو زۆربەی ڕۆژەکـان دوازدە تـا پـازدە سـەعات بەیەکەوە بین.

لەڕێنماییەکانی خوێندن کە ئێستاش هەیەو بەڵام کاری پێناکرێت دەقێک هەبوو (کەناکرێ یەکێک قوتابی بێت و لەهەمان کاتیشدا وەزیفەدار بیت) بەعەرەبییەکەی (لایجوز الجمع بین الدراسة والوظیفة) ئێمە ئەوها بووین زۆریـش لەوە دەترسـاین ئاشـکرا بـین و لە زانکـۆ فەسـڵمان بـکەن. ڕۆژێکیـان لەڕێـڕەوی کـۆلێژی ئـاداب لە بـۆردی ئاگادارییەکـان ئاگادارییەک هەڵواسرابوو داوا لەو قوتابیانە کرابوو کە وەزیفەیان هەیە سەردانی ڕاگرایەتی کۆلێژ بکەن، ئەمەش لەبەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو و لە قۆنـاغی سـێیەم بـووین و لەوە دەترسـاین قوتـابییە بەعسـیەکان خەبەرمان لێ بدەن، چونکە هەندێکیان دایانزانی ئێمە مامۆستاین.

بەیـانیەکی زوو تـازە گەشتبوینە کۆلێژ، قوتـابی تـاک تـاک لە دەرەوەی کـۆلێژ بەدی دەکـران، چـوونە نـاو ڕێـڕەوی کـۆلێژ بەدوو دەرگـا بـوو، عەزیـز گەردی لە دەرگـایەک ڕاوەسـتاو عەلـی جـوکلیش لە دەرگـای دووەم منیش چوومە ژورەوەو بەخێرایی ئیعلانەکەم لێکردەوەو دڕاندم، ئیدی ترسمان نەما.

**کەسایەتی عەزیز گەردی**

جوامێرێکی سادەو بێ فیزو زیبا کەلام و سوعبەتچی و مەشرەب خۆش بـوو، زۆربەی قوتـابیە کوردەکـان بگرە عەرەبەکـانیش بەکـوڕو کـچەوە

خۆشـیان دەویسـت و ڕێزیـان لێـدەگرت. نەک هەر لەگەڵ قوتابیـانی زانکۆی موسڵ بەڵکو لەگەڵ قوتابییەکانی خۆشی لە زانکۆی سەلاحەدین ڕوخۆش و نوکتەچی بوو. زۆرانێک بەتایبەتی ئەوانەی شارەزای قسە خۆش و سوعبەتەکانی عەزیز گەردی نەبوون زۆر بەجیدی لە قسەکانی ورد دەبـوونەوەو لەسـەرەتادا وایانـدەزانی ڕاسـتیە دوایـی دەردەچـوو تەنها بۆ گاڵتەو خۆشی بوو.

عەزیـز گەردی سـەردانی مـاڵی برادەرەکـانی کردبـا یەکسـەر دەبـووە برادەری منداڵەکانی قسـەی خۆش و گەمەی لەگەڵ دەکردن، لە سـاڵی ١٩٨٣ کە ئەژینی کچم لەدایک بوو لەماڵەوە داوایـان کرد کە لانکێکی لە موسـڵ لـۆ بکـڕم، ڕۆژێـک بەسـەیارەی کـاک موفـق حسـن کە ئەویـش قوتـابی کـۆلێژی پەروەردە بـوو چـوین بـۆ ئەوبەر لە بـازاڕی موسـڵ لانکـێکم کـڕی و لەگەڵ عەزیـز گەردی یەکە لایەکمـان هەڵگـرت و تاگەیاندمانە گەراجی سەیارەکە.

ئەژین تەمەنی گەیشتبووە پێنج شەش ساڵ کە مامۆستا عەزیز گەردی دەهاتە ماڵی ئێمە چاوی بەئەژین دەکەوت و دەیگوت کچەک لەو ماڵە کاتی خۆی لەموسڵ لانکمان لۆ هێنایە، ئەو کچە کێیە ئەویش دەیگوت ئەمـنم، ئەمەو زۆر هەڵویسـتی کـۆمەڵایەتی و تێکەڵـی عەزیـز گەردی لەگەڵ خەڵک.

لەبەر لێهـاتوویی و زیرەکـی جێگـای ڕێـزو تەقدیری مامۆسـتاکانی بـوو بەتـایبەتی چـوار مامۆسـتا فەرەنسـیەکەی بەشـی زمـانی فەرەنسـی. ڕۆژێکی هەینی کە دەوام نەبوو ئەو مامۆستا فەرەنسیانە کە دەرسـی فەرەنسیان بەئێمەش دەگوتەوە، ئێمەیان لە دەڤەری شـەلالاتی موسـڵ



داوەتیان کردین ورۆژێکی خۆشمان بەسەر برد کە تێیدا باسی ئەدەب و خوێندنی زانکۆو مەسەلەی کورد کرا.

### کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی موسڵ و گۆڤاری ئەدەبی بێگانان

لەبەر ئەوەی ئێمە بەئارەزوو مجێزی خۆمان چووبووینە زانکۆ زۆربەی کاتەکانی ڕێستمان لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ بەسەر دەبرد، چونکە بەحەق دەزگایەکی زانستی و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بوو بەکتێب و سەرچاوە. شوێن و هۆڵی گونجاوی تێدا بوو بۆ موتالاو خوێندنەوە. ئەگەر کتێبێکی بەنرخمان دەربارەی کورد بەرچاو کەوتبایە بۆ عەزیز گەردی دەست نیشانمان دەکرد و ئەویش ئەگەر ڕای لێبوایە هێندەی پێ نەدەچوو وەریدەگێڕاو بەچاپی دەگەیاند.
عەزیز گەردی لەبواری نوسین و چاپەمەنی زۆر دەستوبرد بوو هەرچەندە لایەنی ئابوری هێندە باش نەبوو بەڵام بیری لەوە کردەوە گۆڤارێکی دەوری تایبەت بەوەرگێڕان بەناوی (ئەدەبی بێگانان) دەربکات و پشکی شێری بەر بکەوێ.
گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، قوتابیانی بەشی ئینگلیزی و فەرەنسی لە زانکۆی موسڵ و بەغدادو بەشی فارسی زانکۆی بەغداد بابەتیان وەردەگێڕاو بۆ (ئەدەبی بێگانان) کە شەش ژمارەی لێدەرچوو. ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ڕۆمانی Animal Farm ی جۆرج ئۆردێلم لە ئینگلیزیەوە کردە کوردی و یەکێک لە ژمارەکانی ئەدەبی بێگانان ڕێکلامی بۆ کردو نووسیبوی ئامادەیە بۆ چاپ، بەڵام بەداخەوە سانسۆری ئەوکاتی حکومەتی بەعس ڕێگای بەبڵاوکردنەوەی نەدا.

### سەردەمی زانکۆو گەشتەکانمان

ئەو چوار پێنج کەسەی کە ڕۆژانە هاتووچۆمان دەکرد، ڕۆژێکیان بەسەیارەکەی کاک حسام بەرزنجی ڕێکەوتین گەشتێک بکەین بۆ پەرستگای لالش ودێرمار متی لە بناری چیا. لەو سەردانەماندا لەگەڵ (بابی چاویش)ی یەزیدیان و قەشەکانی (دیرمارتی) دانیشتین و کۆمەڵێک زانیاریمان ئاڵوگۆڕ کرد. لەم گەشتەماندا چەند وێنەیەکمان لەو دوو شوێنە چرکاند کە لەگەڵ نوسینەکەم دەینێرم بۆ بڵاوکردنەوە.

### عەزیز گەردی و هەڵوێستی کوردانەی

لەساڵی ١٩٨٣ بەسەرکەوتویی زانکۆمان تەواو کرد ڕۆژێک بۆ ئاهەنگی دەرچوون تەرخان کرا. لەبەر ئەوەی عەزیز گەردی یەکەمی سەر هەموو کۆلێژو بەشەکانی زانکۆ بوو لە شەوی ئاهەنگەکە یەکەمی سەر زانکۆ لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵا خەلات دەکرا. بۆیە یاریدەدەری کۆلێژو ئاداب لە دوای عەزیز گەردی نارد تاکو هەندێ ڕێنمایی پێ بدەن. ئەوەی ئەوانی شۆک کرد بڕیاری عەزیز گەردی بوو کە بەجلکی کوردی بەشداری ئاهەنگەکە دەکات. ئەو هەڵوێستەی کاک عەزیز عەمادەی شڵەژان و ئاسایشی کۆلێژو یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی بەعسی خستە گەڕ تاکو بەهەر شێوەیەک بێت پەشیمانی بکەنەوە لە بڕیارەکەی، بەڵام چەند هێنایان و بردیان سوودی نەبوو ئەو هەر سوور بوو لەسەر قسەکەی و بردیشیە سەر.



**قۆناغی دوای زانکۆ**

کە زانکۆمان بەپلەیەکی زۆر باش تەواو کرد دەبوایە ئێمە یەکسەر لە خوێندنی باڵا (ماستەر) وەرگیرابایین بەڵام بەعسی نەبونمان ڕێگر بوو. بەنیسبەت عەزیز گەردی کە یەکەمی سەر زانکۆ بوو بەپلەی نایاب دەبوایە بێ قەیدو شەرت بۆ تەواوکردنی ڕەوانەی فەرەنسا کرابایە.

دوای دەرچونمان تاکە بڕوانامەی دەرچوون بۆ تەجنید بوو لەگەڵ پشتگیریەکی سادە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بەو پشتگیریە داواکاریمان پێشکەش کرد کە ڕاژەکەمان لە فێرکردنی سەرەتایی بگوازرێتەوە بۆ فێرکردنی سانەوی.

ئەوکات یاریدەدەری بەڕێوەبەرێک هەبوو کە دەشمانناسی سوور بوو لەسەر نەقڵ کردنمان بۆ دەرەوەی شار بەڵام بۆی نەچووە سەر. بەگوێرەی ڕێنماییەکان نوسراویان بۆ کردین بۆ پارێزگای هەولێر، چونکە ئەوکات فێرکردنی سەرەتایی سەر بەپارێزگا بوو، بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن. نوسراوەکە من بەدەست بردم بۆ ئۆفیسی یاریدەدەری پارێزگار کە ئەوکات (عەبدوڵا حەسەن خەفاف) بوو داوای کرد بمبینێ. کە چوومە لای وابزانم سەرۆک جاشێکی لەلا دانیشتبوو، پێی گوتم ئێوە چۆن زانکۆتان تەواو کردووە؟ منیش زۆر بەشانازییەوە باسی ئەو ڕەنج و تەقەلایەی کە دابومان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، جەنابی جێگری پارێزگار گوتی ئێوە بەموخالیفی ڕێنماییەکان خوێندنتان تەواو کردوە، منیش واقم وڕما جاوەڕوانی ئافەرین بووم، بۆیە گوتم جەناب ئەمن چاوەڕیی دەستخۆشی و ئافەرین بووم کە چۆن ئێمە چوار ساڵ ئەو هەموو شەونخونی و

ماندووبوون و قوربانیەمان داوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە. نەک جەنابت بەموخلیفمان لەقەڵەم بدات. بەهەرحاڵ دوای گەڕانەوەی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بەغدا من و عەزیز گەردیان ناردە سانەوی هەولێری کچان بەرامبەر یاریگای فەرەنسۆ حەریری.

دوای ڕاپەڕین، ڕۆژێکیان سەردانی کاک عەزیزم لەماڵەکەی لە گەڕەکی مەلایان کرد، دوای بەخێرهاتن پێی گوتم ئەوراقت تەقدیم کردوە؟ منیش گوتم ئەوراقی چی؟ گوتی چۆن ئەدی فلان پێی نەگوتی دوو کورسی بۆ ماستەر لە بەشی ئینگلیزی ئیعلان کراوە. ئەوکات تەنها یەک هەفتە مابوو ماوەی پێشکەش کردن بەسەربچێ، خێرا سەردانی زانکۆی موسڵم کرد بڕوانامەی دەرچونیان پێدام بۆ زانکۆی بەغدا، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین ڕێپێدراو نەبوو. لەبەر ئەوەی کۆنمرەکانم لەسەرووی هەشات بوو یەکەم قوتابی بووم کە لە بەشی ئینگلیزی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرام.

بەشی فەرەنسی لە زانکۆی سەلاحەدین نەبوو گەردیش ئەوراقی پێشکەش بەبەشی کوردی کردبوو، بەپێی ڕێنماییەکان نەدەبوو لەو بەشە وەربگیرێت. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لە بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرا.

بێگومان لێهاتوویی و توانا لەڕادەبەدەرەکەی گەردی وای کرد ماستەرو دکتۆرا بەزویی تەواو بکات.

کاتێک ئەمن سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی بووم، دوای وەفاتی د. عبدالحمید یعقوب لە بەشی ئینگلیزی ئێواران قوتابی وەرگیران و دەست



بەدەوام کرا. ئەوکات لەو بەشە هەفتەی (٢) سەعات زمانی فەرەنسی دەخوێندرا. لە خشتەی وانەکان وانەی فەرەنسیم بۆ عەزیز گەردی دانا. بەلام ئەوە بەدڵی مامۆستایەک نەبوو بۆیە لەلای سەرۆکی زانکۆ ئەوکات د. سەعدی بەرزنجی بوو شکاتی کردبوو.

ڕۆژێک د. ئاراز نەقشبەندی کە ڕاگری کۆلێژ بوو لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ گەراوە کە چاوی بەمن کەوت داوای لێکردم بچمە ژورەکەی. گوتی دەزانی شکایەتیان لێت کردووە چونکە دەرسی فەرەنسیت داوەتە عەزیز گەردی. یەکسەر تەلەفۆنی بۆ سەرۆکی زانکۆ کردو پێی گوت دکتۆر لەگەڵ مامۆستا حسین قسە بکە پاش چاک وو چۆنی پێی گوتم بۆ دەرسی فەرەنسی دەوامی ئێواران نەداوەتە ئەو مامۆستایە (ناوی هێنا) کە بەکالۆریۆسی لە فەرەنسی هەیە، منیش گوتم خۆ دایتمە مامۆستایەک ئەویش بەکالۆریۆسی لە زمانی فەرەنسی هەیەو لەسەر زانکۆی موسڵیش یەکەم بووە، پرسی کێیە؟ گوتم (عەزیز گەردی)یە لەبەر ئەوەی عەزیز گەردی ناوێکی دیار بوو زۆربەی ئەکادیمیست و مامۆستایانی زانکۆ دەیانناسی ئیدی قسەی نەکردو گەردیش بەردەوام بوو لە گوتنەوەی دەرسەکان.

هەرچەندە عەزیز گەردی نامەی دکتۆراکەی کوردی بوو بەڵام زۆر نامەی ماستەرو دکتۆرای ئینگلیزی هەڵسەنگاند بۆ نمونە وەکو شارەزای زمان بۆ نامەی دکتۆراکەی من کە لەسەر وەرگێڕان بوو دەست نیشان کرا، لەبەر ئەوەی گەردی کەسێکی بلیمەت و زۆر شارەزا بوو لە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و ڕوسی زانکۆی سلێمانی کورسیەکی خوێندنی دکتۆرای لە زمانی



ئینگلیزی پێ بەخشی. نامەی دکتۆراکەی دووەمی عەزیز گەردی بریتی بوو لە بەراوردکردنی مەم زینی ئەحمەدی  خانێ و رۆمیۆ جولێتی ولیەم شکسبیر ، کە مەم و زینی کردۆتە ئینگلیزی و رۆمیۆ و جولێتی کردۆتە کوردی. ئەمن و دکتۆر ئیسماعیل محمد فهمی قەرەداغی دەستنیشانکرد وەکو شارەزا بەوەرگێڕانە بەپێزو لێژانەکەی دا بچینەوە، من ئەوە بەیەک لە کارە ئەکادیمیەکانی خۆم بەشانازییەوە دادەنێم. دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەکاتی نووسینی نامەی دکتۆراکەی عەزیز گەردی سەرچاوەی سەرەکیم بوو لە ڕاوێژ پێکردن و ڕاپرسی. لەبەشی پێنجەمی دکتۆراکەم لە باسی (Cohesion) پێکەوە بەستان لە زمان (Reference) ئاماژە سوودم لە وەرگێڕانی (داغستانی من) بۆ کوردی ئەو وەرگرتوە.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئێستا من سەرپەرشتی قوتابیەکی ماستەر دەکەم بەناونیشانی ( The Kurdish Translation of English Collo Cations in Literary Texts) یەکێک لەو دەقانەی کە قوتابی بەکاری دێنێ وەرگێڕانی (داغستانی من)ە کە عەزیز گەردی ئەنجامی داوە.

هەرچەندە بیرەوەریم زۆر ماوە لەگەڵ ڕەوانشاد د. عەزیز گەردی بەلام بەوەندە کۆتایی پێدێنم و لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە گیانی عەزیز گەردی بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

٢٠٢٢/٦/٣٠



# عەزیز گەردی؛ مامۆستای ئەدەبناسی و هونەری وەرگێڕان

**ساماڵ ئەحمەدی**

دوکتۆر عەزیز گەردی، نووسەر، وەرگێڕ، ئەدیب و توێژەری ئاکادیمیی نەتەوەکەمان کە ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی (٢٠٢٢/٦/٦) بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەیەکی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد، ساڵی ١٩٤٧ی زایینی لە شارەدێی بەحرکە، سەر بە شاری هەولێری باشووری کوردستان هاتە دنیاوە و لە ساڵانی تەمەنیدا کۆمەڵێک کتێبی زەنگین و توێژینەوەی گرنگی بە زمانی کوردی نووسیوە، یان لە زمانانی دیکەوە کردوونی بە کوردی کە بەڕوونی نیشانمان دەدەن هەر لە تەمەنی لاوییەوە تاسە و خولیای بەرەو پەرجۆی زمان و سێحری ئەدەبیات ڕاخوشیوە، بۆیە یەکەم بڕوانامەی ئاکادیمیی لە زماندا (زمانی فەرانسە) بەدەست هێنا و نۆبەرەی قەڵەمەکەیشی لە باسی "ڕەوانبێژی"دا پێگەیشت کە لە سێ بەرگدا ساڵی ١٩٦٨-١٩٦٩ نووسیویەتی و لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ی زایینیدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە و هەتا ئێستاش سەرچاوەی خوێندنی قوتابییانی بواری ئەدەبیاتی کوردییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا.
د.عەزیز گەردی کە لە هەردوو بواری "نووسین" و "وەرگێڕان"دا بە توانا و ویقاری تایبەتی خۆیەوە قەڵەمی لێداوە، وەک باس دەکرێت بە کارە چاپکراوەکانی و ئەوانەیشییەوە کە هێشتا چاپ و بڵاو

نەکراونەتەوە، نزیکەی ٢٠٠ بەرهەمی خولقاندووە و، کە خوێنەری کارا بە ڕەچەڵەکــی بەرهەمەکانیــدا دێــتەوە، دەبینێــت هەر لە کــارە سەرەتاییەکانییەوە چ لە بواری نووسین و چ لە بواری وەرگێڕاندا مەبەستیەتی "تام و بۆی ئەدەب بخاتە بەر دەم و ددانی خوێنەر"ی کورد، بۆیە هەم یەکەم نووسینەکانی بە باسی ڕەوانبێژی و سەروا و کێشناسی و ئەدەبی بەراوردکاری و پەخشانی کوردی و ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی و ئەدەب و ڕەخنە و...هتد دەست پێ دەکات و، هەم لە وەرگێڕانیشدا جودا لە وەرگێڕانی کتێبی "ئەدەبی بێگانان" لە پێنج بەرگدا، ساڵی ١٩٧٨ کتێبی "چەشەی ئەدەبی"، بەرهەمی ئارنۆلد بێنێت، لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دەکات بە کوردی و چاپ و بڵاوی دەکاتەوە بۆ ئەوەی توانا و بەهرە و تاسەی خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی پێ بگەیەنێت.بە واتایەکی دیکە، دەیەوێت دەرگای ڕەخنەی ئەدەبی، وەکوو شێوازێکی کارای خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و جۆرێک دەق لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە ئاشنا بکات.دواتریش بە وەرگێڕانی یەکجار ڕوون و وردی کتێبی "هونەری شیعر"ی ئەرەستۆ، زیاتر پەرەی بە زمانی ڕەخنەی ئەدەبی دا و بە زاراوەسازی لە بوارەکانی ڕەوانبێژی و جوانکاری و کێش و سەروا و ئەدەبی بەراوردکاری و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، لە ڕاستیدا زمانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیی داهێنا و کتێبەکانیشی بوون بە سەرچاوە و لێڤەگەڕی کلاسیکی ڕەوانبێژی و ڕەخنە و ڕێبازناسیی ئەدەبیاتی کوردی.

د.عەزیز گەردی کە دوایین پلەی زانستییەکەی "پرۆفیسۆر" بووە، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس (لیسانس)ی زمانی فەرانسە لە زانکۆی مووسڵ، ساڵی ١٩٩٤ لە زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر ماستەر



لە زمانی کوردیدا بەدەست دێنێت و ساڵی ١٩٩٩ش لە هەمان زانکۆ دوکتۆرای زمانی کوردی وەردەگرێت و سەرناوی نامەی دوکتۆراکەیشی "سەروا"یە کە دواتر دەزگای ئاراس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە و ساڵی ٢٠٠٩ش لە زانکۆی کۆیە دووەمین دوکتۆرا لە زمانی کوردیدا بەدەست دێنێت و نامەی ئەم بڕوانامەیەشی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بە ناوی "ڕۆمیۆ و جوولیەت و مەم و زین." دوای تەواوکردنی زانکۆ لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین دەبێتە مامۆستا، بەڵام بەر لەوەی خانەنشین بێت، خۆی دەست لەکار دەکێشێتەوە و لە هەرێمی تەنیاییی خۆیدا کە سەرزەمینی داهێنانی مەزنە هەمــوو تەمەنی سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕان دەبێت.

د.عەزیز گەردی بێجگە لە توێژینەوە و وەرگێڕانە ئەدەبناسییەکانی کە بەکورتی باسمان کردن، لە چەند بواری جوداوازی دیکەشدا لە زمانانی وەکوو فەرانسەیی، ئینگلیزی، عەرەبی و فارسییەوە کۆمەڵێک بەرهەمی زۆر گرنگی کردووە بە کوردی، کە جودا لەوەی خوێنەری کورد لەگەڵ فەرهەنگی جوداوازی ئەو زمانانە ئاشنا دەکات، بە شێوەیەکی شاییبەخۆیانە زمانی کوردی لە گۆڕەپانی شێوازی جوداوازی نووسین و زمان و ڕاوێژی جودادا بە جۆرێک دەنوێنێت کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی توانا و پەرەسەندووییی زمانەکەمان.

بەناوبانگترین بەرهەمی وەرگێڕانی د.عەزیز گەردی، کتێبی دوو بەرگیی "داغستانی من"، بەرهەمی ڕەسووڵ حەمزەتۆفە کە تا ئێستا هیچ خوێنەرێکی کورد نەیتوانیوە خۆی لە دداننان بە کارتێکەریی زمانی ئەو وەرگێڕانەدا ببوێرێت و، تەنانەت زۆر نووسەری کورد زمانی ئەو

بەرهەمەیان بە هاوشانی زمانی نووسەرانی کوردیزانی وەکوو هەژار موکریانی و مەسعوود محەمەد و شوکر مستەفا لەقەڵەم داوە.هەروەها بە وەرگێڕانی کتیبی سێ بەرگیی "کۆمیدیا"، بەرهەمی دانتی ئەلیگییێری کە ساڵی ٢٠١٥ چاپی یەکەمی بڵاو بووەوە جارێکی دیکە سەلماندی کە زمانی کوردی، سەرباری ئەوەی کە بەهۆی دۆخی سیاسیی کوردستان و کوردەوە لە زۆر بواردا نەیتوانیوە هاوکات لەگەڵ کاروانی فەرهەنگ و کەلەپووری دنیا وەڕێ بکەوێت، بەڵام لە هەر دەرفەتێکدا دەتوانێت تەنانەت کۆنترین دەقە شاکارە ئەدەبییەکانی گەلانی جیهان بنووسێتەوە. لێرە دەمەوێت وەکوو خوێنەرێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – کە خوێندنی قوتابخانەم بەناچاری بە زمانی فارسی بووە و دواتریش بەهۆی هۆگریم بە خوێندنەوەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبییەوە ناچار بووم زۆربەی کتێبەکانی ئەو بوارانە بە فارسی بخوێنمەوە — ئەو ڕاستییە بڵێم کە پێشتر "کمدی الهی / دانته"، وەرگێڕانی "شجاع‌الدين شفا" و "ارسطو و فن شعر"، وەرگێرانی "عبدالحسين زرينكوب"م بە فارسی خوێندبووەوە، بەڵام کە وەرگێڕانەکانی د.عەزیز گەردیم لەو دوو بەرهەمە خوێندەوە، تێگەیشتم کە هەم چێژی خوێندنەوەی "کۆمیدیا" جوداوازە و هەم تێگەیشتن لە "هونەری شیعر"ی ئەرەستۆ ئاسانترە، کە لە فارسییەکەی هونەری شیعر زۆر کەم تێگەیشتبووم.

جودا لەو بەرهەمە کلاسیکە زۆر گرنگانەی ئەدەبیات لە جیهاندا، د.عەزیز گەردی بۆ ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە ئەفسانە و بیروباوەڕی گەلانی دنیا کۆمەڵێک بەرهەمی زۆر گرنگی ئەفسانەی گەلانی هێناوەتە سەر زمانی کوردی کە ئەو کارەش جودا لەوەی خوێنەری کورد لە فەرهەنگی گەلانی دنیا ئاگادار دەکات، لە لایەنێکی



دیکەشـەوە توانـای زمـانی کـوردی لە شـێوازی گێـڕانەوەی ئەفسـانەدا نیشـان دەدات و لەو بوارەشـدا زاراوەگەلی بـواری میتۆلۆژی لە زمـانی کوردیـدا دەدۆزێـتەوە، یـان ڕۆیـان دەنێت و ئەوەش یەکێکی دیـکە لەو بـوارانەیە کە دەکـرێ وەکـوو بنـاغەیەک بینـای فکـری و فەرهەنگیـی خۆمانی لەسەر قایمتر بکەین.
لە بـواری وەرگێڕانـی بەرهەمگەلـی ئەفسـانەییدا د.عەزیـز گەردی بە وەرگێڕانـی چیـرۆکە فۆلکلۆرییەکـانی برایـانی گـریم (ئەڵمـانی) و چیرۆکەکـانی هـانز ئەندرسـن و چیرۆکەکـانی ئیـزۆپ- یـان لەنـاو گیانداراندا- و...هتد، میراتی زۆر مەزنی بۆ منداڵانی نەتەوەکەی بەجێ هێشتووە.

لە کتێبی "هێزی ئەفسانە"دا کە وتووێژی جۆزێف کەمبڵ (ئەفسانەناسی بەناوبانـگ) و بیـڵ مـۆیرز (ڕۆژنـامەنووس و شـرۆڤەکاری سیاسـیی ئەمریکایی)یە، جۆزێف کەمبڵ دەڵێت: "یەکێک لە گرفتەکانی ئێستای ئێمە ئەوەیە کە بە ڕادەی پێویسـت ئەدەبیـاتی هزریـی خۆمـان ناناسـین، خوومـان داوەتە هەواڵـی ڕۆژانە و ئەو گرفتـانەی سـەعات بە سـەعات بەربینگمان پێ دەگرن.پێشتر ژینگەی زانستگە کەشێکی وای هەبوو کە هەواڵی رۆژانە نەیدەکرا سرنجی تاک لەو میراتە شکۆمەندە مرۆڤانەیە هەڵپچڕێـت وا لە نەریتـی مەزنمـان مـاوەتەوە؛ ئەو نەریـتەی کە تێیـدا ئەفلاتوون، کۆنفۆسیوس، بوودا، گۆتە و...لەو بەها هەمیشەییانە دەدوێن وا لە دەوری ژیانمان هالاون." مەبەست لە هێنانەوەی ئەم وتە قووڵەی کەمبڵ ئەوەیە کە لیمان ڕوون بێتەوە بۆچی د.عەزیز گەردی ڕووی لە هەرێمی تەنیایی کردبوو، چونکە دەیزانی فڕکەفڕک و لێشاوی هەواڵی

ڕۆژانە بواری مەلەی لە دەراوی میراتە مەزنەکەی داهێنانی مرۆڤانەدا پێ نادەن.

جودا لەو بوارانەی باس کران، د.عەزیز گەردی لە بواری وەرگێڕانی ڕۆمانی گەلانی جوداوازیشدا کاری زۆر تاقانە و دەگمەنی کردووە بە کوردی، بەتایبەتی بە وەرگێڕانی ڕۆمانی ئەو نووسەرە کوردانەی کە بەرهەمی خۆیان بە زمانی فارسی نووسیوە، وەکوو عەلیئەشەرەف دەرویێشیان و مەنسوور یاقووتی و...لەڕاستیدا ئەو بەرهەمانەی وەکوو کەمینەیەک لە ئەدەبیاتی فارسیدا گیراوەتەوە بۆ ناو باوەشی ئاوەڵای ئەدەبیاتی کوردی.

دیارە سەرباری ئەوەی کە پێویستە و زۆریش گرنگە، بەڵام باسی یەک بە یەکی بەرهەمەکانی د.عەزیز گەردی لەم یادداشتە کورتەدا نالوێت، بۆیە لە گۆشەی ئەم دەرفەتەوە ویستم لانی کەم ئاماژە بە چەند لایەنی وەکوو ئەدەبناسیی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی و ناساندنی ئەدەب و ئەفسانەی بیگانان لە بەرهەمەکانی ئەو نووسەر و توێژەرە گەورەیەماندا بکەم، بۆ ئەوەی هەم وەفایەک بێت بۆ یادی هەرمانی خۆی و هەم ئاماژەیەکیش بێت بەوەی کە ناکرێت بەبێ چاوی زیت و هۆشی کراوە بە تەنیشت شێوازی خوێندنەوە و توێژینەوە و بەتایبەتی نووسینی د.عەزیز گەردیدا تێپەڕ بین و دەبێ لە شێوازی ژیان و کار و ڕێباز و ڕاوێژی نووسین و هونەری وەرگێڕانی ورد بینەوە، بەتایبەتی کە ئێستا وەرگێڕان بۆ هەموو گەلانی دنیا دەروازەی چوونە ناو بیرکردنەوە و شارستانەتییە جیاوازەکانە و شەپۆلێکی خێرای وەرگێڕانیش بۆ زمانەکەی خۆمان لە گۆڕێدایە.



# کۆمێدیای ئیلاهی و عەزیز گەردی

**باهۆز مستەفا**

ئامانجم ئەوەیە، ئەوەی دەیبینم و هەستی پێدەکەم بە باشترین و سادەترین شێوە بیخەمە سەر کاغەز. هەمێنگوای

دکتۆر عەزیز گەردی ڕێک ئەوها کاری کردووە، لەڕووی زمانەوانییەوە ڕوون و ڕەوان، سادە و مانا بەخش، فەرهەنگی و ستنادارت. لە ڕووی ڕێزمانی و ڕەوانبێژییەوە خۆی مامۆستا و دانەر بووە میتۆدی تایبەت بە خۆی هەبووە. شارەزایەکی ناوازە بوو لە شیعر و ئەدەبی کلاسیکی کوردی. یەکەم جار لە قوتابخانەی ئامادەیی ناسیم کاتێ قوتابی بووم، پاشان لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کە ئێستا کۆلێژی زمانی پێدەڵێن، لە ساڵی دووەم مامۆستام بوو لە وانەی کێشناسی کە زۆر قوتابی ئەو بەشە بە وانەیەکی ئاڵۆز و بێزارکەریان دەزانی، بەڵام کە دکتۆر عەزیز گەردی ئەو وانەیەی پێگوتین لا من خۆشترین و ئاسانترین وانە دەرچوو، ئەوەندە بە ڕوون و ڕەوانی وانەکەی دەگوتەوە تا ئێستاش هەموویم بیرماوە، ئەوە وایکرد عەزیز گەردیم خۆشبوێ و ببینە برادەر و لە دوای وانەکان بچمە لای، چەند جارێک لەگەڵ هاوڕێم زانا خەلیل سەردانمان کرد لەماڵەوە لە گەڕەکی مەلایان، کە چووینە ژوورەوە ئەو پیاوم زۆر لا گەورەتر بوو، لە هۆڵەکە دانیشتین لەسەر مافوورێکی لاکێشە، قۆرییەکی چایەی سووتاو، دوو

پیاڵە، ڕۆژنامە و گۆڤاری پەرش و بڵاو و چەند کتێبێکی لە دەورە بوو، ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی و ئینگیلزی بوون، گوتم بۆ کوردی نین؟ گوتی: لەبەر زمانەکە دەخوێنمەوە تا بیرم نەچێتەوە، زمان ئەگەر پێی نەخوێنییەوە بیرتدەچێتەوە، نەک بۆ زانیاری و هەواڵ خوێندنەوە. پاشان گوتی: ئەنگۆش قسەی خۆ دە جەرید و مەریدان دەنووسن؟ تێر پێکەینی، چونکە تازە وتارێکم لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بڵاوکردبۆوە لەسەر شیعرێکی زانا خەلیل. دواتر هاتینە سەر بابەتی نووسین و کاری ئەدەبی، گوتی: ئەگەر بیرۆکەیەکتان هەبوو بۆ لێکۆڵینەوە و هەر کارێک، سەرەتا زانیاری دەربارەی کۆبکەنەوە لە پەڕەگرافێک تا کتێبێک، هەر پەڕە کاغەزێک لە هەر شوێنێک پەیوەندی بەو کارە هەبوو هەڵیگرن، مەرج نییە بە شەو و ڕۆژێک کارەکە بکەن، ڕەنگە دوای دە ساڵیتر بگەڕێنەوە سەر ئەو بابەتە.

دوای خوێندنەوەی کۆمێدیای ئیلاهی، دانتی ئەلیگێری کە کوردییەکەی عەزیز گەردی تەنیا (کۆمیدیا)ی نووسیوە، تێگەیشتم کە ئەو پیاوە چۆن کاریکردووە و چەند ماندونەناسانە و خۆڕاگرانە ١٤٨٠ لاپەڕەی یەک بەرهەم، یان بڵێین شاکار وەرگێڕاوە، باسی سەتان کتێبەکانیتری ناکەم کە بە هەمان قورسایی کاری کردووە، هەر لە ئەفسانە جیهانییەکان و هەر سێ بەرگی ڕەوانبێژییەکەی و ئەدەبی بێگانە و کێشی شیعری، هەقایەتی کوردەواری، وەرگێڕانی دەیان بەرهەمی نووسەرە دیارەکانی جیهان لە زۆربەی بوار و ژانرەکان وەک چیرۆک، ڕۆمان، بیرەوەری، هەقایەت...هتد، سەرەڕای ماستەر لە ئەدەبی کوردی، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی، دکتۆرای دووەم لە بەراوردی ڕۆمیۆ و جولیەت و مەم و زین.



ئەوەی لای من گرنگە و دەمەوێت باسی بکەم شێوازی کار کردن و هەڵبژاردن و جددییەتی ئیشکردنە، عەزیز گەردی تەواوی ژیانی خۆی بەخشییە ئەدەب و زمانی کوردی بەبێ ئەوەی ڕۆژێک، یان ساتێک بیر لە پاداشت بکاتەوە هەر بۆیەش زۆر ورد و کارامە کاریکردووە تا بەرهەمەکەی جا چ هی خودی خۆیبێ، یان وەرگێڕانبێ، زۆربەی بەرهەمەکانی کەمترین هەڵە چاپی تێدایە، هەرچەندە تا دوا ڕۆژی کار کردنی بە دەست دەینووسی و هیچ ئامێرێکی ئەلیکترۆنی وەک کۆمپیوتەر و ئایپاد و تەلەفۆنی زیرەکی بەکارنەهێناوە تا کۆپی پێستی پێ بکات و بە ئاسانی هەڵەکانی بسڕێتەوە، یان ڕاستیان بکاتەوە، هەروەها لە گوگل بەدوای زانیاریدا بگەڕێت، هەموو زانیارییەکان و سەرچاوەی ڕۆشنبیری خوێندنەوەی کتێب بووە.

نموونەیەک لە کارە بێ هاوتاکانی وەرگێڕانی کۆمێدیاین دانتییە، پێشەکی بۆ نەنووسیوە و بە هیچ شێوەیەک باسی ماندوبوون و ساڵانی کارکردن، یان گرنگی بابەتەکە، سەختی وەرگێڕان، خزمەتکردن...هتد، تەنیا چەند تێبینییەکی نووسیوە، ئەویش ڕوونکردنەوەیە، کە هەر سێ بەرگەکەی لە دەقێکی ئینگلیزی وەرگێڕاوە و لەگەڵ دەقەکانیتری بەراوردکردووە وەک ئینگلیزی و فڕەنسی و عەرەبی و فارسی، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێکیتر بەو شێوازە کاریکردبێ بە تایبەتی لەناو کورد، بڕوا دەکەم لە جیهانیش نموونەی کەمبێ، ئینجا سەرچاوەی زانیارییەکانی، قورئان و کتێبی پیرۆز، ١٤ سەرچاوەی ئینگلیزی، ٣٩ سەرچاوەی عەرەبی، لە بەرگی سێیەم ناوی هەموو کەسایەتییەکانی نووسیوەتەوە لەگەڵ فەرهەنگۆکی کۆمێدیا کە خۆی کتێبەکە.



هەڵبژاردنی کۆمێدیا بۆ وەرگێڕانی قیمەت و هێزی گەرەکە، ئەوروپییەکان دەڵێن: هەر نووسەرێک کۆمێدیای دانتی نەخوێندبێتەوە ڕۆشنبیرێکی تەواو نییە، عەزیز گەردی ڕۆشنبیر و نووسەرانی کوردی لەم کێشەیە ڕزگار کردووە بەو کوردییە جوانە و هەموو زانیارییەکەوە خستۆتە بەردەستمان، من زیاتر لە دە جار چوومەتە ئیتاڵیا، بەڵام نەک من بگرە کەم ئیتاڵی هەیە وەک عەزیز گەردی شارەزایی کولتور، جوگرافیا، مێژوو، ئاینەکان، گروپ و سەرکردە و کەساتییە ڕۆشنبیر و سیاسییەکان و کێشەکانی ئەو سەردەمەی ئیتاڵیا و یۆنان – گریک بێت. مرۆڤ کە دانتی دەخوێنێتەوە هەست بە هێزێکی زهنی گەورە دەکات، چونکە خوێندنەوەی کۆمێدیا واتە خوێندنەوەی زیاتر لە پەنجا کتێب. لەو گەشتەی دانتی سروود سروود لەگەڵ ڤێرجیلۆی ڕێ نیشاندەر و مامۆستا و بیاتریس کە پاڵەوانی سەرەکی دانیتییە و هێمای چاکە بووە، هەموو خوا و فریشتە و فەیلەسوف و نووسەران و پیاوانی ئاین و کەساتییەکان و هەموو ئەفسانەکانی ڕۆمی و گریک، بەسەرهاتی ئەو سەردەمە لە هەر نۆ ئەڵقەی دۆزەخ دەناسی وەک ئەوەی سەیر فیلمێک بکەیت هەنگاو هەنگاو دەچیتە نێو دۆزەخ و بە چاوی خۆت هەموو مێژووی پێش مەسیح تا ساڵی ١٣٠٠ دەبینیت. ئەڵقەی یەکەم لە هەمووی فراوانترە، بەڵام ئازاریان سووکترە، چونکە پێش مەسیح بوونە گوناهیان کەمترە، لەوێ هۆمیرۆس و هۆراس و ئۆڤیدۆ لە قەڵای حەفت شورە بوون، هیکتۆر و قەیسەر و سوکرات و ئەفلاتون و ئیبن سینا وئیبن ڕوشدی و سەلاحەدینی ئەیوبی. لە ئەڵقەی دووەم تەسکتر بوو، مینیۆس کوڕی زیۆس پاشای کریت، چونکە توندوتیژ بوو کردییە



دادوەری روحی مردووان، لە شێوەی شەیتانێکی کلکدار و شوێنی مردووانی دیاری دەکرد. نینۆس مێردي سەمیر ئەمیسی شاژنی ئاشوری حعشلێدعدا ئیمپراتۆریەتی جیهانی دروست بکات. لە ئەڵقەی سێیەم کێشەی پارتی سپی و پارتی ڕەشە لە فلۆڕانسا لەسەر دەسەلات، چێربێرۆ سەگی سێ سەر پاسەوانی دەرگای دۆزەخە و ڕێگەی هەموو کەسێک دەدات بچێتە ژوورەوە، بەڵام ناهێڵێ کەس بێتە دەرەوە. لەم ئەڵقەیە سزای خۆشەویستان کەمترە. ڕیشی چەور و ڕەش هێمای چلێسیە. ئەڵقەی چوارەم بەخیلەکانن، ئەڵقەی پێنجەم قیچکە تەنگەکانن و شەڕیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. فلیپۆ هاونیشتمانی فلۆرانس گوتی: زۆر کەس خۆیان بە پاشا دەزانی کەچی ئێستا لە دۆزەخ وەک بەراز لەناو قوڕ دەگەوزن. دۆزەخ دوو بەشە، بەشی یەکەم لە ئەڵقەی یەکەم تا پێنجەم شوێنی ئەوانەیە کە گوناحیان سوکە. بەشی دووەمی دۆزەخ لە ئەڵقەی شەشەم تا نۆیەم ئەوانەی گوناحیان زۆر گەورەیە. ئەڵقەی شەشەم هی بێ باوەڕەکانە، میرۆسایا سەیری هەر کەسی کردبا دەیکردە بەرد. دۆڵی یوسافات نزیک بەیتولموقەدەس دادگای خودا لەوێ دەکرێت (تەورات). ئەپیکۆر: روح و جەستە بەیەکەوە دەمرن، بۆیە پێویستە چێژ لە دنیا وەربگرین.

ئیتر هەر بەشێک لە چەند سروودەک پێکهاتووە، بۆیە نامەوێت زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بنووسم لەبەر دوو هۆکار، یەکەم لەم کتێبە جێگەی ئەوە نابێتەوە لەسەر هەر سێ بەرگەکە بنووسم، دووەم لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیبە درێژی بڵاوی دەکەمەوە.

سەرچاوە کۆمێدیا دانیتی ئەلیگێری- وەرگێڕانی عەزیز گەردی

# کۆچی یەکجاریی عەزیز گەردی:
# ئەستێرەیەکی گەشاوە لە ئاسمانی نووسینی کوردی

**سوداد ڕەسووڵ**

عەزیز گەردی کوردینووسێکی باڵا و قەڵەمێکی باڵا بوو، ئەو قەڵەمە بەدرێژایی ئەزموونی نووسین هەرگیز سەری بڵندی نەوی نەکرد، هەرگیز ڕۆژێک بۆ هیچ دەسەڵاتێک نەچەمایەوە و مەرایی بۆ کەس نەکرد. نووسەرێک لە لووتکەی بەهەڵوێستی و لەخۆبردوویی و خۆبەخشیدا بوو؛ باکی بە پارە و دەسەڵات و پلەوپایە و پۆست نەبوو، تەنانەت باکی بە پێکەوەنانی ژیانی خێزانی و ماڵ و منداڵیش نەبوو. نووسەرێک بوو سەربەرزانە لەگەڵ قەڵەمەکەی دەژیا، هەر سەربەرزانەش قەڵەمەکەی بەجێ هێشت. کەسێک بوو، خۆشیی ژیان و بەختەوەریی خۆی لە نووسیندا دەبینیەوە، نەک لە پارە و سامان و ئافرەت و کۆشکی ڕازاوە و سەیارەی ئاخیر مۆدێل. کەسێکی خاکی و سادە، ژیانێکی گۆشەگیر و دوور لە خەڵک، لە نێو خەڵوەتگای کتێبخانەکەی دەرویێشانە کاری دەکرد و دەژیا، هەمیشە وەک مۆمێک بە بێدەنگی دەسووتا و ڕووناکی دەبەخشییەوە. دوور بوو لە جەنجاڵی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆن و مێدیاکان و ڕاگەیاندنەکان. کەسێک بوو تەنیا و تەنیا بۆ نووسین دەژیا، چونکە عاشق بە نووسین و خزمەتکردن بە زمانی کوردی بوو.



لە تەرجەمەکردنی کتێب ئەوەندە توانا و ورد و بەدەسەڵات بوو، جوانترین تەرجەمەی کتێب لە کتێبخانەی کوردی، کتێبەکانی عەزیز گەردییە. خۆم کە پسپۆریم لە تەرجەمەیە، هەر کاتێک بەراوردی تەرجەمەی چەند کتێبێک لەو کتێبە زۆرانەم دەکرد کە بۆ زمانی کوردی تەرجەمە دەکرێن؛ جوانترین و ڕاستترین تەرجەمە کە بە شێوەیەکی پیشەییانە و بە شارەزاییەوە کرابێت، تەرجەمەکانی کتێبی ئەو بوو؛ زمانێکی کوردیی ڕەوان، تەرجەمەیەکی دەقاودەق، بێ کەمکردن و لابردن و زیادکردن؛ هەر وا هەست دەکەی ئەم کتێبە بە کوردی نووسراوە و تەرجەمە نەکراوە. هەر کاتێک کتێبی نوێی ئەو دەکەوتە بازاڕەوە، من یەکجار دڵخۆش دەبووم کە گەوهەرێکی نوێ دەکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەوەندە کەسێکی نەفسبەرز بوو، بۆ چاپی کتێبەکانی چاوەڕێی هیچ پاداشتێک نەبوو؛ چاوی لەوە نەبوو ئاخۆ کتێبەکانی چەند دەفرۆشرێ و چەند پارەی دێتە دەست، چەند کەس دەست خۆشی لێ دەکەن و چەند کەسیش لەسەر کتێبەکانی دەنووسن و ستایشی دەکەن.

ئێمە هەموومان قەرزداری عەزیز گەردین، تاکە نووسەری کوردە کە بەبێ هیچ پاداشتێک و بێ هیچ چاوەڕوانییەک، خەرمانێک کتێبی لە زمانانی بێگانە تەرجەمەی کوردی کردووە، گەنجینەی زمانی کوردی یەکجار دەوڵەمەند کردووە. لە نووسین و کتێبە تەرجەمەکراوەکان، وردبینانە بە دوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕا کە کەلێنێکی گرنگ لە دنیای مەعریفی و فەرهەنگیی کوردی پڕ دەکردەوە: چیرۆک، داستان، ئەفسانە، مێژوو، ئەدەبی بێگانان، ئەدەب و ڕەخنە، پەخشانی کوردی، ڕەوانبێژی،

کێشناسی، و دەیان بابەتی دی. لە هەر بوارێک کە دەستی بۆ دەبرد شارەزایانە شەنوکەوی دەکرد و داهێنەرانە بەرهەمی دەهێنا.

زۆر کەمن ئەوانەی وەک عەزیز گەردی نووسەرن و عاشقانە لەگەڵ قەڵەم و نووسین دەژین؛ ڕێز لە قەڵەمەکەیان دەگرن و خیانەتی لێ ناکەن، سەربەرزانە دەژین و سەربەرزانەش وڵات و گەل بەجێ دێڵن.

لە دەستدانی ئەم کەڵە نووسەرە خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەموو کورد، کەلێنێکی گەورەیە کە بە ئاسانی پڕ نابێتەوە. ئەستەمە لە داهاتوو نووسەرێکی دیکەی وەک ئەو هەڵکەوێتەوە بەم هەموو توانا و وزەوە خۆی بۆ نووسین و تەرجەمە تەرخان بکات، ئامانجی بەرزی تەنیا نووسین و خزمەت بێت. نەوەکانی داهاتوو قەدری دەزانن، کە ئەو نووسەرە چەندە لە خۆبردوو و تێکۆشەر بووە، چەندە خزمەتی کردووە و چی بۆیان بەجێ هێشتووە.

ڕەنگە کەسمان وەک فەرهاد شاکەلی، عەزیز گەردیمان نەناسی بێت کە ڕاستگۆیانە و بە خەمێکی قووڵەوە ئاوها بۆ مەرگیی دەدوێت: "مەرگی عەزیز گەردی هێندە گەورە و خەفەتهێن و بەسوێیە، دەبێ نەتەوەیەک فرمێسکی بۆ بڕێژێت، نیشتمانێک بۆی بگرییێت".

خوای گەورە بە بەزەیی خۆی بیبەخشێت، بۆ هەمیشە ڕۆحی شاد و ئارام بێت.



# عەزیز گەردی، ئەستێرە گەشەی ئاسمانی وەرگێڕان

**دلاوەر کوردی**

بەڵام چی بکەین لەناو چاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە وەکو تۆوی گـوڵی دەم بـا لەسـەر بەردێکـی ڕەق ئەڕوێـن."گـۆران ""دکتـۆر عەزیزگەردی یەکێکە لەو نووسـەرو وەرگێڕو کەڵە پیاوانەی کورد، کە وەرگێڕان و زمان و ئەدەبی کوردی بەو دەناسرێتەوە.
وا ڕێککەوت لە ساڵی (٢٠٠٣) لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سـەلاحەددین وەرگیـرام، لە قۆنـاغی یەکەم یەکێـک لەو مامۆسـتاو وەرگێـڕانەی بەر لەزانکـۆ ئاشـنای نووسـین و وەرگێڕانەکـانی بـووم مامۆسـتا "عەزیزگەردی"بـوو.جارێکیـان لەکەنـاڵی "هەرێـم" دیمـانەیەکی "مامۆستاعەزیز" م بینیبوو، کۆمەڵێک نووسەر قسەیان لەبارەی نووسین و وەرگێڕانەکـانی مامۆسـتا دەکـرد.لە دەسـتپێکی دەوام مامۆسـتا عەزیـزگەردی، لە ژووری تـایبەتی خـۆی هـاتە دەرەوە چـاکی و چـۆنی لەگەڵ مامۆسـتا شـاخەوان فەرهـادی هـاوڕێم کـرد، گـووتی ئەمە " عەزیـزگەردی " یە، ئیـدی گـوتم ئەوە مـنم مامۆسـتا " عەزیـزگەردی " دەبینم!
لەدوای ئەمەوە بێ ئەوەی وانەمان پێ بڵێ لەگەڵ" مامۆستا شاخەوان" دەچووینە لای و لە ژوورەکەی لەبەشـی زمـانی کـوردی دەماندووانـدو پرسـیارو گفتوگۆمـان لەگەڵ دەکرد، بەڵام لە کاتیمـان نەدەگرت، چونکە

حەزی دەکرد گفتوگۆ لەگەڵ کەسانێک بکات کە بخوێننەوە.جا لە دیدەنی یەکەمدا، کەمنی بینی بە بنینیان شاگەشکەبووم، گوتی؛ "وەکیئەو مندارەی کە یەکەمجاربوو ئەمنی لەماڵی خۆیان بینی، باوکی مندارەکە گوتی کوڕم وەرە ئەوە مامۆستا" عەزیزگەردی"یە، دووربەدوور هەر تەماشای دەکردم، دوایی هات و دانیشت، هەربەدەم دۆڵمە خواردنەوە تییە چاوێکی دەدامێ.

نایشارمەوە بۆ ئەوەی زیاتر وابکەم بکەومە بەردڵی، گوتم ؛ منیش گەردیم و خەڵکی " ئەشکەوسەقام، کە ئەمەی زانی هەمووجار دەیگووت" ئەتوو گەردیۆکەی خۆمانی"، ئیدی دوای ئەمە دونیای ئەم مرۆڤەم بەڕوودا کرایەوەو تا کۆچی دواییشی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێمە ئاسایی بوو.بۆیە لە مامەڵەدا هەستت نەدەکرد گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرو وەرگێڕێکی هێندە گەورە دەکەیت، ئەو هەمیشە زانایی و لێزانی خۆی دەشاردەوە، خۆی دەهێنا ئاستی تۆ، لە ڕێزمەندیش وەکو هاوتەمەنێکی خۆی دەیدووانديت، بۆیە هیچ پرسیارێک لای ئەوبێ وەرام نەبوو، خوێندن و خوێندەواری لای مامۆستا عەزیز بەندبوو بە خوێندن و خوێندنەوەو خوێندەواری، بۆیە دەیگووت ؛ هەرکەسێک نەخوێنێتەوە نەخوێندەوارە.جارێک پرسیارم لە مامۆستاکرد چەند زمان دەزانێت؟

بەبێ فیزوخۆ بە گەورە زانین گوتی " کوردییەکەشم باش نییە"، جارێکی دیکە لە وانەی " کێشناسی" دیوانی " هێدی" م کێشکرد، لە بەرگی ڕاپۆرتەکە نووسیبووم (پ.ی.د.عەزیزگەردی)، گوتی " کاکە دلاوەر ئەگەر خۆشم نەویستبایت ڕاپۆرتەکەتم دەدڕاند.ئای چەندە مرۆڤێکی



گەورەبوویت! چەند دڵسۆزبوویت لە کارەکەت! بێ دابڕان سەرەڕای نەخۆشیشت! بەڵام ڕۆژێک لە وانەکانت دوانەکەوتیت، ڕۆژێک بەر لە وانەی " کێشناسی" فشاری خوێن " زەخت" ت زۆر بەرزبوو، بارودۆخت جێگیرنەبوو، جەستەت ئارەقێکی زۆری کردبوو و تنۆک تنۆک ئارەقە بەڕوخسارتدا دەهاتە خوارەوە، بەڵام گوێت بە نەخۆشییەکەت نەداو بە باوەشێک کتێب و دیوانی شاعیرانی کلاسیک هاتییە پۆل و لەکاتی وانەگوتنەوەش هەمدیس نەخۆشیتان پێوە دیاربوو، بەڵام وانەکەت بەوپەڕی دڵسۆزییەوە تەواوکرد.مرۆ لەم جۆرە مامۆستایە گەورانە فێری دڵسۆزیی و لە خۆبردوویی دەبێت، ئێستایشی لەگەڵ بێت کاتێک دێڕە شیعرێک کێش دەکەم، ئێوەم بیر دەکەوێتەوە، لە وەرگێڕان و داڕشتنی ڕستەیەکی جوان، بێ سێ و دوو ناوی ئێوە دەهێنم، ئێوە کانیاوێکی سازگاربوون، هەم لە کەسایەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر، هەمیش لە وەرگێڕانەکانتاندا.سەرەڕای بارە دەروونییە تایبەتییەکەی کە مامۆستا هەیبوو، بەڵام لەگەڵ ئێمە هەمیشە ئاسایی بوو، کە بە دیداری شاددەبووین هەمیشە خەم و گرێی دڵیان دەکردەوە.

مامۆستاییێکی هاوڕێم گوتی: جارێک لە پاڕکی گەورەی شار، مامۆستا " عەزیزگەردی" مان بینی سەرقاڵی وەرزشکردن بوو، دوای هەواڵپرسین، گوتمان وێنەیەکمان لەگەڵ بگرە ؛ بەڵام مامۆستا زۆر تووڕەبوو و گوتی ؛ وێنە ناگرم، بۆئەوەی دڵی چاک بکەینەوە، گوتم جارجار لەگەڵ "مامۆستا دلاوەر "باسی بەڕێزتان دەکەین، مامۆستا عەزیز گوتی " دلاوەر کێیە؟ منیش یەکراست وێنەی پڕۆفایلی فەیسبووکەکەتم

دەرهێنـــاو پـــێم نیشـــاندا، یەکســـەر مامۆســـتاعەزیز چـــاکبووەوە لەگەڵمان.ئەوەی لە دواجار پێویستە بگوترێت، ئەوەیە براو برازایەکانی زۆریـان بـۆ کـرد، بەتـایبەتی مامۆسـتا " کـوردۆ" ی بـرای و مامۆسـتا " چەپەر"ی بـرازای، هەر لەگەڵ نەخۆشـکەوتنی بـۆ مـاوەی سـێ مانـگ و دواتـر نەخۆشـخانە، هـاوڕێ و هـاودەمی مامۆسـتا عەزیـز بـوون.لە دوا ســەرنجدا، ئەوەی بینــرا لەنەخۆشــکەوتن و دوایــی نەخۆشــخانەو پرسەکەی، هاتنی نووسەران و مامۆستایان و هاوڕێیانی کۆلێژو دەزگا ئەکادیمی ڕۆشنبیریی و چاپ و پەخشـەکان وەکو پێویست نەبوو، ئەم گلەییەو مێژوو دەینووسێت، سەرەڕای ئەوەی مامۆستا " عەزیزگەردی" سروشـتێکی تـایبەتی هەبـوو وتێکەڵـی کەمبـوو، بەڵام بـۆ ڕێزگـرتن لە وشەی کوردی ئەوەی هەبوو نەدەبووا وابێت.
ڕۆحــت شــاد مامۆســتا مانــدووەکەی زمــان و ئەدەب و وەرگێڕانــی کوردیمان، ڕۆحت شاد وەرگێڕی شاکارە جیهانییەکان.



# ئەفسانە نەبینراوەکەی من

**بڕوا سالار**

لە دووەم سـاڵی خوێنـدنی کۆلێژییمـدا، بە کەسـێ ئاشـنا بـووم، کە مامۆسـتا، هەم ڕێـبەر، هەم دارعەسـایەکی پشـتی کـوڕی زانسـت و زانیارییم بوو..دیار عەلی کەمال.مامۆستایەکی سەرمەشق و لیوانلێو لە زانسـت و زانیـاری، ئەدەب، زمـان، فەلسـەفە.ئەو ڕێخۆشـکەر بـو بـۆ ناسـینی ئەفسـانەیەک کە بە هەمـوو ژیـانم قەرزبـاریم.ناسـینی عەزیـز گەردی لێرەوە دەست پێ دەکات...

پـاش ئەوەی "دیـار عەلـی"یم ناسـی، وا ڕێککەوت بـۆ یەکەم جـار لە دەرەوە لەگەڵـی دانیشـم.ئەو ئێوارەیە خـاڵێکی وەچەرخـانی ژیـانم بـوو, بەڵێ هەموو ژیانم.مامۆستاکەم لە کۆتایی دانیشتنەکەدا کتێبێکی عەزیـز گەردی بە دیـاری پێیـدام, ئەم کتێـبە یەکەم بەرکەوتنـی مـن بـوو بەو نـاوە.ناوێـک تـا مـردن لە لەوحـی دیـد، هـزر و دەروونـی منـدا کـاڵ نـابێتەوە.ئەم کتێـبە بـووە کەڵـکەڵەیەک لە مێشـکمدا کە چـی کتێبـی ئەم زاتەیە بیخـوێنمەوە...لە هـیچ نووسینێکی بێبەش نەبم.ئیدی دەستم دایە کۆکردنەوەی کتێبەکانی، بەدویدا شار بە شـار، ماڵ بە مـاڵ و کـۆڵان بە کـۆڵان.تەنـانەت تـا کتێبخانەکـانی بەغـدا بەدویـدا ڕۆیشـتوم و بەدەم سـواڵییەوە بـوومە.بە ئێستاشـەوە لە هەڵـوەدا و گەڕان و دۆزینـەوەی



کتێبەکانی ئەودام.لەو بڕوایەدام قابیلی زیاترە، چونکە باخی ئیرەمی زمانی کوردییە، چەندی تێدا گوزەر بکەی زیاتر بڕ دەکەی.

دێتەوە یادم ساڵی سێیەمی کۆلێژم بوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەک ئاهەنگی شەوی سەری ساڵ چوینە سلیمانی، بۆ بەیانییەکەی چوینە بەردەرکی سەرا، لەپاشان بۆ سەرترەوە بۆ شەقامی پیرەمێرد هەڵکشاین، هەر کتێبخانەیەکم دیبا هەر چاوێکم تێ دەبڕی، بە رێکەوت چوومە کتێبخانەیەکەوە، گوتم:

هیچ کتێبی "عەزیز گەردی"یتان هەیە؟

کابرا، سەری تۆزێ داچەماند و بە سەرە و لێوی چاوی و عەینەک لەسەر کەپوەوە لێم ڕاما، چونکە لەو سەدان کتێبە، بگرە هەزاران کتێبی زیاتر تێدا بوو، کەچی من هەر ناوی عەزیز گەردیم لەسەر دەمە.

گوتی:

بەڵێ، هەمانە، چ کتێبێکی ئەوتان دەوێ؟

بەکاوەخۆ گوتم:

داغستانی من! دڵنیاش بوم کە نای بێ، چونکە یەکێ لە دەگمەنترین و باشترین کتێبە وەرگێڕدراوەکانی کوردین.

ئەو گوتی:

بەڵێ، هەمانە!

چی؟ هەتانە؟ خاڵە بە هەر چەنێکە، بێ مەعمەلە پێمی بدە، من دەمەوێ.

من دوو جار من بە زمانی کوردییەوە لەدایک بوومە، یەکیان بە سروشتی و دووەمیان بە ناسینی کتێبەکانی عەزیز گەردی.ئەو دایبابی

زمانی کوردی منە، بەڵام نەمتوانی بۆ جارێکیش چاوم بەو باوانەم بکەوێ.تا کۆچیکرد لە حەسرەتی دیمانەیدا بوم.

ئێستا توانیومە زیاد لە ١٠٠ کتێبی کۆ بکەمەوە، جا بە هەر ڕێگەیەک بێ.سەرچڵانە ملی ئەو خەونەی خۆمم گرتوە، ئەمەش ئەو بەڵێنەیە، کە دەبێ بیگەیێنمە سەر، بەڵێنێک کە دوراو دور بە "گەردی"م داوە.لەگەڵ هەر یەک لەو کتێبانەشدا، یادگاری و بیرەوەیی تایبەتم هەیە.چیرۆکی چیاکانی داغستان، حیکمەتی ئاڤارییەکان و گۆرانییەکانی ئەبوتاڵیب نوسراوی سەر پیاڵەی چای چێشتەنگاوانمە.بەیان و بەدیعی ڕەوانبێژی کڵاوڕۆژنەی چەشەی ئەدەبیمن، کە بەتەنیا – زۆرجاریش لەگەڵ هاوڕێیان- پیاسەدەکەم ڕیتمێک دەمخاتە سەر وەزنی هەزەجی هەشتی تەواو.هەر چرایەک ببینم دەمەوێ بەزویی پێیکەم و بیبەمەوە سەر مادیان کۆ.پێویستم بە داپیرەیە، داپیرەی گەلان، بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەی هەنگاری، چینی، هیندی، ئەڵمانی، بولگاری، ئەستەنبوڵی و کەنەدی.بیرم کردۆتەوە ببمە قوتیل، کە بەهارانێکی درەنگ بەتەنیشت کێڵگەیەکدا دەڕۆم کۆتایی دێراوەکان دەبنە سەروا و خۆشیان لەتە دێڕ.دەمەوێ بچمە پەکین هەتا نامەیەک بنووسم.

زۆر جاران دادەنیشم و لە کتێبەکان ڕادەمێنم، وەک منالّی خۆم دەیانلاوێنمەوە، هەر یەک لەوان بە جۆرێک پەیدام کردون، هەندێکیان بە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ بە دەستم گەیشتون، بۆیە وەک کۆرپە لەلام شیرینن, ڕێککەوتوە قسەم بۆ کردبن، تەنانەت ئەو ڕۆژەی گەردیمان لێ ڕۆی، سەردانی یەکە یەکەی "جگەرگۆشە دەربەدەر"ەکانیم و بۆ قەومی

بەسـیتان دەگریام، بەڵام نەمتوانی زیاتر هەڵکەم، لەتاوا لەگەڵ یاداشتەکەی یەڤگینیدا لەماڵ دەرچووم بەبێ ئەوەی بزانم بەرەو کوێش دەچم.

عەزیز گەردی ئەگەر ڕەخنەشی گرتبا، ڕەخنەی بونیات نەرانەی دەگرت، بۆ نمونە: لە فەرهنگۆکی کتێبی(یەزداندوخت)دا دەڵێ:

مووچە: ماڵێکی لە دەرەوەی ئاوایی فەلایی دەکەن و مەڕ و ماڵات بە ئێوەت دەکەن و سەر بە ئاوایی خۆیانن.ڕێک بۆ ناونیشانی کتێبەکەی ئۆروێل دەشێ: "مووچەی گیانداران".ئەو وشانەی وەرگێڕە بەڕێزەکانی کتێبەکە بەکاریانهێناوە، وەکوو کێڵگە و مەزرا و قەڵا، هیچیان پڕ بە پێستی وشە ئینگلیزییەکە نییە.داوای بوردن لە هەموویان دەکەم.

سوپاس، زۆر سوپاس، لە پێناوی زمانی کوردیدا زۆر ماندوو بویت.ئێستاش پشو بدە.

مەهی مەە جەبین تو وەسلامەت

دیدار یاران کەوتو قیامەت.



# چۆن عەزیز گەردی بناسین؟

**ڕۆستەم خامۆش – هەولێر**

قۆناغی منداڵیم بەرەو مێرمنداڵیی هەڵدەکشا، هەستم دەکرد خاوەن بیر و بۆچوونی خۆمم، حەزم لە گوێگرتن بوو، دڵم خۆش بوو کە من لەو تەمەنەدا دەتوانم گفت و گۆ بکەم، ئارەزووی خوێندنەوەم هەبوو، بەردەوام بیرم دەکردەوە، حەزم لە بابەتی: (ئەدەب و سیاسەت و مێژوو) بوو، حەزم لێبوو لە بارەی کوردستان و نەتەوەی کورد زانیاریم زیاتر بێ، هەتا بڵێی مێرمنداڵێکی وێڵ بووم بە دوای فێربوون و خۆ پێگەیاندن، گەرچی هەر لە منداڵیەوە ئاشنا و خولیای خوێندنەوە بووم، هەر پەڕە کاغەزێک، یان ڕۆژنامە و گۆڤار، یاخود کتێب و نووسراوم بدیتبا، دەمخوێندەوە.

ساڵی (١٩٩٥) تەمەنم (١٥) ساڵ بوو، ڕۆژێک هاوڕێیەکم بینی، جا لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم زۆر جار یەکترمان دەبینی، هەر چەندە ئەو بە تەمەن چەند ساڵێک لە من گەورەتر بوو، بەڵام ئەو باش دەیزانی کە من حەزم لە خوێندنەوەیە و هەرچی بکەوێتە بەردەستم دەیخوێنمەوە، وەلێ زانیاریم نەبوو کە ئەو هاوڕێیەم خوێنەر بێ، پێم وابێ هەندێ کتێبی لە شوێنێک دەستکەوت بوو، گوتی: کتێبت بۆ دێنم و بیخوێنەوە، بەڕاستی منیش زۆرم پێ خۆشبوو، دواتر کتێبی (ئەدەبی بێگانان) بەشی دووەمی بۆ هێنام، کە "عەزیز گەردی" سەرپەرشتی کردووە و

(٨٨) لاپەڕەیە.لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری - هەولێر، کە ساڵی (١٩٨٢) لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوە و نرخەکەی (٥٠٠)فلسی لەسەر نووسراوە.(لەباتی پێشەکی) بە قەڵەمی "عەزیز گەردی" کە (٣) لاپەڕەیە و لە سەرەتادا نووسراوە: (خوێنەرانی بەڕێز.دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی (ئەدەبی بێگانان)، دەمانەوێ ئێستاش بەشی دووەمتان پێشکەش بکەین کە بۆ چیرۆک تەرخان کراوە).لە کۆتاییدا و لە خوارەوەی لەباتی پێشەکییەکەدا، نووسراوە: عەزیز گەردی - ڕەشەمەی - ١٩٨٢.دواتر کە کتێبەکەم بینی لە ناخەوە هەستم بە خۆشیی کرد، چونکە لەو سەردەمەدا بۆ خانەوادەی ئێمە و زۆرینەی خەڵکی، ژیان زەحمەت بوو، بۆیە کتێب کڕین و دەستکەوتن ئاسان نەبوو، منیش بە خۆم و کتێبەوە چوومەوە ماڵەوە، دواتر دەستم کرد بە خوێندنەوەی، ئەوەی ڕاستی بێ، باش لە بیرم نییە کتێبەکەم هەمووی خوێندەوە، یان نا، بەڵام ئەوەی تا ئێستاش هەر لە بیر و خەیاڵم ماوە، چیرۆکێک بوو بە ناوی (شاعیر) لە نووسینی: "هرمن هسسە" و گۆڕینی: قاسم محەمەد فەتاح.کە ئەو چیرۆکە باس لە شاعیرێکی چینی دەکات بە ناوی (هان فۆک) کە هێشتا گەنج بووە و دەیویست لەبارەی شیعر و هونەرەوە هەموو شتێ بزانێت، چیرۆکەکە لە لاپەڕە ١٨ی ئەو کتێبە دەست پێ دەکات و لە لاپەڕە ٢٦کۆتایی دێ.

لە بەشێکی چیرۆکەکەدا هاتووە، کە دەڵێ: (چەند ڕۆژێکی پێ چوو، باوکی "هان فۆک" ویستی لەدوو خزم و دۆستان بگێڕێتەوە و ژن بۆ "هان فۆک"ی کوڕی بگوازێتەوە، بەڵام زاوا لێی هەڵقۆزییەوە و گوتی:



باوکە گیان ببوورە کە بە گەورە و زەلامم تێ دەگەی و تێم ڕادەبینی ژنم بۆ بێنی، بەڵام خۆت دەزانی ئەگەر خۆم بۆ هونەری شیعر تەرخان بکەم شتێکی زۆر پیرۆزە.هاوڕێکانم ڕایان لە شیعرەکانمە، بەڵام دەزانم کە من تازە لە سەرەتادام و ڕێگایەکی دوورم لە پێشە.تکات لێ دەکەم لێم گەڕێ ماوەیەک بە سەڵتی بژیم بۆ ئەوەی باش لە شیعر بگەم، چونکە ئەگەر ببم بە خودان ژن و ماڵ دەبێ بکەومە شوێن ماڵداری و واز لەم شتانە بێنم.مادام هێشتا گەنجم و هیچی ترم نییە، حەز دەکەم ماوەیەک بە تەنێ لەگەڵ شیعرەکانم بژیم، شیعر میراتی منەو هیوادارم شیعر ناوێکم بۆ پەیدا بکا).

جا لەو چیرۆرەکەدا "هان فۆک" ئەوەی کە زۆر بەلایەوە گرنگ بێ لە ژیانیدا، ئەوا شیعر نووسینەو دەیەوێ ببێ بە شاعیرێکی باش و ناوبانگ پەیدا بکات، هەر لەگەڵ بەردەوام بوونی لە نووسینی شیعر، دواتر ئارەزووی بۆ مۆسیقاش پەیدا دەبێ و خۆی فێری عوود لێدان دەکات، بەڵام "هان فۆک" زۆربەی کاتەکانی ژیانی دوور لە ماڵی خۆیان بووە، دوای چەند ساڵ بڕیار دەدات کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

لەکۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێ: (پاشان "هان فۆک" عوودە بچووکەکەی هەڵگرت و ڕووەو شاری خۆیان کەوتە ڕێ.دەگەیشتە هەر کەسێ سڵاویان بۆ دەکرد، وەک ئەوەی کە سڵاو بۆ پیاوێکی مەزن، یان پیرەمێردێکی نوورانی بکەن.کە گەیشتەوە شاری خۆیان، باوکی و دەزگیرانی و هەموو خزمەکانی مرد بوون، ماڵێکی تر هاتبوونە حەوشەی ئەوان).

مەبەست و نیازی من لەم نووسینەدا، دوو هۆکار بوو:
یەکەم: مەبەستم ئەوە بوو، بڵێم هەر لە سەرەتاوە کە هۆگری کتێب خوێندنەوە بووم، ئەوا لەگەڵ بەرهەم و نووسینی دکتۆر عەزیز گەردی ئاشنا بووم.
دووەم: ژیانی (هان فۆک) لەو چیرۆکەکەدا، لەگەڵ ژیانی عەزیز گەردی نزیکن لەیەکترەوە و هەردووکیان لە پێناو کتێب و شیعر و نووسین و فەرهەنگ و وەرگێڕان و مۆسیقادا، بڕیاراندا بە تەنیا بژین و نەچنە نێو ژیانی هاوسەرگیریی و خێزانداری.
هەزاران سڵاو لە گیانی دکتۆر عەزیز گەردی، کە هەمیشە وەک ناوێکی گەش و درەوشاوە لە ئەدەب و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە.



# عەزیز گەردی ئەفسانەیە

**د. نامیق عوسمان**

**ئەو پەخشانە شیعرە پێشکەش بە گیانی پاکی رەوانشاد عەزیز گەردی ئەو مرۆڤەی هەمیشە لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە.**

تۆ ئەفسانەی نەمری کەسی دی نا
تۆ نەمرییت..
تۆ زیندووی..تۆ نامرییت
تۆ لە نێو لاپەڕەی بەرهەمە پڕ بە پێزەکانتیی
تۆ نەمردوویت و تۆ نامریی
تۆ لە نێو لاپەڕەی دڵی میللەتەکەتدا دەژیی
تۆ قەڵای نەبەردیی جیهانی
تۆ هیوای مەزنیی کوردانی
تۆ هە ڵگریی ئاڵای سەربەستیی کوردستانیی
تۆ هەڵوێستیی تۆ بەتینیی تۆ زانستیی
لەگەڵ خۆت لەگەڵ میللەت دروست و ڕاستیی
تۆ ڕۆشنبیریی..بەرهەمەکانت لێکۆڵینەوەکانت..کردارەکانت



ڕەنگدانەوی هەڵوێستەکانت..تۆ جوامێریی

تۆ خاکی تۆ ڕووباری تۆ نیشتمانیی

تۆ هێزی بە گیرهێنانی دوژمن و خاکفرۆشانیی

تۆ نموونەی خاک خۆشویستانیی

تۆ حەفتا ساڵ نەژیای سەت ساڵ ژیایی

بەقەد ژمارەی بەرهەمەکانت

نا...تۆ بۆ هەمیشە دەژییت

تۆ هەموو تەمەنت بۆ کورد ژیایی

هە موو تەمەنت خزمەتی زمانی کوردییت کرد،

جوانترین خزمەت...زۆرترین

خزمەت!

٢٠٢٢/٠٦/٢٤ /هەولێر



# کەسێتی عەزیز گەردی

**سابیر ڕەشید**

نووسین لەبارەی کەسێکی گرنگی ئەدەبی وەک د.عەزیز گەردی وەها ئاسان نییە، بەڵکوو بوێری و وردبینی و توانا و سەلیقەی دەوێ تا بتوانین لەو ئاستە بین باسی مامۆستا و پسپۆڕ و لێزان و ڕۆشنبیر و توێژەر و وەرگێڕێکی کارامە و لێهاتوو بکەین، هەروەها باسی کەسێتییەکی خۆشەویست و ناسراو بکەین لای ڕۆشنبیری کوردستان، بە هەموو پارچەکانییەوە.

من لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە بەهۆی هاوڕێم نووسەر و هونەرمەند شێرزاد ڕەنجەڕۆ مامۆستا عەزیزم ناسی، ئەوکاتە ڕەنجەڕۆ لەپێش مزگەوتی قیبلەخواری وێنەگری شەمسی بوو، منیش زۆر دەچوومە لای و لە کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیش پێکەوە ئەندام بووین، تازە خولیای خوێندنەوە و نواندنمان لا پەیدا ببوو، مامۆستاش دەهاتە لای و بەردەوام کتێبی لەبن هەنگڵی بوو، پیاوێکی خاکی و دەم بە بزە و پێکەنین و سوعبەتچی بوو، بەزۆری کورتەک و شەرواڵ، یان پانتۆڵ و کراسێکی لەبەر بوو، بایەخی بە جل و بەرگ و بۆیەکردنی پێڵاوەکانی نەدەدا، جاری وا هەبوو لەگەڵ کورتەک و شەرواڵ پشتێنەکەشی نەدەبەستا.

ساڵی ١٩٧٢ – ١٩٧٣ لەلایەن نەژاد عەزیز سورمێ و ئازاد جوندیانی و چەند نووسەرێکی تر گۆڤارێک لە قەوارەی کتێب بە ناونیشانی (بەرەو



ڕووناکی) لە گەلاڵە دەردەچوو، تەنیا سێ ژمارەی لێدەرچووە، لە یەکێک لە ژمارەکان شیعری (بۆ کوردستان)ی (مەحموود دەروێش) بە ئیمزای (ڕاوچی) کرابووە کوردی، ئەم شیعرە زیاتر مەحموود دەروێشی لا خۆشەویست کردم، بەڵام نەمدەزانی (ڕاوچی) کێیە، تا سەرسامی خۆم بۆ ڕەنجەڕۆ دەربڕی و ئەویش پێکەنی و وتی: دەزانی ڕاوچی کێیە!

منیش وتم: ناوەڵلا نازانم، بەڵام وەک بڵێی خۆی ئەو شیعرەی بۆ کوردستان نووسیبێ، نەک وەرگێڕان بێت، لە خۆشەویستیان هەموو شیعرەکەم لەبەر کردبوو.

شێرزاد پێکەنی و وتی: ئەوە مامۆستا عەزیز گەردییە.

وتم: چۆن دەزانی؟

وتی: دەزانم و لێم مەپرسە چۆن دەزانم.

ئەوەبوو من و ڕەنجەڕۆ بووین بە دەروێشێکی ماڵەکەی عەزیز گەردی، ئەوکاتە ماڵیان لە تەیراوە، جادەی بەحرکەی کۆن بوو، لەگەڵ براکانی لە خانوویەکی بچووکدا دەژیان، ناوە ناوە دەچووینە ماڵی مامۆستا عەزیز و لەوکاتەوە خۆشم ویست، ئەلحەقی ئەویش زارو لوتفی لەگەڵ ئێمە خۆش بوو، بەردەوام کتێبی دەداینێ و ڕێنمایی دەکردین و بوو بە برا گەورەمان.

* مامۆستا عەزیز زۆر ڕقی لە ستایشکردن و باسکردنی ڕووبەڕوو بوو، بەتایبەتی ئەگەر لەبەردەمی خۆیدا لای نووسەران، یان برادەرانی ستایشی بکرایە.ماوەیەک بوو خۆی لە ڕەنجەڕۆ لادەدا و دوور لە شوێنی کار و کامێراکەی پێچی دەکردەوەو خۆی تێنەدەگەیاند، نزیکەی مانگێک زیاتر بوو شێرزاد نەیدەگوت با بچینە ماڵی مامۆستا عەزیز، پێم



سەیر بوو، دوایی لە شێرزادم پرسی، ئەویش وتی: ماوەیەکە خۆم لێ دوور دەخاتەوەو هۆیەکەیشی نازانم.
ڕەنجەڕۆ خەمی لەوە دەخوارد نەیدەزانی مامۆستا بۆچی لێی تۆراوە و زۆریش پێی دڵتەنگ بوو، چونکە لەمن زیاتر مامۆستای خۆش دەویست.
ڕۆژێکیان دووەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، ڕەنجەڕۆ هاتە لای من و چووینە بن لەیلووکان و دوایی بە دەوری قەڵاتدا سووڕاینەوە، شێرزاد وتی: بۆ نەچینە لای تەیراوە.
وتم: بەخوای خولیای ماڵی مامۆستا عەزیزت هەیە و دەتەوێ بەم جەژنە لەگەڵت ئاشت بێتەوە.
وتی: ئەرێ وەڵڵا بۆ نەچین، جەژنە و قابیلە نەهێڵێت بچینە ماڵەکەی و نەمبەخشێ.
ئەوەبوو چووین، دوایی زانی لەبەر ئەوە بووە لێی تووڕە بووە، چونکە جارێک لەگەڵ کۆمەڵە نووسەرێک پێکەوە لە چایخانەکەی عوسمان دانیشتوون و ڕەنجەڕۆ بە ئامادەبوونی مامۆستا عەزیز ستایشی کردووە، مەدحی ئەدەبەکەی و بەرهەمەکانی کردووە.
مامۆستا ئەمجارەیان لەبەر جەژن و لەبەر خاتری من بەخشی، ئیتر ڕەنجەڕۆ تۆبەی کرد و منیش بۆم بوو بە وانە و هەرگیز لەبەردەم مامۆستا ستایشم نەدەکرد، بەڵکو لەم دانیشتنانەشدا کە لەگەڵ چەند نووسەر و ئەدیبێک لە چایخانەی شەوانی هەولێر کە ئێمەش دەچووینە لایان و دادەنیشتین، کە باسی مامۆستا عەزیز دەکرا، بۆ ئەوەی مامۆستا دڵخۆش بکەم، دەمگوت: عەزیز گەردی، هیچی لەباردا نییە،

یانیش خۆم کرێ دەکرد و ستایشم نەدەکرد، ئەویش ئەوەی پێ خۆش بوو.

* مامۆستا عەزیز یەکێک لە سیفاتە جوانەکانی ئەوەبوو زۆر سەخی و بەخشندە بوو، حەزی دەکرد ڕێز لە برا گەورایەتی ئەو بگیرێت لای ئێمە، چونکە ئەوکاتانەی لەگەڵماندا سەفەری دەکرد پێی ناخۆش بوو ئێمە پارەی ئەو بدەین، تەنانەت پارەی خۆشمان بدەین، هەموو جار کە کاتی پارەدان دەهات، دەیگوت: کامەمان برا گەورەین؟

ئێمەش دەمانگوت: بێگومان تۆ.

ئەویش دەیگوت: دەکەواتە دەبێ برا گەورە پارە بدات.

بچووباین بۆ چێشتخانە و چایخانە نەیدەهێشت ئێمە پارە بدەین، منیش هەموو جار دەمگوت: مامۆستا تۆ برا گەورەی و پارەکەی دەداین، دەمانزانی دڵی بەوە خۆشە کە وەک برا گەورەیەک ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەین.

* مامۆستا لە هەڵبژاردنی برادەر و ناسینی کەسایەتی نووسەران و ڕەفتارییان زۆر سەرناس بوو، تەنانەت زۆرجاران منیشی لەو کەسانە ئاگادار دەکردەوە کە هاوڕێیەتیم دەکردن، بەتایبەتی لە سەردەمی بەعسدا دەیزانی کێ نووسەری پاک و ڕاست و کوردپەروەرە و کامە نووسەریش جاسووس و ڕاپۆرتنووس و کاسەلێس و لەژێرەوە پیاوی ڕژێمە، چەندان جار داوای لێکردووم برادەرایەتی فلان کەس نەکەم، چونکە جێی گومانی ئەوبوو، دواییش لە دوای ڕاپەڕین فایلەکان ئاشکرا بوون، قسەکەی ڕاست بوو، هەموو ئەوانەی دەستنیشانی دەکردن فایلییان دۆزرایەوە.



* مامۆستا عەزیز پیاوێکی زۆر داوێن پاک بوو، هەمیشە ڕێزی لە ئافرەت دەگرت و لای ئەو پایەیەکی تایبەتی هەبوو، وەک مرۆڤێکی هاوشانی پیاو سەیری دەکرد، گاڵتەی بەوە دەهات کە دەیانگوت: ئەدەبی ئافرەتان، یان قەڵەمی ئافرەتان، ئەو دەیگوت: داهێنان و نووسین هەریەک شتە چ پیاو بینووسێ و چ ژن، نموونەشمان ئەوەیە بەرهەمەکانی ئوریانا ڤالاچی و زۆر لە نووسەرانی تری ژنی کردبووە کوردی.

* مامۆستا لە ژیانی خۆیدا خۆی لە کۆت و بەندی پێکهێنانی خێزان پچڕاندبوو هەرگیز بیری لە هاوسەرگیری نەدەکردەوە و بۆ ئەدەبەکەی ژیا، ئێمە هەموو جار کە لێمان دەپرسی: مامۆستا بۆچی ژن ناهێنی و خێزان پێکەوە نانێیت؟ ئەویش لەم پرسیارانە تووڕە نەدەبوو و دەیگوت: کتێب ژن و هاوسەری منە و کتێبخانەش خێزانم.

* مامۆستا زۆر حەزی لە وێنەگرتن نەبوو، لەگەڵ هەموو کەسێکش وێنەی نەدەگرت، بەڵام ئەوەی خۆشی ویستبا ڕەتی نەدەکردەوە وێنەی لەگەڵدا بگرێ، من بۆ خۆم هەرگیز تەنیا جارێکیش لاری نیشان نەداوە لە وێنەگرتنی لەگەڵدا، چ لە گەشت و چ لە ماڵەکەی و چ لە دوکانی خۆمدا، بەڵام تێبینی ئەوەبوو وێنەکە بڵاونەکرێتەوە، بەتایبەتی لەو کاتەوە کە فیس بووک پەیدابوو، تاکە مەرجی ئەوەبوو وێنەکە دەگرێ، بەڵام نابێ لە فیس بووک و سۆشیال میدیا بڵاوبکرێتەوە، بۆیەش زۆربەی وێنەکانی من لەگەڵ مامۆستا لەناو ئەلبومەکەمدا هەڵگیراوە.

* مامۆستا عەزیز هەموو کتێبەکانی یەکجار چاپ کراون، هەرگیز ڕێگای نەدەدا چاپی دووەمیان هەبێت، دەیگوت: ئەگەر کەسێک خوێنەری جدی بێت با بەدوای کتێبەکاندا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە،

دەیگوت: ئەگەر چاپی دووەمیان بکەمەوە دەبێ پێیاندا بچمەوە، منیش ئەو دەرفەتە بە بەرهەمی تر دەرەخسێنم.

* ماموستا عەزیز بۆ دەسکەوتنی زانیارییەک، وەڵامی پرسیارێک، ناونانی بابەتێک، زانینی زاراوەیەک، ئامادەبوو شارەو شار گوندو گوند و هەموو شوێنێک و هەر کەسێک لە هەر کوێیەک بێت بەسەر بکاتەوە.

ساڵی (١٩٨٢) بوو کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد)ی لەبەر دەست بوو کە لە ئینگلیزییەوە دەیکردە کوردی، لە بەشێکی کتێبەکە باسی جۆلایی و ئامێری جۆلایی تێدابوو، دەیویست ناوی کەرەستەکانی ئامێری جۆلایی بزانێ و لە کتێبەکەی وردبین بێت، زانیبووی جۆلایەک لە گەڕەکی (بێترمە)ی شەقڵاوە هەیە ناوی (مام یاقووب جەجی)یە، هێشتا لە دوکانە بچووکەکەی کاری جۆلایی دەکات و ڕانک و چۆغەی پیاوان دەچنێ، ئێوارەیەکیان وتی: خۆشناو لەگەڵم دێیتە شەقڵاوە بچینە لای ئەم جۆلایە؟

وتم: مامۆستا چۆن لەگەڵتدا نایەم، ئەوەبوو سەعات (٩)ی بەیانی لە گەراجی شەقڵاوە یەکترمان گرتەوەو چووینە شەقڵاوە، لەوێ مامۆستا (مەجید عەبدولڕەحمان)ی کوڕە پورم و مامۆستا (زرار سەرتاش)مان دۆزییەوە و چووینە لای مام یاقووب و مامۆستا ناوی هەموو کەرەستە و بەشەکانی ئامێری جۆلای لیپرسی، دوایی نیوڕانە چووینە ماڵی مامۆستا مەجید و پوورم دۆڵمەی لێنابوو بە دڵی مامۆستا بوو، دوایی چووین لە شەقڵاوە پیاسەیەکمان کرد، گەیشتینە لای فندق مەشکور، برادەرێکی مامۆستا مەجید بەوێدا ڕەت بوو کامێرای لە دەست بوو، چاک و چۆنییان کردو پرسی بە مامۆستا کرد مادام ئەو برادەرە کامێرای لایە با وێنەیەکی یادگاری بگرین، ئەویش هەرچەندە پێی خۆش



نەبوو، بەڵام دڵی نەشکاندین و وتی: خۆشناوینە دەرهەقتان نایەم، چاکەتان لەگەڵدا کردووم و ئێوە سێ کەسن و منیش بە تەنیا گەردیم، داواکەتان ڕەت ناکەمەوە، ئەوە بوو وێنەیەکمان لە شەقڵاوە لەگەڵ مامۆستا بوو بە یادگاری.

* مامۆستا عەزیز هەرگیز حەزی نەدەکرد کتێب بە دیاری وەربگرێت، ئەگەر ناچار نەبوایە پێی خۆش نەبوو، دەیگوت: دەیکڕم و هانی خاوەنەکەی دەدەم کتێبەکەی بفرۆشرێت.

کە کتێبیشی چاپ دەکرد، کتێبی نەدەبەخشییە هەموو کەس، ئەگەر بشیبەخشیبایە بەدیاری حەزی نەدەکرد لەسەر کتێبەکە بنووسێ و ئیمزای بکات.

ساڵی (١٩٧٨) بوو، قوتابی کۆلیجی یاساو ڕامیاری بووم لە بەغدا، کۆلیجەکەمان کەوتبووە پشت کۆڕی زانیاری کورد، ئێمە بەردەوام سەرمان لە کۆڕی زانیاری کورد دەدا و بۆ قوتابیان داشکاندن هەبوو، کارمەندو فەرمانبەرەکانیشمان هەموو دەناسی، یەکێک لەم کارمەندانەی ئەوکاتە ناوی (ڕەمەزان) بوو خەڵکی دهۆک بوو، تازە کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاریی)ی مامۆستا عەزیز گەردی لە کۆڕی زانیاری کورد چاپ کرابوو، ڕەمەزان لەمنی پرسی و وتی: مامۆستا عەزیز گەردی دەناسی؟

منیش وتم: بەڵێ باشی دەناسم و برادەرمە.

ئەویش وتی: مادام وایە دەتوانی بەشی خۆی لە کتێبەکەی بۆ ببەیتەوە؟

وتم: بەسەرچاو.

ئەوەبوو دوو شەدە لە کتێبەکەیان دامێ و منیش بەشی ناوخۆکەمان لە کۆلیج نزیک بوو، بردمەوە ئەوێ و دوایی کە گەڕامەوە هەولێر چوومە



ماڵی مامۆستا کە ئەوکاتە لە تەیراوە، جادەی بەحرکەی کۆن بوو و بۆم برد.
مامۆستا دانەیەکی لە شەدەی کتێبەکان دەرهێناو پێیدام، منیش وتم: مامۆستا حەزدەکەم پێشکەشێکم لەسەر کتێبەکە بۆ بنووسی.
ئەویش وتی: پێویست ناکات بینووسم وا کتێبەکەم دایتێ و تەواو بۆ چییە؟
وتم: مامۆستا هەر ئەوە بە یادگاری دەمێنێتەوە، کاکە هەقی ماندوو بوونەوکەم بدەوە.
ئەویش پێکەنی و وتی: هەقت چەندە بتدەمەوە.وتم: هەقم ئەوەیە بە ئیمزای خۆت کتێبەکەم بدەیتێ و لای من ئەوە گەورەترین پاداشتە، ئەویش دڵی نەشکاندم و بە ئیمزای خۆی پێشکەشی کردم، ئێستاش کە تەماشای یادگاری ئەم ئیمزایەی مامۆستا دەکەم، هەموو یادەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا دێتەوە یاد.
* مامۆستا کەسێکی تا سەر ئێسقان کوردپەروەرو دڵسۆز و بە ئەمەک بوو بۆ خاک و نیشتمانەکەی و ڕقی لە خۆفرۆش و میللەت فرۆش و بێگانەپەرستان و هەڵپەرستان و مرۆڤی سەنگەر گۆڕ و دووفاقیی دەبووەوە، ڕقی لە هیچ حیزبێک نەدەبووەوە، بەڵام تەنیا نەتەوەپەرست بوو و نەدەچووە ژێر باری هیچ حیزبێکەوەو خۆی پێ لە حیزب و دەسەڵات گەورەتر و گرینگتر دەزانی، کوردێکی بێ غەل و غەش بوو، بەڵام کوردێکی مرۆڤ پەروەرو دیموکراس و ئازادیخواز.
* مامۆستا لە سیاسەتیشدا زۆر ئاگادار و لێزان و دووربین و شرۆڤەکار و ئایندەبین بوو، لە پشت پەردەوە هێڵەکانی سیاسەتی دەخوێندەوەو دەیزانی ئایندە بخوێنێتەوەو بڕوای بە دۆزی میللەتەکەی



هەبــوو، هەمیشـــە کە لەگەڵ مــن و شــێرزاد و ڕەنــجەڕۆ هاوکێشـــە سیاسییەکانی بۆ شرۆڤە دەکردین و لە ئایندە دەدوا، دەیگوت: ڕۆژێک دادێ ڕاسـتییەکان سـەردەکەون و کـوردیش بە ئـاواتی خـۆی دەگـات، بەڵام من نایبینم، ناشزانم ئێوە دەیبینن، یان نـا، بەڵام نەوەیەک دێ ئەو ئاواتانەی ئێمە خواستمان ئەوان بۆیان دێتە دی.

* مامۆسـتا ڕقـی لە پـلەو پۆسـت دەبـووەوەو زۆر بـایەخی بە پـلەی زانستی نەدەدا، ئەگەرچی دوو دکتۆراشـی هەبوو لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ئینگلیزی، بەڵام لە هیچ کتاب و نووسینێکی لەقەبی دکتۆر، یان پلەی پرۆفیسۆری خۆی نەدەنووسی، پێی ناخۆش بوو پێی بڵێن دکتۆر، ئـێمەش هەمیشـە پێمـان دەگـوت: مامۆسـتا، چـونکە بانـگ کردنـی بە مامۆستا لە دڵی گران نەبوو.

* ئەو لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهیچ شێوەیەک لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەک بەرهەمی خۆی بڵاونەدەکردەوە، تەنیا کتێبی چاپ دەکرد، چـونکە وایـدەبینی کە هــی حیـزب و سـێبەرن و بەمەش وەک عەزیـز گەردی مایەوە کە ئەو پێی دەناسرێتەوە.

* مامۆسـتا لەیەک کاتـدا کـاری لە چەنـد بەرهەمێـک دەکـرد، بـۆ ئەوەی ئەگەر لە کارێـک بێـزار بـوو ئەوەی تـر مانـدووبوونی دەحەسـێننەوەو تــاقەتی دێنێــتەوەبەر، لە ژووری نووســتن، لە ژووری مێــوان، لەنــاو کتێبخانەکەیدا، هەندێکیانی بەدەست دەنووسی، هەبوو بە قەڵەمـی دار و هەشـبوو بە قەڵەم جـاف دەینووسـی و جـار جـارەش لە لاپتـۆپەکەی خەریکی بەرهەمی تر بوو، بۆیەش فرە بەرهەم بوو.

* نەمردم دواجار بۆ دواساتەکانی ژیانی لە نەخۆشخانە سەردانیم کرد و بەخێرهــاتنی کــردم، بەڵام جــورئەتم نەکــرد بەم لاشـــە هــیلاک و

ماندووەی وێنەی لەگەڵدا بگرم، هەستم دەکرد ئەوا دوا ساتەکانی ژیانییەتی و دەیەوێت خواحافیزی لە برادەرەکانی بکات و لە ژیانیش ماندوو و هیلاکە و جێمان دەهێڵێ، دواجار و ماڵئاوایم بە دڵی پڕ لە خەفەت و چاوی پڕ لە گریانەوە دەستی ماندوو و پڕ بەخششیم ماچ کرد و ژیان زۆر خێرا تێپەڕی و ماڵی خۆی پێچایەوەو جێی هێشتین.

* مامۆستا لەبەر ئەوەی بۆ هیچ حیزبێک نەچەمابوو، سێبەری هیچ کەس و بەرپرسێک نەبوو و تەنیا خۆی بوو، بۆیە وایدەزانی حیزبەکان لێی ناگەڕێن ئەو وەها بە سەربەخۆیی و بێ سێبەری ئەوان بژی، هەمیشە هەستی بەوە دەکرد کە بۆی لە کەمین دان، بۆیە خۆی دوورتر و گۆشەگیرتر و دوورەپەرێزتر دەگرت لە دۆست و برادەرەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەمەش لەگەڵ هەندێک لە برادەرانی پەیوەندی هاتووچۆ و تەلەفۆن و سەردانیشی هەر مابوو.

* لەم نووسینەمدا نامەوێ هەموو یادەوەرییەکانم لەگەڵ مامۆستا عەزیز بنووسمەوە، چونکە تەنیا بە کتابێکی سەربەخۆ دەتوانم ئەو هەموو یاردەوەرییە جوانانەم لەگەڵ مامۆستا بنووسمەوە و کۆڵی دڵی خۆم تەواو بخەمە سەر کاغەز، دەنا بەدەیان نووسینی وەهاش ناتوانم باسی سیفات و کەسایەتی و هەڵسوکەوت و قسە خۆش و بەنرخ و ئامۆژگاری و گەورەیی ئەو زاتە بکەم، کە تا قەڵەم دەینووسێ نەک هەر من، هەموو کوردێک خۆشی ویستووە و خۆشیدەوێت و تا دنیا دەمێنێ لە هەست و ویژدان و دڵی هەموو کوردێکدا زیندووە.

پێشنیارم بۆ بنەماڵەی ئازیزی مامۆستا عەزیز گەردی ئەوەیە:
کتێبخانەکەی بپارێزێ و دەستنووسەکانی بە چاپ بگەیەنن، چونکە دڵنیام دەستنووسی زۆرە.



خۆیان وەک دەزگایەک لە چەشنی دەزگای مستەفا زەڵمی و شێخ محەمەدی خاڵ و هی تر، کتێبەکانی بۆ چاپ بکەن و چاپی دووەمی کتێبەکانیشی هەر خۆیان ئەو ئیمتیازە بەخۆیان بدەن و نەیدەن بە هیچ کتبێخانە و دەزگایەکی چاپەمەنی تا بازرگانی بە بەرهەمەکانی نەکرێ و ساڵانە لە پێشانگای نێودەوڵەتییەکان وەک خانەی چاپ و کتێبەکانی بۆ بفرۆشن.

بەدوای کتێبە دەستنووسەکانی تری بگەڕێن کە لە دەزگای چاپەمەنییەکان ماون و چاپ نەکراون، یان لێیان وەرگرنەوەو خۆیان چاپی بکەن، یانیش وایان لێبکەن پەلە لە چاپکردنی بکەن.

هەفتەی سێ ڕۆژ کتێبخانەکەی بۆ خوێنەران بکرێتەوەو کتێبەکانیشی نەبردرێتە دەرەوە، بەڵکو کەسێکی خۆیان ئامێرێکی کۆپی باش دابنێت و ئەوەی سەرچاوەی گرنگی کتێبخانەکەی دەوێ بۆی کۆپی بکرێت و لەبری ئەوەش پارەی کۆپییەکە وەربگیرێ و بۆ کتێبخانە خەرج بکرێت.

ئیتر هەرچی بنووسم لەبارەی مامۆستا عەزیز هەر کەمە و قەڵەم لێرە دەوەستێ.

درود بۆ گیانی ئەو پیاوەی هەموو ژیانی خۆی بە کتێب بەخشی و خۆی کردە مۆم بۆ ڕووناک کردنەوەی کتێبخانەی کوردی و میللەتەکەی.

٢٠٢٢/٦/٢٢هەولێر

# عەزیز گەردی ڕەزێکی بەرهەمدار لە دامێنی قەڵادا

**یوسف محەمەد بەرزنجی**

**تێوەردان (مداخلە):**

نەتەوە چۆن خاوەنی زمان وکەلتوورو خاک وسەروەرییەکانی دیکەیە، نێوەندی ڕۆشنبیری وڕوناکبیریش بەهەمان شێوە خاوەنی سامان وبەهاو و گەنجینەی مەزنی عەقڵی و داهێنانی تایبەت بەخۆیەتی، ئەدیب و شاعیران ونوسەران هونەرمەندەکان بەهەموو بوارو نێوەندو ڕێچکەکانیەوە، سامانی نیشتمانیی وسەروەری و گەنجینەیی لەبننەهاتووی گەلەکانیانن، پارێزگاریکردن لەدەستکەوت و سامان و گەنجینەی وڵات ونەتەوە، بەستراوەتە بەپلەیەکی بەرز بەکەسایەتییە دەست ڕەنگین و داهێنەرو بەبەرهەم و ماندووەکانی ئەم نێوەندەوە، پێشکەوتن تەنیا لە بواری تەکنەلۆژیاو باڵەخانەو پرودو تونێل و ڕێگاوبان وئابووری و پیشەسازیدا نیە، بەڵکو بەشێکی گەورەو گرنگی بەر نێوەندی ڕوناکبیری و داهێنانی عەقڵی وهزری مرۆڤ و کەسایەتییەکانی دەکەوێت، ئەوەی لەم دونیا جەنجاڵ وپڕکێشمەکێش و خۆخواردنەوەو داڕوخانەی مرۆڤ و وێران بوونی نیشتمان و کاوول بوونی شارستانییەکاندا دێتەدی و مرۆڤایەتی بۆنی پێوەناوەو مرۆڤایەتی لەدامێنی شەڕێکی خۆکوژیدا چاوڕێیەتی و چەکە کۆکوژو ناوکییەکان لە ئامادەباشیدان لەبەرانبەر یەکترداو لە ڕۆژو ساڵ و



چرکەوکاتی نزیک بونەوەیدایە بۆ وێران بوون و کاولبوونی گۆی زەویی و مرۆڤایەتی، ڕەنگە لەئان و ساتدابێت، بۆتێکوپێکدانی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی هەزاران ساڵەو بۆ بەخۆڵەمێش بوونی گەردون بەهەموو زیندەورانی زیندوو مردووییەوە، بەخاکیشەوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بۆپێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چونی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتی تێدەکۆشێ، هزرمەندو نوسەرو ڕوناکبیرو هونەرمەندەکانن، کە لەسەردەستی بەرهەمی هزری ئەواندا گەلان و میللەتان هەنگاوی گەورەی پێشکەوتنیان بەسەخاوەتەوە بڕیوەو لەمەنزڵگەی سەروەری و وچانی بەرزدا بۆدونیای پێشکەوتن دەڕوانن و لەخەونی گەوردا دەژین.

**عەزیز گەردی وەک نمونە:**

عەزیز گەردی، پیاوێکی دەگمەن، ماندو بێدەنگ و سادەو ساکار هێمن دورەپەرێزو خۆدەرنەخەر، عەقڵێکی ناوازەو بەخزمەت بۆگەلەکەی، بەرهەمەکانی بەقەد باڵای مرۆڤێکی کوردە، زاناو زمانزانە، لەئینگلیزی و فەرەنسی، فارسیی، عەرەبی، ئازەری، کوردی... ڕەنگە کەمم گوتبێت دەزانێت، تائێستا لەشاشەیەکی تیڤیەکەوە نەبینراوە، لەکۆڕێکدا دەرنەکەوتوو، بەڵام دەیان کتێبیی بۆکتێبخانەی کوردی نوسیوەو وەرگێڕاوە، هەموو چاپکراوەکانی خۆیی بەهەوڵوماندوبوون وشەونخونی و پڕئازاروخەونی مەزنەوە چاپکردووە، ئەو دکتواری هەیە، بەڵام قەت لەهیچ کتێبێکیدا، لەسەر ڕوو بەرگی چاپکراوێکیدا دالێک بۆپێشخانی ناوەکەی دانەنراوە، عەزیز گەردی کوڕی لادێ و شارە، بەڵام خەمی ئەو کتێب و خوێندەواری و پێشکەوتنە بۆگەلەکەی، ئەو بەمامۆستایەتی دەیان نەوەی شارو گوندی تا زانکۆ پێگەیاندووە،

ئەوەندەی بەخەمی خوێندەوارییەوە بووە، نیوئەوەندە بەخەمی خۆیەوە نەبووە، ئەو پیاوێکی مەزنە سامانی گەورەو گەنجینەی نەبڕاوەی ئەم گەلەیە، چۆن ئاسایش وئارامی بۆپێشکەوتن بەنرخ و بەکەڵکە، نوسەران وڕوناکبیرانیش بۆگەل بەکەڵک وبەسودن، نابێت ئەم گەنجینەو سامانە نەتەوییانە فرامۆش وپەراوێز بخرێن،تکایە عەزیز گەردی کەوەک ڕەزێکی بەردارو گوڵێکی بۆنخۆشە فەرمامۆش مەکەن و بەهانابیەوە بچن، چونکە ئەم سامانەگەورەو مەزنانە تا سەدەیەکی تر ڕەنگە دروست نەبنەوە، تا لەژیاندان ڕێزیان بگرن و بەسامانی گەل وخاکی خۆتانی بزانن و بابیرنەچنەوە.

**عەزیزگەردی ویادەوری:**

لەسەرەتایی ساڵی هەشتاوە مامۆستا عەزیز گەردی دەناسم، چەند جارێک لەناحیەی بەحرکەمەنزڵگەو زێدی خۆیی سەردانم کردووەو بەخزمەتی گەیشتووم، لەگەڵ مامۆستای پارێزەرو خەمخۆری مێژوو کەلەپوورو دڵسۆز مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف)سەردانم کردووەو بەسەرمان کردۆتەوە، کاتێک مامۆستا لەزانکۆی موسڵ قوتابیی بوو لەبەشی فەرەنسی، لەیەکەم ساڵدا کتێبێکی لەفەرەنسییەوە کردە عەرەبیی و لەزانکۆ بەهۆی لێهاتووی و توانای ئەم کەسایەتیە لەقۆناغی یەکەم بەرزکرایەوە بۆقۆناغی سێیەم وڕێزی لەزانکۆ لێگیراوەو بەبەهای بەرزەوە سەیری کرا، ئەوکاتانەش دەهاتە سلێمانی چەندجار لەگازینۆی گەل و میوانخانەکەی میرزاحسێن، ئوتێلی گەل یەکترمان بینیوە، ئەو کاتەی سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، (ئەدەبی بێگانان)ی چاپکرد بەچەندبەرگێک و (داغستانی من)ی ڕەسوڵ هەمزەتۆڤی لەئینگلیزییەوە



وەرگێڕاوچاپ و بڵاو کردەوە، زیاتر ناسراو ناوی لەنێوەندی ئەدەبیدا لەدرەوشانەوەدا بوو، مامۆستا عەزیزم کاتێک ناسی گەنجێکی ١٤ساڵان بووم، زۆر سەرسام بووم بەزمان پاراوی و سادەیی و لەسەرخۆیی و دەوڵەمەندو کامڵ لە مەعریفەدا، ئەوکاتەی (کتێبخانەی خاکی)مان لەگازێنۆی گەل هەبوولەگەڵ شەهید مەحمودخاکی، لەشەقامی مەولەوی تەنیشت پۆستەی سلێمانی، سەردانی دەکردین و دەمانبینی وبەخزمەتی دەگەیشتین، هەرکاتێک هاتبێتە سلێمانی سەردانی مامۆستای شوێنەوارو ناس ومێژووپەروەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفی کردووە، ئەوەندەی بزانم ئەم دوکەسایەتیە زۆر ڕێزو خۆشەویستی لەنێوانێدا هەیە.

**عەزیز گەردی کێیە:**

عەزیزگەردی، پیاوێکی بێگەردە پاکە دڵسۆزە ناوی(عەزیز ئەحمەد عەبدوڵڵا)یە ساڵی ١٩٤٧لە بەحرکە لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٨ هاتونەتە شاری هەولێر، بەڵام زۆری بنەماڵەکەیان هەر لەناحیەی بەحرکە ماونەتەوەو بەکاری ئاژەڵداری وجوتیارییەوە سەرقاڵبوون،ساڵی ١٩٩٤ ماستەری بەدەستهێناوە، ١٩٩٩ دکتۆرای بەدەست هێناوە لەسەر (سەروا) لەزۆرێک لەقوتابخانەکان مامۆستایەتی کردووەو وانەی وتۆتەوە، دوای ئەوەی زانکۆی تەواوکردووە بۆتە مامۆستای کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، وەیەکێکە لەنوسەرە پڕبەرهەمەکان لەنوسین و وەرگێڕاندا، بەداخەوە بەهۆیی نەخۆشیوەڕۆژی دووشممە ٦-٦-٢٠٢٢.ماڵ ئاویی کردو بەجێیهێشتین، زۆرێک لەکەس و لایەن و دەزگاکان ویستویانە ڕێزلێنان و بۆنەی بۆ سازکەن، بەڵام ئەو ڕەتی

کردۆتەوەو رازی نەبووە، ئەو هەمیشە دەڵێت: بەرهەمەکانم ماندوبوونم حەزی خۆمەو منەت بەسەرکەسدا ناکەم.

**داغستانی من و نامەیەک:**

کاتێک (داغستانی من)ی ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ، لەلایەن مامۆستا عەزیز گەردییەوەچاپ وبڵاوکرایەوە، لەمانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٥، بۆهێنانی کتێبەکەی سەردانی شاری سلێمانی کردوو، بەخزمەتی گەیشتم وداوام لێکرد ژمارەیەکی زۆر لەکتێبەکەیم بۆبنێرێت بۆئەوەی بۆی بفرۆشم وبۆی ساخ بکەمەوە،ئەو پەیمانیدا بۆم بنێرێت ئەوەبوو کەڕۆیشتەوە بۆشاری هەولێر، گەرایەوەو،بەژمارە(١٧٠)دانەی بۆهێنام منیش هەموویم بۆفرۆشت و بە بەڕێز هیمداد حسێن کەئەو کاتە قوتابی زانکۆی سەلاح ددین بوو، لەکۆلێژی ئاداب بەشی زمانی فارسی و هاوڕێی قوتابیان خوالێخۆشبوو سابیرشێخ حسێنی حاجی مامەندی و دکتۆر عەتاڕەشید حسێن بوو، لەهەمان کۆلیژو جارجار دەهاتە سلێمانی، پارەی کتێبەکانم بەشێکی فرۆشراوی بۆناردو پاشتر ئەویشم بۆنارد، ئەویش پاشتر داغستانی من، بەرگی دووەمی بەکاغەزی بۆر چاپکردبوو، بەڵام بەپەڕەی سپی وجیاواز لەچاپەکەی دانەیەکی بۆناردم، ئەم نامەییەی کەدەیخوێننەوە باسی دکتۆر هیمداد حسێن و(١٧٠)ژمارە داغستانی من و کتێبە فرۆشراوەکان دەکات مێژووی نامەکە وەک بەڵگەو دیکۆمێنت بۆ بەرواری ١٤|٩|١٩٨٥ دەگەڕێتەوە، کتێبی (داغستانی من)ی ٢٥|٩| ١٩٨٥ بەدیاری و پێشکەش بۆ ناردم تائێستا لەلام پارێزراون.

هەولێر ١٤|٩|٩٨٥



بۆکاک یوسف محەمەد، کتێبخانەی خاکی
سڵاو...
ـ کاک یوسف کەداغستانەکەم
هێنا سلێمانی(١٧٠)دانەم لات
بەجێ هێشت.نازانم چیت لێکردون؟
ئایا بەکتێبخانەکانت فرۆشتوە یان
لای خۆت ماوەتەوە؟
ئەگەر فرۆشراوە پارەکەم بۆ بنێرە
ئەگەر نەفرۆشراوە حەزدەکەم
بزانم چی بەسەرهاتوە.
ـ وەعدم دابوو کەدانەیەکی سپی
داغستانت بۆ بنێرم، ببورە
کەنەمنارد، چونکە پێ ڕانەگەیشتم...
ئێوارە بوو، کاک هیمداد گوتی:
بەیانی دەچمە سلێمانی پێ ڕانەگەیشتم
بچمەوە ماڵێ ...
برات عزیزگەردی
کۆپی دەستخەتی نامەکەی دکتۆر عەزیز گەردی
نامەیەک لەسلێمانییەوە: ٦|٦|٢٠٢٢
بۆ دکتۆر عەزیز گەردی ئازیزم
پاش سڵاوڕێز....
دکتۆرگیان من گەنجێک بوو تۆم ناسی، سەرەتا بەرهەمەکانتم بینی و خوێندمەوەو پاشان خۆتم بینی و تۆم خۆشویست، کاتێکیش بویت

بەهاوڕێم و بەرهەمەکانتم لەئامێزی خۆشەویستی و خوێندنەوەدا لە ئامێزگرت، زیاتر بەتۆ و بەرهەمە بێوێنەو نایابەکانت و بەزمانە بێگرێو گۆڵەکانت سەرسام بووم، زیاتر تۆ وەک گەنجینەو سامانێکی ئەم گەلە لام گەورەترو گەورتربویت و بویتە یەکێک لەمەزنەکانی نێو کتێبخانەی کوردی کەمەڵۆیەکی گەورەت بەوێنەی ڕەشکەیەک گەنمی قەندەهاری بەگوڵەوەت خستە نێو خەرمانی پڕبەرەکەتی کتێبخانەی کوردییەوەو ئەو خەرمانە مەعریفیی و ڕۆشنبیرییەت دەوڵەومەند ودەوڵەمەند ترکرد، کەئێمە شانازی بە بوونتەوە دەکەین، ئێستا کەتۆ لەنێوجێدا بەدەم ئازارەوە دەتلێیتەوەو لەبەرگریدای، ئێمە خەمێکی قوڵمان لەناخدا هەڵگرتووەو چاوەڕێی سەرفرازی و چاکبوونەوەی تۆ دەکەین، تا دەست بدەیتەوە ژێربالّی خەرمانی پڕبەرەکەتی مەعریفەو زانستت، دوبارە وەک ڕەزە بە بەرهەمەکەی دامێنی قەڵای سەربەرزی هەولێرەکەمان بت بینین.

دکتۆرگیان، ئێمەی خوێنەرو قوتابیەکانت، تۆمان خۆشدەوێت و تۆمان لەیادەو قەت بیرمان ناچیتەوەو فەرامۆشت ناکەین، خوازیاربووین بەزوترین کات بەتەندروستییەکی باشەوە، بتبینین و بەدیدارت شادبین بەڵام بەداخەوە زوو بەجێدهێشتین و ئێمەت لەبێنازی کتێب و وەرگێڕاندا بەجێهێشت. یادت بەخێر ورۆحت ئارام.

دڵسۆزت: یوسف محەمەد بەرزنجی

سلێمانی٦|٦|٢٠٢٢



# چۆن (عەزیز گەردی)م ناسی؟

**نووسینی: پ.د. ئازاد حەمە شەریف**
**زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر**

ساڵانی کۆتایی حەفتاکان ساڵانی ئومێد و نائومێدی، گەشبینی و ڕەشبینی، خۆشگوزەرانی و ماڵوێرانی، هەڵپە و کڵپە، چاوتروکاندن و چاوترساندن، ڕووخان و هەڵسانەوە بوو بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی و رۆشنبیران بە تایبەتی.ئێوارانی هاوینی ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ و ١٩٨٠ و دواتریش رۆشنبیران و دەستەبژێرانی شاری هەولێر لە (گازینۆی شەوانی هەولێر) کەوا دەکەوێتە بناری پیرە قەڵا و پشت (سینەمای سیروان) کۆ دەبوونەوە و ئەوێیان کردبووە جێگە و رێگە و پێگەی خۆیان.ساڵی ١٩٧٩من تازە ببوومە پۆلی چوارەمی بەشی ئینگلیزی/ کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی بەغدا و لەگەڵ کۆمەڵێک برادەرانی خۆم وەکو کاک (سەلمان سلێمان) و کاک (مەعروف)ی تەیراوە و کاک (سەعدی سەیدانی) و خوالێخۆشبوو کاک (رزگار قادر) و کاک (ئاسۆ حەسەن = ئەوسا ناوی کاکل حەسەن بوو)، کاک (غالب محەمەد)ی ناسراو بە (رەوەز محەمەد) سەرمان پێکەوە دەنا و بەدەم یاریکردنی دەستێک دۆمینە یان تاوڵەوە قسەمان لەسەر ئەدەبی کوردی و بیانی دەست پێدەکرد.

زۆربەی کات لەناو باخچەکەی (گازینۆی شەوانی هەولێر) لە تەنیشت مێزەکەی تەنیشت ئێمەوە ڕۆشنبیران و کەسانی ناودیار و نووسەرانی هەولێر دادەنیشتن.لەناو ئەو کەسە دیارانە پیاوێکی خاکی شەرواڵ لەبەر و کراسێکی سپی گەچلاوی پێڵاو بۆیاغ نەکردوو هەمیشە بە قسە ڕێک و ڕەوان و گوفتارە پڕ زانیاری و دڵگەرمییەکەی بۆ ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی سەرنجی رادەکێشام.ئەو زۆرجار لەگەڵ کاک (نەژاد عەزیز سورمێ) و کاک (سەعدوڵا پەرۆش) و کاک (نەوزاد رەفعەت) و کاک (جەلال بەرزنجی) و کاک (کەریم دەشتی) و کاک (کەریم سۆفی) و جاروباریش کاک (شێرزاد حەسەن) و کاک (سەڵاح عومەر) و چەند کاکێکی دیکە دادەنیشتن و باس هەر باسی چیرۆک و ڕۆمان و فەلسەفە و ئەدەب بوو.

چاکم لە بیرە ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێک لەو برادەرانەی سەرەوە لە مێزەکەی تەنیشتمان باس هاتە سەر (نیتشە) و کتێبە ناودارەکەی (زەرادەشت وای گوت) و کاک (کەریم دەشتی) باسی خوێندنەوەی ئەو کتێبەی دەکرد و (عەزیز گەردی)ش لێی پرسی: "بۆم باس بکە چۆن لەو کتێبە گەیشتوویت؟" ئەویش بۆی ڕوونکردەوە کەوا ئەو کتێبە زۆر قووڵە و بە جارێک و دوو جار خوێندنەوە ئاسان نییە هەموو کۆدەکانی فەلسەفەی (نیتشە) خۆی بەدەستەوە بدات.گفتوگۆکە تا دەهات گەرمتر دەبوو، کاک (کەریم دەشتی) بینی من بە وردی گوێم بۆ گفتوگۆکانیان ڕاگرتووە تا بزانم هەر یەکەیان چیتر دەخەنە سەر خەرمانەی تێگەیشتنی منێکی تازە مەلەوان لەناو دەریای بێسنووری ئەدەب و فەلسەفەی جیهانی.لەپڕەوە کاک (کەریم دەشتی) بانگی کردمە سەر



مێزەکەی خۆیان و لێی پرسیم: "ئێوە لە بەشی ئینگلیزی بۆ ساڵی داهاتوو چی دەخوێنن؟" هەر بەڕاستی ئەمە پرسیارێکی زۆر پەشۆکێنەر بوو بۆ من چونکە ئاسان نەبوو لەناو ئەو نووسەرە دیارانەی ئەوسای هەولێر منێکی تازە بەسەرپێکەوتوو بتوانم بەوردی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.بۆ خۆ دەربازکردنم گوتم: "بۆ ساڵی ئاییندە رۆمانی (کوڕەکان و دڵدارەکان)ی (د.ە.لۆرەنس) و (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)ی (جێمس جۆیس) و و (بەرەو رۆشنگا)ی (ڤێرگینا وۆڵف) (سەرداری مەگەزەکان)ی (ویلیام گۆڵدینگ) دەخوێنین." ئەوسا مامۆستا (عەزیز گەردی) هاتە قسە و گوتی: "ئەوەندە رۆمانە بۆ ساڵێک زۆر نییە؟" منیش گوتم: " ئەمە بابەتی دانراومانە بۆ پۆلی چوارەم و دەبێ تەواوی بکەین." باش بوو کاک (کەریم دەشتی) لە رێژنەی پرسیاری دیکەی رزگارکردم بەوەی گوتی: "ئێوە یەکتر ناناسن؟" منیش بە شەرمەوە گوتم: "دەزانم ناوی مامۆستا (عەزیز گەردی)ە" و کاک (کەریم دەشتی) گوتی: "ئەویش (ئازاد حەمە شەریف)ە."

دوای ماوەیەکی کەم لەو پێکتر ناساندنەمان ناو و دەنگی (عەزیز گەردی) هەموو ناوەندەکانی رۆشنبیری وەکو روناکی تەنییەوە کاتێک کتێبی (داغستانی من)ی (رەسووڵ حەمزەتۆڤ)ی کردبووە کوردی.گرنگی ئەو کتێبە دوای ساڵانێکی زۆری هەرەسی شۆڕشەکانی کورد لە دوو لایەنەوە بوو: یەکەمیان پێداگرتنێکی بێپسانەوە بوو لەسەر نەتەوەپەروەری و مافی نەتەوە ژێردەستەکان و خۆشویستنی نیشتیمان تاڕادەی پەرستن.دووەمیان وەرگێڕانی دەقێکی بیانیی بە کوردییەکی لووس و بێ گرێ و گاڵ.هەردوو لایەن ئەوسا بۆ کورد

گرنگ بوون، چونکە دێوەزمەی دوژمن چنگی لە هەناوی نەتەوە و کەلتووری کوردی بردبووە خوار و دەیەویست هەناوی کورد بەرە بەرە هەڵکۆڵێت.
دوای ئەو دوو سێ دیدارە بە دەگمەن (عەزیز گەردی)م دەبینی چونکە ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردبۆوە و منیش گەڕابوومەوە (بەغدا) بۆ خوێندن.پاش تەواوکردنی زانکۆ، تووشی خزمەتی سەربازی و ڕاکردن لە سەربازی هاتم و ماوەی زیاتر لە شەش مانگ لە ماڵەوە خۆم شاردبۆوە.بەڵام لەو ماوەیەدا خۆم خەریکی وەرگێڕانی (مردنی دێوەرەیەک)ی (ئارسەر میللەر) و (ئیمپراتۆر جۆنز)ی (یوگین ئۆنێڵ) کرد بوو.ڕۆژێکیان بە پەنادزە دەگەڕام چاوم بە مامۆستا (عەزیز گەردی) کەوتەوە.دوای چاکی و چۆنی لێی پرسیم: "خەریکی چیت؟" منیش گوتم: "ئەوەی ڕاستی بێت شانۆنامەی (مردنی دێوەرەیەک)م کردۆتەوە کوردی." ئەویش دەستخۆشی لێکردم و گوتی: "دەتوانم بیبینم؟" منیش گوتم: "زۆریشم پێخۆشە پێیدا بچیتەوە." دوای کەمێک وەستان بەڵێنی پێداچوونەوەی پێدام و کاتمان دانا یەکتر ببینین.
سەرەتا چوومە ماڵیان لە (گەڕەکی تەیراوە)، لە نزیک ماڵی (مەلازادە) سەردانم کرد.کاتێک چوومە ماڵیان شۆک بووم چونکە ژیانێکی زۆر دەروێشیانە دەژیا و دەرپێیەکی خوتبەی سپی لەبەردابوو.لبادێکی ڕاخستبوو و هەرچواردەورەی شوێنی خوێندنەوە و نووسینی کتێب بوو.ئەوسا لەگەڵ پیرەدایکی دەژیا.لە بیرمە چایەکی تاڵی بۆم هێنا و پەرداخێک ئاوی شلەتێن.دواتر ڕۆژانە پاش عەسر دەچوومە ماڵیان و ئەو پێیگووتم واباشترە بچینە (چایخانەی قامیش)ی نزیک (گازینۆی



عەنتەر) تا لەوێ بە ئازادی مشتومڕ لەسەر وەرگێڕانەکە بکەین.بۆ ماوەی دوو هەفتەی ڕەبەق پێنج جار بەسەر (مردنی دێوەرەیەک)دا چووینەوە.بەڕاستی من قەرزاری مامۆستا (عەزیز گەردی)م چونکە ئەو بەشێوەیەکی پراکتیکی فێرە وەرگێڕان و کورداندنی کردم.کاتێک ویستم ناوی وەک پێداچۆرەوە بنووسم، ڕازی نەبوو و گوتی: "من بۆ تۆم نەکردووە، بۆ کوردم کردووە." ناچار من لە کۆتایی چاپی یەکەمی (مردنی دێوەرەیەک) سوپاسیم کرد و ئەویش ئەمەی پێخۆش نەبوو، بۆیە کاتێک داوای پێداچوونەوەی (ئیمپراتۆر جۆنز)م لێیکرد، دەستی بە ڕوومەوە نا و گوتی: "تۆ بوویتە وەرگێڕێکی باش و چیتر پێویستت بە من نییە." جا نازانم لە سوپاسەکە دڵگران بوو یان هەر بەڕاستی من ببوومە وەرگێڕ!

دواتر ساڵی ١٩٨١ من لە ماستەر وەرگیرام و جارێکی دیکە چوومەوە (بەغدا) بۆ خوێندن، بەڵام پەیوەندیمان هەر بەتێن بوو و کاتێک ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ کتێبی (ئەدەبی بێگانان) ژمارە (٢) و ژمارە (٤)ی دەردەکرد داوای بابەتی لێکردم و منیش بۆ ژمارە (٢) چیرۆکی (فەلامەرزێکی خۆپەرست)ی (ئۆسکار وایەڵد) و بۆ ژمارە (٤)یش شیعری (دیمەنێک لە فیرێنزاوە)ی (ویلیام ه.ماکێت)م پێیدا و بە سوپاسەوە بۆی بڵاوکردمەوە.وەنەبێت مامۆستا (عەزیز گەردی) تەنیا دەستگیرۆیی منی کرد بێت، چونکە هەموو ئەو ناوانەی لە (ئەدەبی بێگانان) بابەتیان بۆ بڵاوکراوەتەوە وەرگێڕی تازەکار بوون و هەندێکیان لە وەرگێڕان بەردەوام بوون و هەندێکیشیان هەر زوو لێچوونەوە.

نازانم مامۆستا (عەزیز گەردی) چۆنی زانیبوو ئەو رۆژە من گفتوگۆی ماستەرنامەکەمە و لەپڕەوە لەگەڵ (شێرزاد حەسەن) لەناو هۆڵی گفتوگۆ دەرکەوتن.من هەر هۆپێکم لە خۆم زانی چونکە بە کەم کەسم گوتبوو ئەو رۆژە گفتوگۆم هەیە و هەروا گفتوگۆکەشم کەوتبووە ناو مانگی (نۆ)ی ساڵی ١٩٨٣.دیار بوو مامۆستا بۆ چاپکردنی (ئەدەبی بێگانان) لە (بەغدا) بوو و هەرچۆنێک بێت زانیبووی گفتوگۆم هەیە و بێ دواکەوتن وەکو مامۆستایەکی دڵسۆز لەوێ ئامادە بوو.
دوای تەواوکردنی ماستەرەکەم رۆژێکیان پێگوتم: "بۆچی نایەیت لای ئێمە لە (زانکۆی موسڵ) ببیتە مامۆستا؟" منیش دوای سوپاسکردن پێمگوت: "ئامادەم؟" رۆژی دواتر لەگەڵ مامۆستا (عەزیز گەردی) پێکەوە سواری ئۆتۆمبێلی (موسڵ) بووین، ئەگەر لە بیرم مابێت دیار بوو مامۆستایان (ئەحمەد دزەیی) و (حاجی ئەحمەد) و (حیسام بەرزنجی) و (حسێن عەلی وەلی) و (عەلی جوکل)یش ئەوسا لە (زانکۆی موسڵ) قوتابی بوون.کاتێک چوومە بەشی (ئینگلیزی) و بڕوانامەکەم پێشکەشی (د.یوئێل عەزیز)ی سەرۆکی ئەوسای بەشەکە کرد، ئەوان سووک و ئاسان کوردێکی وەک منیان رەتکردەوە.
دەبا ئێستا بە چاوێکی رەخنەگرانە و بابەتییانە و بێکارتێکردنی سۆز و هاوڕێیەتی هەڵوەستە لەسەر بەرهەمەکانی مامۆستا (عەزیز گەردی) بکەین.مامۆستا لە ڕووی چێژی زمانەوانی و لووسی و بێ گرێ و گاڵی زمان تا بڵێی جواننووس و پاکنووس بوو.شاکارە بەرزەکانی (داغستانی من)ی (حەمزەتۆڤ) و (کۆمیدیای دانتی) و (گەشتەکانی گەلیڤەر)ی (جۆناسان سویفت) و (هونەری شیعر)ی (ئەرەستۆ) و شانۆنامەکانی



(لۆرکا) و (نامەیەک لە پەکینەوە)ی (پێرڵ س.بەک) و (قۆڵبڕ)ی (عەزیز نەسین) و (کچەکەی فەرماندە)ی (پوشکین) و (خوا و شەیتان) و (بەرنامەی خوێندن)ی (تۆلستۆی) و (بەرکوتێکی ژیانم)ی (یەڤجینی یەڤتۆشینکۆ) دانراوە بەنرخەکانی لە بواری (ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا) و (ئەدەب و ڕەخنە) و (پەخشانی کوردی) و (چەشەی ئەدەبی) و (ئەدەبی بەراوردکاری) و (سەروا) و (کێشناسی) شایەنی ئەوەن پەیکەری هەرە بەرزی وەرگێڕان و داهێنان بۆ مامۆستا (عەزیز گەردی) لەسەر دوندی ئەدەب و زمانی کوردی بۆ بنەخشێنرێت.

بەڵام وەرگێڕانی بابەتەکانی (چیرۆکی بەرئاگردان) و (قورینگ) و (بەرازەوان) و (هەقایەتی بەغدایێ) و (ئەفسانەی ئەرمەنی) و (ئەفسانەی ئەفریقی) و (ئەفسانەی تورکیایی) و (ئەفسانەی سلاڤی) و (ئەفسانەی فیرعەونی) و (یەک چیای گەوهەر = کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەفسانەیی گەلان) و (درەختی چل داستان) و (دەنکە هەنار: کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئازاربیجانی) و (مایینی چل جوانوو = ئەفسانەی لادێنیشینانی کورد) و (ئەفسانەی کوردی) و (هەقایەتی کوردەواری = سێ دەرمان) و (هەندێ بەستەی کوردی) و (کەوێتی دامەنتاری = کۆمەڵە ئەفسانەیەکی بیانییە) و (چیرۆکەکانی هیزۆپ) و (بوکوکەی قسەکەر) و چەندان بابەتی دی لە ئاستی توانا و هەڵبژاردنی ئەو زۆر نزمترن و لە ڕووی بەهای هونەری و هزری و رۆشنبیرییەوە کز و لاوازن و وەکو بارێکی قورس و لەملانگران بەسەر شان و شکۆی ئەو پەیکەرە بەرزەفرەی مامۆستا (عەزیز گەردی) دەمێننەوە.

هەولێر ٢٠٢٢/٦/٢٥

# نووسەر و وەرگێڕ عەزیز گەردی

**د.نەبەز مەجید ئەمین***

ناسینی من بۆ نوسەرو وەرگێڕی لێهاتوو (عزیز گەردی) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سالآنی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، کاتێک هەردووکمان مامۆستا بووین لە کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلآحەددین( هەولێر ) ئەو لە بەشی زمانی کوردی، منیش لە بەشی مێژوو.

سەرەتای ئاشنابوون و ناسینمان لەگەڵ یەکدی بە هەڵوێستێکی خۆبەخشانەی گەورە دەستی پێکرد، کاتێک هەردووکمان لە یانەی کۆلیژ لە پشوودابووین هاتە لام و گوتی: من گەردیم و شارەزاییەکی باشم هەیە لە زمانی فەرەنسی و بیستوومە تۆش خەریکی بابەتێکی زانستی هەستیاری لەسەر هەواڵگری سەردەمێکی پڕتەنگەژەیی جەنگی نێوان موسڵمانان و خاچ پەرستان، بێگومان فەڕەنسیەکانیش ڕۆڵی بەرچاوو گرنگیان لەم شەڕەدا هەبووەو چەندین سەرچاوەی مێژوویی ئاماژەی پێکردووە، جا ئەگەر بۆ وەرگێرانی دەقە فەڕەنسیەکان پێویستت بە بەندە هەبوو، من ئامادەم هاوکارو پشتیوانت بم لەم کارە زانستیەدا منیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئەم هەڵوێستە ئەکادیمیەم بەرز نرخاند.ئەمە سەرەتای ناسینمان بوو، دواتر پەیوەندییەکی زانستی بەسوود لە نێوانماندا دروست بوو.



گەردی نوسـەرو وەرگێڕێکی زۆر کەم وێنە بـوو لە ناخەوە عەشقێکی زۆری بۆ نوسین و وەرگێڕان هەبوو زۆر دڵسۆزانە بە قەڵەمێکی کاراو بوێرەوە هـاتە مەیدانی وەرگێڕانـی هەنـدێ دەقـی فەرەنسـی تـایبەت بە زانستی مێژوو کە بۆ بەندە زۆر بە سـوود بـوو، هەر بۆیە بە چاوێکی گەش و بە دڵێکی شـادەوە ستایشـی وەرگێرانەکـانیم کـرد چـونکە نەک تەنیـا بە گـوڕوتینەوە وەرگێـڕانەکەی ئەنجامـدا بەڵکـو بە سـەرنج و بۆچونەکـانی لەسـەر دەقەکـان و شـێوازی جـوانی نوسـینی کـوردی سەرنجی زیاترو زیاتر ڕادەکێشام.

گەردی یەکێک بوو لەسوار چاکەکانی نوسـەرانی کورد و بەرهەمەکانی ئەم کەڵە نوسەرە گەنجینەی بەهـادارن و لەهەمـوو کات و شـوێنێکدا بە زیندوویی دەمێننەوە هەرگیز سڵی لە نوسین و وەرگێڕان نەکردۆتەوە چـاوی لە ئاستی نـاهەقی نەپۆشـیوەو بـڕوای بە چـی بـوایە دەیگـوت و دەینووسی.

جـوامێرانە لەرۆژانـی تەنگـانەدا خـۆی ڕاگـرت و ئازایـانە بەرامـبەر نـاحەزانی ڕادەوەسـتاو چـۆکی نەدەدا وەک درەختێکـی ڕەگ و ڕیشـە پتەوی کوردستان بەسـەربەرزی دەژیـاو وەک بـاخەوانێکی خەمخۆری گوڵزاری ووشەی ڕەسەنی کوردی بوو، کاتێک بەندە سەرۆکی زانکۆی کۆیە بووم، گەردی هاتە لامان و مەبەستی بوو داهێنـانەکی تـازە تۆمـار بکـات و بـابەتێکی زمـانەوانیی و ئەدەبی کـوردی بە زمـانی ئینگلیـزی و پلەیەکی زانستی ئەکادیمی پێ وەربگرێت.

لە دیدارەکەدا بە درێژی باسی لەو ڕێگریانە کرد کە لە شوێنی ژیانی خۆی هاتونەتە پێش و ڕێگەی پێنادەن ئەم کارە زانستییە ئەکادیمیە ئەنجام بدات.
بە هەر حاڵ داوایەکی تێرو تەسەلی نوسیبوو بە درێژی ناو و پلان و کارە زانستیەکەی شی کردبۆوە.
داوا زانستیەکەی لە ئەنجومەنی زانکۆی کۆیە – لیژنەی زانستی – هەڵسەنگێنراو دوای تاوتوێ کردنی لە ئەنجومەنی زانکۆ بە خۆشحاڵییەوە دەرفەتی ئەنجامدانی ئەم پرۆژە زانستیە دراو دەرگای کارکردن و داهێنانی بۆ کرایەوەو هاوکاری تەواو کرا لە بواری "کارگێڕی، کات، تەمەن" هەروەک چۆن چاوەڕوان دەکرا داهێنانێکی زۆر ناوازەی ئەنجامداو پلەی زانستی دکتۆرای پێبەخشرا کە دەستکەوتێکی گەورەی زانکۆی کۆیە بوو، بۆ ئەمیش زیاد لە پێویست دڵی شادکرد،مێژوو بە گەورەیی و شکۆوە ناوی عەزیز گەردی تۆمار دەکات، مرۆڤێکی روناکبیرو نیشتمان پەروەر گشت تەمەنی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی و ناساندنی کورد بە جیهان و، هەروەها گەردی توانی جیهانیش بە ئاقاری ناساندنی بە کورد کێش بکات.بۆیە ئەوە پەیامێک بوو لای گەردی.
لە نوسینەکانیدا وەک نوسەرێکی راستگۆ و ڕەسەن خۆی دەچەسپێنێ بە کەرەسەو بەهرەو کارسازییەوە بەرهەمەکانی ئەنجامدەدا.
گەردی بەهرەو ڕەسەنایەتی ووشەی کوردی لێک گرێ دەداو بنیاتی داهێنانەکەی لە سەر بنیات دەنا، کەم وێنە بوو لە زیندوو ڕاگرتنی یادو



بیرەوەریەکانی گەلە ستەمدیدەکەی و بەستنەوەی ئەگەرەکانی سبەی بە دۆخی ئەمڕۆ.

پرۆفیسۆر گەردی پێی وابوو زمان دیارترین و بەرچاوترین ڕەگەزی پێکهاتەکـانی نەتەوەیـی یە، بـۆیە جـگە لە داڕشـتن و هەڵبژاردنـی ئەو کتێبانەش کە هەڵیدەبژارد بۆ وەرگێڕان، ئەوەندە بە سەلیقەی کوردانە و زمانێکی پاراو و هەمیشە ووشـەی ڕەسـەن و شـێوازی شیاوی نوسـین لە بەرهەمەکانیدا رەنگیدەدایەوە، ڕاستگۆیانە لە هەمـوو ژیانیدا هەوڵی بەرەو پێش بردنی ئەم لایەنەی داوەو، جگە لەم پەیامە خۆی سەر قاڵی خۆشـی دنیـاو دەسـتکەوتی مـادی نەکـردووە، گرنگییەکـی زۆری بە ڕەگەزەکـانی ئەدەب و زمـان داوەو مـامەڵەیەکی زیرەکـانەی لە گەڵ دەکات و خۆی وابەستە دەکات بە ڕەگ و ڕیشەی کەشی خۆماڵی پڕ لە گیانی سـەردەم و تێڕوانینی هۆشیارانەی ئاشکراو ڕوون، هەر ئەمەش گەردی خستۆتە ڕیزی پێشەوەی نوسەرانی کورد.

بە بەهرەیەکی باش و بە پێز و توانـایەکی بـاش و شـارەزایەتی و کاڵ بوونەوەی نوسین و سوود وەرگرتن لە ڕێبازە جیاجیاکانی زمانەوانی جیهانی و هاتۆتە کۆڕی ئەدەب و روناکبیری لە نێو گەلەکەیدا.

بەڵگە نەویستە لەداڕشتن و نووسین و وەرگێڕاندا شارەزایەکی تەواوی هەبوو جگە لەزمانی دایک زمانەکانی فەڕەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسـی...هتد دەزانی ئەم زمـانزانیەش واتە کاریگەری بە باشـی زانینی زمانەکانی بیانی دەنگدانەوەی زۆر ئەرێنی هەبووە لە بەرهەمەکانیدا بە روونـی دەردەکەوێت هەر ئەمەش وای کـردووە ئاشـنایەتیەکی بـاش لە گەڵ زۆربەی کەلتورە جیهانیەکان هەبووە.



گەردی وەرگێڕێکی لێهاتوو بوو بەرهەم گەلێکی زۆری بیانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی و بەشێکی زۆری روناکبیرانی کوردی ئاشنا کردووە بە کەلتوورە جیهانییەکان.
گەردی خاوەن کەسایەتیی و تایبەتمەندیی خۆی بوو، راستگۆ، خاوەن هەڵوێستی ئەرێنی لە ئاست هەر هەنگاوێکی بەرەو پێش چوونی پرۆسەی ئەدەبی و ژیاریی و نیشتمانیی پەروەریدا، کەسێک بە مانای وشە خاکی و خاوەن دەنگ و ڕەنگ و سەنگ دوو لە پاشکۆیی و دەمارگیری و پیاهەڵدان.
هەر بۆیە زەمینەیەکی پتەوی لە نوسینی ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی تەرخان کردوە.
گەردی گرنگیەکی زۆری بە پەروەردەو فێرکردن داوە بە تایبەتی لە بواری خوێندنی بالاو توێ١ینەوەی زانستی، چەندین ڕۆڵەی دلێر بە جەرگی بە بیری زانستی و چەکی ئازایەتی جۆش و خرۆش کردوەو پێگەیاندوە.
دوا دێرەکانی پر لە شانازی سەروەی کە بۆ عەزیز گەردی بنوسرێ لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی ژیانیدا تۆمار بکرێت، ئەوەیە کە هەموو تەمەنی ژیانی بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی تەرخان کرد و دوو لە خۆشی ژیان و دەستکەوتە مادیەکانی.
ڕاستە ئەستێرەی ژیانی گەردی ئاوابوو بەڵام کاریگەری ووشەکانی و بەرهەم و یادگارییەکانی هەمیشە زیندوون و لە نێوانماندا دەژین.
*** سەرۆکی پێشووی زانکۆی کۆیە - هەولێر**

٢٠٢٢/٦/٢٤، هەولێر



## عەزیز گەردی..عەزیز گەردییە....!

**پ. ئازاد عوبێد ساڵح**
**پ.مێژوو – سەڵاحەدین -هەولێر**

مخابن چارەنووسی کوردیش هەر ئەو چارەنووسەیە کە هەتا ئەورۆ نەتەوەکەمان پێیدا گوزەری کردووە.
مامۆستای گەورەو کوڕە خاکییەکەی هەولێر و کوردستانم هەر دوور بە دووری دەناسی تا دوای راپەڕین.
لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، خولیای خوێندنەوەم کەوتە سەر، عەزیز گەردی، ئەو نووسەرە دیار و چوست وچالاکانە بوو لە زۆربەری چاپکراوەکانی ئەو رۆژگارە ناوی دەدرەوشایەوەو بابەتەکانی لە پێشەوە بوون، بابەتی جۆراو جۆری ئەدەبی و زمانەوانی، هەر بۆ نموونە لەچوار ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی "هاوکاری"دا، لە(٥٣) پەنجاو سێ ژمارەدا بابەتی بڵاوکردۆتەوە لەریزبەندی نووسەرەکاندا زنجیرەی (٦) شەشەمی گرتووە کە ئەو کاتە نەپەیامنێرو نە دەستەی نووسەران بوو.(مستەفا نەریمان بیلۆگرافیای رۆژنامەی هاوکاری، بەشی یەکەم – ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، دەزگای رۆشنبیری بڵاوکردۆتەوە).



یەکێک لەو بابەتانەی کە وەک سەرچاوە خۆم بەکارم هێناوە، بەدواداچوونی مامۆستایە بۆ ئەو زاراوانەی کۆڕی زانیاری کورد لەسەرەتای دامەزراندنییەوە لە گۆڤارە بەبڕشتەکەی (کۆڕی زانیاری کورد) بڵاودەکردنەوەو داوای لەنووسەران و شارەزایانی بواری زمانەوانی دەکرد دەتوانن تا شەش مانگ ڕاوبۆچوونی خۆیان لەبارەیانەوە بنووسن، مامۆستاش لەچوار بەشدا لەرۆژنامەی هاوکاری لەژمارەکانی (١٨٠-١٨٤، ١٧-٨/١٤-١٩٧٣/٩) بڵاوکراونەتەوە، کە بە حەق نمونەی خەمخۆری و پەرۆشی مامۆستایە بۆ زمانی کوردی بۆ زانیاری پتر بڕوانە (د.ئازاد عوبێد ساڵح کۆڕی زانیاری کورد – دامەزراندن...)

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٩)،٢٠١٧، ل ٢٤١-٢٨٠، کۆڕی زانیاری کوردو کاروچالاکییەکانی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٤٠، ٢٠١٨،(١٥١-٢١٢).

دیارە ئەو ڕۆژگارە مامۆستا هێشتا هەر مامۆستای سەرەتایی بووە.وابزانم سەرەتای بینینی من بۆ مامۆستا هەر لە سەرەتای حەفتاکان لەناو بازاڕی هەولێر لە شەقامی سیروان ریزی مزگەوتی گەورەی بازاڕ بە لای سەرەوە مامۆستاو عەبدوڵا پەشێوی شاعیرو مەهدی خۆشناو بوون، بەڵام ناوی من مامۆستا لەدیوانێکی بچکۆلەی شاعیرێکی لاوی ئەو سەردەمە بە ناوی (نەوەی هەژاری)، کاک(عومەر ئاسنگەر) کە لەهەولێر چاپ بووە، لەکۆتایی دیوانەکەدا سوپاس کراوین وەک نووسیبویە لەبڕی ئەو یارمەتیدانە بۆمان کردووە، دیارە نەک



یارمەتی (ماددی).(بڕوانە عومەر ئاسنگەر، چاپخانەی کوردستان – هەولێر - ١٩٧٤).
وێرای ئەمانە لەهەموو کۆڕو بۆنە ئەدەبیەکانی ئەو سەردەمەش مامۆستا عەزیز گەردی دەبینرا، دیارە هەتا ١٩٧٤، دواتر ئەو سەرقاڵی خۆ پێگەیاندن بوو، دەمانزانی رۆژانە دەچێتە مووسڵ و دێتەوە بۆ ئەوەی زانکۆ تەواو بکات، بەیانیانیش مامۆستای قوتابخانە بوو لەدوای راپەڕین لە زانکۆی سەلاحەین زانکۆی ئاداب – بەشی زمانی کوردی دەبینرا، ئیدی لەوێوە زیاتر لێی نزیک بووین، دەمانبینی...
ئەو بابەتانەی مامۆستای گەورە خۆی لێداون، بە ڕاستی هەر لە خۆی دێت، چونکە کاری زەحمەت و شارەزایی زۆریان دەویست...
درود بۆ گیانی مامۆستای گەورەو پێشەنگ و کوڕە خاکی و دڵسۆزەکەی هەولێر و کوردستان...! کە هەمیشە ناوی بە زیندوویی و شکۆوە تاکورد مابێت دەمێنێتەوە، ئەوە مامۆستا گەردییە ڕۆژانە بەرهەمەکانی لە گەڵمان دەژیت.

# هیچ شتێکم نییە بیڵێم!

**د. عەلی مەحمود جوکل**

لەڕاستیدا من هیچ شتێکم نییە کە لە بارەی عەزیز گەردی بیڵێم! تەنیا ئەوە نەبێت، هەروەک خۆی گوتەنی ئێمە بۆ زەمانێکی زۆر وەک برا بووین و ئێستاش هەر براین...کە ئەم قسەیە دوو ڕۆژ بەر لە کۆچی دوایی پێی گوتم، ئەوەش ڕاستە چونکە ئێمە زەمانێک تەنیا بۆ نووستن لێک جیا دەبوینەوە.

- مامۆستا عەزیز چونکە ئەو ناوەی زیاتر پێخۆشبوو قوتابییەکی زیرەک و سەردەستە بوو، چ لە خوێندن، چی لەبەشداریکردنی خولەکان، ئەو بەشداری لە هەر خولێک کردبا، یان لە سەرلەبەری قۆناغەکانی خوێندنی هەریەکەم و سەردەستە بوو.

- ئەو نووسەرێکی مەزن و ڕچەشکێن بوو بەڵێ ڕچەشکێن بوو، ئەو ڕچەی شکاندو بە شێوەی ئاخاوتنی و بە حرکە ئەی نووسی، گوتیشی من بە شێوەی ئاخاوتن دەنووسم، هەر کەسێکیش ناڕازیە با نووسینەکان نەخوێنێتەوە، بە راستی ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕچەشکێن بوو، ئەمە دەرگای والاّ کرد کە گەنجانی هەولێر و دەڤەرەکە بوێری ئەوە بکەن بە شێوەی ئاخاوتنی خۆیان بنووسن، چونکە ئەو کات بە تایبەتیی لە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان، دەبوایە بە نیمچە شێوەزاری سلێمانی بنووسرێت، کە ئەو سەردەم شتێکی سەخت بوو بۆ گەنجانی هەولێر سەخت بوو هەرچەندە ئەو نیمچە شێوەزارەی



ئەوکـــات لە ڕووی زمـــانەوانیی و ســـواو بـــوو، چـــونکە ڕەگەزە سەرەکیەکانی زمانی ڕەسەنی کوردی لە دەستدابوو.
- عەزیز گەردی زمانزانێکی چاک بوو، هەروەها بە ئاسانی فێری زمان دەبـوو کە مەبەسـتی فێربـوونی هەر زمـانێکی هەبـا بە مـاوەیەکی کەم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانەکە دەبوو، ئەویش هەر ئەوەندەی مەبەستی بوو تا خزمەتی زمان و فەرهەنگی کوردی پێبکات...
- لەڕاستیدا مامۆستا عەزیز توێژەرێکی سەرکەوتوو لێهاتوو بوو، بە تایبەت لە بواری زمانی و ئەدەبی کوردی، دەستی بە هەر پڕۆژەیەک یان توێژینەوەیەک بکردبا، یان شیکردنەوەو راڤەی ئەدەبی بکردبا کەس نەبوو خۆی لە قەرەی ئەو بدات.
- مامۆستا عەزیز کوردێکی پاک و بێگەرد بوو لە گەڵ کێشەکانی، بەڵام زۆر بە متمانەش نەبوو، واتە متمانەی بە کەم کەس دەکرد، ئەو دەبوو لە ڕەوشێکی نائومێدی، لە ساڵی ١٩٧٩ عەزیز گەردی بەرگی یەکەمی (داغستانی من)ی ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگیرا بە بە زمانی کوردی و بڵاوی کردەوە ئەوە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێک بوو، ئەو کات (داغستانی من) یانی (کوردستانی من) هەروەکو خۆی گوتەنی (١٦)جـار پێیـدا چووبـوویەوە تـا لەوە بچێـت بە کـوردی نووسـراوەو وەرگێڕان نیە.
- عەزیز گەردی پیاوێکی خاکی و سادە و شانازی بە لەبەرکردنی جلە کوردیەکانی دەکرد، بگرە لە گەورەترین بۆنەی فەرمیش لە کاتی خۆیدا هەر ئەو جلە کوردییانەی دەپۆشیی.کە ئەو کات ناحەزان زۆریان پێ ناخۆشبوو.

- عەزیز گەردی خۆش مەشرەببوو، لەگەڵ منداڵان سوعبەت چی بوو، منداڵی لا گەورە بوو، هەر بۆیەش لە وەرگێڕانەکانیدا بایەخی بە ئەدەبی منداڵان و چیرۆکی بەر ئاگردان و ئەفسانەکانی دەدا.
لە ڕاستیدا ئەو لە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی سیموند فروید بوو هەر لە لاوی تیـۆرو بۆچوونەکـانی فرویـدی زۆر خوێنـد بـۆوە هەتـا لە شـیکردنەوەی کەسـایەتی خـۆی و خەڵکانیـدیکە پشـکی بە تیۆرەکـانی فرویـد دەسـتی چ لە ڕووی پـاڵنەری (غەریـزە)و پەروەردە سـەرەتای شـەش سـاڵەی منـداڵ و (واقـع، هەوڵـدان لە ڕێگەی خـۆ روشـنکردن و پابەندبوو بە (منی باڵا) هەر بۆیەش حەزی دەکرد خاکی و سادە بێت و لە هەمان کاتدا پابەند بێت بە پێودانگەی باڵاکان حەزیشی دەکرد ناسیاو برادەرەکانی بەو پێودانگە رەفتار بکەن، ئەمەش کارێکی نەگونجاو بوو، چونکە هەرتاکێک لە ژینگەیەکی جیاواز پەروەردە بووبوو..
هەر ئەم بیرکـردنەوەیەو کـاریگەری تیۆرەکانی فرویـد وای لەو کـرد لە دوای تەمەنـی شەسـت سـاڵی زیـاتر فۆبیـای هەبێـت ئەویـش فۆبیـای پیلانگێـری کە زۆر جـار لە (وەهـمەوە)لە نزیکتـرین هەڤـاڵ برادەرانـی دادەبڕا.
- عەزیز گەردی بۆ نووسین ژیا بۆ خۆی نەژیا، بەڵکو خودی خۆی پێشکەشی بە نووسین کرد، هەربۆیە نووسین و وەرگێڕان مرد.
- ڕاستە ئێمە بیرەوەری و یادگاریەکی زۆمان پێکەوە هەبوو، ئەویش لە ڕاسـتیدا هـیچ شـتێکم نییە بیڵێم! تەنیا نـزای خێر نەبێت ئەویش ئەوە گیانی پاکی ئاسودەو ئارام بێت خوای گەورە جێگاو مەکانی بەهەشتی پێ ببەخشێت..

٢٠٢٢/٦/٢١ /هەولێر



# عەزیز گەردی، لەهەناوی گەلەوە،
# گەڕایەوە هەناوی خاک

**نیعمەت عەبدوڵڵا**

مامۆستا عزیز گەردی یەکێک بوو لە جوانترین ئەو مرۆڤانەی بێ پسانەوە شەیدای خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی بوو، ئەو شۆڕەسوارە تاقانە لە خۆبوردووەکە بوو پێشمەرگانە بەنان و ئاو و جل و بەرگی خۆی بێ منەتانە ماڵی فەرهەنگی کوردی ئاوەدانکردەوە...مامۆستا ی ئازیزو هاوڕێی دێرین سەربەرزانە تەمەنی پڕ لە خێروبێری بەڕێکرد، وازی لە ژیانی تایبەتیی خۆی هێنا و ملی ڕێگای ژیانێکی سەختی گرت،هەموو هیواو خواستەکانی وێنا دەکرد بۆ زمان و ڕێزمان و ئەدەبی کوردی هەر بۆیە تەنیایی هەڵبژارد دوور لە تەم تومانی ڕۆژگار ...پێش ئەوەی بیناسم بە بەرهەمەکانی مامۆستا عەزیز گەردی ئاشنابووم، هەستم کرد جوان و شیاو دەنووسی، لە دوایی ساڵی ١٩٧٩ ئەوکاتەی لە پەروەردەی کەربەلا گواسترامەوە بۆ پەروەردەی هەولێر لەو سالانە هەتا سالی ١٩٨٥ ئیدی لەم نێوانەدا دۆستایەتیمان دەستی پێکرد، هەر کارێکی هەبووایە خواخوام بوو بۆی ئەنجامبدەم، ڕەوانشاد ئەو کات مامۆستای سەرەتایی بوو، داوای پێدانی مۆلەتی خوێندنی زانکۆی کرد بێ سێ و دوو ڕێکارەکانم بۆ ئاسانکرد، لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی دیکە وەک ئەوەی دەڵێن



(دۆم بێ و کلاش بۆ خۆی بدورێت...) یەک لە یادگارییە هەرە جوان و خۆشەکان ئەوەبوو من لە بەندیخانە بووم کتێبە نایابەکەی وەرگێڕانی (داغستانی من)ی ڕەسوڵ حەمزاتۆڤی بۆ ناردم لەو کاتە تەنگەبەرە هەلێکی زێڕین بوو کە مامۆستا فریای تەنیاییم کەوت هەردوو بەشەکەییم خوێندەوە....

دووای ڕاپەڕین زۆر دڵخۆش بووم کە ڕەوانشاد کاری گەورەو بەنرخی پێشکەش بە گەلەکەی و کتێبخانەی کوردی کردووە، نەک هەر بەکالۆریۆس بەلکوو دوو بڕوانامەی دکتۆراشی بەدەستهێناوە، ئیدی ناوەناوە لەگەل برای بەڕێز محەمەدگەردی سەردانیمان دەکرد لە نێو کەشی کتێبە زۆروزەوەندەکانی ناو کتێبخانەکەی بەحرکە و ئەرشیفە ناوازەکان و بیروڕا گرنگ و جیاوازەکان بە ئارامی سوودمان وەردەگرت لەو سەردانانەش نووسەری گەورەو عەودالی ئەرشیفی کوردی بەڕێز عەبدوڵڵا زەنگەنەم دەبینی کە چۆن هەردووکیان لە خەمی ووشەی کوردین بە بارێکی قورس بەرەو بەرزی هەنگاو دەنێن بەراستی مرۆڤ ئیرەیی بەو جۆرە کەسانە دەبات! !

لە ساڵانی دووهەزار مامۆستا عەزیز گەردی هاتووچۆی سلێمانی دەکرد و سەردانی ئێمەشی کرد بەهۆی ئەوەی کاک محەمەد گەردی دۆستی مامۆستابوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری جێگری بەڕێوەبەری گشتی بوو، ئەو کات بەڕێز فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیری، سلێمانی بوو هاوکاریەکی زۆر باش کرا ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمە جوانەکانی مامۆستا عەزیز گەردی لە چاپ درا و سەرەڕای ئەوەش هاوکاری ماندووبوونەکەشی کرا.



مامۆستا عەزیز گەردی زاناو پسپۆرو شارەزاو لێهاتوو خۆی لەقەبەر کاری ئەکادیمی کرد بوو ڕێچکەیەکی تایبەتی هەبوو کەسایەتیەکی تایبەتیش بوو زۆر هەستیار بوو دەبوایە بە زانایی هەڵسوکەتت لەگەڵ کردبا بەهۆی ئەوەی بەردەوام دەیگوت متمانە نەماوە زۆر کەس و لایەن رکابەری و کێشەی بۆ دروست دەکەن و مافی دەخۆن و کەسیش سنووریان بۆ دانانێ!

بۆیە بڕوای بە هەموو کەس نەدەکرد، هەر هەستی بە شتێکی نامۆ بکردایە ئیدی مامەلەی لەگەل نەدەکرد.ئەوەندە دڵسۆز بوو بەهەموو دڵسۆزیەکیش قایل نەدەبوو. سەرەڕای ئەوانەش نەک هەر خەمی زمان بەلکوو خەمی پەروەردەو زانکۆو نادادپەروەری و خەمی خەلکیشی بوو ئەمانە و زۆر شتی دیکەش مامۆستای هەراسان کردبوو ...

پێش دوا دیدەنی مامۆستا لە ناو شاری هەولێر باری کردبوو لە شارۆچکەی بەحرکەی زێدی خۆی دەژیا هەر چاک بوو وەک حاجی قادری کۆیی و نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی نەکرد بە ئاوارەیی سەری نەنایەوە..

ماوەیەکی زۆر بوو نەمبینی بوو مۆبایلەکەی داخستبوو لەدەرگای ماڵەکەشت بدایە نەی دەکردەوە بۆیە دیتنی بە زەحمەت کەوتبوو ئەوەندە هەبوو گوتیان ئێواران بەتەنیا پیاسەی دەکات لە نێوان بەحرکەو گوندی جەژنیکان بۆیە بۆسەم بۆ داناوە رۆژەک لەم رێگەیە گرتم بە شەوقەوە پیاسەیەکی زۆرمان کرد دیار بوو بارودۆخی تەندروستی و دروونی باش نەبوو زۆر لەسەر خۆش بوو گفت وگۆی زۆرمان کرد ژمارەی مۆبایلەکەمی لێوەرگرتم هەتا دوور لەگەلم هات



بە خۆشیەوە بەڕێی کردم..هەندەی پێ نەچوو نەخۆشیەکانی تەنگی پێ هەڵچنی و چەندین نەشتەرگەری بۆ کرا لەم نێوانە دا هەر چاوەڕێ بووم پەیوەندی بکا هەزار مخابن کەوتە نەخۆشخانە یەکسەر سەردانیم کرد زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: برادەرە نزیکەکانیش بە زەحمەت دەناسمەوە باسی ئەوەی کرد کە سەرەرای نەخۆشیەکەی خواردنیشی زۆر کەم خواردووە ئەورۆژە باش بوو کەچی رۆژی دووایی بەداخەوە گیانی سپارد لە هەناوی گەل گەڕایەوە هەناوی خاک!

ئەستێرەگەشەکە رژا و نیشتمان بەخۆی گرتەوە..پاداشتی شەونخوونی و خزمەتە دەگمەنەکانی لە ئەستۆی هەموو نەتەوەی کوردە..کە پێمان دەگوت: ژیانی هاوسەرگیری پێک بێنە وەلامی ئەوە بوو مرۆڤ ئەگەر بیەوێ ویژدانی ئاسوودەبێ پێویستە لایەک بە قوربانی لایەک بکات..هەموو کوردێک دەکا یادی عەزیزی خۆی عەزیزی رەمزی رووسووری.

٢٠٢٢/٦/٢٥ هەولێر



# گەڕانەوە بۆ ماڵی یەکەم

**ئەدیب نادر**

عەزیزگەردی: گۆلیڤەرێک لە هاوکووفەکانی خۆی دەگەڕێت (هەر کەسێک لە جیاتی سەروسەدا و ژاوەژاو موزیک و لە جیاتی کەیف و ڕابواردن خۆشی و شادی و لە جیاتی زێڕ ڕۆح و لە جیاتی پیشە و کار وکاسبی کاری داهێنەرانە و لە جیاتی گەمژەیی هەست و سۆزی بوێت، ئەوا لەم دنیا ناچیزەیەی ئێمەدا جێی نابێتەوە)

**هێرمان هیسە**

**ئەو پیاوەی مروەتێکی گەورە دەکەوێتە پێشی**
**ماڵەکەی لە بۆتەی چاوی منداڵانی بەحرکەیە**
**بەحرکە سەر هەتاسەری مزگەوتێکی ڕوخامییە**
**ڕەسووڵ ئاسۆکەی پڕ دەکات لە شەققەی بانگ**
**عەزیز ئەبجەدییەتی کەوتووی خوا**
**لەسەر لەپی لاپەڕەکاندا بە فڕین ئاشنا دەکات**
**بۆ سەردانیی ئەگەر ڕۆیشتی پێڵاوەکانت داکەنە**

من دایمە عاشقی بە ئەمەکی ئەو کەسانەم کە دوور لەژاوەژاو و جاڕوجەنجاڵە بێماناکان، بەردەوام سەرقاڵی ئەوەن ڕووتەڵانیی ژیان بکەن بە گوڵزار تا شایستەی ئەوە بێت بۆی ببین بە هەنگ .هێرمان هیسە لە ڕۆمانی گورگی دەشت و دەردا دەڵێت :پیاوی دەسەڵات بە دەسەڵات، پیاوی پارەوپوول بە پارەوپوول، پیاوی ملکەچ بە ملکەچیی و پاشکۆیەتی، پیاوی کەوتووە دووی کەیف و سەفا و عەیش و نۆشیش بە کەیف و سەفا و ڕابواردن وێران و نوغرۆ دەبن..ئەی داخۆ داهێنەرە مەزنەکان دەکەونە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە؟ ئەوانەی لە گوینە خۆیان

لەیاد بچێت و زۆر شت فەرامۆش بکەن، بەڵام ئەرک و بەخشش بەهاگەلێکن جمکی ژیانیانە و هەمیشە لە پێشینەکانی بیریاندا سەقامگیرن .ئایا هیچ شتێکی ئەوان بەر نوغرۆیی دەکەوێت؟ بەرسڤی ڕاشکاوی ئەم پرسیارەیش نەگەتیڤە، زۆر بە ئاسانی لەبەر ئەوەی ئەو شتەی خوێی شەونخوونیی لە چاوەکانیاندا دەوەشێنێ، بە هیچ کلۆجێک ماتەریالّیی نییە، بەڵکو مۆڕاڵیی و مەعنەوییە و زیادەڕۆییشی تێدا بکەن ڕۆحیان پتر و پتر دەخاتە باوەشی ئۆخژنێکی ئاسمانییەوە و تاسە و ئارەزووەکانیان زیاتر زاخاو دەدات بۆ پەیجۆر کردنی زیاتری ئەو ئۆخژنە بێسەروبەر و لەڕادەبەدەرە .بە ڕستەیەکی تابڵێی سادە داهێنان ڕزگاریدەری ئەو زاتانەیە لە نەگریسیی و پیسیی و گڵاوییەکانی ئیگۆیەکی کێویی وخام و تاقە پەنجەرەیەکیشە بۆ گەیشتن بە پاکیزەیی مرۆبوون .

مامۆستا) عەزیز گەردی (کە ئینسانێکی جوانی کایەی داهێنانی ئەدەبیی و وەرگێڕانە، بەبێ چەند و چۆن دەکەوێتە ئەم کاتیگۆرییەوە و گوڵدەستەی ئەو ئیلیتە دیارەیە کە شان لە شاندانی زەحمەت و دژوارە . نزیکەی پەنجا ساڵ ئیشکردنی بێلێبڕ لەم کایەیەدا، دەیان بەرهەمی دانسقە لە داوێنی قەڵەمەکەیەوە ڕسکاوە و جێی سەرسووڕمانە، هەڵبەتە بە پێچەوانەی زۆرێک لە وەرگێڕە خاوەن زمانە یەکئاست و نەگۆڕەکان، هەچ کتێبێکی وەرگێڕدراوی چاو لێدەکەی فۆرمێکی جیاواز جیاکاریی دەکات، لەوانەیە هەبن بڵێن :ئەوە بابەتە فۆرم دیاری دەکات، زۆر ڕاستە، بەڵام ئاگایی وەرگێڕ پێویستییەکی پەیگیرە بۆ هاتنەدی ئەم جیاواز بوونەی فۆرم .بێگومان دیاری کردنی ئەو فۆرمانە بە ئاگاییەکی بێڕادەوە بەرجەستە دەکات، لەبەر ئەوەیش گرتنی جڵەوی زمان و هەژموونی بەسەرییەوە و ئەمانەت و وەفاداری بۆ دەقە ئۆریگیناڵەکان کە لێیانەوە کاری وەرگێڕان ئەنجام دەدات، وایکردووە وەرگێڕانەکانی

ڕێک بە نووسینەوەیەکی ڕاستەقینەی هەمان ئەو دەقانە بچێت، بەڵام بە زمانی بۆ وەرگێڕدراو .دیارە من بۆ خۆم" تاڕادەیەک"بە دیقەت و وردەکارانە لە تانوپۆی کتێبەکانیدا بەدووی گریێ و گۆڵ و ناڕوونیی و ئاڵۆزیی و پێش و پاش کەوتنی ڕستە لەکاتی گوێزانەوەو..تاددا گەڕاوم و تابەحاڵ زەفەرم پێنەبردوون، ئینجا پیاوێک هێندە پڕۆفیێشناڵانە و عاشقانە مامەڵە لە تەک دەقێکدا بکات و چەندین وەرگێڕانی ئەو دەقە بە ئینگلیزیی و فەڕەنسیی و عارەبیی و فارسیی پەیدا بکات و بە حەوسەڵەیەکی بێڕادە گەورەوە بەراووردیان بکات، ئیتر چۆن کارەکانی داڵدەی کەلێن دەدەن؟ جا بێگومان ئەو زمانە زۆر تایبەتمەند و نایاب و بێخەوشەی و لەبەر بوونی ئەو پڕۆفێشناڵیزم و بەرکەماڵەیش تێیدا دەکرێ بۆ داڕشتنی زمانێکی ستاندارد ببێتە بناغەیەکی مکووم و تۆکمە. دیارە هەر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کە"ئەدەبی بەراووردکاریی"و"داغستانی من"و"ڕەوانبێژیی"و"چیرۆکی بەرئاگردان "و...تادم خوێندنەوە، بە ناهەقیشی دەزانم کە لێرەدا بۆچوونی خۆم سەبارەت بە تایتڵی دووەم کتێب پەردەپۆش بکەم و نەڵێم :کە هەر تەنیا ئەو بەرهەمە، وێڕای گوزەری کاتێکی زۆریش، تەمەت کتێبخانەیەک بەهادارە و کەم کەس دەتوانن بێویژدانییەکی ئەوتۆ بکەن و دان بەوەدا نەنێن کە ئەو سەروبەندە چەند ڕۆحی نەتەوەیی تێیاندا ورووژاندووە و بۆ خۆشویستنی هەموو شتێکی کوردانەیش چەند زیاتر جۆشی داون، ئەفسوونی لە وەسف بەدەری خۆیان لێ کردم و هەر ئەو ئەفسوونەیش لە هزر و ئەندێشەمدا وەکو ئەفسانە ئەوی چنی و تا نهۆیش تۆزقاڵێک لە ئەفسوونەکەی جارانی نەکەوتووە و خەرمانەی ئەفسانەیشی لە دەوراندەور نەڕەویووەتەوە .بێگومان، سەرباری ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی دەستەویەخەی ژینگە ئەدەبییەکە بوونەتەوە و لە زۆر ڕوویشەوە بێ سێ و دوو بە نەگەتیڤ لەسەر سەروبەندەکە

شکاونەتەوە، کەچی ئەو هەر ئەو بووە و بێ چەند و چۆن هەر ئەویش دەمێنێتەوە، ئەو زاتەی مەحاڵە بەرخوردی لەگەڵدا بکەیت و نەتوانیت وەڵامی پرسیارێکی سادەی وەکو"ئاخۆ ئەفسانەیە لە زەمەنی نەمانی ئەفسانەدا، خەونە لە زەمەنی نەمانی خەون دا، یان ڕاستییە لە زەمەنی وردوخاشبوونی ڕاستییدا؟"بدەیتەوە .دەکرێ خۆزگەیەک بخوازم و بڵێم: خۆزگە مامۆستا عەزیز گەردی کوڕی میللەتێک بووایە لەو میللەتانەی هەرگیز ناهێڵن تۆزی فەرامۆشیی لەسەر کەڵە پیاوەکانیان بنیشێت، تەنانەت بایەخ بە کورسیی چاخانە دانسقەکەی و پیاڵەی چا تێ خواردنەوەکەی دەدا و کتێبخانە و مێزی نووسین و دەستنووس و سکێچی بەرایی نووسینەکانی و نامەکانیان دەپاراست و ماڵ و جێگای هەڵکردنیان دەکرد بە مۆزەخانە !!و ئاکامیش بە سێبەری گەورەیی کەڵەپیاوە ڕاستەقینەکانی بواری جیاجیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی و زانست و..تاد خۆیان شایانی گەورەیی بکەن، بەڵام...

هەروەکو لە سەرەتاشەوە گوتم من عاشقی ئەو جۆرە پیاوانەم کە بۆ خۆیان ناژین و بۆ پرسێکی دیکە درێژە بە ژیانی خۆ دەدەن..بۆیە زۆرجار و چ لە دانیشتنە تایبەتییەکانم لەگەڵ ئەهلی خۆشەویستی ئەدەب و چ لە هزر و ئەندێشەی خۆمدا دەبووە بابەتی سەرەکیی و وتووێژم لەبارەی کاری پەیدەرپەی و خزمەتە بێمەرج و بێپایانەکانی ئەوەوە دادەبەست -کە کەرەتێکیان لە سیاقی گفتوگۆ و لە پرسیاری دۆستێکدا سەبارەت بە ژمارەی کتێبەکانی وتی :زۆر نین، ئەگەر کەمتەرخەم نەبوومایە دەکرا زۆر لەوە زیاتریش بن -یان لێیان تێدەفکرییم، قەت حەزم نەدەکرد لەوانە بم کە گوللە بە ڕابردووی خۆیانەوە دەنێن، دەمگوت نەبا ڕەسووڵ حەمزاتۆڤ وتەنی ئایندە تۆپمان تێبگرێت .ئیدی خۆزگەم دەخواست ڕۆژێک تەعزیمی بۆ بکێشم و هیچ نەبێ بۆ ئەو قەڵەم و هەوڵە ناوازەیەی"داغستانی من"ی کرد بە



ئینجیلی نەوەکەم لە کانگای دڵەوە سوپاسی بکەم .خۆشبەحاڵم کە چەرخ لەم مەسەلەیە لەگەڵمدا چەپگەرد نەبوو، ڕۆژێکی دیسەمبەری ساڵی 2013لەگەڵ چەند دۆستێکی زێدە قەدرگراندا بۆ خزمەتی چووین..باوەڕ نەکردەنی بوو، دەتگۆ سۆفییەکی جەزبە گرتووم و لە پاژنەکانم باڵ ڕوواوە، وەک بلێیت بۆ دیداری گاندی، یان نیلسۆن ماندێلا خۆم تەیار کردبێت وابوو ..لە بەحرکە، ئەو پیاوەی بەرهەمەکانی لە بەرزترین بالآ بەرزترە، ئەو عیملاقە لە سادە سادەترە پێشوازی لێکردین، هەستم کرد بەرانبەر باوکێک وەستاوم، بەرانبەر پاڵەوانێکم لە پاڵەوانەکانی وەرگێڕانی ئەم پەنجا ساڵەی ڕابردوو –بە ئێستایشەوە – بەرانبەر پڕۆمیسیۆسێکم وەرگێڕانی کردووە بە مەشخەڵێکی بێڵێبڕ و باڵەخانەیەکی ناوازەی پێ بنیاد ناوە و سەرلەبەری ژیانی خۆی کردووە بە سووتوو بۆ ئەنجامدانی ئەو هونەرە پەیگیرە و سەرباری چەپگەردیی چەرخیش بەرانبەر بە کارەکەی تا ئەوپەڕی دەستپاک و بە ئەمانەت بووە و تابەحاڵیش لە پراکتیزە کردنی دەستپاکیی و ئەمانەتێکی لە ڕادەبەدەر هەر بەردەوامە .لەبەر کۆسپەی دەرگاکەیدا بۆ ئەو قامەتە بالآیە داهاتمەوە و..بەسەر دەستە هەمیشە جێسەقامی قەڵەمەکەیدا نووشتامەوە و ڕامووسی..لەو باوەڕەیشدام ئەگەر هەتا لە ژیاندا مابم سەری هەموو کاتژمێرێک بەسەر دەستەکانیدا بچەمێمەوە هێشتایش پێم وانییە پێم بکرێت لە ژێر قەرداریی ئەو دەربازم بێت !!ئەو چرکەساتانە لەناخی خۆمدا پەییم بە شپرزەیی برد، وەکو ئەو گەڵایەی کە بای بەر لە باران ڕایدەهەژێنێ و کاژوواژی دەکات..بیرم لەوە دەکردەوە بە ماشێنە زەمەنییەکەی ئێچ .جی .وێڵز مەوداکانم بڕیووە و گەیشتوومەتە ماڵی جوانترین ئەفسانە..بە هەرحاڵ، بە ڕووشکاوییەکی ڕازئامێزەوە سێ کتێبی خۆمم پێبەخشی و ئەویش بە میهرێکی باوکانەوە لێی وەرگرتم و خۆشحاڵیی ڕووخساری داگیرساند، ئاخر

ئێمە کاممان بە بینینی کتێب شاگەشکە نابین و چەشنی پۆلوو نادرەوشێینەوە؟ ئەوەتا –ڕیگۆبێرتۆی شاکەسی ڕۆمانی یاداشتنامەکانی دۆن ڕیگۆبێرتۆی ماریۆ ڤارگاس یۆسا –لە وەسف کردنی ئەو خانووەی دەیەوێت بنیاتی بنێت، دەڵێت :ئێمەی بنیادەمگەل تێیدا دەبینە هاووڵاتی پلەی دووەم و :کتێب، وێنە، نەقش و نیگارەکان تێیدا پێشینەی یەکەمیان دەبێت .ئەویش کتێبی) قۆڵبڕ –کە ڕۆمانێکی عەزیز نەسینە و لە فارسییەوە وەریگێڕاوە (پێشکێش کردم، وەک ئەوەی باڵم بداتێ تا پێی بگەمە تەشقاییەکان..پاشان بە شێنەیی کۆمەڵێک بابەت تاوتوێ کران، بە ئاگاییەوە سەرنجی خۆم لە هەسان دابوو، دەق وەک ئەوەی بمەوێ تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدەم، مەبەستم بەراوورد کردنە، ئاخر کە بنیادەم یەکێک تاقیبکاتەوە، بەو کەسانە بەراووردی دەکات کە نموونەی باڵای ئەون..سەرم سووڕما، بەدرێژایی وادەکە بە یەک وشەیش بەلای تۆخکردنەوەی ئیگۆکەی خۆیدا لاینەدا، ورتەیەکی لە دەم نەهاتە دەرەوە سەبارەت بە نزیکەی نیو سەدە ڕەنج وئیشکردنی لە کایەی نووسین و وەرگێڕان و..کە خۆی لە بەرهەمهێنانی دەیان کتێبی گرینگ و پێداویستدا دەبینێتەوە کە ئەمڕۆ لەگەڵ بوونی ئەو جموجووڵە بە جۆش و خرۆشەی چاپ و بڵاوکردنەوەیشدا بە دەرکردنیان لە کتێبخانەی نەتەوەکەمان موخابن کتێبخانەکەمان بۆ سەروبەندی منداڵێتیی خۆی دەگەڕێتەوە .لەوەش بترازێ، بە پێچەوانەی ئەوەی زۆرینەی ئیشکەرانی کایەی ئەدەب و ڕۆشنبیرییمان کردوویانە بە نەریت، بە یەک وشەیش، هیچ کەسێک و هیچ تاقە ناوێکی نەکردە بنێشتە خۆشە، تەنانەت ئەو کەسە جاڕسکەر و ئەزیەت بەخشانەی بەڵگەنەویستە لە ژیانی هەموو تاکێکی داهێنەری وەکو ئەودا بوونیان هەیە نەهاتنە ناو ئاماژەکانییەوە، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە کاراکتەری ئەو ئاسا خۆی لەقەرەی ئەو شتە ناچیزانە نادات و بە هەندیان



وەرناگرێت و بایەخی خۆی لە چەقی داهێنان و ئافراندنی خۆیەوە بۆ سەر هیچ شتێکی دیکە ناگوازێتەوە .بێگومان باس و خواس چووە سەر زۆر شت، بەڵام هەر هەموو ئەو شتانە لە جوغزی ئەدەب نەچوونە دەرەوە، تۆنی دەنگی ئەو پیاوە زۆر شتی ئاشکرا دەکرد، لەوانە کۆڤان و موعاناتێکی کۆنترۆڵ نەکراوە و سەرباری ئەوەیش دڵی بە نەوەکەی ئێمە هەڵدەقرچا..بە شەرمێکی مرۆییەوە داوای لێبوردنی کرد کە ئاگای تەواوی لە دیمەنی بێسەروبەری ڕۆشنبیریی نییە و کەمتەرخەمی کردووە بەرهەمی کەسانێکی وەکو ئێمەی موتالا نەکردووەتەوە..گوتی : سەردەم ئەوەندە گۆڕاو و بێسەروبەرە بنیادەم فریای هیچ ناکەوێت، ئێستا وەکو حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نییە، بۆ نموونە من ئەو سەروبەندە چەند نووسینێکم بڵاوکردبووەوە و سەرپاکی خوێنەران دەیانناسیم..ئەوە بە دوو یان سێ گوتار، کەچی هەنووکە نووسەر هەیە چەندەها کتێبی هەیە و لە چەند دۆستێکی خۆی بترازێ ئیدی کەسی تر نایناسێت، بە ڕاستی ئەم سەروبەندە سەروبەندێکی زۆر نادادپەروەرە و زوڵم و ستەم لە گەلێک نووسەر دەکرێت کە ڕەنگە شایستەی ئەو غەدر و ستەمە نەبن .بێ شک کات زۆر ڕەزاسووک ڕەوتی خۆی گرتبووەبەر، چۆن بوو لەو چرکەساتە دا هەلێکم بۆ ڕەخسا تا لە نەوەکەی ئەوان بدوێم و بەراووردێکی بە نەوەکەی خۆمانی لەگەڵدا بەرقەرار بکەم، بێگومان ئەو کوڕی سەردەمەکەی خۆی و هەموو سەردەمە هاتووەکانە..نە خۆی هەستی بە گرێی ئۆدیب کردووە بەرانبەر بە نەوەی پێش خۆی "دیارە هاتنی ئەوان پاش بۆشایی قۆناغی شەستەکان بوو"، نە نەوەیەکی ئەدەبیی پێش خۆی هەبوو، خاوەنی باوکی پاتریارکی (یان ئەوانەی تووشی گرێی ئۆدیب بە ئاوەژوویی بوونە) بین، ئەرکی خۆی دەبینێت و جێگای هیچ کەسێک قۆرخ ناکات، چونکە ئەو لە شانشینی ئەدەبدا جێگای تایبەتی خۆی بەرزەفت کردووە.



بەڵام ئێمە، باوکی پاتریارکی ئەدەبیمان بۆ پەیدا بوو"گرێی ئۆدیبیان تێدا چاندین"و دووچاری موعاناتێکی زۆری نووسین و بڵاوکردنەوە بووین و لەبریی ئەوەی کارکردێکی ئەدەبییانەی پۆزەتیڤمان لەسەر دابنێین، هەوڵی سڕینەوەمان درا، بە ئاسانی نەمانتوانی زووتر لەناوەند و کۆنتێکستی ئەدەبەکەماندا جێی خۆمان مکووم و خۆش بکەین، ئەگەر ئیکسیری نووسین نەچووایەتە خوێنمان و شێت و شەیدای ئەدەب نەبووینایە و نەمانکردبایە بە دەستاوێژێکی بێ ئەڵتەرنەتیڤ بۆ خۆ دەربڕین، دوور نەبوو ئێستا یەکێک بووینایە لەو لێبووکانەی باز بەسەر هەموو تەنافێکدا دەدەن، چونکە خاوەنی خۆیان نین .ئیدی چۆن هەست بەوە نەکەین کە کەوتووینەتە میان دوو لوولە تفەنگەوە؟ بە ڕاستی نازانم چی بڵێم، ئەو کەسێکە خاوەنی :باکگراوەندێکی تابڵێی دەوڵەمەندە، ڕوواڵەتێکی بێڕادە سادە و ساکاری هەیە، ئاسۆیەکی شارستانییانەی تا ئەوپەڕی ڕوون و بەرفراوان ئاسمانی دنیابینییەکەی دەتەنن .کتوپڕ ئەو پەندە عارەبییە تێهەڵکێشی تێفکرینم بوو کە دەڵێت":من علمنی حرفا ملكني عبدا "هەستێکی سەیر و ڕمۆکی بارگرانتر بوون دایگرتم، بێ چەند و چۆن ئەم پیاوە هێندەی تر منی کرد بە دیلی گەورەیی و داهێنەریی و سادەیی خۆی..ئیتر جاروبار لە گالێری یاد چاو دەگێڕم، باوەڕ کردەنی نییە، کە وێنەیەکی پرشنگداری ئەو زاتە دەگرێتەخۆی، جارجار لێی ڕادەمێنم و بەخۆم دەڵێم :ئەوە منم لە وێنەیەکدا کەوتوومەتە تەنیشت عیملاقێکی ئەدەبەکەمان و یادەوەرییەکی نایاب چوارچێوەیەکی دانسقەی زێڕینمان بە دەوردا چێدەدەکات؟

شوباتی :2014هەولێر

*سەرچاوە :ئەدیب نادر۔ گەڕانەوە بۆماڵی یەکەم ۔ بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ۔ چاپخانەی حاجی هاشم ۔ هەولێر ٢٠١٤ .



## یاداشتێک لە بنەماڵەی "دکتۆر عزیز گەردی"یەوە

سوپاسگوزاری خۆمان ڕادەگەیەنین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە نەخۆشخانە سەردانی (دکتۆر عەزیز گەردی)یان کردو لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەی لە شاری هەولێر، گۆڕستانی شارۆچکەی بەحرکەی واری باب و باپیرانی ئامادەبوون.

رۆحی بەرزەفڕیی دکتۆریان کەمێک شادکرد و هەندێک خەمی گرانی سەر دڵی ئێمەشیان ڕەواندەوە.

دکتۆر عزیز گەردی بە زۆر هیواو ئاوات و خۆزگە و مەرامی گەورە سەری نایەوە، بەڵام هەر دەیگووت؛ ئەو خۆزگانە دێنەدی بەڵام لەوانەیە من نەمێنم و نەیبینم...

دکتۆر عەزیز گەردی برامان و براتان لە بەهێزییدا هاوتایی نەبوو! خەمی گەورەی میللەتی کوردی لەکۆڵ نابوو کەچی هەر بە پێوە ژیا و مرد!

شەو و ڕۆژ دەیخوێندەوە و دەینووسی، نە لە خوێندنەوە تێر دەبوو، نە ماندووش دەبوو!

د. عەزیز گەردی شاخێک بوو، چەندین ساڵ بوو بە کولینگ و بێڵ و ماوەر لێیان دەدا پارچەیەکی بچوکیان پێ لێ نەبۆوە، چەند تەپکە و تۆڕ و داویان بۆ داناو بۆیان نەگیرا و نەگیرا!
ئەوەندەی جڵەوی ئەسپی خورت و سەرکێشی خزمەت و ڕێبازەکەیان گرت و پێیان نەکرا پێیی لە ڕکێبی دەربێنن و لە خانەی زینی دابیەزێن!
چەکی دەستی د. عەزیز گەردی تەنیا قەڵەمەکەی بوو، کەچی بەرەنگاری زۆر قەڵەمی خۆفرۆش و تاغوت و دکتاتۆر و فیرعەون و گەندەلکاران دەبۆوە!؟
با هەموومان بڵێین:
خودایە لۆ خاتری د. عەزیز گەردی لەگوناهی هەموو لایەکمان خۆشبیت...

**برای د.عەزیز گەردی: عەبدولقەهار گەردی**
**هەولێر، بەحرکە ٢٠٢٢/٦/١٠**



# کتێبە چاپکراوەکانی عەزیز گەردی

## ١٩٧٢ - ٢٠٢١



عەزیز گەردی
ئەفسانەی
هیندی




ئیشك سوکان
ئەفسانەی
ئەستەنبۆلی
عەزیز گەردی




ئەفسانەی
فیرعەونی




ئەفسانەی ئەڵمانی




رۆمان
یەزداندوخت
خانمی خانەدانی هەولێری




ئۆریانا فالاچی
و: عەزیز گەردی
حەوت
گفتوگۆ




شا عەباسی گەورە
(١٥٨٨-١٦٢٩)




ئەفسانەی
ئێرانی




ئاراس ٢
سەرو
د. عەزیز گەردی




رۆمان
مەنسوور یاقووتی
چرایەک
لە سەر مادیان کۆ
عەزیز گەردی




جۆلای نێر!
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی




نامەیەک
بۆ ئەو کۆرپەیەی
کە هەرگیز لە دایک نەبوو
ئۆریانا فالاچی




عەلی ئەشرەف دەرویشیان
وەرزی نان
وەرگێرانی
عەزیز گەردی


هەندێ باوەڕی ئایینی مەندائی
لێدی دراوەر
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


ئۆریانا فالاچی
خۆر ئەگەر بمرێ
وەرگێرانی
عەزیز گەردی


عەلی ئەشرەف دەرویشیان
ئاشوورا


بەرنامەی خوێندن
تۆلستۆی
وەرگێرانی: عەزیز گەردی


ئیزاک بیشفیس سینگەر
گێلەکانی چێلم و مێژوویان
عەزیز گەردی


لووسی گارنێت
ئافرەتی کورد
لە تورکیا
عەزیز گەردی
١٩٨٣


بەرازەوان
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


عەزیز گەردی
رەوانبێژی
لە ئەدەبی کوردیدا
بەرگی یەکەم
البیان



پەخشانی کوردی
ئامادەکردنی :
عەزیز گەردی
١٩٨٧




ئەحمەد ئازەر ئەفشار
داستانی حوسێنی کورد و
چەند هەقایەتیکی تر
و: عەزیز گەردی




ئەدەبی بەراوردکاری
عەزیز گەردی




زارا
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی




تۆڵستۆی
حاجی مراد
عەزیز گەردی




پیاوانی
بەیانی
عەزیز گەردی




ڕۆژانی خەم و هوشیاری
عەزیز گەردی




ڕۆژانی خەم و هوشیاری
عەزیز گەردی




خاکەکە ماچ کە
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی




5
کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق
بەرامبەر بە نوێ بوونەوە
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
عەزیز گەردی
چاپی یەکەم


ئەفسانەی ئەفریقی
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


رەسووڵ حەمزەتۆف
داغستانی من
- کتێبی یەکەم -
عەزیز گەردی
١٩٧٩


لۆرکا
سێ تراژیدی
یەرما


ئەفسانەی سلاڤی
وەرگێڕانی
عەزیزگەردی


ئەدەبی بێگانە
بەشی چوارەم
عەزیز گەردی


ئەفسانەی لوڕی
ئەفسانەی لوڕی و بەختیاری و شوشتەری
کۆکردنەوەی
داریوش رەحمانیان
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


عەزیز گەردی
رەوانبێژی
لە ئەدەبی کوردی دا
بەرگی سێیەم
١٩٧٩


ئەدەبی بێگانە
بەشی دووەم
سەرپەرشتی: عەزیز گەردی




حەقایەتی کوردەواری ١
سی دەرمان
کۆکردنەوە و قەڵەکردن:
عەزیز گەردی


درەختی چل داستان
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


ماینی چل جوانوو
ئەفسانەی لادێنشینانی کورد
مەنسوور یاقووتی
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


کێشناسیی کوردی
نووسینی
عەزیز گەردی
کتێبخانەی ئارام - ڕانیە


قەننە


فەرهەنگی
مەم و زینی خانی
عەزیز گەردی


عەزیز گەردی
ڕەوانبێژی
لە ئەدەبی کوردی دا
بەرگی دووەم
جوانکاری


فەرهەنگی کێشناسی
عەزیز گەردی


قۆڵبڕ
نووسینی: عەزیز نەسین
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی




ئەفسانەی هەنگاری
ڤال بیرۆ
و. عەزیز گەردی


مەنسوور یاقووتی
ئەفسانەی لادێنشینانی کورد
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


عەمید روکن شوکری مەحموود نەدیم
لەشکری رووسی لە جەنگی عیراقدا
عەزیز گەردی


رابه ری کیشی
شیعری کلاسیکی کوردی
تألیف: عەزیز گەردی


ئارنۆلد بێنێت
چەشەی ئەدەبی


رەسوول هەمزەتۆف
داغستانی من
کتێبی دووەم
عەزیز گەردی
لە ئینگلیزیەوە کردوویە بەکوردی


مەنسوور یاقووتی
کرمانج
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


هەقایەت
دارشتنەوەی: عەزیز گەردی


ئۆریانا فالاچی
ژیان و جەنگ و هیچی تر..
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی




سەمەدی بهرەنگی
تەلخوون
هەقایەت و ئەفسانە
وەرگێڕانی : عەزیز گەردی


هەندێ مەسەلۆکەی
ئیزۆپ
وەرگێڕانی عەزیز گەردی


وەزارەتی رۆشنبیری
٨٠
کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی
و
بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا
(لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە)
عەزیز گەردی
هەولێر
١٩٩٩


ئۆریانا فالیچی
پیاوێک
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


مووسل لە سەدەی هەژدەدا
بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی
دۆمینیکو لانزا
وەرگێڕانی عەزیز گەردی


گەشتی نیکۆلا سیوفی
١٨٧٣
بۆ
بێرووت–حەلەب– کردستان– مووسل– بەغدا
وەرگێرانی عەزیز گەردی
سلێمانی ٢٠١٩


ئۆریانا فالاچی
ئافرەت
ڕەگەزی بێکەڵک
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


ئەفسانەو ڕازی کوردی
کۆکردنەوەو ئامادەکردنی
عەلی ئەشرەف دەروێشیان
عەزیز گەردی
کردوویەتی بە کوردی


عەلی ئەشرەف دەروێشیان
چیرۆکین
ناو بەندیخانە
وەرگێرانی: عەزیز گەردی




قوتیل
ئەلفۆنس دۆدێ
ڕۆمان
وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە: عەزیز گەردی


لاوەچ
ڕۆمان
نووسینی: مەنسوور یاقووتی
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


گەشتەکانی گەلیڤەر
جوناتان سویفت
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


تۆلستۆی
خوا و شەیتان


زەکەریا تامر
پڵنگ لە ڕۆژی دەیەمدا


ئەو پیاوەی بە تەنیا سەفەری کرد


بەختیارییەکان
نووسینی: فارتان مێلکۆنیان
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


بووکۆکەی قسەکەر
ئەلکساندەر ناڤاناسییڤ
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


یەک چیای گەوهەر
کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەفسانەیی گەلان
عەزیز گەردی
لە ئینگلیزییەوە
کردوویە بە کوردی


هەندێ چیرۆکی
ئیزۆپ
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی
2017


عەزیز نەسین
ئای لە ئیمەی کەر!
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


سواڵکەرانی پەرجۆ
س.ف.گیۆرگیو
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد
ئەدەبی بەراوردکاری
عزیز گردی
چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
١٩٧٨


48
کتێبی گیرفان
میشێل لیزنبێرگ
کاریگەریی گۆرانی
لەسەر کوردیی ناوەڕاست
لە ئینگلیزییەوە:
عەزیز گەردی


کۆکردنەوەی: ل پ سەتن ئێلوێل
هەقایەتەکانی
مەشدی گەلین خانم
وەرگێرانی: عەزیز گەردی


رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
عەزیز گەردی
٢٠٠٣


رۆژنامەی دیواری
قوتابخانەکەمان
نوسینی: عەلی
ئەشرەف دەرویشیان
وەرگێرانی:
عەزیز گەردی


حیکایەتی کۆنی چینی
وەرگێرانی: عەزیز گەردی




ئەوەی بێگانە
بەشی یەکەم
بەسەربەرشتی : عزیز گەردی


بەربارا ك. ووکەر
ئەفسانەی تورکیایی
وەرگێر: عەزیز گەردی
٢٠١٢


ئەفسانەی کوردی
ئامادەکردنی :م.ب. رودینکو
وەرگێڕانی : عەزیز گەردی


ئوردیخان جەلیل
جەلیلەی جەلیل
ئەفسانەی کوردی
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


چارلز دونینگ
ئەفسانەی ئەرمەنی
وەرگێڕانی
عزیز گەردی


بەشی پێنجەم
ئەوەی بێگانە
بەسەرپەرشتی
عزیز گەردی


عاصی
چرای دڵان
ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی
عەزیز گەردی


هەقایەتی کوردی
هەڵبژاردن و وەرگێڕانی بۆ فەرەنسی
جۆیس بلو
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە
عەزیز گەردی
٢٠١٢


گاڵتە بە چەک
نووسینی
جێمس نۆلدرج
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
عەزیز گەردی




سلوولی ١٨
عەلی ئەشرەف دەرویشیان
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی


ئەرەستۆ
هونەری شیعر
(شیعر ناسی)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و
پێشەکی و پەراوێزی:
عەزیز گەردی
2011


لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق
- دەستەی کورد -
هینی هارۆلد هانسن
ژیانی ئافرەتی کورد
لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی یە
لەبارەی کۆمەڵی ئیسلامی عێراقەوە
عەزیز گەردی
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی
چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق
بەغدا – ١٩٨٢


هانز ئەندرسن
قورینگ
عەزیز گەردی
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی
لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی بەیام
زنجیرە (٢)


ولیەم شەکسپیر
رۆمیۆ و جولیێت
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی


ئاراس ٢
د. عەزیز گەردی


چیرۆکەکانی ئیزۆپ
یان
لەناو گیانداران دا
Fables of Aesop
عەزیز گەردی، لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی
Scanned with CamScanner


بیرەوەرییەکانی
مامۆستایەك
نووسینی
مەنسوور یاقووتی
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی
ئاراس


لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا
وەرگێڕانی: عەزیز گەردی
مەنسوور یاقووتی




بەرکوتیکی ژیانم
(ژیان و چەپکە شیعرێکی هەڵبژاردە)
یەفجینی یەفتوشینکۆ
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە
عەزیز گەردی


ئەدەبی میللەتان
کەوێتی دامەنتاری
کۆمەڵە ئەفسانەیەکی بیانییە
وەرگێرانی : عەزیز گەردی


ئۆریانا فالاچی
پەنەلۆپە
لە جەنگدا
وەرگێرانی
عەزیز گەردی


رۆمان
سێ هەنگاو
بەرەو سێدارە
جان دۆست
وەرگێرانی:
عەزیز گەردی


خەڵك بەچی دەژی؟
تۆلستۆی
و. عەزیز گەردی


عەزیز گەردی
کتێبی شیعری
شێخ رەزای تاڵەبانی
رەخنە و لێکۆڵینەوە


ئی. ئار. لیچ
رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی
کوردی رەواندز
وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە
عەزیز گەردی
سلێمانی 2005


٣
مەکتووبی
کاک ئەحمەدی شێخ
لەبارەی
(بەتاڵبوونی نوێژ) و (موعجیزەی پێغەمبەر) و سیفاتی خودا)
وەرگێرانی:
مەلا مستەفا (عاصی)
ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی
عەزیز گەردی


دنکە هەنار
کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئازاربێجانییە
وەرگێرانی
عەزیز گەردی



مەنسوور یاقووتی
تووشای
باڵندەی سەیرو سەمەرەی زاگرۆس
وەرگێڕانی
عەزیز گــەردی




هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی پەروەردە
رەوانبێژی
بۆ
دانانی
عەزیز گەردی




بەرکوتێکی ژیانم
(ژیان و چەپکە شیعرێکی هەڵبژاردە)
یەفجینی یەفتوشینکۆ
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە
عەزیز گەردی




گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا
ئۆریانا فالاچی




بزاف 10
گوندو شارۆچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا
نووسینی:
پرۆفیسۆر دکتۆر لیزەك زیکیل
وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە
عەزیز گەردی
هەولێر
٢٠٠٠




دانتی ئەلیگییێری
کۆمیدیا
وەرگێرانی
عەزیز گەردی




٤
چاپی دووەم
دیوانی عاصی
مەلا مستەفای کوڕی مەلا رەسول
عەزیز گەردی




گوتارێك لە چین لە بارەی کوردەوە
ئەم گوتارە، رۆژی ١٩٥٩/١١/١، لەسەر داوای کۆمەڵەی دۆستایەتی چین لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لە پەکین و لە یانەی نەتەوان پێشکەش کراوە.
ئەنوەر مایی
وەرگێرانی عەزیز گەردی




کۆمەڵە کورتەچیرۆک
بەرسیلە
نووسینی: زەکەریا تامر
وەرگێرانی: عەزیز گەردی




هەندێ
باەستەی
کوردی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
عەزیز گەردی


ئێمە ئەم شیعرانەمان نووسیوە
ئامادەکردنی :
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:
عەزیز گەردی


عەزیز گەردی
ئەدەب
و
رەخنە


کچەکەی
فەرماندە
پوشکین
عەزیز گەردی


Aziz Gardi
Romeo & Juliet
and
Mam & Zin
A Comparative Study


٥
گوڵستان
شێخی سەعدی


ناظم حیکمەت
شمشێری
دیمەکلیس
وەرگێرانی
عەزیز گەردی


بزاڤ
چیرۆکەکانی کریلۆڤ
عەزیز گەردی
لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی
هەولێر
١٩٩٩


مەسەلەکە



بەیارمەتی کۆڕی زانیاری کوردی لەچاپ دراوە
سێ نیگار
چیرۆکی : بەلەکاییف
عەزیز گەردی
لەئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی
١٩٧٦
بەرەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن لەچاپ دراوە




خشتەکانی شمشارە
ڕاپۆرتێکی سەرەتایی
نووسینی
یورگین لیستو
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
عەزیز گەردی




بەیارمەتی کۆڕی زانیاری کورد ـ لە چاپ دراوە
بەشێک لە
دیوانی میهری
عەزیز گەردی
١٩٧٧
بەرەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن لە چاپ دراوە




تۆفیق وەهبی
کوردو
زمانی کوردی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
عەزیز گەردی
سلێمانی ٢٠٠٢




جووتیارێکی زیرەک
زنجیرەی چیرۆکی منداڵان ( ١٠ )




گوڵستان
شێخی سەعدی
عەزیز گەردی




لۆرکا
زەماوەندی خوێن
عەزیز گەردی




ئازادەی عەلووفرۆش
وەرگێڕانی
عەزیز گەردی




کۆماری عێراق
وەزارەتی پەروەردە
جووتیارێکی زیرەک
عەزیز گەردی
کردوویە بە کوردی
زنجیرەی چیرۆکی منداڵان
( ١٠ )



# عزيز گردى

هـو عزيـز أحمـد عبـد اللـه (١٩٤٨ -  ٢٠٢٢/٦/٦) ، كاتـب و ناقـد و مترجم كـوردى معـروف مـن كردسـتان العـراق ، يحمـل العديـد مـن الشهادات العليا في مختلف المجالات. بدأ مسيرته مع التأليف والترجمة في ستينيات القرن العشرين، وتميز بشكل خاص في مجال الترجمة. كان ضليعاً باللغة الكردية و لهجاتها وإلى جانب ذلک كان يجيد أربع لغات عالمية  وهي ( الانكليزية و العربية و الفرنسية و الروسية).

عاش عزيز گردى وحيدا ، افنى جل عمره في خدمة اللغة والادب الكوردي عـن طريـق تـراجم الاعمـال الادبيـة العالميـة  و اثـراء المكتبـة الكوردية  بالعديد من النتاجات الاصيلة . نشر حوالى ١٦٠ كتابا و المئات من الدراسات و البحوث و المقالات  في مجال الاوزان الشعرية و النقد الادبي. ترک وراءه ارثا غنيا لا تقدر بثمن.

هذا الكتاب  المعنون بـ ( عزيز گەردى  سلطان اللغه و الترجمة) ، من اعداد الباحث و الصحفي الكوردى المعروف  (حميد ابو بكر أحمد گرارى) المعـروف بــ (حميـد بـدرخان) ،  يضـم العديـد مـن المقـالات و البحوث التى تمجد عزيز گردى و تحدد مكانته و منزلته في مجال الادب و الثقافة الكوردية ، يقدمها بمناسبة اربعينيته التي تصادف يوم السبت المصادف ١٦/ ٧ / ٢٠٢٢.



Aziz Gardi



Hameed Badirkhan

## Aziz Gardi

Aziz Ahmed Abdullah Gardi (1948 - 6/6/2022), is a well-known Kurdish writer, critic and translator, from Iraqi Kurdistan. He holds many higher degrees in various fields. He was a Professor of Kurdish Literature at Salahadin University.

Aziz Gardi began his career with writing and translating in the 1960s. He was particularly distinguished in the field of translation. He was well versed in the Kurdish language and its dialects. Besides that, he was fluent in four international languages namely (English, Arabic, French and Russian).

He spent all his life in the service of Kurdish language, literature and culture by translating international literary works into Kurdish Language. He published more than 160 books, and hundreds of studies, researches and articles in the fields of poetic meters and literary criticism.

This book, which is prepared by the well-known Kurdish writer and journalist (Hamid Abu Bakr Ahmed Garari), known as (Hamid Badirxan) , includes many articles and researches that glorify Aziz Gardi and determines his status in the field of Kurdish literature and culture.



# وێنەو یادگارییەکان



**عەزیز گەردی ١٩٤٨-٢٠٢٢**





## ئەو رۆژەی مامۆستا عەزیز گەردی گفتوگۆ دەکات

لە شاری هەولێر – سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٠٨ گفتوگۆی نامەی دکتۆرای کۆچکردوو دکتۆر (عەبدولسەمەد ئیسلام تەها) بە ناونیشانی: (ڕۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشخستنی هونەرەکانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ١٩٣٢-١٩٤٦.

لە ڕاستەوە: د.نەجم ئەلوەنی – د.سەردار گەردی- د.حەمەدلێر ئەمین میسری – د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ، کۆچکردوو- د.نەوزاد وەقاس سەعید – د.عەزیز گەردی، کۆچکردوو



جەمال خەزنەدار- عەزیز گەردی- سابیر رەشید ٢٠١٨/٩/١٦



عەزیز گەردی- جەمال خەزنەدار- سابیر رەشید ٢٠١٨/٩/١٦



سابیر رەشید- عەزیز گەردی- د.شێروان خۆشناو ٢٠١٧/٤/١٣



عەزیز گەردی – سابیر رەشید ١٩٩٩/١١/٥



جەمال خەزنەدار- عەزیز گەردی- سابیر رەشید ٢٠١٨/٩/١٦



جەمال خەزنەدار- عەزیز گەردی- خالید شەیدا






**جەلیل کاکەویس- عەزیز گەردی- ئەدیب نادر**




**عەزیز گەردی**



زرار سەرتاش- عەزیز گەردی- مەجید رەحمان- سابیر رەشید/ سەرەتای هەشتاکان/ شەقڵاوە




عەزیز گەردی- ئەدیب نادر- جەلیل کاکەوەیس- سالار عەبدولڕەحمان- نەناسراوە


سەرتەکی بەمۆ
مامۆستا عەزیز گەردی
12/3/2014
ئەرشیفی سالار عەبدولڕەحمان


مامۆستا عەزیز گەردی
سالار عەبدولڕەحمان
16.4.2014
پارکی گەورەی هەولێر






**سالار عەبدولڕوحمان- عەزیز گەردی**





عەزیز گەردی




ئارامگەی عەزیز گەردی




عەزیزی مەلای ڕەش لەسەر ئارامگەی عەزیزی هەمووان، ٢٠٢٢/٦/٦



عەزیز گەردی و سابیر رەشید



عەزیز گەردی



فەرید زامدار- موحسین ئاوارە- عەزیز گەردی- نەناسراوە



عەلی جوکل- سابیر رەشید- عەزیز گەردی- کەمال سەعدی



عەزیز گەردی کەریم قادر/ زانکۆی موسڵ



عەزیز گەردی



کەریم قادر-عەلی جوکل-عەزیز گەردی- نەناسراون



عەزیز گەردی- فەیسەڵ بلباس





خالید شەیدا- عەزیز گەردی- نەناسراوە



عەیز گەردی- سابیر ڕەشید



عەزیز گەردی- سابیر ڕەشید



سابیر ڕەشید- عەزیز گەردی- نەناسراوە







**لەنێو گوڵزاری کتێبخانەی ماڵی عەزیز گەردیدا**





**لەنێو گوڵزاری کتێبخانەی ماڵی عەزیز گەردیدا**



کتێبخانەی عەزیز گەردی



عەزیز گەردی





قەهار گەردی و عەزیز گەردی





ئارامگەی عەزیز گەردی



عەزیز گەردی



عەزیز گەردی




عەزیز گەردی



عەزیز گەردی









کاک عیسای دەلال

لە ماوەی ئەو ساڵانەی بە یەکەوە بووین

بۆ هەموو برادەران و بۆ ئێمەشت سەلماند کە

...

هیوادارم لەوێش هەر بە ردەوام بیت و

...

هەر بژیت



تاریخ ١٩/٤/١٩٩٩

کاک هێمن!

...

برات

عزیز کوردی






AZIZ GARDI
عەزیز گەردی
پەیکەرساز
٢٠٢٠
چێنەر نزار


دکتۆر عەزیز گەردی
بەحری ئەدەبیاتی کوردی


الابتدائية للبنين
١٩٦٠



شێرزاد رەنجەڕۆ- عەزیز گەردی



عەزیز گەردی- حەیدەر عەبدوڵڵا









گەردین عەلی جوکل- عەزیز گەردی



کاتێ گەردی پێدەکەنێ



عەزیز گەردی



عەلی جوکل- عەزیز گەردی- حوسێن عەلی وەلی- کەریم قادر




هونەرمەند شەماڵ سائیب، مامۆستا مومتاز حەیدەری، دکتۆر عەزیز گەردی

لە میوانداریی مامۆستا ڕەسوڵ بێزار گەردی.



**خۆشەویستانی گەدری لەسەر ئارامگەکەی**






**تەرمی پیرۆزی گەردی لە کتێبخانەکەی لە کاتی ماڵئاوایی خۆشەویستانیدا ٢٠٢٢/٦/٦، بەحرکە- هەولێر**













**عەزیز گەردی- موئمین دەشتی**












**دلاوەر کوردی- عەزیز گەردی**

We certify that we have read this dissertation and, as an examining committee, examined the student in its contents and that in our opinion, it is adequate with the standard of Very Good as a dissertation for the degree of doctor of philosophy in English literature.

Signature: M.B.Tawfiq
chairman:
Date:

Signature:
Member: Asst. Prof. Dr. Ayad Ahmed
Date:

Signature:
Member:
Date: Y. A. Alani

Signature:
Member Asst. Prof. Dr. Ismael Mohammed
Date

Signature:
Member N. Kadhim
Date: Dr. Najdat Kadhim Moosa

Approved by the council of the College of languages.

Signature:
Dean of the college:
Date: 25. 4. 2009



نامیق عوسمان- عەزیز گەردی، زانکۆی موسڵ

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION
AND SCIENTIFIC RESEARCH
UNIVERSITY OF KOYA
COLLEGE OF LANGUAGES

KOYA UNIVERSITY

# ROMEO AND JULIET AND MAM AND ZIN

## A COMPARATIVE STUDY

A DISSERTATION
SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES,
KOYA UNIVERSITY
FOR THE DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY
IN ENGLISH LITERATURE

BY
**AZIZ ABDULLAH AHMAD GARDI**
B.A. (UNIVERSITYOF MOSSUL) 1984
M.A. (UNIVERSITY OF SALAHADDIN) 1994
Ph.D. (UNIVERSITY OF SALAHADDIN) 1998

SUPERVISED BY
**Prof. Dr. DAHIR L. KARIM**
**AND**
**Prof. Dr. IZZADDIN M. RASOOL**

APRIL 2009

We certify that this dissertation has been prepared under our supervision at the University of Koya for the degree of Doctor of Philosophy in English Literature.

Signature
Supervisor
Date
Dr. Dahir L. Karim
Professor in Comparative
literature.
30.1.2009

Signature
Supervisor
Date
پ. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول

In view of the available recommendation; I forward this dissertation for debate by the Examining committee.

Signature:
Name
Chairman of the Committee
Of Higher Studies

Date:





وێنەی مامۆستا عەزیز گەردی و شێرزاد حەسەن، لەکاتی ئامادەبوونی گفتوگۆی ماستەرنامەی ئازاد حەمەشەریف لە مانگی ئەیلولی ١٩٨٣ لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا



گەردی لەنێو خۆشەویستانیدا



ئاپۆڕەی ئازیزانی گەردی لە کاتی ماڵئاواییدا




گەردی لەسەر شانی خۆشەویستانیدا



گەردی گەردی لە زیارەتی لالەشدا



گەردی لەگەڵ ئازیزانیدا



عەلی جوكل- عەزیز گەردی







گەردی لەگەڵ خۆشەویستانیدا



گەردی لەگەڵ خۆشەویستانیدا



گەردی لەگەڵ خۆشەویستانیدا



گەردی لەگەڵ خۆشەویستانیدا



# السيرة الذاتية للدكتور عزيز گەردى

**خالد اسماعيل مصطفى**

الاسم الثلاثي: عزيز عبد الله أحمد
المواليد: ١٩٤٨ بحركة -أربيل.

**التحصيل الدراسي:**

- أكمل مراحل الابتدائية والمتوسطة والثانوية في بحركة أربيل.
- بكالوريوس في اللغة الفرنسية جامعة الموصل
- ماجستير في الأدب الكردي.
- دكتوراه في الأدب الكردي.
- دكتوراه ثانية في كلية اللغات جامعة كوية (2009)

- أطروحته في الدكتوراه بعنوان «روميو وجولييت ومم وزين: دراسة مقارنة».

**سيرته الثقافية والأكاديمية:**

- عضو اتحاد الكتاب الكرد منذ عام ١٩٧٠.



- في عام ١٩٧٦ أصبح عضواً في منظمة الصحفيين العراقيين.
- في عام ١٩٨٤ أصبح عضواً في جمعية الترجمة.
- كان محاضراً في كلية الآداب جامعة صلاح الدين.
- الإشراف على العديد من رسائل الماجستير والدكتوراه وتقييمها.
- الدرجة العلمية: أستاذ.
- متقاعد.

**الأعمال والمنشورات المطبوعة للفقيد:**

١. البلاغة في الأدب الكردي، المجلد الأول، صدر بمساعدة نقابة المعلمين، الطبعة الأولى، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٢، ١٠٤ صفحة، الحجم: (١٦ × ٢٢) سم.

٢. الأدب والنقد، بمساعدة المديرية العامة للدراسات الكردية، الطبعة الأولى، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٧٤، ١٢٥ صفحة.

٣. البلاغة في الأدب الكردي المجلد والحجم: (١٧ × ٢٣) سم. المجلد ٢، الجمالية، بمساعدة وزارة الإعلام – المديرية العامة للثقافة الكردية، الطبعة الأولى، مطبعة البلدية، أربيل، رقم الإيداع: (٢٠٣)، ١٩٧٥، ١٠٤ صفحة، السعر: ٤٠٠ فلس، الحجم: (١٧ × ٢٣) سم .

٤. بلاغايف، الصور الثلاث، مترجم من اللغة الإنجليزية، بمساعدة مجتمع المعلومات الكردي، الطبعة الأولى، مطبعة راپرين، السليمانية، ١٩٧٦، ٦٣ صفحة.

٥. إعداد جزء من ديوان ميهري، بمساعدة مجمع العلمي الكردي، الطبعة الأولى، مطبعة راپرين، السليمانية، ١٩٧٧، ٩٤ صفحة.



٦. آرنولد بينيت، الذوق الأدبي، مترجم عن اللغة العربية، الطبعة الأولى، في مطبوعات الأمانة العامة للثقافة والشباب في منطقة الحكم الذاتي: مديرية الثقافة، الطبعة الأولى، دار الجامعة للطباعة، بغداد، ١٩٧٨، ١٠٨ صفحة.

٧. الأدب المقارن، ضمن إصدارات المجمع العلمي، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٧٨، ١٥٩ صفحة.

٨. البلاغة في الأدب الكردي، المجلد الثالث، الطبعة الأولى، مطبعة كاكي فلاح، السليمانية ١٩٧٩، ٨٩ صفحة، الحجم: (١٦ × ٢٢) سم.

٩. هانز أندرسون، راعي الخنازير، مترجم من اللغة الإنجليزية بمساعدة المديرية العامة للتربية الكردية، الطبعة الأولى، دار الحوادث، بغداد ١٩٧٩، ٧٢ صفحة.

١٠. حكايات الأخوين غريم، مترجمة من الإنجليزية، بمساعدة المديرية العامة للثقافة والنشر الكردية، الطبعة الأولى، دار الحوادث، بغداد ١٩٧٩، ٣٣٤ صفحة.

١١. هانز أندرسن، البجع، مترجم من اللغة الإنجليزية، ضمن مطبوعات مكتبة پيام، الطبعة الأولى، دار الحوادث، بغداد ١٩٧٩، ٥٨ صفحة.

